# گوتارە تەمەن درێژەکان

# گوتارە تەمەن درێژەکان

**د.مەغدید سەپان**

2019

ناوی کتێب: گوتارە تەمەن درێژەکان
ناوی نووسەر: د. مەغدید سەپان
دیزاینی ناوەوە: هەردەوان نەقشبەندی
دیزاینی بەرگ: مەحمود خۆشناو
هەڵەبژێری: هەرمان خالید
تیراژ: (٥٠٠) دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٩ چاپی یەکەم
نرخ: (٥٠٠٠) دینار
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٦)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدرا.

© Magded Sapan

ISBN 978-91-985271-0-0

لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری چاپکرا

# پێرست

پێشەکی ٩
دەربارەی: ئازادی و ئازادی ژن............................................. ١٣
دەربارەی: گرنگی فەرهەنگ لە کۆمەڵگای کوردەواری.................. ١٧
دەربارەی: دیموکراتی و دیموکراتییەت لە کوردستان................. ٢١
دەربارەی: تەلەفزیۆنی نیشتمانی.......................................... ٢٥
دەربارەی: ڕاگەیاندنی لۆکاڵ................................................ ٢٩
دەربارەی: درۆ و درۆکردن................................................ ٣٣
دەربارەی: مێژووی حزب و حزبایەتی.................................... ٣٧
دەربارەی: ڕەخنە و ڕەخنەگرتن........................................... ٤٣
دەربارەی: ڕۆژنامەنووسی نوێ New Journalism.................. ٤٧
دەربارەی: فەزیحە (ئابرۆچوون)ی وۆتەرگێیت Watergate ........ ٥١
دەربارەی: ئێتیک و ئێتیکی ڕاگەیاندن..................................... ٥٥
دەربارەی: نامە و نامە وەک ژانرێکی ڕۆژنامەوانی...................... ٥٩
دەربارەی: خوێندن و خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان................ ٦٣
دەربارەی: ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون - Investigative journalism.... ٦٧
دەربارەی: قەیرانی دەستور و ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ لە مۆسکۆ... ٧١
هەندێک ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی خوێندن لە خوێندنی باڵا............. ٧٥
دەربارەی: کۆمپانیای Mossack Fonseca و فەزیحە زلەکەی پەنەما...... ٧٩
دەربارەی: عەقڵیەتی شاخ..................................................... ٨٣
دەربارەی: ڕێفێرێندوم و ڕیفێرێندوم لە کوردستان...................... ٨٧
دەربارەی: پێکەوە ژیان لە کوردستان.................................... ٩١
دەربارەی: ڕەسیزم و ڕەسیزم لە کوردستان............................. ٩٣
دەربارەی: شێخ چاپوک (قایمقامی کۆیە)................................. ٩٧
دەربارەی: پەیامنێری جەنگ و ناوچە کێشە لەسەرەکان............... ٩٩
دەربارەی: وڵاتپارێزی و وڵاتپارێزی کورد (Patriotism)............. ١٠٣

ئەگەر بایەخ بە کولتور بدرێ، کەس لەماڵی خۆی میوان نییە........... ١٠٧
ئەوانەی دوێنێیان لەبیرکرد و ناشیانەوێ لەمرۆ تێبگەن................. ١١١
پەلە، لە پێشکەوتن ناکرێ.................................................... ١١٥
یەکێتی ژنان و ئافرەتانی کوردستان لە بازنەیەکی گچکە دەخولێنەوە ١١٩
دەربارەی: هەزمکردنی ڕەخنە و نووسینی وەڵامی ڕەخنە............. ١٢٣
دەربارەی: دیوەکەی دیکەی دوا هەڵبژاردنی ئەمریکا.................... ١٢٧
دەربارەی: مێژووی وێنە و وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.... ١٣١
کۆپیکردنی سیستێمی پەروەردەی سویدی بۆ کوردستان هەڵەیە...... ١٣٩
دەربارەی: پێکهێنانی ژیانی خێزانی و پەیوەندی جنسی................. ١٤٣
دەربارەی: تەڵاق و مێژووی تەڵاق.......................................... ١٤٧
کەسانی قارەمان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی............................ ١٥١
دەربارەی: بڕواکردن بە هەواڵ و نووسینی درۆ لە نێت................ ١٥٥
دەربارەی: شەرەف و شەرەف لە فەرهەنگی جیادا....................... ١٥٩
نووسینی جوان و نووسینی سەردێر.......................................... ١٦٣
دەربارەی: توتن و زیانەکانی جگەرە لە دوا ڕاپۆرتی WHO........... ١٦٧
دەربارەی: ڕەوەند (جالیا)ی کوردی لە ئەوروپا........................... ١٧١
دەربارەی: ڕۆژنامەگەری کوالیتی Quality Journalism................ ١٧٥
دەربارەی: تێگەیشتن لە خۆشەویستی و ڕۆژی ڤالێنتاین............... ١٧٩
دەربارەی: هەڵمەت و شەڕی ترامپ دژ بە ڕاگەیاندن.................. ١٨١
دەربارەی: ڕاپەڕین و یادکردنەوەی ڕاپەڕین............................... ١٨٣
دەربارەی: نەتەوەی سەردەست و ئایین و نەتەوەی گچکە لە کوردستان.... ١٨٧
دەربارەی: خەو و هۆکانی خەولێنەکەوتن.................................. ١٩١
دەربارەی: تیکەڵکردنی ئەرک و قەرز وەرگرتنەوە........................ ١٩٥
دەربارەی: هاتوچۆ و کارکردن بۆ ژینگەیەکی پاکتری شارەکانی کوردستان ١٩٩
لەیادی ١١٩ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی................................. ٢٠٣
دەربارەی: کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێل لە سەنتەری شارەکان و پاراستنی ژینگە....... ٢٠٥

دەربارەی: کەشپیرۆڤسکی و چارەسەرکردنی ئەزمەکانی کۆمەڵ...... ٢٠٧
دەربارەی: هۆکانی پێشنەکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی .............. ٢١١
دەربارەی: زیانەکانی کێشانی جگەرەی ئێلیکترۆنی (E-cigarette)... ٢١٥
دەربارەی: شوشتنەوە یان سپیکردنەوەی پارە.......................... ٢١٩
دەربارەی: کتێب و وەرگێڕانی کتێب بۆ سەر زمانی کوردی........... ٢٢٣
دەربارەی: پێکهاتنی سیاسی................................................ ٢٢٧
دەربارەی: نووسەرانی ئەوان و نووسەرانی ئێمە......................... ٢٣١
دەربارەی: رادیۆ و ڕادیۆ کوردییەکان.................................... ٢٣٥
دەربارەی: قەیرانی ئاو لە جیهان و لە کوردستان ........................ ٢٣٩
دەربارەی: دوو دەنگی زوڵاڵی کورد لە شاخ (رادیۆ)..................... ٢٤١
هەموو کارتێک بۆ سەربەخۆیی بەکار نەهاتووە........................... ٢٤٥
دەربارەی: مامۆستا گیوی موکریانی و دوا ساتەکانی ژیانی .......... ٢٤٧
ڕێفیرێندۆم و تێگەیشتن لە ڕیفێرێندۆم.................................. ٢٥١
دەربارەی: فەرهەنگی ئۆتۆمبیل لێخوڕین................................. ٢٥٥
دەربارەی: ژیان و رەوشی کوردستان دوای ٢٥ی ئەیلول............. ٢٥٩
دەربارەی: یەکەم ڕۆژی قوتابخانە.......................................... ٢٦٣
دەربارەی: ئینتەرپۆل و سوودوەرگرتن لە ئینتەرپۆل بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزیسیۆن.. ٢٦٧
دەبوایە وڵاتانی عەرەبی و دراوسێ، خۆیان پێشنیازی راپرسییان بۆ کورد کردبا.... ٢٧١
هەواڵەکانی بە زمانی کوردی دەنووسرێن، ڕووت و بێگیانن........... ٢٧٣
پانۆرامای راپرسی لە ٢٥ی ئەیلول لە شاری هەولێر.................... ٢٧٧
دەربارەی: واجبی ماڵەوە – Homework بۆ قوتابییان................ ٢٨١
دەربارەی: خۆکوشتن و پێشگرتن لە خۆکوشتن.......................... ٢٨٥
دەربارەی: مەڕ یان کۆمەڵگای مێگەل..................................... ٢٨٧
خەبات و تێکۆشان بەردەوامە............................................... ٢٨٩
دەربارەی: شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا (١٩١٧)......................... ٢٩١
دەربارەی: زستانی روسیا و ئاسۆیەکی گەش............................ ٢٩٥

هەڵسەنگاندن بۆ فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی (ETYMOLOGY). ٢٩٩
دەربارەی: کۆنفرێنسی ژینگە لە بۆن (خەمی هەمووان)................ ٣٠٥
United Nations Climate Conference
دەربارەی: ئەحمەد کایە و ڕەسیزمی هونەرمەندانی تورک............ ٣٠٩
دەربارەی: ئەلفرێد نۆبل و خەڵاتی نۆبل.................................. ٣١٣
دەبێ شێوەی خەباتمان بگۆڕین.......................................... ٣١٧
دەربارەی: بورما و قەیرانەکانی ئەو دواییەی هەرێمی ڕاخینێ......... ٣٢١
دەربارەی: چەک و بازاڕی چەک لە جیهان............................. ٣٢٥
ڕاگەیاندی کوردی – ڕاگەیاندنی حزبی.................................. ٣٢٩
دەربارەی: قۆناغی گواستنەوە و دروستکردنی حکومەتی کاتی........ ٣٣٣
دەربارەی بەرنامەی: جوتیارێکی دەرەجە یەک باش.................... ٣٣٧
دەربارەی: یەشار کەمال و ڕۆمانی حەمەدۆک (ئینجە مەمەد)......... ٣٤١
فەرهەنگی گەلان: ڕزگارکردنی ژیانی منداڵانی مینگی .................. ٣٤٧
دەربارەی: بەرهەمهێنانی فیلم و وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار........... ٣٥٣
دەربارەی: نووسین بۆ ڕۆژنامە و نووسین بۆ فەیسبووک............. ٣٥٧
دەربارەی: ماف و خەباتی ژنی کورد .................................. ٣٦١
دەربارەی: مێژووی دۆزینەوەی چا و چاخواردنەوە.................... ٣٦٣

## پێشەکی

کتێبی: (گوتارە تەمەن درێژەکان)م لە کۆمەڵێک گوتار پێکهاتووە، کە لە کاتی جیا جیا لەنێوان حوزەیرانی ٢٠١٤ و تەموزی ٢٠١٨ نووسراین، سەرەتا لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرەکانی کوردی بڵاوکراونەتەوە و دواتریش من لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دامناون.

هەشت گوتاری یەکەمم لە ڕۆژنامەی: "کوردستانی نوێ" بڵاوکرانەوە. شەش گوتارم لە هەفتەنامەی: "باس" بڵاوکرانەوە و گوتاری: هەندێک ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی خوێندن لە خوێندنی باڵا لە ژمارە "١"ی گۆڤاری "مرۆڤ"، کە لە کۆلێژای ئاداب دەرچوو بڵاوکرایەوە. سێ گوتار دوای ئەوان لە ماڵپەڕی: "دوارۆژ" بڵاوکرایەوە. گوتاری: پەیامنێری جەنگ و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ژمارە ٢٣ی "زانکۆ پرێس" بڵاوکرایەوە و گوتارەکانی دیکەش جگە لە یەک دوو گوتار نەبی، هەمووی لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکراونەتەوە.

لەژێر هەرگوتارێک لەم کتێبە، شوێن و ڕۆژی بڵاوکردنەوەیان نووسرایە، ئەگەر خوێنەر بیەوێ، دەتوانی بۆ سەرچاوەی یەکەم بگەڕێتەوە، جگە لەوە بۆ ئەوەی لە کات و قۆناغی بڵاوکردنەوە تێبگات.

ئەم زنجیرە نووسینەم لە ٩٣ گوتار پێکدێ، کە لە ماوەی چوار ساڵ نووسراین. ڕاستە هەندێک لەوان پەیوەندییان بە پرسی ڕۆژ هەبووە، لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا هەنووکەیی خۆیان لەدەست نەدایە، بۆیە تا کێشەکان چارەسەر نەکرێن، گوتارەکانی من هەر بەزیندوویی دەمێننەوە.

نووسینی ئەم گوتارانە، کاتی زۆریان ویستووە و من قەت رازی نەدەبووم، بەو زانیارییانەی خۆم لەسەر بابەتەکان هەمبوون، بەڵکو بۆ نووسینی هەر گوتارێک، کۆمەڵێک گوتار و هەندێکجار کتێبیش خوێندراونەتەوە.

هیچ لەو گوتارانەم، بە یەک جار یان بە یەک ڕۆژ نەنووسیوە، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریان چەند ڕۆژێک بە نووسینیان خەریک بووم، هەر بۆ نموونە: پاش ئەوەی بڕیارمداوە لەسەر چ بابەتێک بنووسم، لە چەند کاتژمێرێکەوە تا یەک ڕۆژ یان زیاتر تەنیا سەرچاوەم لەسەر بابەتی دیارکراو بە زمانەکانی سویدی و ڕوسی و هەندێکجاریش بە ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی کۆکردۆتەوە، ڕۆژی دووەم نووسین و سەرچاوەکانم خوێندۆتەوە و ڕۆژی سێیەم ڤەریانتی یەکەمم نووسیوە و ڕۆژی چوارەمیش دەستکاری نووسینەکەم کردووە، جوانم کردووە، هەڵەبژێریم بۆ کردووە و ئینجا بۆ ڕۆژی پێنجەم دوا پێداچوونەوەم بۆیکردووە و لەوکاتەی هەستم کردووە، زیاتر ناتوانم باش یان جوانتری بکەم، لە فۆڵدەری "گوتاری ئامادە بۆ چاپ" دامناوە. بەشێک لەو گوتارانەم، زیاد لە یەک هەفتە و هەندێکیش بە مانگ بە نووسینیان خەریک بوویم.

ئەم زنجیرە گوتارانەم بەناوی: (دەربارەی)، گوتاری زۆر جددین و تەمەنیان زۆر درێژە و باوەڕناکەم بەم نزیکانە هەنووکەیی خۆیان لەدەست بدەن، هەربۆیەش بە پێویستم زانی لەناو یەک کتێب کۆیان بکەمەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد سوودیان لێوەربگریت.

وەک لەسەرەوە ئاماژەم بە شوێنی بڵاوکردنەوەی گوتارەکانم کرد، بەڵام لە هیچ لەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن، ئاگادار نەکراومەتەوە، لەسەر ئەو بابەت بنووسم یان لەسەر ئەو بابەت نەنووسم، خۆم بابەتم هەڵبژاردییە و خۆشم نووسیومە و هیچ لەو گوتارانەش سێنسور (ڕەقابە)یان لەسەر نەبووە و لە زۆربەشیان دەستخۆشیم لێکراوە.

گرانە بۆ من بنووسم، کامە گوتاری ناو ئەم کتێبەم لا نزیک و خۆشەویستە، چونکە من شانازی بە هەر هەموویانەوە دەکەم، زۆر لێیان ڕازیم و هەست دەکەم، توانیومە پەیامی خۆم بەڕوونی بەخوێنەر بگەینم، لەگەڵ ئەوەش ئەم گوتارانەی بەناونیشانی: "ئازادی و ئازادی ژن"، "گرنگی فەرهەنگ لە کۆمەڵگای کوردەواری"، "دیموکراتی و دیموکراتییەت لە

کوردستان"، "درۆ و درۆکردن"، "ڕەخنە و ڕەخنەگرتن"، "ڕۆژنامەنووسی نوێ"، "ئێتیک و ئێتیکی ڕاگەیاندن"، "ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون"، "عەقڵیەتی شاخ"، "ڕێفێرێندوم و ڕێفێرێندوم لە کوردستان"، "پەیامنێری جەنگ و ناوچە کێشە لەسەرەکان"، "مێژووی وێنە و وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان"، "قەیرانی دەستور و ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ لە مۆسکۆ"، "پێکهێنانی ژیانی خێزانی و پەیوەندی جنسی"، "تەڵاق و مێژووی تەڵاق"، "توتن و زیانەکانی جگەرە لە دوا راپۆرتی WHO"، "خەو و هۆکانی خەولێنەکەوتن"، "زیانەکانی کێشانی جگەرەی ئێلیکترۆنی (e-cigarette)"، "شوشتنەوە یان سپیکردنەوەی پارە"، "قەیرانی ئاو لە جیهان و لە کوردستان"، "خۆکوشتن و پێشگرتن لە خۆکوشتن"، "ئەحمەد کایە و ڕەسیزمی هونەرمەندانی تورک"، "بورما و قەیرانەکانی ئەو دواییەی هەرێمی ڕاخینێ"، "چەک و بازاڕی چەک لە جیهان"، "یەشار کەمال و ڕۆمانی حەمەدۆک (ئینجە مەمەد)"، "ڕزگارکردنی ژیانی منداڵانی مینگی"، "مێژووی دۆزینەوەی چا و چاخواردنەوە"...هتد، لام گوتاری زۆر خۆشەویستن و لەڕاستیدا، خۆشم ناوە ناوە دەیانخوێنمەوە و تامی تایبەتییان لێوەردەگرم. باس لەوە هەرناکەم، لە ڕۆژنامەگەری کوردی لەدەرگایان نادرێ و بابەتی پشتگوێخراو یان لەبیرکراون.

ئەم گوتارانەی سەرەوە، بۆ چینێکی دیاری کۆمەڵگای کوردەواری نەنووسراین، بۆیە هەموو کەسێک دەتوانی سوود لە خوێندنەوەیان وەربگرێت، بەتایبەتیش ئەوانەی لە بوارەکانی: سیاسەت، فەرهەنگ، یان چالاکوانی مەدەنی کاردەکەن، لەوانەیە سوودی زیاتر لێوەربگرن.

**د. مەغدید سەپان**

"٥"ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

هەولێر

## دەربارەی: ئازادی و ئازادی ژن

لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

خەڵک هەیە، دژ بە ئازادی ژن قسە دەکا و دەنووسی، ئەو دژایەتییەی ئەو، زیاتر لە تێنەگەیشتنی ئەوە لە ئازادی بە گشتی و ئازادی ژنیش بەتایبەتی، چونکە ئازادی تایبەت بە ڕەگەزێکی مرۆڤ نییە و بۆ هەموو کەسێک پێویست و بەسوود و ڕەوایە، نەک وەک هەندێک دەیانەوێ ئازادی تەنیا بە ڕەگەزی مێ ببەستنەوە. لەگەڵ ئەوەش، لەهەر کۆمەڵگایەک، ئەگەر ژن ئازاد نەبی، هیچ گومان لەوەدانییە، پیاو خۆشی ئازاد نییە و نیمچە کۆیلە یان کۆیلەی تەواوە. ئەمجۆرە کەسانەی ئەنتی ئازادی ژن قسەدەکەن و دەنووسن، لەڕاستیدا لە ماناو ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئازادی هیچ نەگەیشتوون...

لێرە پرسیاریکی ئاسان بەرزدەبێتەوە: چۆن کەسێک دەتوانی لە ئازادی بگا، ئەگەر خۆی یەک ڕۆژ لە ژیانی ئازاد نەژیابی؟ چۆن نووسینی نووسەرێک لەسەر ئازادی بەهەند وەردەگیرێ، ئەگەر خۆی لە ماڵ گرفتەکان بەشەق چارەسەر بکا و جیاوازی لەنێوان و کچ و کوڕی خۆی بکا؟ ئەمانەی سەرەوە هەمووی پرسیاری زۆر گرنگن، بۆ ئەوەی لە گەوهەری ئازادی بگەین...

لەو وڵاتەی ئێمە زۆرکەس، لەگەڵ هەبوونی ئازادیدان، تا ئازادی لەدەرگایماڵیان دەدا، زۆر کەس لەگەڵ هەبوونی ئازادیدان، تا ئەوکاتەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکدەگرێتەوە. دیارە ئەو کەسانە ئازادییان تەنیا بە قسە و بێکردار دەوێ. ئەو کەسانە: نە لەگەڵ خۆیان، نە لەگەڵ ماڵەوەیان نە لەگەڵ دەوروبەریان ڕاستگۆنین.

دیارە هەندێک کەسیش ئازادییان دەوێ، بێئەوەی خەباتی بۆ بکەن یان خۆی بۆ هیلاک بکەن. ئەمجۆرە کەسانە لەوبڕوایەدان، بە ڕێگای نەزەریەی پازدان بە ئازادی دەگەن. بە یاسایەکی دەرچوو لەسەر ئازادی، لەلایەن کۆمەڵێ کەسی کەمخوێندەواری ماڵ، بە ئازادی دەگەن... دیارە ئەم بۆچوونانەش هیچ تەواو نین، چونکە لە کۆمەڵگای دواکەوتوو، کەسانی نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار، ئازادی کڕینی کەلوپەل لەگەڵ ئازادی

ڕادەربڕین، نووسین، قسەکردن و هەڵبژاردن تێکەڵ دەکەن... ئەوان ئەو ئازادییانە تێکەڵ دەکەن، چونکە ئازادی دیکەیان نەبینیوە و لە جەوهەری ئازادی وەک زەرورییەتێکی مێژوویی بۆ کۆمەڵگای کوردەواری نەگەیشتوون و لە چەمکی فەلسەفە ئازادی نەگەیشتوون...

گرانە لە کۆمەڵگای دواکەوتوو، باس لە ئازادی بکرێ، لەوەش گرانتر باس لە ئازادی ژن بکرێ، چونکە تەنیا بۆ ئەوەی لە مەبەست و مانای ئازادی بگەین، دەبی زەمینە خۆش و لەباربی... دەبی لەلایەن زۆرینەی خەڵک بەگەرمی باوەش بۆ ئازادی بکرێتەوە و پێشوازی لێبکرێ، دەبی بە ئاسانی هەزم بکرێ، نەک وەک ئێستا، شەش دێر لەسەر ئازادی بنووسیت و سەد کەس دژت بوەستێ...

لەڕاستیدا، ئازادی نە وەردەگیرێ، نە بەڕادان دەدرێ و نە کۆپیش دەکرێ، بەڵکو ئازادی پێویستییێکی نیشتمانیی هەنووکەییە، پڕۆسەیەکی دوور و درێژی بێکۆتاییە، خەباتێکی پڕ لە قوربانیدانی پێویستە و لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ دەستپێدەکات و بە مردنیش، کەس یان گروپێکی دیکە ئەرکی پاراستن و پێشکەوتنی دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

وەگیرکەوتنی ئازادی لە ڕێگەی بەرهەمی بیرمەندان، کەسانی چاونەترس و بەرنامەی حزبی نیشتمانییەوە دەبی، کە لە ئەنجام دا، تەواوی وڵات لە: تاریکی و کۆمەڵێک گرفتی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕزگار دەکا.

گرنگە تێبگەین، ئەو مێشکەی بە ئازادی گەورەت کرد، قەت ناتوانی لە ئازادی بێبەشی بکەیت. ئازادی قەت بە پازدان نایەتەدی، ئەگەر بشهێتەدی دیارە تەمەنی درێژ نابی... ئازادی دەبی بگا... گەینیشی بەتەنها نەبووە و نابی، بە مێژوو و پێشکەوتنی کۆمەڵ بەستراوەتەوە. ئازادی لەسەر زگی تێر، دروست و پڕ و تەواوە. ئەوانەی زگیان لە برسان قوڕەی دێ، قەت بیر لەم ئازادییە ناکەوە، کە لەم نووسینە باسی لێوە دەکرێ. ئازادی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە. ئەگەر لەوڵاتێک دزی و گەندەڵی زۆر هەبی، دیارە لەو وڵات ئازادی بۆ هەموو کەسێک نییە، دیارە لەو وڵات یاسا بەتەواوەتی سەروەر نییە. ئەمەی سەرەوە هاوکێشەیەکی زۆر ئاسانە، ئەگەر خەڵک بیانەوێ لە ناوەڕۆکی ئازادی بگەن.

ئازادی بە نامە و بروسکە بۆ هیچ میللەتێک نەچووە و لە هەموو وڵاتان بە خەبات وەگیر کەوتووە.

لە کوردستان، حزب و کەسی زۆر هەن ئازادییان بۆ خۆیان دەوێ، بەڵام دژ بە ئازادی ژن و ویست و ئارەزووی تاکی دیکەی کۆمەڵن، چونکە ئەو ئازادییەی ئەوان بۆ ژن باسی دەکەن، زۆر جیایە لەگەڵ ئەو ئازادییەی کەسانی پێشکەوتو باسی لێوە دەکەن. بۆیەش، ئەو ئازادییەی ئێستا ژنی کورد لە کوردستان هەیەتی، زۆر زیاترە لەوەی، هەندێک لەوان بە ژنی کوردی ڕەوا دەبینن، لە هەمان کات، زۆر کەمترە لەوەی کەسانی پێشکەوتوو و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و بزوتنەوەی ژنانی کورد بۆ خۆیان بەڕەوای دەبینن.

لێرە مەبەست لە ئازادی ژن، تەنیا ئازادی ژن وەک تاکێکی کۆمەڵ نییە، لەناو یەک خێزانی کورد نییە، بەڵکو دەبی ئازادی ژن بە پاکێت وەربگرین. ئەگەر ژن ئازاد نەبی، دەبی تێبگەین، ئەو ژن، ناتوانی منداڵی ئازاد پەروەردە بکا، ئەگەر منداڵی ئازادیش لە کۆمەڵگایەک نەبی، دەبی لەوەش بگەین، قەت ئەو کۆمەڵگایە لە داهاتووێکی نزیک، گوڵبارین چاوەڕێی ناکا.

لەوکاتەی باس لە ئازدی ژن دەکەین، کەسانێک هەن ئەو ئازادییە بەئەنقەست یان لەگێلی و نەفامی خۆیان، لەگەڵ بەرەڵایی تێکەڵ دەکەن. ئەمجۆرە کەسانە هێشتا تێنەگەیشتوون، دایکی ئازاد، کوڕی ئازادیان بۆ بەرهەم دێنی، کوڕی ئازاد، وڵاتی ئازاد بەڕێوە دەبا، ئەو کوڕە ئازادانەش، بناغەی کۆمەڵگای یەکسان دروست دەکەن. ئەوان هێشتا تێنەگەیشتوون، لەو کۆمەڵگایانەی ژن تێیدا ئازادە، مرۆڤەکان زۆرتر و تەندروستر و بەختەوەرتر دەژین.

## دەربارەی: گرنگی فەرهەنگ لە کۆمەڵگای کوردەواری

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ٢٣ی تەموزی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی بخوێنەوە، تەواوی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن سەیربکە، بەردەوام گوێ لە رادیۆکان ڕابگرە، بەدەگمەن بەرهەمێکی فەرهەنگی دەبینی، دەبیستی یان دەخوێنییەوە... تێدەگەی، زۆر کەم کار لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی ژیان لە کۆمەڵگای کوردەواری کراوە، لە هەمان کات، یەک وەزارەت بەناوی: "وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان" لە حکومەتی هەرێم هەیە. لەم نووسینە باس لە ناوی وەزارەت هەرناکەین، چونکە لێرە ناوی لاوان، زیاتر لایەنی وەرزشییمان دێنێتەوە بیر، نەک لایەنی پەروەردە و فەرهەنگ و کتێبخانە، بۆیە پێکەوە گرێدانی ئەم دوو ناوە بە ناوەڕۆک زۆر لەیەک دوور، هیچ پەیوەندی بە ئامانج و ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە نییە، یانیش زۆر لێی دوورە.

حکومەتی هەرێم و وەزیرەکانی یەک لەدوای یەکی ٢٣ ساڵەی ڕۆشنبیری کوردی، جارێ تێنەگەیشتوون، یان نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، هاوڵاتی تەنیا بە کەمی داهاتی ماددی هەژار نییە، بەڵکو هەژاری لە بوارەکانی فەرهەنگ، لەڕاستیدا کاریگەری زۆر خراپتری لەسەر کۆمەڵ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ هەیە. لەوکاتەی باس لە فەرهەنگ دەکەین زیاتر مەبەستمان لە: بڵاوکراوە و چاپەمەنی، نەخش و نیگار، مۆسیقا و شانۆ و سینەما...هتد، هەروەها هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بەلایەنی روحی و ئەخلاقی مرۆڤەوە هەیە.

هەر میللەتێک لەوانەی سەرەوە بێبەشکرا، هەر حکومەتێک بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکرد، داهاتووی تاریک و تەمومژاوییە.... ناکرێ باس لە پەروەردە و خوێندن بکەین، بێئەوەی بیر لە چاپ و چاپەمەنی و بووارەکانی دیکە بکەینەوە. بۆ هیچ حکومەت و کەسێک هیچ پاساو قبوڵناکرێ و بەهەند وەرناگیرێ، بەتایبەتیش لەوکاتەی بیر لە وتە مێژوویییەکەی Winston Churchill لە پەرلەمانی بەریتانیا و لەکاتی جەنگی دووەمی جیهان دەکەینەوە. لەوکاتەی فرۆکەکانی ئەڵمانیای نازی، لەسەر

شاری لەندەن دەخولانەوە و بۆردومانیان دەکرد، هەندێک لە پەرلەمانتارانی بەریتانی لە دانیشتنی ئەوجار، پێشنیازی کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی بودجە لە بورای فەرهەنگی لە سەرۆک وەزیران Winston Churchill دەکەن و دەیانەوێ، تەواوی داهات و پارەی وڵات تەنیا بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن و لەشکر تەرخان بکرێ، Winston Churchill، بێئەوەی یەک چرکە بووەستێ، بە یەک ڕستەی کورت وەڵامیان دەداتەوە: "چیمان دەمینێ لەوکات، تا بەرگری لێبکەین؟" ئەو ئەم قسەیەی کرد، لەهەمان کات، وەک لە پێشەوە نووسیمان، فڕۆکەکانی هیتلەر لە ئاسمانەوە شارەکانی بەریتانیایان بۆردومان دەکرد...

قوربانیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تەنیا لە سەد ساڵی ڕابردوو زیاد لە یەک ملیۆن کەس دەخەملێندرێ... لە هەموو ئەوکاتە، هەموو تاکێکی کورد بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییەوە باش دەیزانی: حکومەتی ناوەندی، قەت ناتوانی سەفین بۆ نەجەف بگوازێتەوە، قەت ناتوانی دەشتی قەراج و کەندێناوە و بتوێن و گەرمیان بۆ باشور و ناوەڕاستی ئێراق بگوازێتەوە... دەشیانزانی، ڕژێمەکانی بەغدا، دەتوانن فەرهەنگی کورد بشێوێنن، زمان وێران کەن، کورد لە پرۆسەی پێشکەوتن دوا بخەن، نەوەیەک بەسەقەتی پەروەردە بکەن، کە شەرەفخانی بەتلیسی و ئەحمەدی خانی و نالی و حاجی قادر نەناسن. دوژمنانی کورد دەیانزانی، کوشتن یان خەفەکردنی فەرهەنگ لە لەناوبردنی میللەت لەچەک کاریگەرترە و مردنێکی لەسەر خۆیە. ئەوان دەیانزانی، ئەگەر ڕۆژێک کورد خۆشی ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی بناغەی فەرهەنگی ئیفلیج و لاوازە، زمانی یەکگرتووی نییە، شانۆ و سینەما و چیرۆک و ڕۆمان و تابلۆی ئاست بەرزی نییە، بۆ ماوەیەکی گەلەک زۆر ئەو حکومەتە کوردییە، ئەو کۆمارەی کوردی بێگرفت ناژی، با ڕەوشی ئابووری هاوڵاتییان و حکومەت لەبار و تەواویش بێ...

بایەخنەدان بە لایەنی فەرهەنگی، ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر پەروەردکردنی گەنج و نەوەی نوێ بە شێوەیەکی خراپ. زۆربەی هەرە زۆری ئەو گەنجانەی، لە پەیمانگا و زانکۆکانی کوردستان وەردەگیرێن، بێئەوەی لە ژیانیان: یەک شانۆیان بینیبێ، یەک کتێبیان خوێندبێتەوە، لە ناوەڕۆک یان گرنگی فەرهەنگ گەیشتبن... لێرە ماڵوێرانییەکە هەر بەوە

ناوەستێ و زۆر دوورتر دەڕوا، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەیبینین. حکومەت پەیامی ناگا یان بەپێچەوانە دەگا، چونکە ئاستی رۆشنبیری وەرگر وەک پێویست نییە، تا حکومەت بتوانی پێشکەوتن و دواکەوتن و ماف و ئەرکی هاوڵاتی بە ئاسانی بۆ ڕوون بکاتەوە... ئەمانە بوونەتە هۆ، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان ئامادەبن بە کۆلکە مەلایەکی کەمخوێندەوار و بێبڕوانامەی حوجرە باوەڕ بکەن، بەکارەکانی بەرچاوی حکومەتی کوردی باوەڕ نەکەن یان لەوەش خراپتر، بەلایانەوە هیچ گرنگ نەبێ...

زەریبەی بایەخنەدان بەلایەنی فەرهەنگی، لێرە کۆتایی نایەت، چونکە هەر ئەو گەنجانەی ئاستی رۆشنبیرییان سفرە یان کەمێک لەسەرووی سفرە، مەنتق ڕێگانادا، بە وەرگرتنی بڕوانامەی پەیمانگا یان زانکۆ، کادری باشیان لێدەربچێ، با باشترین مامۆستاشیان هەبی، کەمن لەوەش گومانم هەیە... چۆن ئەو گەنجانە، دەتوانن خزمەتی پێویستی نەتەوەی خۆیان بکەن، بەرنامە و پلانی تۆکمە بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان دابڕێژن، کە لە بنەرەتەوە لە چالاکییەکانی فەرهەنگ بێبەش کراون.

حکومەتەکانی کوردی لە ماوەی ٢٣ ساڵ حوکمڕانی خۆی و ئازادی کورد، نەیانتوانی هەق بەم پرسە گرنگەی کوردی بدەن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەمنی قەومی کوردەوە هەیە. ئەگەر بایەخ بە لایەنی فەرهەنگی بدرێ، بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێ، لەوکات زۆر ئاسانترە یاسا سەروەر بێ، دیموکراتییەت گەشە بکا، خەڵک هێزی لەبن نەهاتوو و پشت ئەستوری حکومەت لەم قۆناغە ئاڵۆز و گرانە بێ... دەبی فەرهەنگ بایەخی پێبدرێ، توێژینەوەی لەسەر بکرێ و وەک هەنگاوی یەکەم: لەهەر گەڕەکێک کتێبخانەیەک دروستبکرێ، شانۆ و کتێبخانەی گەڕۆک هەبن، ژمارەی مۆزەخانە زیاد بکرێ...هتد. جگە لەوانە، لەهەر کۆڵانە و خانوێک بۆ گەنجان دروست بکری و لەوێندەر یارمەتییان بدرێ و مامۆستایان بۆ دابندرێ و فێری کتێب خوێندەوە و کاتبەسەربردن بەشێوەیەکی باش بکرێن.

توێژینەوەی زۆر دەربارەی پەروەردەکردنی گەنجان و داهاتووی ئەوان کراوە و لەوێندەر زۆر بە روونی پیشانیانداوە، کارکردنی زۆرتر لەسەر پرسیارەکانی ئێستێتیک و فەرهەنگ، لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵ، دەرەنجامی باشی هەیە و حکومەت بە جۆری دیکە، خەرجییەکانی خۆی وەردەگرێتەوە.

## دەربارەی: دێموكراتی و دێموكراتییەت لە كوردستان

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێكەوتی ٦ی ئابی ٢٠١٤، لە ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) بڵاوكرایەوە

پرسیاری دێموكراتی و دێموكراتییەت، لە پاش ڕاپەڕین و لە كوردستان، بۆتە پرسیارێكی گرنگ و ناوە ناوە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن باسی لێوە دەكرێ، بەڵام هیچ لەو باسانە، جارێ بە قووڵی نەچوونەتە ناو هەناوی ئەمجۆرە سیستێمەی بەڕێوەبردنی وڵات و نەیانتوانیوە بۆ جەماوەری كوردستان ڕوونیبكەنەوە، كە هەبوونی دێموكراتییەت لە نان و هەوا بۆیان پێویستترە. لەڕاستیدا ئەم كەم باسكردن و ڕوون نەكردنەوەشە، كە خەڵكێكی زۆر سیستێمی حوكمڕانی دەستەڵاتی جەماوەر لەگەڵ هەڵسوكەوتی ناشیرن تێكەڵ بەیەكتر بكەن... لێرە یەك پرسیاری ئاسان بەرزدەبێتەوە: مەبەست لە دێموكراتییەت چییە؟

وشەی دێموكراتی، وشەیەكی یۆنانییە و بە زمانی كوردی دەكاتە: حوكمڕانی خەڵك یان دەستەڵاتی جەماوەر، بەڵام دێموكراتی بە مانا تەواوەكەی یۆنانی كۆن لەگەڵ دێمۆكراتی ئێستا جیاوازە و تێر و پڕ نەبوو. هەر بۆ نموونە: لە سیستێمی دێمۆكڕاتی ئەوكات و لە یۆنانی كۆن: عەبد و ژن و خەڵكی ئاوارە مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان نەبوو، كە نیوەی زیاتری كۆمەڵیشیان پێكدەهێنا، لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەوكات، پێشكەوتنێكی یەكجار گەورەبوو، كە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە ببینێ ئەگەرچی باشیش دەزانین، دێموكراتییەت زیاتر بۆ كەسانی بەگزادە و چینی باڵا و ناوەڕاستی كۆمەڵ بوو.

لە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی هەبوونی دێموكراتی، كار لەسەر دەوڵەمەندكردنی كراوە، گەشەی پێدراوە لەگەڵ ئەوەش لە پرسیاری: ئایا دێموكراتییەت پڕ بە مانای وشە، لە ئێستادا لە هیچ دەوڵەتێكی جیهانیدا هەیە؟ ناتواندرێ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە، بە یەك گوتاری كورت بدرێتەوە، پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زۆر هەیە، ئەگەرچی دەتوانین بنووسین: سیستێمی دێموكراتی قەت وەك ئێستا و ئەو سەد ساڵەی ڕابردوو گەشەی نەكردووە. قەت وەك ئەم سەد ساڵەی ڕۆیشتوو، جەماوەر نەیتوانیوە دەستەڵاتیان بەو شێوە بەرفراوانە هەبێ، ئازادی ڕادەربڕین و قسەكردنیان

هەبی، یاساکان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەخزمەت ئەواندابن، چونکە جەوهەری دیموکراتییەت بریتییە لەوەی، دەنگی هاوڵاتی ببیسترێ و بگا، ئازادی رادەربڕین و چاپەمەنی و دەنگدان هەبێ.

ئەکسێل هادێنیوس (Axel Hadenius) توێژەری حکومەتناسی سویدی لەوبڕوایەدایە، تەنیا لەو ٢٠ ساڵەی دوایی، سیستێمی حوکمڕانی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراتییەت بەشێوەی زیاد لە ٥٠٪ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ئەوروپا زیادی کردووە. ئەم گەشەسەندنە، ئاسیا و ئەفریقاشی گرتۆتەوە، بەڵام نەگەیشتۆتە باکوری ئەفریقا، رۆژهەڵاتی ناوەراست و قەفقاز... هەمان زانا لەوبڕوایەدایە، هەبوونی نەوت، کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی دیموکراتی هەبووە. هیچ وڵاتێک لەوانەی نەوت بریتییە لە نیوەی زیاتری داهاتی نیشتمانییان، دێموکراتی تێیدا گەشەی نەکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە لەو وڵاتانە، حکومەت و حزبی دەستەڵاتدار، توانیویانە گروپ و خەڵکی زۆر بە پارە بکڕن، هەر ئەوانیش دەستەڵاتی بێسنووریان لەناو هێزەکانی: لەشکر و پۆلیس و دەزگاکانی هەواڵگری دروست کردووە و هەیە.

لە سیستێمی دێمۆکراتییەت، گرنگە جۆرێک لە جۆرەکانی بەڕێوەبردنی وڵات هەبێ، تا لە کۆتایی بزاندرێ، چ کەسێک مافی یەکلاکردنەوەی پرسیارە ئاڵۆز یان بۆچوونە گرنگەکانی هەیە. با ئەم بیر و بۆچوونانە لەناو جەماوەریش سەروچاوەیان هەڵگرتبێ، یان لەلایەن نوێنەریانەوە گەڵاڵە کرابێ، چونکە قەت ناتواندرێ، تەواوی پێشنیاز و داخوازییەکانی کۆمەڵ جێبەجێ بکرێن، بۆیەش لە سیستێمی دیموکراتی، فۆرمێک هەیە، کە ڕای زۆرینە بەهەند وەردەگیرێ و دەکرێتە بڕیار. لێرە زۆرینە لە زۆربەی کات، دەکاتە یەک دەنگ زیاتر لە نیوەی دەنگدەران، لەگەڵ ئەوەش، لەناو سیستێمی دیموکراتی، پێکهاتن (ئیتیفاق) بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزەکان پێویستە و هەیە و گرنگە، کاری پێدەکرێ و بایەخی زۆریشی پێدەدرێ.

پرۆسەی بە دیموکراتی بوون لە هەر وڵاتێک، پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی جیهانی سێ یان ئەو وڵاتانەی ئایین لەگەڵ دەوڵەت تێکەڵ کراوە یان لە قۆناغی جیابوونەوەدایە و تازە ئەو میللەتە

لەژێر دەستە رزگاری بووە و ئازادی خۆی وەرگرتووە. لێرە گرنگە تێبگەین، قەت ناتواندێ پەلە لە چەسپاندنی دیموکراتییەت بکرێ، چونکە هەبوونی دیموکراتی بەتەنها نییە و بە کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی زۆر گرنگ بەستراوەتەوە. هەر بۆ نموونە: دەبی لەو دەوڵەت: ڕەوشی ئابووری حکومەت و هاوڵاتییان لەبار بێ، ڕێژەی کەسانی نەخوێندەوار زۆر کەمبێ یان هەر نەبێ و زەمینە بۆ گەشەسەندن و سەقامگیربوونی دیموکراتییەت هەبێ. هەروەها، دەبێ ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن، یاسای ئەخلاقیبن، لە بەرژەوەندی زۆرینەی جەماوەردابن. بۆ ئەوەی ئەمجۆرە یاسایانەش بنووسرێن دەبێ، کەسانی بەتوانا و ئازا و تێگەیشتوو بۆ پەرلەمان بنێردرێن.

گرانە باس لە دیموکراتییەت بکرێ، بێئەوەی ئازادی رادەربڕین لەناو خودی حزبەکان هەبی، بێئەوەی شەفافییەت لە داهاتی دەوڵەت هەبی، بێئەوەی دیموکراتییەت لەناو حزب خۆی ڕەگی داکوتابێ و هەبێ... ئەگەر هەندێک لەوانەی سەرەوەش هەبوون، دیسان پێویستە سەرکردایەتی کورد و سکرتێر و سەرۆک حزبەکانی کوردستانی، خۆیان هەبوونی دیموکراتی بە پێویستییێکی مێژوویی بۆ حزب و وڵاتەکەیان بزانن و دانی پێدابنێن و کاری پێبکەن.

ئەگەر لە ڕەوشی سیاسی کوردستان بکۆڵدرێتەوە، هەڵسەنگاندن بۆ هەڵبژاردنەکان بکرێ، تیشک بخرێتە سەر کۆنگرەی حزبە سیاسییەکان، بە ئاسانی دەردەکەوێ، زەمینە بۆ لەدایکبوونی دیموکراتییەت لە کوردستان جارێ لەبار نییە و نەرەخساوە و کاری پێویستیشی بۆ نەکراوە. لەگەڵ ئەوەش، بۆ ئەوەی باشتر لە هەبوون یان نەبوونی دێمۆکڕاتییەت لە کوردستان بگەین یان بۆ ئەوەی باشتر کار بۆ دێمۆکراتییەت لە کوردستان بکەین گرنگە: باش لە کۆمەڵگای کوردەواری و دابونەریتی، لە مێژووی کورد و کوردستان و فەرهەنگی بگەین، بۆ ئەوەی حوکمەکان ڕاست دەربچن.

دەبێ بزانین و تێبگەین، هەبوونی سیستێمی هەڵبژاردن و گۆڕینی حکومەت، کاکل یان هەوێنی دیموکراتییەتن و بۆ کوردستان زۆر پێویست و گرنگن، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی، لە وڵاتی ئێمە، زیاد لە یەک نەتەوە و ئاین و زمانی تێدا. بۆ ئەوەی یەکرێزی لەناو ئەوان بپارێزین، پەرە بە ئازادی

ڕادەربڕین بدەین، سوود لە ئەزمونی تاڵی رابردووی خۆمان و دراوسێکان وەربگرین، باشترین دەرمان بۆ هاوڵاتییانی کوردستان هەبوون و پەیرەوکردنی سیستێمی دیموکراتییە، با بەوشیوە تێریش نەبی و کەموکورتیشی زۆربی، هێشتا لە نەبوونی گەلەک باشترە.

## دەربارەی: تەلەفزیۆنی نیشتمانی

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ٢٠ی ئابی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

مەبەست لە تەلەفزیۆنی نیشتمانی یان میللی، ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنەیە، بێلایەن و دوور لە دەستتێوەردانی پارتە سیاسییەکانی کوردی بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکا. کار بۆ یەکریزی نیشتمانی دەکا و بایەخی زۆر بە لایەنی فەرهەنگ و کەلەپوری نەک تەنیا گەلی کورد بەڵکو تەواوی گەلانی کوردستان دەدا و ناوەڕۆکی بەرنامەکانیشی، گەیاندنی زانیاری و پەروەردەیی دەبێ... تەلەفزیۆنی نیشتمانی، بۆ ئەوەی لە دەستتێوەردانی حزب و لایەنەکان دوور بێ، ئەنجومەنێکی بێلایەن بەڕێوەبردنی ئەم کەناڵە میللییەی دەکەوێتە ئەستۆ، شەفافانە کار دەکات و داهات و خەرجی لە هیچ کەسێک ناشارێتەوە. هەر لەم کەناڵە نیشتمانییە، پەخشی ڕیکلامی بازرگانی دەبێ قەدەغەبێ، بودجەی لەلایەن حکومەت یان شیرینی نەوت یان لە ڕێگای بینەرانی تەلەفزیۆنەوە بۆ دابین دەکرێ. لەم کەناڵە نیشتمانییە، هەموو حزب و لایەنەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردن یەکسانانە دەرفەتی قسەکردن و گەیاندنی پەیامی خۆیان بۆ دەرەخسێ. لەوانەیە، هەڵە نەبم ئەگەر بنووسم: کورد و کوردستان، تاکە گەل و وڵاتی جیهانە تا ئێستا، خاوەنی کەناڵی نیشتمانی خۆیان نەبن، خاوەنی ئەنجومەنێکی ڕاگەیاندن نەبن، خاوەنی یاسایەکی تەلەفزیۆن نەبن، لەگەڵ ئەوەش، هەبوونی کەناڵی نیشتمانی بۆ کورد، لەوانەیە زۆر گرنگتر و پێویستتربێ، لە میللەت و وڵاتی دیکە، چونکە لەلایەک، کورد لە مێژوو غەدری زۆری لێکراوە و لە کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆی و پێشکەوتنەکانی ئەم لکە گرنگەی ڕاگەیاندن بێبەشکراوە، لە لایەکی دیکەش، ژمارەی زۆری کەناڵی تەلەفزیۆنی و لکەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، (هەر هەمووشیان حزبی و نیمچە حزبی یان سێبەر) جەماوەری لە وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ و دەنگوباس چەواشە کردووە، متمانەی جەماوەری بە پارتە سیاسییەکان و حکومەت و ڕاگەیاندن کەمکردۆتەوە، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، بینەر لێیتێکچووە و نازانێ بە چ کەناڵێک، بە چ هەواڵێک، بە ناوەڕۆکی چ بەرنامەیەکی دەنگوباس باوەڕ بکا.

له ڕێگەی ئەم کەناڵە نیشتمانییەوە دەکرێ، لە بەرنامەی دەنگوباس و بەرنامەی دیکە، زۆر بە تێری پرسە ئاڵۆز و هەنووکەییەکانی کوردستان و جیهان، بۆ بینەران پسپۆرانە و بە جوانی شیبکرێنەوە.

لێرە یەک پرسیاری ئاسان بەرزدەبێتەوە:

بۆچی کەناڵی نیشتمانی کوردستانی نییە یان ئەوەی هەبوو سەری نەگرت؟

مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە زۆر بە هەژاری و دەستکورتی دەستی پێکرد. مەبەست لە هەژاری و دەستکورتی دەکاتە ئەوەی: تەکنۆلۆژیای باشی پەخش نەبوو، ئەو تەکنۆلۆژیانەی بەکار دەهات، کۆن بوو یان دەستکردی خۆماڵی، لە هەردووک حاڵەت، چۆنایەتییان خراپ بوو، ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموونی تەلەفزیۆن نەبوو، چونکە پێشتر کورد کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادی خۆی نەبوو، بودجەی تەلەفزیۆنەکان کەم بوو، پەخشی هەموویان لۆکالی بوون و ڕەقابەی زۆر لەسەر بەرنامەکان هەبوو، ئەوەی هەبوو، هەر هەموویان کەناڵی حزبی بوون.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان یەک یان زیاتر کەناڵی ناوخۆیان لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو. ئەم کەناڵانە جگە لەوەی بە ناوەڕۆک، زۆر لاوازبوون، پەخشی بەرنامەکانیشیان لە چەند کیلۆمەتر دوور لە ئەنتێنی ناوەندییان ڕەتی نەدەکرد. لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، من تەواوی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی وەک قۆناغی ئەزموونی ناو دەبەم. قۆناغی دووەمی کەناڵەکانی کوردی بە ئاسمانی و بە کوردستان تیڤی لە ١٧-١-١٩٩٩ دەستی پێکرد و لەماوەی چەند ساڵی داهاتوو، دیسان زۆربەی پارتە سیاسییەکانی کوردی جارێکی دیکە بوونە خاوەنی یەک یان زیاتر کەناڵی ئاسمانی خۆیان. کەناڵی ئاسمانی کوردی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەبیندران، لەگەڵ ئەوەش بەگوێرەی ناوەڕۆکی بەرنامەکان و ئەو پرسیارانەی ئەوان بەرزیان دەکردەوە، دەمانگەینێتە ئەو بڕوایەی، تەواوی کەناڵە ئاسمانییەکانی سەرەتایی زۆرتر کاری لۆکالییان دەکرد. بە گۆڕینی کەناڵی کوردی لە لۆکال بۆ ئاسمانی، لەوانەیە بۆ مێژووی تەلەفزیۆنەکانی کوردی، بۆ مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردی پازدانێکی گەورەبووبێ، بەڵام ناوەڕۆکی بەرنامەکان لەگەڵ کەناڵی

لۆکالی زۆر جیاوازی نەبوو. ئەو پێشکەوتنەی لە بواری تەکنۆلۆجیاوە بەخۆیەوە بینی، لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان ڕەنگی نەدەدایەوە و نەدەبیندرا.

ئەگەر مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی بە وردی بخوێنینەوە تێدەگەین، تەلەفزیۆنی کوردی یان شاشەی کوردی نە بەشێوەی سروشتی لەدایک بوو، نە بەشێوەی سروشتیش گەشەی کرد. هەموو ئەوانەش، لەبەر ڕەوشی سیاسی کوردستان و قەدەغەکردنی قوتابییانی کورد لە وەرگرتن لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی ئێراقی بوو. مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی بە هەژاری دەستی پێکرد و یەکەم حکومەتی فیفتی فیفتی کوردی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆش، بێگومان کاتی بۆ پلاندانان یان پێویستی هەبوونی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نیشتمانی نەهێشتەوە.

پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بیر لە دامەزراندنی کەناڵێکی حکومی نەک نیشتمانی کرایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی کادرەکانی ئەو کەنالەیان بەڕێوە دەبرد، کەسانی حزبیبوون، ئەو هەوڵەی حکومەت سەرینەگرت. جارێکی دیکە کەناڵێکی تەلەفزیۆن بەناوی (نەورۆز تیڤی) لە ١ی ئابی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێر بەرنامەکانی بە ڕێگای سەتەلایتەوە پەخش کرد، کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم بوو، ئەم تەلەفزیۆنە لەبەر کێشەی ناوخۆ و ململانێی کارمەندان لە ١ی حوزەیرانی ٢٠١٠ پەخشی ڕاگیرا. بە ئاسانی دەتواندرێ بگوترێ، بۆ پارتە سیاسییەکانی کوردی دەستەڵاتدار، هەبوونی کەناڵێکی میللی، حکومی یان نیشتمانی هیچ گرنگ نەبوو، چونکە پەیامی حزبی و حکومی خۆیان لە ڕێگای کەنالەکانیان بە جەماوەر دەگەیاند.

کەنالی ئاسمانی نەورۆز، بەناوی حکومەتی هەرێم کاری دەکرد و بودجەی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ تەرخان دەکرا، لەگەڵ ئەوەش، لە ناوەڕۆک زیاتر وەک کەناڵێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دیار بوو. تەواوی بەڕێوەبەر و زۆربەی هەرە زۆری کارمەندانی نەورۆز تیڤی، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەمە وایکرد، قەت ئەم کەنالەی حکومەت، نەتوانی پسپۆڕانە و بێلایەنانە کارەکانی خۆی ئەنجام بدا و ببێتە بناغەی کەناڵێکی داهاتووی نیشتمانی کوردی. لە کوردستان زەمینە لەبار و ڕەخساوە، بۆ هەبوونی کەناڵێکی لەم شێوەیە، چونکە ئەو زانیارییانەی لە

کەناڵەکانی حزبی یان نیوە ئەهلی هەن، تێنوێتی بینەر ناشکێنن و زۆرجار بینەر لە زانیاری ڕاست و تەواو چەواشە دەکەن.

## دەربارەی: ڕاگەیاندنی لۆکاڵ

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلولی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

ڕاگەیاندنی لۆکاڵ، دەکاتە ئەو ڕاگەیاندنەی: ناوەڕۆکی زیاتر تایبەتە بەو شوێنەی ڕۆژنامە، گۆڤار یان پەخشی بەرنامەکانی رادیۆ یان تەلەفزیۆنی لێوە بڵاو دەکرێتەوە.

ڕاگەیاندنی لۆکاڵ، مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە و دەتواندرێ بگوترێ، ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن، لەسەرەتادا لە شار و ناوچە و هەرێمەکانەوە دەستیان پێکرد، بەڵام لەوکات دەستەواژەی لۆکاڵ بەکار نەدەهات، ئەگەرچی ناوەڕۆکیان زیاتر بەو ناوچە، هەرێم یان شار تایبەت بوو. بە هەبوونی ئەزموونی سەدان ساڵەی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ، ناتواندرێ بگوترێ، ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی لۆکاڵ لە ئێستادا، سادە و ساکارە و لە هەمان کاتیشدا، ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکانی دیکەی سەرتاسەری وڵات تێر و بەهێزە، بەتایبەتیش لە قۆناغی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت، خەریکە ڕاگەیاندنی لۆکاڵ بە شێوە کلاسیکییەکەی نامینێ. لێرە بەرهەم و کاڵای لۆکالیش، ڕاستەخۆ بە بازاڕەکانی جیهانی بەستراونەتەوە، لەهەمان کات دەبینین، لە ئەنجامی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیا، فەرهەنگ و دابونەریتی وڵاتانی پێشکەوتوو، کاریگەری لەسەر کۆمەڵ و ڕاگەیاندنی لۆکالیش هەیە. توێژەری بەناوبانگی روس یێ. ئێم. تراڤینە دەنووسێ: (لە ئێستادا ئەو فاکتە زۆر بە ڕوونی دیارە، کە کولتوری جیهانی، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کولتوری نەتەوە و کولتوری میللی هەیە. ئاڕاستەکانی جیهانیبوون و هەرێمیبوون، لە کۆتاییدا تێکەڵ بە یەکتر دەبن، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەت لەوانەیە دژ بەیەکتریش بووەستن). ڕۆلاند ڕۆبێرتسۆن لەسەر هەمان بابەت دەنووسێ: گلۆکالیزاسیۆن – پرۆسەیەکی دیالێکتییە و کارتێکردنیان لەسەر جیهانبوون و هەرێمبوونی یەکتر هەیە. ئەمە تەنیا تێکەڵبوونی پرۆسەیەکی جیهانیبوون لە ئاستی هەرێم نییە، کە دەکاتە: فۆرمولەکردنی بەشێک لە ستاندارتی نەتەوە لەسەر ئاست و نۆرمی پێوەرەکانی جیهانی، هەروەها دەرچوون یان بەرزبوونەوەی پرۆسەی لۆکاڵ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی... مۆدێلەکانی گلۆکالیزاسیۆن و

کارەکانیان، لەسەر فۆرمی هێڵەکانی خۆڕێکخستن و تێکەڵبوونی کۆمۆنیکەیشن پێکهاتووە.

(یەکەم ڕێکخراوی گلۆکال – Glocal Forum لە ساڵی 2001 دروست بوو). ئامانجی ئەم ڕێکخراوە، بەخێراکردنی پێشکەوتنەکانی جیهانە لە ڕێگای پێشکەوتنەکانی هەرێم، هەروەها چاوتێبڕینە بۆ گرفتە لۆکالییەکان.

گلۆکالیزاسیۆن، بۆ ئەو ڕاستییەمان دەبا، کە جیهان تەنیا ڕووبەرێک نییە یەک بوعدی (one-dimensional space) هەبێ، بەڵکو بۆ ترانس- لۆکالە (دەکاتە ئەوەی، هەواڵی لۆکالیش بە شێوەی فراوان و لە ئاستی جیهان پێشوازییان لێدەکرێ). بەمشێوەیە، گلۆکالیزاسیۆن – سێناریۆیێکی هەرێمییە و لە پرۆسەی پێشکەوتنی بەجیهانیبوون، بە تێگەیشتن لە گلوبالیزاسیۆنەوە بەندە.

گلۆکالیزاسیۆن تەنیا لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و پێویستییەکانی کڕیار نەوەستاوە، بەڵکو بوارەکانی فەرهەنگ و پەیوەندییە میللییەکانیشی گرتۆتەوە.

بەمشێوەیە دانەری تێرمی گلۆکالیزاسیۆن ڕۆلاند ڕبێرتسۆن دەنووسێ: "گلۆکالیزاسیۆن ئەوەش دەگرێتەوە، کە یەک وڵات قەت ناتوانی بە تەواوی فەرهەنگی گشتی هەزم بکا، چونکە لە هەموو شوێنێک خۆگونجاندنێک هەیە. "بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی: پەیامنێری تەلەفزیۆن. د. سێرگێی میخایلۆڤ و د. مەغدید سەپان، ل. ٦٧-٧٤ بکە".

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێ، کاریگەری بەرهەمی لۆکال، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر و زیاترە، بۆیە هەبوونی ڕاگەیاندنی لۆکالیش لە کوردستان زۆر پێویست و گرنگە، بۆ ئەوەی لەلایەک دانیشتوانی ئەو هەرێم یان ناوچە لە جیهان دانەبڕێن، ئاگاداری ڕووداوە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی خۆیان بن و لە لایەکی دیکەش، بۆ ئێمە، فێرکردنی هاوڵاتییانە بە خوگرتن، لە دانەبڕان و وەرگرتنی زانیاری پێویست لەسەر ناوچەکەیان. ئەوەی سەرەوە هەموو لایەنە گرنگەکە نییە، بەڵکو لایەنی هەرە گرنگ، بەشداربوونی جەماوەرە لە بڕیاردان و دەنگدان و دانەبڕاوی ئەوانە، لە پێشکەوتنەکانی هەرێم.

هەبوونی ڕاگەیاندنی لۆکال پەیوەستنییە بە گەلێک، هەرێمێک یان ناوچەیەک، بەڵکو هەموو میللەتە زیندووەکانی جیهان سەدان ساڵە

ڕاگەیاندنی لۆکالی خۆیان هەیە و حکومەتەکانیشیان پشتگیرییان دەکەن. لێرە پشتگیری بۆ کۆمپانیاکانی هەرێم، دەکاتە کڕینی ئابۆنە، بڵاوکردنەوەی ڕیکلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لۆکال و بۆ هاوڵاتییانیش دەکاتە: کڕینی ژمارەی ڕۆژ یان هەفتە، هەبوونی ئابۆنە، دانی زانیاری...هتد، ئەمانە تەمەنی ڕاگەیاندنی لۆکال درێژ دەکەن، لە مردن ڕزگاری دەکەن و ناوەڕۆکیان بە زانیاری پێویست تێر و دەوڵەمەند دەکەن.

ڕاگەیاندنی لۆکال بۆ دانیشتوانی هەرێم زۆرجار ڕۆلی چەتریش دەبینێ و هەموو دانیشتوان لە دەورەی خۆی کۆدەکاتەوە. بایەخدان و پشتگیری ڕاگەیاندنی لۆکال لەلایەن حکومەت، جگە لەوەی کۆمەڵێک کەس کار وەردەگرن، پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێشە، لەگەڵ کاغەز و قەڵەم و خوێندنەوە ئاشنا بێ، ئاگاداری زانیارییەکان بێ، هاوڵاتییێکی ئەکتیڤی لێدەربچی و لە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ دوور نەکەوێتەوە.

هیچ مەرج نییە، ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی سەرتاسەری وڵات، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکی تیراژ زۆری بەیانیان کاردەکا، لە ڕۆژنامەنووسێکی لۆکال، کە تیراژی کەمە و ڕۆژانەش دەرناچێ، باشتر بێ یان بەرهەمی باشتری هەبێ، لەگەڵ ئەوەش خەسڵەتی کارکردنی ڕۆژنامەنووسی لۆکال، یارمەتییێکی باشە بۆ ئەوەی لەسەر زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵ بنووسێ و بە ڕێگای نووسینەکانییەوە شارەزایی باش لە بواری جیا جیا وەدەست بێنێ. لەهەمان کات، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی نیشتمانی، زۆرجار تەنیا لە یەک بوار خەریکی نووسین دەبێ و شارەزایی زۆر لەو بوارە وەدەست دێنی. ئەوەش دەکاتە ئەوەی، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی لۆکال، تیراژی کەمە، لەوانەیە ڕیکلامیشی کەم بێت و بەشی خەرجی ڕۆژنامە و مووچەی کارمەندانی نەکا، بەڵام ئەوە هیچ ناکاتە ئەوەی ڕاگەیاندنی لۆکال کەمتر پێویستە.

ڕاگەیاندنی لۆکال لە کوردستان، بەردەوام پێویستی بە یارمەتی ماددی زیاترە، چونکە خەرجییان زۆرە و تیراژیان کەمە، بەڵام بەو کەم توانایەی خۆیان کاری زۆر گەورە دەکەن، بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە پشتگیری زۆریان بکا، بەتایبەتیش ئەگەر بییەوێ، پەیامی وەک خۆی بگا، ئاستی وشیاری ئەو هەرێم جیاوازی زۆری لەگەل ئاستی وشیاری شارە گەورەکان یان پایتەخت نەبێ. دەبی بزانین، ئەو برە پارەیەی حکومەت لە

ڕاگەیاندنی هەرێم، لە لکەکانی فەرهەنگ خەرج دەکا، لە داهاتوو بە جۆری دیکە و زۆر زیاتر بۆ خەزێنەی دەگەڕێتەوە.

گرنگی ڕاگەیاندنی لۆکال لە کوردستان لەوەدایە: هاولاتی لە زانیاری گرنگ بێبەش ناکا، منداڵ و هەرزەکار فێری کولتوری خوێندنەوە دەکا و هانیاندەدا، بنووسن و لە بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بەشدار بن. ئەوانەی سەرەوە لەوانەیە، وەک کار و هەنگاوی سروشتی بێنە بەرچاو، بەلام ئەگەر وردتر بیری لێبکەینەوە، هەوێنی مانەوەی گەلن و خزمەتی زۆر گەورەن.

## دەربارەی: درۆ و درۆکردن

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

ئەگەر یەک پرسیاری ئاسان لەخۆمان بکەین: ئامانج لە درۆکردن چییە؟ یەک وەڵامی کورت دەستناکەوێ، لەگەڵ ئەوەش دەکرێ بنووسین: پێچەوانەی ڕاستییە و کردار یا ڕەفتارێکە بە نووسین یان بە قسەکردن لەلایەن کەسێک یان گرووپێک دێتە نووسین، دێتە گوتن، بۆ ئەوەی سەرنجی کەس یان گرووپی بەرامبەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەهانایەوە بێ، یارمەتی بدا یان برینداری بکا... دەتوانین بەو شێوەیەش بنووسین: کەسێک قسەیەک دەکا، بۆ بەرژەوەندییێکی تایبەتی، بۆ مەبەستێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کاتبەسەربردن، کە لە گێڕانەوەی ناتوانی داتا و ناوی ورد بدا، سەیری ناوچاوی گوێگر بکا، چونکە خۆی باش دەزانی، ڕستە و وشەکان هەڵبەستراون و دوورن لەڕاستی...

لێرە پرسیارێکی دیکە بەرز دەبێتەوە: چ جۆرە کەسێک درۆ دەکا؟

لەوانەیە، بەلاتەوە سەیربێ ئەگەر بنووسم، تۆی خوێنەر ڕۆژانە بەلای کەم ٥٠ جار درۆ دەکەیت... بەڵام درۆ تا درۆ جیاوازە. ئەو درۆیانەی هەمووومان ڕۆژانە دەیکەین، لەوەڵامی چەند پرسیارێکی ئاساییە وەک: چۆنێ؟ تەندروستیت چۆنە؟ ژیانت چۆنە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانە، زۆربەمان بە درۆ وەڵام دەدەینەوە و زۆربەی کات دەڵێین: باشم سوپاس، بەڵام لەڕاستیدا هیچ باش نین و کێشە و گرفتمان زۆرە. لێرە درۆ دەکەین، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر توڕە نەبێ، غەمگین نەبێ یانیش هەر بۆمان بۆتە ڕەفتارێکی ئاسایی و بێئەوەی بیر لە درۆ بکەینەوە، وەڵامێکی ڕۆتینی درۆ دەدەینەوە. ئەمجۆرە درۆکردنە پەیوەندی بە گەلێک، میللەتێک یان وڵات و کیشوەرێکی دیارکراو نییە. ئێمە ئەمجۆرە درۆیانە دەکەین، لەوانەیە زیاتر بۆ ئەوە نەبی، کە دەمانەوێ درۆ بکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەبێ، کە تاقەتمان نییە، بە دوور و درێژی باس لەڕاستییەکان بکەین... لەوانەشە کات نەبێ باس لە هەموو هەقیقەتەکان بکەین، یانیش بە پێویستی نەزانین، چونکە پرسیارەکان زۆر تایبەتین و لەوانەشە خۆت نەتەوێ خەلک بەئاسانی لەناخی تۆ تێبگا، بە کێشە و گرفتەکانت بزانی...

لەڕاستیدا، تەنیا خەڵکی گەورە درۆ ناکەن، بەڵکو هەموو کەسێک بە گچکە و گەورە درۆ دەکەن، هەر بۆ نموونە: لە منداڵێک دەپرسی: لە قوتابخانە چۆنی؟ بێئەوەی بیربکاتەوە، ئەو وەڵامەت دەداتەوە، کە تۆ دەتەوێ ببیستی... لەوانەیە ئەمجۆرە درۆیانە هەموو منداڵێک نەیکا، چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەبەر ئەوەی لە منداڵ نادرێ، هەوڵدەدا ئەو وەڵامەت بداتەوە، کە خۆی بڕوای پێی هەیە و پێی ڕاستە. لەهەمان کات، لەبەر ئەوەی لە کوردستان لە منداڵدان لە زۆر خێزان ماوە، ناوێرێ وەڵامە ڕاستییەکەت پێبڵێ... ئەمەش دەکاتە ئەوەی، گەورە لە کوردستان جارێ گچکە ناچار دەکا درۆبکا...

لەگەڵ ئەوەی هەموو کەسێک درۆ دەکا، دەکرێ بگوترێ هەموو درۆکان زیانبەخش نین، یان گەورە نین و بەهەند وەرناگیرێن. ئێمە بە درۆی بچوک و ڕۆژانە تورەنابین، چونکە دەزانین لەمجۆرە درۆکردنە، کەسی درۆکەر هیچی وەگیر ناکەوێ و چاوەڕێی خەڵات یان ئافەرینیش لەکەس ناکا... لەڕاستیدا، درۆ زیاتر ئەو کەسانە دەیکەن، کە دەیانەوێ لەناو برادەران گەورەتر دیاربن، لەوەی خۆیان هەن، گرنگتر دیاربن، لەوەی خۆیان هەن. ئەوان درۆ دەکەن و خۆشیان دەزانن درۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەش دەیانەوێ لایەنێکی دیکەی خۆیان پیشان بدەن، کە بەبڕوای خۆیان ڕێزیان زیاتر دەگیرێ و زیاتریش لەناو برادەرانیان خۆشەویست دەبن.

دەکرێ بنووسین: درۆی بچوک و درۆی گەورە هەیە. درۆی بچوک کەس بەهەند وەرناگری و کەس تووشی سەرئێشە ناکا و ئەنجامی خراپەشی لێناکەوێتەوە، بەڵام بۆ درۆی گەورە، بەجۆری دیکەیە و کەسی بیسەر لەوانەیە غەمبار‌بێ. بۆیە هەندێ کەس بە ئەنقەست درۆ دەکەن، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر یان کەسانی بەرامبەر تورە بکەن، ئەگەرچی خۆشی دەزانی درەنگ یان زوو درۆکەی ئاشکرا دەبی. (تەمەنی درۆ کورتە)، لە کوردەواری دەڵێن.

لێرە پرسیارێکی دیکەش بەرز دەبێتەوە: چۆن دەزاندرێ فڵانە کەس درۆی کردووە یان هەر ئێستا بەرامبەر تۆ و برادەرانت درۆ دەکا؟ زانا و پسپۆران لەو بڕوایەدان، ئەمجۆرە درۆیانە بە ئاسانی دەناسرێنەوە چونکە:

- کەسی درۆزن زۆر بە هۆشیاری وشە هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی هەڵە نەکا.
- پشوودان و وەستان لەکاتی قسەکردن.

- بەرزکردنەوەی دەنگ و شێوەی گۆڕینی میلۆدیای قسەکردن.
- بەکارهێنانی وشەی زیاد لە پێویست.
- کەسی درۆزن، بەشێوەیەکی گشتی باس لە ڕووداوەکان دەکا و لە بەکارهێنانی فاکتی کۆنکرێت رادەکا.

لەراسیدا درۆ نەکردن، ئەگەر بۆ ماوەی یەک ڕۆژیش بێ بۆ زۆر کەس زۆر گرانە، چونکە ئەو پرسیارانەی لەلایەن کەسانی خۆشەویست لێی دەکرێن، لەوانەیە نەتوانی ئەو وەڵامەیان بداتەوە، کە خۆی دەیەوێ، چونکە دەترسێ بە وەڵامی هەقیقی دڵگران ببن یانیش غەم بخۆن...

وەک پێشتر نووسیمان، لەوانەیە درۆی بچوک گرفت نەبێ و کێشەی گەورە دروست نەکا، چونکە کەس بە بیستنی بریندار نابی... لەهەمان کات، ئەو درۆیانەی بە ئەنقەست یان بە بەرنامە دەکرێن، بەتایبەتیش ئەو جارانەی سوڕ دەزانی، کەسی بەرامبەر دەیەوێ درۆ ببیسێ، بەدوور نازاندرێ ئەنجامی زۆر خراپیان لێبکەوێتەوە... ئەمجۆرە درۆیانە زیاتر پەیوەندییان بە دەستەڵاتدارانەوە هەیە. لێرە هەڵبژاردن لەنێوان درۆ کردن و درۆ نەکردن زۆر گرانە، چونکە لەهەندێ کات، ئەگەر ڕاستییەکان بگوترێ، بەدوور نازاندرێ، کەسەکە لەسەر کار دەربکرێ، بریندار بکرێ، دوور بخرێتەوە...

لەپشت درۆ گەورەکانیش چەند ئامانجێک هەیە:
- بۆ ئەوەی لە سزا خۆی رزگار بکا.
- بۆ ئەوەی شتێک وەربگری، دەکرێ: کورسی، پارە، بەرزبوونەوەی پلە، خەڵات...هتد.
- بۆ ئەوەی وەک کەر و گێل و گەمژە سەیری نەکرێ.
- بۆ ئەوەی دانیشتنەکە خۆشتر بێت و خەڵک بهێندرێتە پێکەنین.

درۆ بۆ مەبەستی درۆ و شێواندنی هەقیقەت خراپە. کەسانێک هەن دەژین، بۆ ئەوەی درۆ بکەن، نەک بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بڵێن. ئەمجۆرە کەسانە، لەناو دەوروبەر بە کەسانی ماستاوچی و خوێڕی بەناوبانگن و خۆشەویست نین و خەڵک رقی لێیان دەبێتەوە.

قسەیەکی نەستەقی روسی هەیە دەڵێ: (لێم مەپرسە، تا درۆت بۆ نەکەم)، ئەوەیان لەوانەیە بۆ روسیا باش بێ و بگونجێ، بەڵام لە کوردستان ئەوانەی زۆر درۆ دەکەن، بەرپرسانی گەورەی حکومەت و حزب و کەسانی

دەستەڵاتدارن. ئەوان جورئەتیان نییە، ڕووبەڕوو  بڵێن: ئەم کارە بۆیە ناکرێ، چونکە یاسایی نییە یان کەسی دیکەی لەپێشتر هەیە... ئەوان بەڵێن دەدەن، نامە دەنووسن، تەلەفۆن دەکەن هەمووشی درۆیە و هیچ ئەنجامی نییە. ئەمشێوە درۆکردنەی بەرپرسانی گەورەی کورد، بۆتە هۆی کەمبوونەوە یان نەمانی متمانە لەنێوان حکومەت و جەماوەر، کە زۆر زیانبەخشە... زۆر لەوان درۆدەکەن، چونکە دەیانەوێ درۆبکەن و بە درۆش تەمەنی کورسییەکانیان درێژتر بکەنەوە. ئەوان ڕاستی ناڵێن، چونکە کەسانی ترسنۆکن و لەڕاستییەکان دەترسن.

ڕاست هەیە و هەقیقەتیش هەیە، کە لە یەکتر زۆر نزیکن. لە زمانی کوردی باش کار لەسەر ئەم دوو دەستەواژە نەکراوە لەگەڵ ئەوەش: نە هەموو ڕاستییەک خەڵک ئامادەیە ببیسێ نە هەموو هەقیقەتێکیش خەڵک ئامادەیە هەزمی بکا. هەقیقەت دەکاتە ئەنتی (دژە) درۆ... هەموو ئەو شتانەی ڕاستە، باوەڕپێکراوە، تەواوە، دروستە و بێ پێچ و پەنایە و وەڵامی ڕاستییەکان دەداتەوە، هەقیقەتە. ڕاستی بەهایەکی ئەخلاقی هەقیقەتە... یەک هەقیقەت هەیە، بەڵام زۆر ڕاستی هەن. ڕاستی بەگوێرەی تێگەیشتنی تاکەکانە و لە تێگەیشتن لە هەقیقەتەوە وەگیر دەکەوێ. گەورە شاعیری ڕوس پوشکین دەنووسێ: هەموو دەڵێن ڕاستی لەسەر زەوی نییە، بەڵام خۆ لە ئاسمانیش نییە... هەموو ئەوانەی سەرەوە، دەکاتە ئەوەی: جەوهەری درۆکردن، پەیوەندییێکی خراپ و ناتەندروست لە کۆمەڵگا لە نێوان تاک و تاکی کۆمەڵ پیشان دەدا.

## دەربارەی: مێژووی حزب و حزبایەتی

له ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ له ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوه

ڕایەک هەیە، مێژووی حزب و حزبایەتی وەک مێژووی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەکۆن لە قەڵەمدەدا. لەڕاستیشدا لەو سەردەمەی مرۆڤ هەستیکرد، زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو نییە، بەتەنیا بژی یان نایەوێ و ناتوانی بەتەنیا بژی و بۆ مانەوە و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی، تێگەیشت لەناو کۆمەڵ ژیان باشترە، لەو دەمەی ئەم هەستەیان لا دروست بوو، ئەوان بیریان لە کاری خۆڕێکخستن کردەوە. ئەم خۆڕێکخستنەش لەکاتی کۆبوونەوەکان و گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و گرفتەکان هەستی پێدەکرا و بە پێویست زاندرا. هەر لەوکات، پێکەوەژیان و دروستکردنی تیم و گروپی جیا جیا لەناو خێزان و تیرە و خێڵەکان، هەنگاوێکی تەندروست و پێویست بوو بۆ ژیانێکی ئارام، بۆ داهاتوویێکی خۆشتر.

بە پشتبەستن بەو فاکتانەی سەرەوە، مێژووی لە دایکبوونی پارتە سیاسییەکان بە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی سەرەتایی مرۆڤ دەبردرێتەوە، کە بەو ژیانەی هەیانبوو ڕازی نەبوون و بەدوای دەستەڵات و ژیانێکی خۆشتر گەڕاون.

لایەنگرانی ڕای دووەم، مێژووی دروستبوونی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ پەیدابوونی گرووپەکانی ناو پەرلەمان و هەبوونی فراکسیۆن دەگەڕێننەوە. ئەم گروپانەش لەگەڵ پەیدابوونی پەرلەمان وەدیار کەوتن، کە مێژووەکەی لە پەرلەمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٦٧٩ دەستی پێکرد. لە وڵاتی ئەمریکاش لەلایەن کۆمارییە دیمۆکراتەکان و فیدرالییەکان لە ساڵی ١٧٨٧ دەستی پێکرد.

دروستکردنی پەرلەمان و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان، ڕێکخستنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و هەروەها دانانی ڕێنمایی بۆ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن، بۆ مێژووی دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە. هەندێک پەرلەمان زۆر زووتر لە دروستبوون و ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان دروست بوون. بۆ نموونە، پەرلەمانی ئینگلیزی لە سەدەی سێزدە درستبوو و بەڵام فراکسیۆنی بەردەوامی پارتەکان لە سەدەی حەڤدەوە لەناو پەرلەمان وەدیارکەوتن و پەیدابوون.

بەمشێوەیە، مێژووی قۆناغی یەکەمی پارتە سیاسییەکان، لە دەستپێکردن یان پەیدابوونی گروپی جیاجیای کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ وەگیرکەوتنی دەسەڵات، لە پێش زاینەوە دەستپێدەکات و تا سەدەی حەڤدە درێژەی هەبوو. قۆناغیَ دووەمیش لە پەیدابوونی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لە کۆتایی سەدەی حەڤدەوە دەستپێدەکات و تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەردەوام بوو. قۆناغیَ سێیەمیش لە بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکا و تا ئێستا بەردەوامە و بە قۆناغیَ نویێ پارت و ڕێکخراوەکانی سەردەم و فراکسیۆنەکان بەناوبانگە.

هەر لە سەدەی بیستەم و دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە دەستووری هەندیک وڵات وەک: ئیتالیا، یابان، ئەڵمانیا و فەڕەنسا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو، شوێن و ڕۆلیان لە حکومەت و کۆمەڵ، بە یاسای تایبەت دیار کرا و یاسای تایبەت بە هەبوون و دروستبوونی پارتە سیاسییەکان نووسران و پەسندکران.

لە دەستپێکردنی فراکسیۆنەکانەوە تا قۆناغی ئێستا، پسۆر و توێژەرانی سیاسی، خەبات و هەبوونی پارتە سیاسییەکانیان بەسەر سیَ قۆناغ یان سەردەم دابەش کردووە:

١- قۆناغی لیبرالی: (١٧٨٩ تا کۆتایی سەدەی نۆزدە) لەم قۆناغە ئایدیۆلۆژی پارتەکان بەرەو لیبرالیزم دەڕوا. دوژمنی سەرسەختی لیبرالەکان، پارتە کۆنسێرڤاتیڤەکان بوون. هەر لەوکاتەی لە مونافەسە دابوون، دژ بە کۆنسێرڤاتیڤەکان ناو و ناوبانگیان دەرکرد.

٢- قۆناغیَ سۆسیالیستی: (کۆتایی سەدەی نۆزدە تا ١٩١٧) لەوکاتەی پارتی سۆسیالیستی لە خەباتی بەردەوامی بوو دژ بە پارتەکانی لیبرال و کۆنسێرڤاتیڤ، بۆ ئەوەی خۆیان دەسەڵات وەربگرن.

٣- قۆناغی تۆتۆلیتاریزم و دیکتاتۆری: (١٩١٧-١٩٩١)، لەم قۆناغە، پارتی کۆمۆنیست و فاشیست و هەڵپەرستەکان، خەباتیان بۆ مانەوەی خۆیان دژ بە پارتەکانی دیکەی ئازادیخواز و دیموکرات دەکرد.

٤- قۆناغیَ پلورالیزم: (١٩٩١ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا و لاتین ئەمریکا)، لەم قۆناغەدا پارتەکانی لیبرالی، کۆنسێرڤاتیڤ و سۆسیالدیموکرات و سەوز و کریستیانەکان، کاریان بۆ بەهێزترکردنی دیموکراتییەت و پرسی ژینگە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرد. پارتە توندڕەوەکانیش وەک پارتە

ناسیونالیست و فاشیستەکان، لە هەندێک وڵات بە یاسا قەدەغەکران و لەوانەی دیکەش روخان و جەمارەیان نەما.

هەبوونی سیستێمی سیاسی دیموکراتی، هەڵومەرجی باشی بۆ پارتە سیاسییەکان رەخساند، کە پێشتر و بۆ یەکەم جار لە مێژوو، لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەستی پێکردبوو. لە یۆنانی کۆن، گروپی سیاسی بەهێز نەبوون، تا کۆیان بکاتەوە و باشترین حوکمەت دروست بکەن و بەرنامەی تۆکمەیان بۆ دابەشکردنی داهات و بودجە هەبی.

یەکەم پارتی سیاسی لە جیهان، کە شێوەی لە پارتی سیاسی ئەمرۆ بکا، لە ساڵی ١٦٢٨-١٦٤٠ لە بەریتانیا بەناوی: پارتی رپالیستەکان (هاوکارانی پاشا) لەگەڵ پارتی لیبرالەکان، هاوکارانی پەرلەمان، (ئەو گروپانەی پێروکیان لەسەر دانەدەنا) دروست بوون، بەڵام تا نزیکەی ١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە تەواوی جیهان، جگە لە ئەمریکا، لە هیچ وڵاتێکی دیکە پارتی سیاسی خۆی، بە مانای پارتی سیاسی ئەمرۆ نەبوو. لە سەرەتای سەدەی ٢١ لە هەموو وڵاتێک چەندین پارتی سیاسی لە دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و بە نهێنی و ئاشکرا هەن.

هەندێک بۆچوون هەیە، هۆی سەرەکی هەبوونی پارتی سیاسی، بۆ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، کە بەردەوام ئارەزووی لە خەبات و کۆنفلیکت و وەرگرتنی دەستەڵاتە دەگێرنەوە. لەگەڵ ئەوەش، هەبوونی پارتی سیاسی وەک پێویستییێکی واقعی بۆ تێکشکانی شێوەی حوکمرانی کۆن پەیدابوو.

ماکس ڤێبێر (١٨٦٤-١٩٢٠) مێژووی پارتە سیاسییەکانی بەسەر سێ جۆر دابەش کرد.

١- گروپی ئەرێستۆکراتەکان، ٢- کڵوبەکانی سیاسی. ٣- پارتە پڕ جەماوەرییەکانی ئێستا.

وشەی Partia لەسەرەتا یۆنانییە و بە زمانی کوردی دەکاتە: بەشێک لە شتێک، لە رۆمای کۆن، زیاتر ئەو دەستەواژەیان بۆ گروپی سیاسی وەک (پارتی قەیسەر – گروپی قەیسەر) بەکار دەهێنا. ئەندامانی ئەم گروپە، هیچ ئادیۆلۆژییێکیان نەبوو و ئامانجی ئەم گروپانەش بێگومان بەرگریکردن لە قەیسەر بوو.

مێژووی دروستبوونی ڕێکخراو و بزوتنەوە یان پارتی سیاسی لە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکرد و زۆریش لەوان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ترسی گرتن و لەناوچوون بە نهێنی کار و چالاکی خۆیان ئەنجام دەدا، بۆیەش بەهیچ شێوەیەک ناتواندرێ پارتە سیاسییەکانی جیهانی و بەتایبەتیش بەریتانی و ئەمریکی لەگەڵ پارت و گروپە سیاسییەکانی کوردستان بەراورد بکرێن، هەر نەبێ چونکە ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی پارتی سیاسی کوردی بۆ ئازادکردنی کوردستان یان بەشێک لە کوردستان بوو، نەک وەک بەریتانیا و ئەوروپا بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان... هەبوونی ئەم جیاوازییانەی سەرەوە، بووە هۆی ئەوەی شێوەی خەبات و سیاسەتکردن لە کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان جیاواز بێ، کۆکردنەوەی ئەندام و دۆست و لایەنگران جیاوازبێ.

لەمجۆرە کەشوهەوا سیاسییەی بەسەر کوردستان چەسپاوە، خەڵکی ناچار کردووە، پارتی سیاسی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشکەوتن بگونجێنن، زیاتر کار بۆ ئازادکردنی کوردستان بکەن، لەوەی بیر لە ڕیفۆرمی سیاسی حزبایەتی لە ناو کوردان بکەن.

لە باشووری کوردستان دەمێکە دوو پارتی گەورەی کوردی و کوردستانی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەن، مێژووی پارتی یەکەم لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دەستپێدەکات و مێژووی پارتی دووەمیش لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ دەستپێدەکا. هەردووک پارتی گەورەی کوردی بە درێژایی مێژووی دامەزراندنیان لە گۆرەپانی کوردستان خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، خەبات بۆ وەرگرتنی دەستەڵات دەکەن، هەردووکیشیان ترس و هەڕەشەی دەرەکییان بەردەوام لەسەربووە، بۆیە زیاتر کاریان لەسەر زۆربوونی ژمارەی ئەندامانیان کردووە، کە لە ئەنجام دا، هەبوونی ئەم ژمارە زۆرەی ئەندامان، گرفتی زۆری بۆ هەردووک حزب دروستکردووە، لەجیاتی یارمەتی حزب بدەن، ڕەگی حزب لە هەموو ماڵێک بچەقێنن، کار زیاتر لەسەر پێشکەوتن و دیموکراتییەت بکەن، بوونەتە ئەرک و هەزاران کەسیان بە گرفتی لاوەکی و ڕێکخستن خەریک کردووە. هەزاران کەسی مشەخۆر و ماستاوچیش بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات خزاونەتە ناو هەردووک حزب و کار بۆ

خۆڕەپێشکردنی خۆیان دەکەن. لەوانەیە، هەتا ڕەوشی سیاسی کوردستان بەمشێوەیە بێ، تا گرفت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی هەبێ، تا عەدالەتی کۆمەڵایەتی کاری جددی بۆ نەکرێ، ناکرێ بیر لە ڕیفۆرمی تەندروست لەناو حزبی کوردی و کوردستانی بکرێتەوە.

## دەربارەی: ڕەخنە و ڕەخنەگرتن

لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤لە  ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە

ڕەخنە: لەبنەرەتدا لە کریتیکۆس - κριτικός – کریتیکوێ κριτική - کریتیکوێی یۆنانی وەرگیرایە و بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی critique و بە زمانی روسیش критика کریتیکەی پێدەگوترێ. ئەگەر ئەو وشە بیانییانە لە فەرهەنگی هەرسێک زمانی روسی و سویدی و ئینگلیزی ڕێک وەک خۆی وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی دەکاتە: حوکمدان، هەڵسەنگاندن، پلە یان نمرەدانان، بۆچوونی تایبەت یان ڕای جیاواز، پیشاندانی خاڵە لاواز و باشەکان، هونەری جیاکردنەوە – هەڵسەنگاندن، حوکمدان لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی، هونەری باسکردن لەسەر بابەتێکی تایبەت و دیارکراو، یان بەدواداچوون لەڕاستی ناوەڕۆکی بەرهەم...هتد.

لەوکاتەی باس لە ڕەخنە – کریتیکۆس دەکەین، دەکرێ بگوترێ لەناو ئەو میللەتانەی ئەدەبی نووسراویان هەژارە یان مێژووی چاپ و کتێب نووسینیان تازەیە و لەمێژنییە، ڕەخنە لەوێندەر نییە یان کەمە و تەندروست نییە، پێشنەکەوتووە و لە قۆناغەکانی سەرەتایی دایە، بۆیە هیچ سەیرنییە، کە هونەری ڕەخنە گرتن لەناو ئەو جۆرە فەرهەنگ یان کۆمەڵگایانە، پێشکەوتو نەبی و کادری بەتوانایان لەم بوارە گرنگە نەبی یان بەش نەکا، چونکە کۆمەڵگەی داخراو و دواکەوتوو، گرانە نووسەری بەتوانا بەرهەم بێنی، لەوکات بێگومان ناتوانی ڕەخنەگری بەتوانا و باشیش لەدایک ببێ، کە بتوانن ئازایانە و ئازادانە مەبەستیان بێلایەن دەرببڕن، هەق بەو بەرهەم بدەن، کە لەسەریان نووسیوە و هەڵسەنگاندیان بۆی کردووە. لەگەڵ ئەوەش، ڕەخنە بە بوارێکی تایبەتی هونەری، سیاسی، کۆمەڵایەتی گەلێک، وڵاتێک، هەرێمێک یان ناوچەیەک نییە... بەڵکو هەموو لکوپۆپەکانی نووسین، شانۆ و سینەما و بەرهەمەکانی دیکەی هونەری، کار و چالاکییەکانی حکومەت دەکرێ ڕەخنەیان لێبگیرێ یان هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانیان بکرێ.

ڕەخنەی باش هەیە، کە دەکاتە ئەوەی، ئەو بەرهەم باشە و لەهەمان کات ڕەخنەی خراپیش هەیە، کە دەکاتە ئەوەی، ئەو بەرهەم خراپە و شایەنی بینین یان خوێندنەوە نییە، لەگەڵ ئەوەش، ناکرێ چاوەڕێی ڕەخنەی باش و پۆزەتیڤ لە بەرهەمێکی خراپ بکەیت.

لێرە یەک پرسیاری ئاسان دروست دەبێ:

**بۆچی ڕەخنە دەگیرێ؟**

هۆ زۆرن لەوانە: کەسی ڕەخنەگر لەو بڕوایەدایە، بەرهەمەکە یان کارەکە دەکرێ باشتر و دەوڵەمەندتر بکرێ و لەلایەکی دیکەش، ئارەزوویەتی بەوجۆرە بێ، کە ئەو خۆی دەیەوێ، یان پیشانی بدا، کە ئەو ڕاست دەکات و هەقیقەت بەوجۆرەیە، کە تەنیا لای ئەو هەیە. هەندێک لەو وەڵامانە، بۆ باشترکردنی ناوەڕۆکی بیرۆکە یان قسەکەیە، بەڵام زۆریش بۆ شکاندن یان پیشاندانی توانای کەسی ڕەخنەگرە، کە دەیەوێ بیسەلمێنێ، ئەو لە خاوەنی بیرۆکە باشتر تێدەگات و دەزانی.

لێرە پرسیارێکی دیکەش بەرز دەبێتەوە:

**- چۆن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست یان بە سینگێکی فراوان ڕەخنە قبووڵ بکرێ؟**

لەوانەیە ئاسان نەبی، وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە لە شوێنێک بۆ شوێنیکی دیکە و لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە و لە فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگێکی دیکە دەگۆڕدرێ، لەگەڵ ئەوەش باش نییە ڕێگا بە کەس بدرێ بە ئارەزووی خۆی و بۆ مەبەستی دەرخستنی خۆی یان دەستەڵاتی خۆی، کەسی ڕەخنەگر، قسەکەر یان خاوەنی بیرۆکە بریندار بکا، سووک بکا، بەتایبەتیش لەو کاتانەی لە چوارچێوەی ئادابی ڕەخنەگرتن دەچێتە دەر و زیاتر فۆرمی هەڕەشە وەردەگری.

نووسینی زۆر لەسەر، چۆنێتی ئاراستەکردنی ڕەخنەی دروست و تەواو هەیە لەوانە:

باشە لەشتە باشەکان دەستپێبکرێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە ئاراستەیەکی ئارام و باش وەربگری و کەشوهەوایەکی لەبار دروستببێ، کە شوێنی گوتن یان پیشاندانی کەموکورتیشی تێدا ببێتەوە، بۆ ئەوەی پیشان بدرێ، ئامانج لە ڕەخنە تەنیا دەوڵەمەندکردنی بابەتە و هیچ مەبەستی دیکە لەپشت نووسین، تێبینی یان قسەکانەوە نییە.

لەوانەشە زۆرجار ڕەخنە بێ هۆ نەگیرێ و بەردەوام هاندەرێک لە پشتییەوە هەبێ وەک: لەبەر ڕقبوونەوە لە خاوەن بیرۆکە یان کەسی قسەکەر، لەبەر ئێرەیی، لەوانەشە کەسەکە خۆی لە ژیانی خۆی رازی نییە و کەموکورتییەکانی خۆی بە کەسی بەرامبەر دەڵێ، چونکە خۆی پشتگوێ خراوە و بە ڕەخنەگرتن، سەرنجی کەسانی دیکە بۆلای خۆی رادەکێشێ، لەوانەشە کەسەکە خۆی زۆر لا گرنگ و زل بێت و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە قەت بەهەند وەرنەگری، دەشبێ کەسی ڕەخنەگر کەسێکی تڕوهات و ئاژاوەچی بێ... ڕەخنەگرتن بەشێوەیەکی گشتی کارێکی زۆر هەستیارە، بۆیە زۆر بە نەرمی و بەجوانی دەبی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

لەوکاتانەی ڕەخنە دەگیرێ، کەسی ڕەخنەلێگیراو هەست بە نائومێدی و ناخۆشی دەکا، هەست دەکا غەدری لێدەکرێ، ئیهانە دەکرێ، بۆیە زۆربەی کات وەڵامەکان بە هێرش - بەرگری دەدرێنەوە، خەڵکیش هەن، تام لە ئەزیەتدانی کەسانی دیکە وەردەگرن، بۆیە ئەمجۆرە کەسانە بەردەوام ڕەخنەی توند دەگرن. خەڵک هەن، تامی زۆر لە ڕەخنەگرتن و بریندار کردنی دەوروبەر وەردەگرن، چونکە لەوکات دەستەڵاتیان پیشان دەدەن، چەند کەسەکە - کەسەکان زیاتر بە ڕەخنە - هێرش بریندار بن، ئەو کەسانە، ڕەخنەکانیان هێشتا زیاتر توند دەکەن، چونکە لەوکات دەستەڵاتیان باشتر بۆ ئامادەبووان بەدیار دەکەوی. ئەمجۆرەیان زیاتر لە کۆبوونەوەکانی حزبی و حکومی دیار و بڵاوە. زۆرجاریش ئەم ڕەخنانە هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە، جگە لە خۆپیشاندان و مەغروری نەبی.

**هەزمکردنی ڕەخنەی باش و دروستکەر:**

باشە بەجوانی و تا کۆتایی قسەکان، گوێ رابگیرێ و هەوڵبدە تێبگەیت، ئەگەر لەشوێنێک قسەکان ڕوون نەبوو، جورئەتت هەبی بپرسیت و داوای ڕوونکردنەوە بکەیت، زوو نەکەویتە سەنگەری هێرشکردن و تێبگە: ئایا ڕەخنەکە تەواوە و لەجێی خۆیەتی؟ بێگومان بەگوێرەی تێگەیشتن وەڵامی ڕەخنەکە دەدرێتەوە، دەشکرێ ڕەخنەکان هەر وەڵام نەدرێنەوە و پشتگوێ بخرێن، بەتایبەتیش ئەگەر ڕەخنەکە منداڵانە یان بۆ مەبەستی شکاندن گیرابن.

**چۆن ڕەخنە دەگریت:**

کاتی گونجاو هەڵبژێرە و خۆت هیچ مشەوەش مەکە، ڕەخنە تەنیا لەو کەسە بگرە، کە خاوەنی بیرۆکەیە یان قسەکەرە، هەوڵبدە جیاوازی لەنێوان کەس و کار بکەیت، هەروەها ڕەخنە دەبی ڕوونبێت و بەناوی خۆشتەوە بگرە، سوپاسی گوێگر یان قسەکەر بکە، کە دەرفەتی ڕەخنەگرتنت بۆ رەخسا. ئەوەی سەرەوە، ئامۆژگاری کەسانی پسپۆرە لە هونەری ڕەخنەگرتن.

**ڕەخنە لە فەرهەنگی کوردەواری:**

فەرهەنگی نووسینی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە مێژووی ئەدەبی کوردی لاوازە و لەهەمان کاتیش، لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکان، گلەیی و گازاندە هەبوون، بەڵام گلەیی و گازاندە ناکەونە خانەی ڕەخنەگرتن یان ئەو بابەتەی ئێستا دەربارەی دەنووسین، بۆیە ڕەخنە زیاتر لەگەڵ چاپکردنی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامە لە کوردستان بەدیار کەوت، کە دەکاتە نزیکەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا، ئەمەش کەمە و زۆر نییە.

فەیلەسوفی ناوداری سەدەی بیست Karl Popper دەنووسێ: ئەو کۆمەڵگایەی ڕێگا دەدا، گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بە ئازادی ئەنجام بدرێ، لەکاتی گۆڕینی دەستەڵات لە ئەنجامی هەڵبژاردن، بێ هیچ گومانێکەوە دەتوانین بڵێین، کێشەکانی سیاسی لە کردار (پراکتیک)دا باشتر - ئاسانتر چارەسەر دەکا، لەو کۆمەڵگایەی، دەرگای ڕەخنەگرتن لێیداخراوە. پێشکەوتنەکانیش خێراتر دەڕۆن و خەرجیشی کەمتر تێدەچێ.

## دەربارەی: ڕۆژنامەنووسی نوێ New Journalism

لە ژمارە ٢٦٠ سێشەم ڕێکەوتی ٣ی نۆڤێمبەری ٢٠١٥ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا. ل. ٢٢

ڕۆژنامەنووسی نوێ، جۆرە نووسینێکە یان ستایلێکی تایبەتە بۆ نووسینی هەواڵ و ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری لە ٦٠ – ٧٠ کانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا سەریهەڵدا. لەمجۆرە ستایلە تازەیەی ڕۆژنامەگەری، سوود لە تەکنیکی نووسینی ژانرەکانی ئەدەبی وەردەگیرێ و زمانی ئەدەبی تێدا بەکاردێ، وشە هێزی وێنەی هەیە، خوێنەر جگە لەوەی نووسینەکە دەخوێنێتەوە، زانیارییەکانیش بە خەیاڵ لە مێشکی وەک فیلم دەبینێ.

ستایلی New Journalism بەناوبانگە بەوەی، بیروڕای نووسەر (subjective) هەیە وفۆرمێکی خەیاڵی تێدا بەکاردێ. هەقیقەت – Truth بەسەر فاکتە زاڵە. دیارە یەک هەقیقەت هەیە، بەڵام کۆمەڵێک ڕاستی هەن و هەقیقەتیش پێویستی بە سەلماندن نییە، چونکە خۆی هەیە.

گوتارەکانی بە ستایلی ڕۆژنامەنووسی نوێ بەر لە نزیکەی ٤٠ - ٥٠ ساڵ لە ئەمریکا دەنووسران، لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی ئەمریکا وەک: The Atlantic Monthly, Harpers, Co Evolution Quarterly, Esquire, New York, The New Yorker, Rolling Stone, بۆ ماوەیەکی کەمیش لە سەرەتای ١٩٧٠ لە مانگنامەی Scanlon’s Monthly بڵاودەکرانەوە.

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان ئەم جۆرە نووسینەیان وەک شێوەنووسینی تایبەت دادەنا، لەهەمان کات ڕەخنەگر هەبوون و لەو بڕوایەدابوون، کە ئەم ستایلە تازەیە، زیاتر بۆ کۆمەڵناس و دەروونناس تا بۆ ڕۆژنامەنووس دەگونجێ.

Tom Wolfe لەسەر ڕەخنەگرانی خۆی لە کتێبی:

The New Journalism دەنووسێ: زۆرلە ڕەخنەگرانی من، بەشێوەیەکی زیادەڕۆیی ڕەخنەیان لە ئازادی نووسین و ئازادی بەکارهێنانی خاڵ، هێڵ، فاریزە، نیشانەی پرسیار و خاڵی زۆر لەدوای یەکتر، کەمن لە نووسینەکانم ڕیزم دەکردن دەگرت، هەروەها ڕەخنەیان لە بەکارهێنانی وشەی بێمانا و

نووسینی ڕووداوی ڕابردووە، بەکاتی ئێستا و سوود وەرگرتن لە دەنگی وشە پوچەکان دەگرت.

ئەگەر باس لە ستایلی New Journalism بکەین، لە ١٤ی شوباتی ١٩٧٢ گوتارێکی Tom Wolfe لە نیویۆرک بەناوی New Journalism بڵاوکرایەوە. ئەم گوتارەی تۆم، بەسەرەتای لەدایکبوونی ڕۆژنامەنووسی نوێ دادەندرێ، بەڵام ئەگەر وردتر لێبکۆڵینەوە: کەی وەک ژانر ئەم شێوە نووسینە ناوی هات یان لەدایک بوو، جارێ باش دیارنییە، بەڵام ئاشکرایە، Tom Wolfe لە ساڵی ١٩٧٢ دوو گوتاری تایبەتی لەسەر هەمان بابەت بڵاوکردۆتەوە. لەڕاستیدا، گوتاری یەکەمی تۆم بەو ستایلە لە ساڵی ١٩٦٢ لە گۆڤاری Esquire بڵاوکرایەوە.

Esquire (Magazine) وەک گۆڤارێکی وەرزی لە ساڵی ١٩٣٣ بە تیراژی نزیکەی ١٠٠ هەزار دانە چاپکرا و لە ساڵی ١٩٣٧ تیراژی لە یەک ملیۆن ڕەتی کرد. ئێستا تیراژی نزیکە ٧٢٢ هەزار دانەیە. خاوەنی ئەم گۆڤارە پرفرۆشە پیاوانە Hearst Magazine بوو، زۆر لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا وەک:

André Gide,F. Scott Fitzgerald, Alberto Ernest Hemingway Moravia, ...هتد و بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. شێوە نووسینی New Journalism

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی وەک:

Tim O'Brien, John Sack, Gay Talese, Tom Norman Mailer Wolfe, Terry Southern, لە گۆڤاری Esquire دەستیان پێیکرد و گەشەی کرد. ئەم گۆڤارە پیاوانەیە، ئێستا لە کۆمەڵێک وڵات و بە کۆمەڵێک زمان دەردەچی.

Joe Louis نووسی: ئەم نووسینەی تۆم هیچ لە گوتاری ئاسایی ڕۆژنامەی نەدەکرد، بەڵکو زیاتر لە چیرۆکی دەکرد. ئەوە جاری یەکەم بوو تۆم وۆلف تەکنیکی خەیاڵ–fiktion بۆ نووسینی ئەم ژانرە یان گواستنەوەی زانیاری لە گۆڤاری Esquire بەکار هێنا و دواتر هەمان ستایلی نووسین بۆ ڕۆژنامەکانی نیویۆرکیش گواسترایەوە.

زۆر لەو ڕەخنانەی لەم شێوە نووسینە دەگیران، نووسەران بەخۆیان بوون. دامەزرێنەران لە وەڵامدا دەیانگوت: ئەگەرچی زۆر لە ڕەخنەکان

ئاماژە بەوە دەکەن گوایە: نووسینەکان وەک چیرۆک دەنووسرێن، بەڵام لەڕاستیدا نووسینەکان گواستنەوەی ڕووداوە ڕاستییەکان بوون و چیرۆک نەبوون.

دیاردە - Fenomenetی ئەمجۆرە نووسینە لە هەشتاکان، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی گەنج لە گۆڤاری Esquire و Rolling Stone وەک شەست و حەفتاکان بەکار نەهات، لەگەڵ ئەوەش لە ماوەی ٢٠ساڵی یەکەم New Journalism زۆر گەشەی کرد و لە جیهان بڵاوبۆوە.

تۆم وۆڵف لە کتێبی New Journalism دەنووسێ: لەم داهێنانە ئارەزووم تەنیا شێوە نووسینێک نەبوو، کە ڕۆژنامەنووس بتوانی فاکتە لە بەرهەمێکەوە بەکاربێنی و بە یارمەتی تەکنیکێک، کە ژانری ڕۆمان یان چیرۆکی پێدەنووسرێ، بەڵکو زۆر لەوە زیاتر بوو. دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەبوو، کە لەکاتی بەکارهێنانی دەکومێنت– بەڵگە لە بەرهەمی ڕۆژنامەنووسی، دەکرێ سوود لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان وەربگیرێ، ئەوەش لە نووسینە کلاسیکەکانەوە دەستی پێبکە تا دەگاتە لایەنی فکری و عەقلانی. دەکرێ لەناو یەک تێکست ئەم تەکنیکە بەکاربێنی، یان بەگوێرەی هەلومەرجی نووسینەکە سوود لە تەواوی ژانرەکان وەربگری، کە ڕاستەخۆ، کاربکاتە سەر نەک تەنیا لایەنی ڕۆشنبیری خوێنەر، بەڵکو لایەنی هەست و سۆزیش.

Tom Wolfeبەیەک لە باشترین ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی و نووسەرێکی گەورە و بەناوبانگی جیهانی دادەندرێ. ئەو هەشت خەڵاتی جیای ئەدەبی وەرگرتووە و پازدە کتێبی چاپکردووە. تۆم لە کتێبی New Journalism دەنووسێ: ئەو فاکتەمان بۆ ئاشکرابوو و دەرفەتێک هاتە پێش، تەواوی ژانرەکانی ئەدەبی بۆ نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ کارکردنە سەرخوێنەر بەشێوەی عاتفی و عەقلانی سوودیان لێوەربگیرێ.

ڕۆژنامەنووسی نوێ - New Journalism لە ڕۆژنامەگەری کوردی نەک هەر بەکار نەهات و سوودی لێ وەرنەگیرا، بەڵکو بەخوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەردەکەوێ، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەبوونی ئەمجۆرە ستایلەش ئاگادارنین. لەگەڵ ئەوەش هیچ درەنگ نییە، هەڵمەتێک بۆ جوانترکردن و باشترکردنی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە زووترین دەرفەت دەست پێبکرێ، خولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان بکرێتەوە و

مەشقیان لەسەر ئەم ستایلە جوان و تێرە پێبکرێ، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی هەتا زووە لەمشێوە نووسینە خراپ و فەرمی و کلاسیکە دەربچێت.

## دەربارەی: فەزیحە (ئابرۆچوون)ی وۆتەرگێیت Watergate

ئەم گوتارە بۆ قوتابییانی بەشی ڕاگەیاندن لە وانەی: "ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون" نووسرا و سوودی لێوەرگیرا. (ئەم گوتارە لە هەولێر لە ٢ی تشرینی یەکی ٢٠١٥ نووسرایە)

وۆتەرگەیت Watergate یەک لە: (سکاندالْ - فضیحة)ە سیاسییە هەرە گەورەکانە لە مێژووی کۆن و تازەی ئەمریکا ڕوویدابێ. ئەوەش لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و لە ئەنجامی خانووبڕین یان بەدزی چوون بۆ نووسینەگەی سەرەکی

Democratic National Committees (DNC) لە کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی وۆتەرگەیت لە واشینگتۆن دی، سی. دەستی پێکرد.

Richard Nixon - ریچارد نیکسۆن و فەرمانبەرانی لەسەرەتا هەوڵیاندا لەم قەیرانە - کەیسە خۆیان گێل بکەن و بدزنەوە. لەوکاتەی تەواوی کەیسەکەش لەلایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری بەدواداچوونی لەسەردرا، دیسان نیکسۆن و دەوروبەری بەتوندی دژی ئەم بۆچوونە وەستان و خۆیان تەسلیمی واقع نەکرد.

دەستەواژەی Watergate بە کۆمەڵێک نهێنی گەورە و گەندەڵی و نایاسایی بەسترابۆوە، کە لەلایەن پیاوانی دەوروبەری نیکسۆنەوە سەرپەرشتی دەکرا. بەشێک لەم نهێنییانە پەیوەندی بە گوێڕاگرتنی بەدزی لە قسە و تەلەفۆنەکانی کەس و ناحەزەکانی نیکسۆن و نووسینگەکانی دژ بەنیکسۆن ئەنجامدرا. جگە لەوە، پیاوە هەرە نزیکەکانی نیکسۆن هەڕەشەیان لە سیاسییە ناودارەکان و چالاکوانە مەدەنییەکان دەکرد و گاڵتەیان بەکەسانی دژ بەخۆیان دەکرد. ئەوەش بەڕێگای:

(FBI)Federal Bureau of Investigation و

(CIA)Central Intelligence Agency لەگەڵ

(IRS)Internal Revenue Service بوو.

لەوکاتەی ٥ کەسی نیکسۆن گیران، بووە سەرەتایەک بۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵێک گەندەڵی کۆشکی سپی. هەر لێرە لیستێک بەناوی دوژمنەکانی نیکسۆن ئاشکرابوو. لەوکاتەی یارمەتیدەرەکەی ڕۆیشت، دەرچوو نیکسۆن زۆر شتی بۆ دادگا و مێدیا و کۆشکی سپی ئاشکرا نەکردووە. نیکسۆن لە باج فێڵی کردبوو، پارەی بە ڕێگای نایاسایی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن

وەرگرتبوو، گوێگرتن و دزیکردن...هتد بەشێکی دیکەی گەندەڵی بوون، کە نیکسۆن و دەوروبەری تێوەی گلابوون.

بەدواداچوون لەسەر کەیسی وۆتەرگەیت، بووە هۆی ئاشکراکردنی بەکارهێنانی دەستەلات بۆ بەرژەوەندی تاک لە کۆمەلێک بواردا. بەمشێوەیە Richard Nixon ی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٩ی ئابی ١٩٧٤ ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە. ئەوە یەکەم سەرۆک کۆماری ئەمریکایە، کە ناچاربکرێ واز لە کورسییەکەی خۆی بێنێ.

لەم قەیرانە ٦٩ کەس بۆ بەردەم دادگا ڕاکێشران و لەوانە ٤٨ کەس سزای بەندکردنیان بەسەر سەپێدرا. گرتنەکان بە پێنج کەس لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە نووسینگەی سەرەکی دیموکراتەکان دەستی پێکرد. لێرە پۆلیسی (FBI) پارەی دزەکانی بەستەوە بە جۆرە فۆندێک، کە لەلایەن کۆمیتەیەکەوە بەکار دەهات و ئەو کۆمیتەیەش بە فەرمی سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جاری دووەمی نیکسۆنی لەئەستۆ بوو. لە حوزەیرانی ١٩٧٣ بەڵگە دژ بە پیاوە نزیکەکانی نیکسۆن دەستکەوت و چەند شاهیدێک پەیدابوون، کە پێشتر لای نیکسۆن کاریان دەکرد. پاش ئەم هەموو بەدواداچوونە، دادگای بالای ئەمریکی سەرۆک کۆماری ناچارکرد، تۆمارەکانی دەنگی ڕۆژی دزییەکەیان بداتێ، کە لەسەرەتا پێی نەدان. بە گوێگرتن لەم دەنگە تۆمارکراوانە، پیشانی دەدا، کە سەرۆک دەیویست هەندێک نهێنی بپارێزێ، کە ڕاستەوخۆ دوای دزییەکە یان خانووبڕینەکە تۆمار کرابوو. ئێستا نیکسۆن دەبوایە لەبەردەم دادگای بالای ئەمریکا بوەستێت و بەرگری لەخۆی بکات. ئەو لە ٨ی ئابی ١٩٧٤ بڕیاری دا لە ڕۆژی دوایی دەست لەکار بکێشێتەوە. دوای ئەو گێراڵد فۆرد Gerald Ford ی جێگری نیکسۆن وەک سەرۆک کۆمار دەستبەکار بوو و هەر ئەویش لە ٨ی ئەیلولی ١٩٧٤ نیکسۆنی لە تاوانەکان پاککردەوە و لە هەموو جۆرە دادگاییکردنێک ئازادی کرد. دواتر ئاشکرایکرد، لێخۆشبوونی ئەو لە نیسکۆن تەنیا بۆ ئەوەبووە، کە ولات بەسەر دوو بەرە دابەش نەبێت و رزگاریانبێت لە بینینی دادگا درێژخایەنەکان. بۆ ئەم هەنگاوەی دواتر خەلاتکرا، بەلام وەک سەرۆک کۆمار قەت جارێکی دیکە هەڵنەبژێردرایەوە.

نیکسۆن لە هەڵبژاردنی ١٩٦٨ وەک سەرۆک هەڵبژێردرا و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی (١٩٧٢)ش بەشدار بوو. لەم کاتە جەنگی ڤێتنام بەردەوام بوو. نیکسۆن لە هەڵبژاردنی ١٩٧٢ جارێکی دیکەش بردییەوە.

ڕۆژنامەنووسان Carl Bernstein و Bob Woodward لە ڕۆژنامەی Washington Post پاش کارێکی زۆر توانیان بیسەلمێنن، کە کۆشکی سپی لەم ئەزمەیە گلاوە و لە ڕێگەی سەرچاوەیەکیان توانرا بسەلمێندرێ، کە سەرۆک کۆمار خۆی ڕاستەوخۆ لەم قەیرانە دەستی هەبووە. ئەم سەرچاوەیە لەڕاستیدا لە ڕۆژنامەکان بەناوی Deep Throat بەناوبانگ بوو و کەس نەیدەزانی سەرچاوە ڕاستییەکە یان کەسە نهێنییەکە کێیە، تا لە ساڵێ ٢٠٠٥ ئەفسەرێکی FBI بەناوی Mark Felt خۆی ئاشکرا کرد، یەک لەو هۆیانەی ئەو نهێنییە گەورەیەی بە هەردووک ڕۆژنامەنووس دا، هەندێک لەوبڕوایەدان، کە نیکسۆن J. Edgar Hoover کردۆتە بەڕێوەبەری (FBI) لەجیاتی ئەو. سیناتەکانی ئەمریکا بڕیاریان دا لە ٩ی ئاب بە زۆرینەی دەنگ کورسی سەرۆک کۆمار لە نیکسۆن وەربگرنەوە، بەڵام نیکسۆن یەک ڕۆژ زووتر بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.

دەرکردنی فەرمانی لێخۆشبوونی نیکسۆن لە چوونە بەردەم دادگا، بووە هۆیەکی گەورە، کە فۆرد لە هەڵبژاردنی ١٩٧٦ هەڵنەبژێردرایەوە.

لە ساڵێ ١٩٧٦ ئەم قەیرانە کرا بە فیلم و هەردووک ئەکتەرن Dustin Hoffman و Robert Redford دەوری سەرەکییان هەبوو. ئەم فیلمە دوو خەڵاتی ئۆسکار، یەکەم بۆ باشترین مانوس و دووەمیش بۆ باشترین B ڕۆڵی وەرگرت.

## دەربارەی: ئێتیک و ئێتیکی ڕاگەیاندن

لە ژمارە ٢٦٢ سێشەم ڕێکەوتی ١٧-١١-٢٠١٥ ل. ١٨ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا

ئێتیک یان ethos: وشەیەکی یۆنانییە و لە زمانی کوردی هەندێکجار (ئاکار) و جارەکانی دیکەش (ئەخلاق)ی لەبەرامبەر بەکاردێ. زانستی ئەخلاق بەشێکە لە فەلسەفە و هەوڵدەدات، وەڵامی هەندێک پرسیاری ئاسانی وەک: (شتی باش چییە؟) (شتی ڕاست چیە؟) (مرۆڤ چ بکات؟) بداتەوە. فەلسەفەش زیاتر پەیوەندی بە تاکی مرۆڤ خۆیەوە هەیە و دەکاتە تێڕوانینی ئەو لە دەوروبەر، لە کۆمەڵ و جیاکردنەوەی باشە و خراپە هەروەها، بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەو لەسەر پێشکەوتن و بەرزی و نزمییەکان لەو ژینگەی ئەو لێی دەژیت.

لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لە جیهان بەناوی:

Relation: Aller Furnemmen، لە کانونی یەکەمی ١٦٠٩ ئێتیکی ڕاگەیاندن هیچ پێویست نەبوو بیری لێبکرێتەوە، چونکە ڕۆژنامەکانی ئەوکات و نزیکەی ٣٠٠ ساڵ دواتریش ناوەڕۆکیان بە بابەتی زۆر جددی پڕدەکرایەوە و شوێنی تەشهیر و لادان لە ئێتیکی تێدا نەدەبۆوە.

ڕێساکانی ئەخلاقی ڕاگەیاندنی ئێستا کاریان پێدەکرێ، لەڕاستیدا ڕەگیان بۆ کۆتایی ساڵەکانی ١٨٠٠ دەگەڕێتەوە. لەوکات خەریک بوو رووی پرێس ڕەش بێت و متمانەی جەماوەر لەدەست بدا. کۆمەڵێک هۆ هەبوون بۆ لەدەستانی ئەم متمانەیە و گرنگترینیان پەیدابوونی پرێسی زەرد لە ساڵی ١٨٩٥ لە ئەمریکا بوو.

پرەنسیپی پرێسی زەرد، ساغکردنەوەی ژمارەی ڕۆژە، بەرزڕاگرتنی تیراژە و ئەوەی دیکە بەلای دەستەی نووسەرانەوە هیچ گرنگ نییە، کە شەڕێک یان زیاتر ڕوودەدا، کەسێک دەکوژرێ، دوان دەگیرێن یان حکومەت دەروخێ...هتد. ئەم شێوە نووسینە تازە و خراپەی کۆتایی سەدەی نۆزدە، هاندەربوو بۆ ئەوەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان و کلوبی پوبلیستەکان - ڕاگەیاندکاران، بتوانن شوێنی فریلانسەکان بە ڕۆژنامەنووسی دایمی پڕ بکەنەوە. کلوبی پوبلیستەکان، هەوڵیدا یارمەتی ڕۆژنامەنووسان بدا و ئامۆژگارییان بکا، کە چۆن بەجوانی لەسەر بابەتەکان

بنووسن. هەر ئەو جوان نووسین و ڕێنماییانەش بوون، لە ساڵی ١٩١٦ سوودیان بۆ دارشتنی ڕێساکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی لە جیهان لێوەرگیرا.

هەبوونی ڕێساکانی ئەخلاقی ڕاگەیاندن، تەنیا یارمەتییەکە بۆ ئەوەی پرێس جوانتربێت و نووسینەکان تێرتربن و کەسیش تەشهیری پێنەکرێ و بریندار نەکرێ. ئێتیک لەڕاستیدا، کۆمەڵ ڕێک دەخات و ڕێگای باشە و خراپەیان پیشان دەدات. زۆبەی جاریش، ئەو کارانەی باشن دیارە لە هەموو کۆمەڵگایەک بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێ ئەوکارانەی خراپیشن، خەڵک دژیان دەوەستنەوە.

وەک لەسەرەوە نووسیمان، هەبوونی ئەخلاق، زیاتر بۆ جوانکردن و باشترکردنی ڕاگەیاندنە، لەگەڵ ئەوەش کەسانی بەکاری ڕۆژنامەنووسی هەڵدەستن، لە خەڵک و پیشەی دیکە جیان و زووتر پرسیاری ئەخلاق بۆ ئەوان دێتە پێش و زۆربەی جارەکانیش، جگە لە فلتەرەکانی سەرەوە، ڕۆژنامەنووس خۆی بڕیار دەدات، تا چەند بە ڕێساکانی ئەخلاق پابەندبێ.

دەزانین ئەخلاق پەیوەندی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە، بە تێگەیشتن لە پرسە هەنووکەییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەش تێگەیشتن لە ئەخلاق لە کەسێک بۆ کەسێک دەگۆڕدرێ، لە دەزگایەگ بۆ دەزگایەکی دیکە دەگۆڕدرێ و لە سەرنووسەرێک بۆ سەرنووسەرێکی دیکە دەگۆڕدرێ، بۆیەش وردەکاری زۆر لە شێوەی تێگەیشتن و پەیڕەوکردن لە ئەخلاق هەیە.

ئەو نووسینەی بەلای کەسێک لادان بێت لە ئێتیکی ڕاگەیاندن لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە هیچ لادان نەبی، لەگەڵ ئەوەش تەشهیر و ناوزڕاندن، کە بەزەقی دیارن، بێگومان لادانن لە ئێتیکی ڕاگەیاندن.

ئەگەر وردتر باس لە ئێتیکی ڕاگەیاندن بکەین، دەکاتە ئەوەی، کە ڕۆژنامەنووس بەهیچ شێوەیەک نابێ دەستەڵاتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار بێنێ، بەرتیل وەربگرێ، هەڕەشە بکا، هانا وەبەر درۆ و بوختان ببا... ئەوانەی سەرەوە هەموو ڕۆژنامەنووسان دەیزانن، بەڵام ئەوەی نایزانن یان لێی دوودڵن و لەهەمان کات لادانیشە لە ئێتیکی ڕاگەیاندن، ئەوەیە، کە ڕۆژنامەنووس دەبی هەر هەموو توانای خۆی (پڕ بەمانای ئەم وشەیە) بەکاربێنێ، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییەی دەستکەوێ، کە خۆی بەدوای دەگەڕێ. بێگومان ناشبێ، بچووکترین گومانی لە زانیاری بەردەست هەبێ.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس بزانێ ئەو دەبی یەک تەلەفۆنی دیکە بکا، یەک کتێبی دیکە بخوێنێتەوە، یەک جاری دیکە سەردانی ئەرشیڤ یان کتێبخانە بکا، بۆ ئەوەی نووسینەکەی جوانتر و باشتر بێت، دەبێ خێ ئەوانەی سەرەوە بکا، ئەگەر بیەوەێ لە ئێتیکی ڕاگەیاندن لانەدا.

پۆل ئەندرسن لە ساڵی ١٩٢٨ لە بەرامبەر قوتابییانی فاکولتێتی ڕۆژنامەنووسی گوتی: بەمدواییانە ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەدوای فاکتەکان ناگەڕێن، بەڵکو بۆ زیاتر تێگەیشتن لەڕاستییەکان دەگەڕێن. ئەرکی ڕۆژنامەنووس زیاترە لەوەی، تەنیا سەیر بکات و ئەو شتانەی بەرچاوی دەکەوێ بینووسی. ئاشکراکردنی هەقیقەت پێویستی بە زۆر زیاتر هەیە. هەقیقەت هەموو کاتێک بە ئاسانی نابیندرێ، ناتوانی وەک خۆخ لەداری بکەیتەوە، هەیانە شاراوەن و دوورن لە حوکمی چاو، کاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە، بگاتە ئەو هەقیقەتانە...

ڤۆرۆشیلۆڤ ڤ. ڤ. پرۆفیسۆر لە ڕاگەیاندن، لە فاکولتێتی ڕۆژنامەوانی سانکت - پیتربورگ، لە کتێبە بەنرخەکەی بەناوی: (ڕۆژنامەوانی) دەنووسێ: سەرکەوتن و بەرهەمی باشی ڕۆژنامەنووسان، پەیوەندی زۆری بە هەبوونی زانیاری تێر لەسەر یاسا و تێگەیشتن لە ئەخلاقی پیشە هەیە.

لەوانەیە ئاسان بێت، بۆ ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەمریکی...هتد، لەکاتی نووسین یان بەرهەمهێنانی بەرنامەیەک بۆ تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ، بیر لە لایەنی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکاتەوە، چونکە لە وڵات و کۆمەڵگەی ئەوان دەمێکە یاسا سەروەرە، کاری زۆر لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی کراوە، مووچە بەتێری بەشی بژێوی ژیان دەکا و هەندێک پێیەوە دەوڵەمەندیش دەبن. بەڵام لە کۆمەڵگە و وڵاتانی جیهانی سێ و تازە ئازاد، کە دزی و بەرتیل و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرۆکی نیوەی زیاتری دانیشتوانی گرتووە، زۆر گرانە بتواندرێ ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن پەیڕەو بکرێ، بۆیەش بۆ ئێمە هیچ ئاسان نییە، لەم کاتە ناخۆشەی کوردستان بتوانین، مەرجی زۆر لەسەر ڕۆژنامەنووسانی کورد دابنێین، کەلە ژیانێکی سەخت و ناخۆش و ئاڵۆز دەژین، ژینگەی کاریان خراپ و تەندروست نییە و پیشەی ڕۆژنامەنووسی بۆ نیوەی زیاتر کاری دووەمیانە، ئێتیکی ڕاگەیاندنیش وەک خۆی و بە وردی پەیڕەوبکەن... نابێ ئەو هەقیقەتە پشتگوێ بخەین، نووسینی جوان و پەیڕەوکردنی بنەماکانی

ئێتیکی ڕاگەیاندن، لە هەموو شوێنێک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زگتێری ڕۆژنامەنووس و سەقامگیری وڵات هەیە.

## دەربارەی: نامە و نامە وەک ژانرێکی ڕۆژنامەوانی

لە ژمارە ٢٦٤ سێشەم ڕێکەوتی ١-١٢-٢٠١٥ ل. ٢٢ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا

نووسینی نامە لە مێژوو لەپاش پەیدابوونی نووسین دەستی پێکرد و نووسینیش دیارە بۆ یەکەم جار لەلایەن سۆمەرییەکانەوە لە نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ پێش زاین پەیدابوو، هەر لەو سەردەم، میسرییەکان لە نووسین پێش سۆمەرییەکان کەوتن و ئەلفوبێیان دانا و٢٤ پیتیان هەبوو. هەر ئەوانیش پاپیرۆسیان بۆ نووسین لە نزیکەی ٣ هەزار ساڵ پێش زاین دۆزیەوە و بۆ ماوەی ٤ هەزار ساڵ پاپیرۆس لە جیهان لەجیاتی کاغەز بەکار هات. مێژوونووسانی چین، چای لون وەک داهێنەری کاغەز ناودەبەن، لە ساڵی ١٠٥ توانی مزگێنی بە هۆ – تی قەیسەر بدا، کە مەتریالێکی بۆ نووسین داهێناوە. بەم داهێنانە، قەیسەر زۆر دڵخۆش دەبێت و فەرمان دەدا، لەداهاتوو کاری پێبکەن. دروستکردنی کاغەز نزیکەی ٤٠٠ ساڵ هەر بەنهێنی مایەوە، دواتر لە ڕێگای کۆریا بۆ یابان و ئینجا بۆ جیهان بڵاوبۆوە.

میسرییەکان بایەخی زۆریان بە خوێندن و خوێندەواری دەدا و یەک لە کۆنترین نامە نزیکەی٥٥٠٠ ساڵ بەر لەئێستا لەلایەن کەسێکی باڵادەست بەو شێوەی خوارەوە نووسرایە: (پیتەکانت خۆشبوێ، تۆچۆن دایکت خۆش دەوێ، چونکە لەگەڵ ئەو خوێندنە، لە هەموو کارێکی گران ڕزگارت دەبێ و دەکرێی بە حاکم و خەڵکیش ڕێزی زۆری بۆت دەبێ). دواتر ئەم نامەیە لە خوێندنگاکانی ئەوکاتی میسر دەخوێندرا.

نامە وەک ژانرێکی ڕۆژنامەنووسی لە ئەنجامی پێویستی تاک و پێوەندی نێوان تاک و ڕۆژنامەنووس پەیدا بوو. بڵاوکردنەوەی نامە لە ڕۆژنامە ناکاتە گۆڕینەوەی نامە لەنێوان دوو کەس، بەڵکو بڵاوکردنەوەی نامە دەکاتە گەیاندنی نامە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لەخوێنەران. بڵاوکراوەکانی نامە زۆرجار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەناوی ئێپیستۆلە Epistola، کە بەکوردی دەکاتە "گەیاندن" بەناوبانگن.

نامە بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس، باشترین سەرچاوەی زانیاریین و لە نامەی خوێنەران، ڕۆژنامەنووس بابەتی پێویستی بۆ نووسینی خۆی دەست دەکەوێ. لەهەمان کات، نامە دەکاتە هەبوونی پەیوەندی بەهێز لەنێوان

ڕۆژنامه و جەماوەر، بۆیە هەموو نامەیەک دەکومێنتێکی مرۆڤە، دەنگی کەسێکە و کارکردنیش لەگەڵ نامە، هیچ کارکردن نییە لەگەڵ کاغەز بەڵکو کارکردنە لەگەڵ مرۆڤ خۆی.

لە ڕۆژنامەی وڵاتانی پێشکەوتوو، هۆبەیەک بەناوی: (نامەی خوێنەران) هەیە. ئەم بەشە بەیەک لە گرنگترین بەشی ڕۆژنامە دادەندرێ و سەرچاوەیەکی زۆر باشی وەدەست هێنانی زانیارییە. نامەی خوێنەر، زۆربەی جار ئەو زانیارییەت پێدەدا، کە ڕۆژنامەنووس یان هیچ کەسی دیکە بەهیچ شێوەیەک ناتوانی وەدەستی بکەوێ، چونکە ڕۆژنامەنووس لەوکات لەوێندەر نییە، بەڵام نووسەری نامە لەناو ڕووداوەکانە. هەبوونی ئەمجۆرە زانیارییە لە پرۆسەی کارکردن و پلاندانانی دەستەی نووسەران سوودی زۆری لێوەردەگیرێ.

چەند نامەی زیاتر بۆ ڕۆژنامە بچێت، ئەوەندە بابەتی جیاوازتر لە لاپەڕەکان چاپدەکرێن. جگە لەوە، بەگوێرەی ناوەڕۆک دەکرێ تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی زۆر قووڵ لەسەر کێشەکان بکرێ. نابێ لەبیری بکەین، کە گرنگرتین زانیاری بۆ ڕۆژنامە، بێگومان ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ئەنجامی پرۆسەیەکی بێکۆتایی قسەکردن لەگەڵ خوێنەرانی ڕۆژنامە، کارمەند و فەرمانبەرانی ئۆرگانەکانی حکومەت، دەستە و ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی پەیدای دەکەن.

بۆ ئەوەی ئەو نامەیەی بۆ ڕۆژنامە یان هەر دەزگایەکی تری ڕاگەیاندن دەنێردرێ فڕە نەدرێ و بخوێندرێتەوە، دەبی باش بنووسرێ، کورت و ڕوونبێ و دەستەی نووسەران بەئاسانی تێبیگەن.

لە کۆپلەی یەکەمی نامە، باس لە بابەتی هەنووکە دەکرێ، لە کۆپلەی دووەم بیروباوەڕی نووسەری تێدا، ڕەخنە و تێبینییەکان دەنووسرێن و بە بەڵگە نووسینەکە بەهێز دەکرێ. لە دوا کۆپلەش باشە، هۆی سەرەکی کێشە یان نامەکە بنووسرێ. لەکاتی نووسین، دەبی نووسەر ئاگای لە لایەنی ئەخلاقی هەبێت و نابێ کەس بریندار بکرێ، هەروەها نابی ناو و ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشان لەبیر بکرێ.

دەبی ئەوەش بنووسین، زۆر لەوانەی بەردەوام نامە بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسن، لەوانەیە لە داهاتوو وەک ڕۆژنامەنووس کاریان دەستبکەوێ و ببنە پەیامنێر یان بە پارچە کار بکەن.

نامە دەکرێ بۆ کەسێک یان بۆ گرووپێکی دیار بنووسرێ. لە ڕێگای ڕۆژنامەوە نووسەری نامە داوا دەکا بیرۆکە یان داواکەی ئەو لە ڕێگای نامەکەیەوە بڵاو بکاتەوە. لاپەڕەی ڕۆژنامە بۆ ئەو دەبێتە سەکۆ و لەوێندەر بیروباوەڕی خۆی بڵاو دەکاتەوە. لێرە ڕۆژنامە ڕۆڵی پردێک یان ئینستیتوتێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێ و پەیوەندی لەنێوان خەڵک و دەستەڵات و خەڵک و خەڵک دروست دەکا.

جگە لەوانەی سەرەوە، گرنگی نامەی خوێنەران، فیدباکی ڕۆژنامە پیشاندەدا و لە ڕێگای نامەی خوێنەرانەوە، دەستەی نووسەران لە ئێفێکتی نامە و نووسینەکانی دیکەی ناو ڕۆژنامەکەیان دەگەن، بۆیە بڵاوکردنەوەی نامەی خوێنەران لە ڕۆژنامە، دەکاتە دەربڕینی ڕای هاوڵاتییان و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی ئەوان لەسەر پرس و کێشەی هەنووکەیی ناو کۆمەڵ، کە هەمووی بەیەکەوە دەبنە یارمەتی بۆ بەهێزکردنی ڕای گشتی و پێشوەچوونی دیموکراتییەت لە کۆمەڵدا.

بێگومان، بەگوێرەی ژمارەی گەیشتووی نامەکان، ڕۆژنامە شوێن و لاپەڕە بۆ چاپکردنیان دیار دەکا و زۆربەی جاریش لەژێر ناونیشانی: (نامەی خوێنەران)، (بۆ ئێمە دەنووسن)، (بەریدی ئێمە)...هتد نامەکان بڵاودەکرێنەوە. دیارە، چەند نامە زیاتر بە ڕۆژنامە بگا. ئەوەندە کەمتر شانسی بڵاوکردنەوەی هەیە، لەهەمان کات، دەستەی نووسەران بواری هەڵبژاردنیان بۆ دەرەخسێ، کامەیان بڵاوبکەنەوە و کامەشیان پشتگوێ بخەن.

وازهێنان لە وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی نامە، وەک ئەزموون پیشانی دا، داهاتووی ڕۆژنامە بەرەو هەڵدێر و زۆر نادیار دەبا. جگە لەوە، دەکاتە دابڕانی ڕۆژنامەنووس لە جەماوەر، لەدەستدانی ڕوو، دابەزینی ئاستی ڕۆژنامە، کەمبوونەوەی دەرامەت...هتد.

ئەگەر باس لە نامە لە ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین، دەزانین لە یەکەم ڕۆژنامە بەناوی کوردستان، کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوو، بایەخ بە نامەی خوێنەران دراوە، بەڵام ئەگەر باس لە نامە وەک ژانرێکی ڕۆژنامەوانی یان وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ و زانیاری بکەین، بێگومان وەک پێویست سوودی لێوەرنەگیراوە، چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین بە شێوەیەکی گشتی هەواڵی

نەبوون و زیاتر لە بواری فەرهەنگی کاریان کردووە. لەڕاستیدا، نامە زیاتر بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە یان هەفتەنامەکان کاریگەری لەسەر خوێنەر هەیە و سوودی زۆرە...

ڕاگەیاندنی کوردی بەداخەوە تا ئێستا وەک پێویست نەیتوانیوە سوود لەم ژانرە گرنگەی ڕۆژنامەوانی وەربگرێ. هۆ بۆ ئەم کەلک وەرنەگرتنە بێگومان زۆرە لەوانە: لاوازی ڕاگەیاندنی کوردی، نەبوونی ئازادی، نەبوونی فەرهەنگی نامەنووسین، گرانی گەیاندنی نامە، نەبوونی پۆستە و بەمدواییەش دابینکردنی بودجە لەلایەن حزب و نەبوونی پێشبڕکێ لەسەر زۆرترین خوێنەر و بینەر و بیسەر...هتد.

## دەربارەی: خوێندن و خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان

لە ژمارە ٢٦٦ سێشەم ڕێکەوتی ١٥-١٢-٢٠١٥ ل. ١٨ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا

هەتا پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەموو کوردستان تەنیا یەک زانکۆ بەناوی: (زانکۆی سولەیمانی) هەبوو. ئەم زانکۆیە لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزرا و دواتر لەبەر خۆپیشاندان و جموجۆڵی سیاسی قوتابییان لە ساڵی ١٩٨٢بۆ هەولێر گواسترایەوە و ناویشی بۆ زانکۆی سەلاحەدین گۆڕدرا. بێگومان هەبوونی یەک زانکۆ تێری دانیشتوانی نەدەکرد، بۆیە قوتابییانی کورد بۆ خوێندنی دوای ئامادەیی ناچاردەکران بۆ موسڵ و بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری ئێراق بچن، نەک تەنیا بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئێراق، بەڵکو بۆ خوێندن لە پەیمانگاش، ساڵانە سەدان قوتابی کورد بۆ نەجەف و بەسرە ڕەوانە دەکران.

نەکردنەوەی زانکۆ و پەیمانگای تەکنیکی لە کوردستان، بە بەرنامە و هەبوونی سیاسەتێکی شۆڤینیستانە و ڕەگەزپەرستی حکومەتی ئێراق بوو، چونکە ڕژێم بە ئەنقەست نەیدەهێشت منداڵی کورد زیاتر بخوێنن، چاویان بکرێتەوە و داوای مافی زیاتر بکەن و باشتر هەست بە غەدر و چەوساندنەوەی خۆیان بکەن...

سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی کوردی و دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، زەمینەی بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگای نوێ ڕەخساند، ئەوەبوو هەر لە ساڵی ١٩٩٢ دوو زانکۆی تازە لە هەردووک شار: دهۆک و سولەیمانی کرانەوە. دوای کردنەوەی ئەم دوو زانکۆیە، وەک کوارگ زانکۆی تازە و پەیمانگای تەکنیکی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان سەریان هەڵدا. کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆیەش، بێگومان زیاتر لەسەر فەرمان و داوای مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعود بارزانی بوو. بەمشێوەیە دەبینین ژمارەی زانکۆ زیادیان کرد و تەنیا لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٤ – ٢٠١٥ چواردە زانکۆی حکومی هەبوون و بە هەموویان ١١٦ کۆلێژیان تێدابوو و لەناو ئەم کۆلێژانەش بەیەکەوە ٥٦٤ بەشی زانستی هەبوون. بێگومان ئەمە دڵخۆشکەرە، کە لە هەرێمێکی بەوشێوە بچوک ١٤ زانکۆ و ٥٦٤ بەش هەبن

و لەناو ئەم بەشانەش ٥٤٤٥٠ کوڕ و ٦٠٢٧٥ کیژ بخوێنن، کە کۆی گشتی قوتابییانی زانکۆکانی حکومی بۆ ساڵی پار گەیشتە ١١٤٧٢٥ و لەناو ئەم ژمارەیە، تەنیا لە زانکۆی سەلاحەدین ٢٣٥١٢ قوتابی هەبوون و دووەم زانکۆش بە ڕێژەی زۆری قوتابییان زانکۆی سولەیمانی بوو، کە ٢١٩٤٧ قوتابی تێیدا دەیانخوێند.

جگە لە زانکۆ حکومییەکان، لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم زانکۆی ئەهلی بەناوی:( نەورۆز) کرایەوە و دواتر ئەوانیش ژمارەیان زیادی کرد، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤ – ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان ١٤ زانکۆی ئەهلی هەبوون و بە هەموویان ٤٥ کۆلێژیان هەبووە و ئەم کۆلێژانەش ١٣٩ بەشیان لەخۆیان دەگرت. لەم زانکۆ ئەهلییانە بەیەکەوە ٣٠٦٤٩ قوتابی دەیانخوێند و لەناو ئەم ژمارەیە ١٨٧٦٦ کوڕ و ١١٨٨٣ کچ هەبوون.

لەناو زانکۆ حکومییەکان زانکۆی باش و کەمتر باش هەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر قوتابییەک لە یەک لە زانکۆ حکومییەکان وەربگیرێ، بەختەوەرە و نایەوێ لە زانکۆی ئەهلی بخوێنێ. لەناو زانکۆ ئەهلییەکان، تێیاندا زانکۆی زۆر باش و بەناوبانگن، نیوەی زیاتریش زانکۆی خراپ و زۆر خراپن. هەقیقەتێک هەیە، کە زانکۆ باش و زانکۆ کەمتر باشەکانی ئەهلی، ناتواندرێ ناوی دەزگای خێرخوازییان لێبندرێ، چونکە هەموویان بۆ یەک ئامانج دامەزراون: (دەستکەوتنی قازانج و کۆکردنەوەی سەرمایەی زۆر).

جگە لەوانە لە هەندێک زانکۆ ئەهلییەکان، هەستدەکرێ ناتوانن بەشێوەیەکی باش قوتابییانیان پەروەردە بکەن، چونکە زۆر لەو مامۆستایانەی لەم زانکۆ ئەهلییانە کاردەکەن زمانی کوردی نازانن و قوتابیش زمانی مامۆستا نازانێ. مامۆستا بە زمانی بیانی وانە دەڵێتەوە، قوتابی لە زمانی ئەو تێناگا و بە زمانی کوردی وەڵامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەداوەتەوە، ئەمجارە مامۆستا لە زمانی وەڵامی قوتابی تێناگا و لە ڕێگەی وەرگێڕێک نمرە لەسەر وەڵامی قوتابی دادەنێ. ئەمشێوە وانە گوتنەوە خراپە و هیچ تەندروست نییە و قوتابی لە زانیاری وردی مامۆستا بێبەش دەکا.

لەبەر هەبوونی ئەم هۆیانەی سەرەوە و چەند هۆیەکی دیکە، ناتواندرێ بگوترێ بەرنامە و پەروەردەی قوتابییان وەک چۆن، زانکۆ خراپە

ئەهلییەکان لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت، بەڵێنی جێبەجێکردنیان بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داوە جێبەجێی بکەن، لەهەمان کات ئەو بەڵێنەی زانکۆ بە قوتابی دەدا، بە دایک و باوکی قوتابی دەدا، ڕاست دەرناچێ و هەست دەکرێ فێڵ لەو منداڵە کوردانە دەکرێ. ڕاستە لەم چەند ساڵانەی دوایی، هەندێک مامۆستای گەنج لەم زانکۆ ئەهلییانە وانە بە زمانی کوردی دەڵێنەوە، بەلام ئەم مامۆستا گەنجانە ئەزموونی وانەگوتنەوەیان زۆر نییە و قوتابی ناتوانێ وەک پێویست سوودیان لێوەربگرێ. لێرە کیشەی زانکۆ ئەهلییەکان تەنیا بە خراپ پەروەردەکردنی قوتابی کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو قوتابییە دەبێتە هەڵگری بڕوانامەیەک، حوکمی یەک کاغەزی بەتاڵی لەشەقام و بازاڕ هەیە.

نزیکەی ٣١ هەزار قوتابی لە زانکۆکانی ئەهلی دەخوێنن، بۆ هەر قوتابییێک خوێندن بۆ ماوەی چوار ساڵ بەلای کەم دەبی ١٠ ملیۆن دینار بەو زانکۆ ئەهلییانە بدا، ئەمەش بۆ قوتابی بڕە پارەیەکی زۆرە. دەبی ئەوەش بنووسین، لەبەر ئەوەی ئێستا داخوازی لەسەر خوێندن زۆرە، زانکۆ ئەهلییەکان ئەگەر نەتوانن قوتابی وەک پێویستیش پەروەردە بکەن، کەم تا زۆر لە تاقیکردنەوەکان دەریان دەچوێنن، هەرچەندە ڕوویداوە، قوتابی بەئەنقەست کەوتێندراوە، بۆ ئەوەی ساڵێک زیاتر بخوێنێ و لەو ساڵەش بەلای کەم دوو ملیۆن دیناری دیکە بە زانکۆبدا. هەر بۆیە، لە زانکۆ ئەهلییە خراپەکان، مەترسی ئەوە هەیە، قوتابی وەک قوتابی یان فێرخواز سەیر نەکرێ، بەڵکو وەک کاڵا یان سەرچاوەیەکی وەدەست هێنانی پارە سەیر بکرێ...

لەسەرەوە باس لە زانکۆ و پەروەردەکردنی قوتابی لە زانکۆکانی کوردستان کرا، بەڵام کێشەکان بە وەرگرتنی ئەو قوتابییە نمرە کەمانە کۆتایی نایەت، بەڵکو کێشە گەورەکان دوای تەواوکردن و وەرگرتنی بڕوانامە دەست پێدەکات. ئەو کەسانەی بڕوانامەی زانکۆیان بەناهەق و دوور لە تێرکردنی زانست پێدراوە، داوا لە حکومەت دەکەن دابمەزرێن، ئەوانەی پێشتریش کاریان لە فەرمانگەکانی حکومەت هەبووە، بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان داوای بەرزکردنەوەی مووچە دەکەن... بەمشێوەیە دەبینین، لەم پرۆسەی خوێندنە، تەنیا خاوەن زانکۆکان براوەن، چونکە بۆ ٤ ساڵ یان زیاتر پارەی زۆریان لە قوتابییان وەرگرتووە و حکومەتیش لە

داهاتوو دەبی زۆر زیاتر پارە بە دەرچووانی زانکۆی ئەهلی بدا، چونکە بڕوانامەکانیان بە ڕەسمی بڕواپێکراوە.

## دەربارەی: ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون Investigative journalism

لە ژمارە ٢٦٨ سێشەم ڕێکەوتی ٥-١-٢٠١٦ ل. ١٨ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا

ڕۆژنامەنووسانی هەواڵ و بەرنامەکانی دەنگوباس ڕازین بەو زانیارییانەی دەکەوێتە بەردەستیان تا بۆ نووسین یان بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی بەکاری بێنن. بۆیەش زۆربەی کات بۆ ئەوان گرنگ نییە کێ چی گوتووە یان ئەوەی گوتراوە ئایا ڕاستە یان درۆ؟ بۆ ئەوەی ڕاست و درۆکان لێک جیابکرێنەوە ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون پێویستە. لێرە قسە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێ، کە خۆیان لە ڕۆژنامەنووسان دەشارنەوە، ئەو بەڵگانە دەدۆزرێنەوە و ئاشکرا دەکرێن، کە لە ڕەفکە قایم و تۆزاوییەکان هەڵگیراون.

بەگوێرەی زۆر لە توێژەر و زانایانی بواری ڕاگەیاندن و لەناو ئەوانیش پرۆفێسۆر ئەلێکسەندەر ئەلێکسەندرێیڤیچ تێرتیچنی، مامۆستا لە فاکولتێتی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی مۆسکۆ، ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سەریهەڵدا. هەر لەسەرەتاوە، باشترین و بەتواناترین ڕۆژنامەنووس بەدواداچوونیان لەسەر کەیسە تەمومژاوی و ئاڵۆزەکان دەکرد.

- Johan August Strindberg (١٨٤٩ - ١٩١٢) یەک لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە هەرە بەناوبانگەکانی سویدە و لە ساڵی ١٨٨٤ لە ڕۆژنامەی Dagens Nyheter وەک ڕۆژنامەنووس دامەزرا. Strindberg ڕۆمانی (ژوری سور)ی لە ساڵی ١٨٧٩ بڵاو کردەوە و تێیدا ڕەخنە لە کۆمەڵ دەگرێ و لەو بڕوایەدایە ئەو کۆمەڵگایەی ئەو لێی دەژی، کۆمەڵگایەکی نموونەیی نییە، بۆیە ئاسانە ئەگەر هاوڵاتی هەندێکجار گوێرایەلی یاسا نەبێ.

- Émile ÉdouardCharles Antoine Zola (١٨٤٠ - ١٩٠٢) یەک لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە هەرە بەناوبانگەکانی فەڕەنسا بوو، کە دژ بە گەندەڵی حکومەتی فەرەنسی دەینووسی. لە ساڵەکانی ١٨٩٤ – ١٩٠٦ کەیسی ئەلفرێد درێیفوس Alfred Dreyfus فەزیحەکی سیاسی گەورەی فەڕەنسا بوو و تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەسەریان دەنووسی. لەم کەیسە کۆمەڵێک کاغەز دژ بە ئەلفرێدی ئەفسەر تەزویر کرابوون، گوایە ئەو

بەڵگەی نهێنی بەلەشکری ئەڵمانی لە پاریس داوە. Zola بەم دادگایکردنەی ئەلفرێد ناڕازیبوو و نامەیەکی بۆ سەرۆکی فەرەنسا بەناوی: ("J'accuse"– من تاوانبارتان دەکەم) لە ١٣ی جەنیوەری ١٨٩٨ بڵاوکردەوە و بە فەرمی لایەنگری خۆی بۆ ئەلفرێد پیشاندا. لە ئەنجام دا، زۆلا بۆ دادگا ڕاکێشرا و لە ٢٧ی شوبات بۆ ماوەی یەک ساڵ حوکمدرا و ٣٠٠٠ فرانکیش سزادرا.

- Mark Twain (١٨٣٥ – ١٩١٠) یەک لە ڕۆژنامەنووس و نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا بوو.

لە ساڵی ١٨٧٣ خۆی بۆ نووسینی ڕەخنە تەرخان کرد و لەگەڵ Charles Dudley Warner ڕۆمانی:

(The Gilded Age: A Tale of Today) یان نووسی. نووسەران لەم ڕۆمانە هێرشیان کردە سەر گەندەڵی سیاسی و کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا، کە دەیانەویست لە زووترین کات دەوڵەمەندبن.

پێشکەوتنی وڵات و باشبوونی ڕەوشی ئابووری لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، زەمینەی بۆ لەدایکبوونی گۆڤاری تازە و پڕخوێنەر ڕەخساند.

- Benjamin Orange Flower (١٨٥٨ - ١٩١٨) گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسی بەناوی: (The Arena ١٨٨٩- - ١٩٠٩) دەرکرد و فەزیحە - ئابرۆچوونی زۆر گەورەی ئاشکرا کرد. جگە لەگۆڤاری (The Arena) کۆمەڵێک گۆڤاری دیکەش بابەتەکانی بەدواداچوونیان بڵاودەکردەوە لەوانە: Cosmopolitan، Collier's Weekly، Evrybody، McClure's و زۆری دیکەش. خاوەن و سەرنووسەرانی ئەم گۆڤارانەی سەرەوە، بڕوایان بە یەکسانی لەناو کۆمەڵ هەبوو، بۆیە بەباشیان دەزانی ئەم ژەهرە (دزی و گەندەڵی)یە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بڵاو بکەنەوە.

لەگەڵ کات، ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون گەشەی کرد و ڕیپۆرتاژە تێر و تەسەلەکان، بۆ پەرەسەندن و پتەوکردنی دیموکراتییەت وەک ئاو و هەوا بۆ کۆمەڵ پێویست بوون. شێوەی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهات و لە خۆگونجاندن بۆ کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن بە شێوەی کارا گۆڕدرا. ڕۆژنامەنووس زیاتر تەنیا زانیارییەکانی نەدەدا و خۆی لەگەڵ کۆمەڵ و ڕووداوەکان نەدەگونجاند، بەڵکو چالاکانە بەشداری لە ڕووداوەکان دەکرد و کەوتە بەرەی گەل، بەمشێوەیە کاری

ڕۆژنامەنووس بووە ئاشکراکردنی گەندەڵی بازرگان و سیاسەتەمداران و زیاتر ڕۆڵی چاودێریان بەسەر دامودەزگا و حکومەت دەبینی. لە هەڵبژاردنەکانیش، پارتە سیاسییەکان ناچاردەبوون کار لەسەر تێبینی و پێشنیار و پرسیارەکانی ڕۆژنامەنوسان بکەن و کەمتر بەرنامەی کاری خۆیان هەبی. دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەندێکجار لە دادگای میللیان دەکرد.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون کەیسی زۆر کاریان لەسەر کراوە، دزی و فێڵی گەورە ئاشکرا کراون، خەڵکی زۆر بۆ بەردەم دادگاکان ڕاکێشراون، بەڵام بێهیچ گومانێک یەک لەو کەیسە گەورە یان زەقانەی بە یارمەتی ڕۆژنامەنووسانی بەدواداچوون ئاشکرابوون، بە وۆتەرگەیت لە جیهان بەناوبانگە. Watergate یەک لە: (سکەنداڵ – فضیحة - ئابرۆچوون)ە سیاسییە هەرە گەورەکانە لە مێژووی کۆن و تازەی ئەمریکا، کە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕوویدا.

بەدواداچوون لەسەر کەیسی وۆتەرگەیت، بووە هۆی ئاشکراکردنی بەکارهێنانی دەستەڵات بۆ بەرژەوەندی تاک لە کۆمەڵێک بواردا. بەمشێوەیە Richard Nixon ی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٩ی ئابی ١٩٧٤ ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە. نیکسۆن یەکەم سەرۆک کۆماری ئەمریکایە، کە ناچاربکرێ واز لە کورسی سەرۆک کۆمار بێنێ. لەم فەزیحەیە ٦٩ کەس بۆبەردەم دادگا ڕاکێشران و لەوانە ٤٨ کەس سزای بەندکردنیان بەسەر سەپێدرا. گرتنەکان بە پێنج کەس لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە نووسینگەی سەرەکی دیموکراتەکان دەستی پێکرد. دوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی Carl Bernstein و Bob Woodward لە ڕۆژنامەی Washington Post پاش ماندوبوونێکی زۆر توانیان بیسەلمێنن، لەم کەیسە، ڕیچارد نیکسۆن و کەسە نزیکەکانی ئەو، ڕاستەوخۆ لەم فەزیحەیە بەشدارن.

پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیستێمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە، پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتییەت و ئازادی نووسین و چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە و یاسای باش و تێری ڕاگەیاندن هەیە. لەو وڵات وحکومەتانەی دیموکراتییەت و ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ لە لوتکەیە، بێگومان ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییە تێیدا زۆر پێشکەوتووە، لە وڵاتانی جیهانی سێ و عەرەب و دواکەوتووش یان هەر نییە یانیش زۆر لاوازە.

ئاخر لە وڵاتی دیکتاتۆر، ئەگەر ڕۆژنامەنووس مافی ڕەخنەگرتنی نەبێ، بێگومان ناتوانێ بەدواداچوون لەسەر گەندەڵی و بەکارهێنانی دەستەڵات بە شێوەیەکی ناشەرعی بکا، ڕێگای پێنادەن ڕەخنە لە سیستێم و حزب و حکومەت بگری.

## دەربارەی: قەیرانی دەستور و ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ لە مۆسکۆ

لە ژمارە ٢٧٠ سێشەم ڕێکەوتی ١٩-١-٢٠١٦ ل. ٢٤ لە هەفتەنامەی (باس) چاپکرا

بە دەستپێشخەری بۆریس یەلسنی سەرۆک کۆماری روسیای فیدرال لە ٨ی دیسێمبەری ١٩٩١ لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئۆکراینا لیۆنید کراڤچوک و سەرکردەی روسیای سپی ستانیسلاڤ سوسچیکیڤیچ دەکومێنتی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییتیان ئیمزاکرد. میخائیل گۆرباتشۆڤ، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییت، ئیمزاکردنی ئەم دەکومێنتەی بە کودەتا و کارێکی نایاسایی باس کرد، لەگەڵ ئەوەش لە ٢٥ی دیسێمبەری ١٩٩١ گۆرباتشۆڤ وازی لە دەستەڵات هێنا و هەموو بەرپرسیارێتی خۆی بە بۆریس یەلسن دا.

بە گوێرەی دەستوری ١٩٧٨ ئەنجومەنی باڵای نوێنەرانی گەلانی روسیای فێدرال، هەموو مافێکی یاسایی هەبوو کێشە و قەیرانەکانی روسیای سۆڤییت چارەسەر بکا. دوو ساڵ پاش نەمانی یەکێتی سۆڤییت، هێشتا کار بە دەستوری کۆنی سۆڤییت لە روسیای تازە دەکرا و بۆریس یەلسن بەگوێرەی ئەم دەستورەی سەردەمی لیۆنید برێژنێڤ، دەستەڵاتەکانی کەم و سنووردارببوو.

بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییت، یەلسن هەوڵیدەدا لەماوەیەکی کورت، دەستوری نوێ بنووسرێ و لەگەڵ هەڵومەرجی روسیای تازە بگونجێ، بەڵام دوو ئۆرگانی گەورە و گرنگ بەربەستیان بۆ ریفۆرمەکانی سەرۆک کۆمار دروست دەکرد. ئۆرگانی یەکەم بەناوی:

Верхóвный Совéт Росси́йской Федерáции

ڤێرخۆڤنی سەڤێت رەسیسکۆی فێدراچیی – ئەنجومەنی باڵای روسیای فێدرال و دووەمیشیان بەناوی:

Съезд народных депутатов Российской Федерации

کۆنگرێسی نوێنەرانی گەلانی روسیای فێدرال (پەرلەمان)، کە جاری یەکەم لە ٤ی مارتی ١٩٩٠ هەڵبژاردنیان ئەنجام دا و بە ئاشکرا کاریان بۆ هێشتنەوەی ئۆرگانەکانی سۆڤییت دەکرد و دژ بە ریفۆرمەکانی بۆریس یەلسن (Бори́с Е́льцин) دەوەستان.

قەیرانی دەستور لە ساڵەکانی ١٩٩٢ – ١٩٩٣ لە روسیا سەریهەڵدا و سەرۆک کۆمار و حکومەتی چیرنۆمێردن دژ بە پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان روسلان حزبولاتۆڤ و ئەنجومەنی باڵا و جێگری سەرۆک کۆمار ئەلێکسەندەر رچکۆی وەستان. دوو بەرە، دوو بۆچوونی زۆر جیایان لەیەکتر لەسەر داهاتووی روسیای فیدرال و سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات و ریفۆرمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەبوو. هەردووکلا زۆر لەیەک دووربوون و یەکتریان بۆ قبوڵ نەدەکرا.

بۆریس یەلسن زیاتر بەم رەوشە ئاڵۆزە رازی نەبوو و لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٩٣ نامەی ژمارە ١٤٠٠ی دەرکرد و تێیدا هەردووک ئۆرگانی باڵای روسیای فیدرالی هەڵوەشاندەوە و رۆژی ١٢ی دیسێمبەری هەمان ساڵیشی بۆ ریفێراندۆم لەسەر دەستوری تازە دەستنیشان کرد و تا ئەو کاتیش تەواوی دەستەڵاتی وڵاتی خستە ژێر دەستی خۆی. روسلان حزبولاتۆڤ سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بریارەی یەلسنی بە کودەتا باسکرد. لەبەرامبەر ئەم کارەی سەرۆک کۆمار، پەرلەمان بە نزیکەی کۆی دەنگ دەستەڵاتیان لە یەلسن سەندەوە و ئەلێکساندەر رچکۆی جێگری سەرۆک کۆماریان لە شوێنی یەلسن دانا، کە پشتگیری تەواوی لە هەڵوێستەکانی پەرلەمان دەکرد. دەیان هەزار کەس بۆ پشتیوانی پەرلەمان و دژی یەلسن چوونە سەر شەقامەکان و میتینگ و خۆپیشاندان دەستی پێکرد و چەک بەسەر خۆپیشاندەرانی پێش پەرلەمان دابەشکرا. رەوشی سیاسی زۆر ئاڵۆزبوو و روسیا لە سەروبەندی شەرێکی زۆر گەورەی ناوخۆبوو. لەگەڵ کات، سەرۆکی پەرلەمان تێگەیشت، کە نامەی ژمارە ١٤٠٠ زۆر قورسە و خەریکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن، ئامادەیی خۆی پیشاندا، کە لاپەرەیەکی نوێ لەگەڵ یەلسن هەڵبداتەوە و دواتر لە لێدوانێکی گوتبووی:

- ئێمە ئامادەبووین، تەواوی بریارەکانی پەرلەمان دژ بە یەلسن هەڵوەشێنینەوە و لاپەرەیەکی تازە لەگەڵ حکومەت و سەرۆک کۆمار بکەینەوە. پاش ئەم لێدوانەی سەرۆکی پەرلەمان، کەنیسە ئامادەیی خۆی بۆ ناوبژیکردن پیشاندا و لە کەنیسەی دانیلۆڤ کۆبوونەوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سازکرا، بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو. یەلسن دەستەڵاتی سۆڤییەتی بە تاعون ناوبرد.

- دەبی ئەو تاعونە سوورە لەناو ببەین، بە خەڵکی گوت.

له ٣ی ئۆکتۆبەر کارمەند و فەرمانبەرانی پەرلەمان لە مەیدانی ئۆکتۆبەر لەگەڵ دەیان هەزار کەس میتینگێکیان دژ بە یەلسن ئەنجام دا و دواتر بە ئاراستەی بێلی دۆم (خانووی سپی – پەرلەمان) ڕێپێوانیان دەستپێکرد. جێگری سەرۆک کۆمار ئەلێکساندەر ڕچکۆی، کە دژ بە یەلسن بوو فەرمانیدا، هێرش بۆسەر باڵەخانەی پارێزگا لە گەڕەکی ئەربات و کەنالی تەلەفزیۆنی یەک لە ئەستانکینا بکەن. باڵەخانەی پارێزگا لەلایەن خۆپیشاندەرانی چەکدار داگیرکرا، بەڵام تەلەفزیۆنیان بۆ نەگیرا، چونکە هێزی تایبەت دەیپاراست. تەقە لە خۆپیشاندەران کرا و تەواوی ستۆدیۆکانی ئەستانکینا پەخشیان وەستا و تەنیا یەک کەنالی تەلەفزیۆن بەرنامەکانی لە ستودیۆیەکی دیکە پەخش دەکرد. لە گرتنی کەنالەکانی تەلەفزیۆن سەرکەوتن بەدەست نەهات و کۆمەڵێک کەس کوژرا. لە ڕۆژی دووەم لە ٤ی ئۆکتۆبەر بە فەرمانی بۆریس یەلسن نهۆمەکانی سەرەوەی پەرلەمان تۆپباران کرا و ئاگر لە ناوەوەی پەرلەمان بەرزبۆوە و بەشێکی زۆری خانووی سپی ڕەشداگەڕا. خەڵکێکی زۆر خانووی سپییان جێهێشت و هاتنە دەرەوە و لە ئێوارەی ٤ی ئۆکتۆبەر پەرلەمانتاران نەیانتوانی زیاتر بەرگری لە خۆیان و پەرلەمانەکەیان بکەن. سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆک کۆمار گیران و ساڵێک دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران. لەم قەیرانەی کۆتایی ئەیلول و سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ بەلای کەم ١٥٨ کەس کوژران و ٤٢٣ کەسیش بریندار بوون.

پاش ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ تەواوی ئۆرگانەکانی سەردەمی سۆڤییێت لەکارکەوتن و کۆتاییان پێهات. لە ١٢ی دیسێمبەری ١٩٩٣ ڕیفێرێندۆم بۆ دەستوری تازە و هەڵبژاردنی نوێنەران ئەنجام درا.

لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٩٣، کەس نەیدەزانی و پێشبینیش نەدەکرا، شەڕی دوو ڕۆژە و هاویشتنی چەند گوللە تۆپێک بە نوێنەرانی خەڵک لەناو کۆشکی سپی لە مۆسکۆ، ڕوسیای فیدرال لە شەڕێکی گەورەی ناوخۆ و لەتبوون و وێرانکاری ڕزگار دەکا. کێشە و قەیرانەکانی دەستور و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە داهاتوویەکی نزیک ناهێڵێ، خەڵک هێور دەبێتەوە و ژیانی ئاسایی دەستپێدەکاتەوە.

بۆریس یەلسن لە ساڵی ١٩٦١ چووە ناو پارتی کۆمۆنیست و لە ساڵی ١٩٨٥ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لە ساڵی ١٩٨٧ هەموو

بەرپرسیاریێتی حزبی لێسەندرایەوە. چونکە بە گورباتشۆڤی گوتبوو، کە پریێسترۆیکا لەسەرخۆ دەڕوا. لە ئازاری ١٩٨٩ وەک ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی سۆڤییێت هەڵبژێردرا. لە ٢٩ی مایسی ١٩٩٠ وەک سەرۆکی پەرلەمانی روسیا هەڵبژێردرا و لە حوزەیرانی ١٩٩٠ روسیای لە یەکێتی سۆڤییێت دەرهێنا. بۆریس یەلسن لە ١٠ی تەموزی ١٩٩١ تا ٣١ی دیسێمبەری ١٩٩٩سەرۆک کۆماری روسیای فیدرال بوو و هێشتا کاتی سەرۆک کۆماری خۆی تەواو نەکردبوو، کورسی و دەسەڵاتەکانی خۆی بە ڤلادیمیر پوتین دا.

## هەندێک ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی خوێندن لە خوێندنی باڵا

لە ژمارە ١ی گۆڤاری (مرۆڤ)، لە کۆلێژی ئاداب دەردەچوو لە بەهاری ٢٠١٦ بڵاوکرایەوە

زۆرن ئەوانەی پاش تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس دەیانەوێ هێشتا زیاتر بخووێنن و قۆناغەکانی ماستەر و دکتۆراش تەواو بکەن، بەڵام ئەگەر بەوردی لەسەر ئەم زیاتر خوێندنە باڵایە بووەستین، تێدەگەین غەدرێک هەیە و غەدرێک کراوە. هەندێک کەس لە خوێندنی ماستەر وەرگیراوە، نەدەبوایە وەربگیرێ، هەندێکی دیکەش بەهەمان شێوە لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیراوە، نەدەبوایە وەربگیرێ. لەڕاستیدا، هەندێک لەوانە ڕەزامەندی وانەگوتنەوەشیان لە زانکۆ پێدراوە، نەدەبوایە لە زانکۆ کاریان پێبدرێ و لەوەش خراپتر، هەندێک لەو مامۆستا خراپانە سەرپەرشتی نامەی ماستەر و دکتۆرا دەکەن، نەدەبوایە ئەو ئەرکە گرانە بەوان بسپێردرێ، بێگومان ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئاستی زانست لە زانکۆکانمان بەرزتربێتەوە، لەوەی ئێستا هەیە، نامەکان باشتر و جوانتر بنووسرێن لەوەی ئێستا هەیە.

بۆ وەرگرتنی قوتابییانی تازە لە خوێندنی باڵا بە گشتی و موعیدەکانیش بەتایبەتی، دەبی مەرجی زۆر گرانتر لەوەی ئێستا هەیە لەسەریان دابندرێ، بۆ ئەوەی لە داهاتوو مامۆستایەکی باشیان لێدەربچێ و بتوانن قوتابی و کادری باش پەروەدە بکەن. هەر بۆ نموونە، دەبی بەلای کەم جگە لە زمانی عەرەبی زمانێکی ئەوروپی زۆر باش بزانێ، دەبی خاوەنی کۆمەڵێک نووسین و توێژینەوە لەسەر پسپۆرییەکەی خۆی بێت، دەبی زمانی کوردی بە نووسین و قسەکردن زۆرباش بزانێ، دیسان بێگومان ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئاستی زانکۆکانمان لەوەی، کە ئێستا هەیە، بەرزتر و باشتر بێ.

هەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە زانکۆکان، دەبێ مەرجی گران جگە لەسەر قوتابییان، زۆر زیاتر لەسەر مامۆستا دابندرێ. دەبێ ئەو لەسەر پسپۆرییەکەی خاوەنی کۆمەڵێک نووسین و کتێب و توێژینەوەی زانستی بێ و بەلای کەم یەک زمانی ئەوروپی زۆر باش بزانێ و ساڵانەش بەرهەمی زانستی خۆی هەبێت و بەشداری لە کۆمەڵە وۆرکشۆپێک لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات کردبێ. ئەگەر ئەم وۆرک شۆپانە لە کوردستان نەبن، دەبێ لەگەڵ بەش و زانکۆکانی دیکە کوردستان پێک بێن و لە کۆلێژ و

زانکۆکان کۆنفرێنس و کۆبوونەوەی گەورەی خۆیان ئەنجام بدەن و باس لە کار و بەرهەمە نوێکانیان بکەن، لە پرسیارە هەنووکەییەکان بکەن.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، لەکاتی وەرگرتنی قوتابی لە خوێندنی باڵا، لە ساڵی یەکەم و خوێندنی کۆرسات، دەبی زۆر بە جددی کار لەسەر قوتابییان بکرێ، واجبی زۆریان پێبدرێ، هەفتەی بەلای کەم یەک کتێبیان پێ بخیندرێ و راپۆرتی لەسەر بکەن و لە کلاس باسی بکەن، جگە لەوە مانگانە راپۆرتێکی زۆر تێر و باشیان لەسەر بابەتی جیا جیا پێبنووسرێ و هەر هەمووش وەک چالاکی بێت و لە ڕێگایەوە نمرەی پێوەربگرن.

دەبێ ئەو هەنگاوانەی سەرەوە هەر هەمووی کاری پێبکرێ، بێگومان ئەگەر بمانەوێ ئاستی زانکۆکانمان باشتر و جوانتربێ، دیسان ئەوەی سەرەوە بەتەواوی بەش ناکا و دەبی زیاتر کار لەسەر قوتابییانی کۆلێژ بکرێ، کتێبی زیاتریان بۆ خوێندنەوە پێبدرێ و لەهەمووش بۆ ئەم قۆناغە گرنگتر، فەلسەفەی وەرگرتن و دەرچوون دەبی بگۆڕدرێ. نابێ هەر کەسێک لەخوێندن وەرگیرا، پاش چوار ساڵ بێگرفت دەربچێ و بڕوانامەی زانکۆی پێببەخشرێ. دەبێ نەهاتن بەهەند وەربگیرێ، نووسین و ڕاپۆرتی زیاتر بە قوتابییان بکرێ، خوێندن گرانتر بکرێ و لەوانەیە هیچ خراپیش نەبی، ئەگەر خوێندن بە پارە بێت، بەو مەرجەی حکومەت قەرز بە قوتابی بدات و پاش تەواوکردن، بەگوێرەی داهاتی قەرزەکەی خۆی بە حکومەت بداتەوە و دە کەسی یەکەمیش بە خۆڕایی بخوێنن و ئەگەر لە زانکۆ وەک لە ئامادەیی باش نەبوون، لە ساڵی دووەمەوە خوێندن بۆ ئەوانیش جارێکی دیکە بە پارەبێت.

ئەگەر قوتابی بەمشێوەیە بخوێنێ، پارەی خوێندنی لێوەربگیرێ، جگە لەوەی باشتر دەخوێنێ، کادرێکی زۆر باشتریشی بۆ داهاتووی وڵاتەکەی لێدەردەچێ. لێرە نەک تەنیا خوێندن بۆ هەموو کەسێک نەبێ و بە پارە بێ، دەبێ بۆ ژیان لە بەشی ناوخۆش بڕە پارەیەک وەربگیرێ و خزمەتگوزارییەکان بەخۆڕایی نەبن...

ئەو داهاتەی لە ڕێگای ئەمجۆرە خوێندنە وەردەگیرێ، بۆ کردنەوەی کتێبخانە و ئینتەرنێت و بەشداریکردنی مامۆستا و قوتابی لە کۆنفرێنس و گەشتە زانستییەکانی ناوەوە و دەرەوە خەرج بکرێ. بەمشێوەیە دەبینین

ئەرکێکی زۆر گەورە لەسەر حکومەت هەڵدەستێ و زانکۆکان خۆیان، خۆیان دەژیێنن یان بەشێکی زۆری بودجەیان بەخۆیان بۆ خۆیان دابین دەکەن.

ئەگەر زیاتر باس لە وەرگرتنی قوتابییان لە ماستەر و دکتۆرا بکەین، دەبی مامۆستای سەرپەرشتیار ناچاربکرێ زۆرتر کار لەگەڵ قوتابی بکا، نامەکەی زیاتر بخوێنێتەوە، تێبینییەکان باشتر چا بکا، نەک وەک ئێستا نامە دەنووسرێ، زۆر لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار ئەگەر یەکجا بیخوێننەوە یان نا... ئاشکرایە قوتابی زەربیەی دەدا و پاش یەک ساڵ یان دوو ساڵ لە خوێندن کادرێکی باش و بەتوانای لێدەرناچی، چۆن دەکرێ چاوەڕێ بکرێ، لە چەند ساڵی داهاتوو ئەو سەرپەرشتی نامەی ماستەری قوتابییێک بە جۆری دیکە و باشتر لە مامۆستاکەی خۆی بکا، کە خۆی بە سەقەتی فێرکراوە، یەک نامەی گەورەی نووسیوە، هێشتا گوتارێکی بۆ نانووسرێ، توێژینەوەیەکی بۆ نانووسرێ.

لە نووسینی نامە، دەبی مەرجی زۆر لەسەر مامۆستا و قوتابی دابندرێ، زۆر لە نامەکان ئەگەر خراپبوون ڕانەپەڕێندرێ و بڕوانامەیان پێنەدرێ... دەبی مەرجی دیکەش بۆ قوتابی دابندرێ، ئەگەر ئەو زمانەی قوتابی نامەی پێدەنووسێ، باش و تێر و زانستی نەبێ، دەبی بدرێتە کەسێکی پسپۆر و زمانی نامەکە جوان و باش بکرێ...

دەبی قوتابی بایەخی زیاتر بە لایەنی تیۆرییەکەی بدا و لێرە تەنیا بڕگە و کۆپلەی نووسەر و زانایانی پیشخۆی لە نامەکەی نەنووسێتەوە و زانیارییەکان بە کۆلێژ و لیژنەی تاووتوێکردنی نامەکەی نەفرۆشێتەوە، بەڵکو دەبی لەزۆر شوێن جەریئانە بیروبۆچوونی خۆشی هەبی.

لێرە زۆر گرنگە، ئەو بابەتەی قوتابی بۆ نووسینی نامەی ماستەر یان دکتۆرا هەڵیدەبژێرێ، لە کوردستان و زانکۆکان پێویست و هەنووکەیین. ئەو قوتابییە لە داهاتوو بتوانی سوودی لێوەربگرێ و ئەو نووسینەی ئەو لەژیان کۆمەڵێک دەرگای بۆ بکاتەوە. دەبی ئەو بابەتانە کاریان لەسەر بکرێ، کە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زۆر پێویستن نەک لەبەر ئەوەی لە پسپۆری مامۆستای سەرپەرشتیار نزیکە.

لایەنێکی دیکەی زۆرگرنگ، پاش تەواوبوونی نووسینی نامەی ماستەر، دەبی هەر لە بەش تەواوی نامەی نووسراو بدرێتە لیژنەی زانستی بەش و بەگوێرەی پسپۆری بەلای کەم سێ مامۆستا ئەو نامەیە بخوێننەوە، ڕۆژێک

دیار بکەن و بە ئامادەبوونی مامۆستای سەرپەرشتیار و قوتابی و لیژنەی زانستی، زۆر بەجددی نامەکە لەو دانیشتنە نهێنییە تاوتوێ بکری، وشە بە وشە، ڕستە بە ڕستە قسە و باسی لەسەر بکری، داوا لە قوتابی و مامۆستای سەرپەرشتیار بکرێ، لەماوەی یەک یان زیاتر مانگ تەواوی تێبینییەکان چابکرێن و ئەگەر لەماوەی دیارکراو تێبینییەکان چاکران، گلۆپی سەوز بۆ دیارکردنی ڕۆژێک بۆ تاوویکردنی نامەکە لە کۆلێژ بە ڕەسمی دیار بکرێ. لە حالەتی دووەم، نامەکە بەتەواوی ڕەفز بکرێتەوە.

ئەگەر لە بەش و کۆلێژ و زانکۆکان، ئەو تێبینییانەی سەرەوەیان جێبەجێکرد، بێگومان لە ماوەی ١٥ - ٢٠ ساڵی داهاتوو، دەبینە خاوەنی ئەو زانکۆیە، کە هەمووومان شانازی پێوە بکەین، نەک وەک ئێستا زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکانی کوردستان لەچاو شلان پەیتن و ئاستی زانستییان زۆر نزمترە لەوەی  هەندێک مامۆستای جددی دەیانەوێت و خراپتریشە لەوەی سەرۆک زانکۆکان لە کۆبوونەوەکان باسی دەکەن و دەیبینن.

**دەربارەی: کۆمپانیای Mossack Fonseca و فەزیحە زلەکەی پەنەما**

له ١٤ی نیسانی ٢٠١٦ له ماڵپەڕی (دوارۆژ) بڵاوکرایەوە

پێش نزیکەی یەک ساڵ، کەسێک بە نهێنی پەیوەندی بە ڕۆژنامەی ئەڵمانی: Süddeutsche Zeitung دەکات و کۆمەڵێک زانیاری وردیان لەسەر فەزیحەی پەنەما پێدەدا.

ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung ئەزموونی زۆری لەسەر ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون هەیە و پێشتر کۆمەڵێک نهێنی گەورەی وەک: Offshore Leaks, Swiss Leaks و Lux Leaks ئاشکرا کردوون. ڕۆژنامەکە دەنووسێ، کە چۆن پێش یەک ساڵ کەسێک پەیوەندی پێوەکردوون و ئەو بەڵگە نهێنییانەی بەناوی: Mossack Fonseca بەوان داوە. سەرچاوە نهێنییەکە هیچ داوای پارەی لە ڕۆژنامەکە نەکردووە و هیچ مەرجیشی بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان دانەناوە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung لەسەرەتا بەڵگەکان زۆر نەبوون، بەڵام لەگەڵ کات گەیشتۆتە 2.6 تێرابایت و 11.5 ملیۆن بەڵگە، کە ٢١٤ هەزار کۆمپانیا لە ماوەی ٤٠ ساڵ پەیوەندیان پێیەوە هەبووە و لەم فەزیحە گەورەیە تێوەگلاون.

هەموو نامە و بەڵگەکانی بە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە گەیشتوون بەو شێوەیەی خوارەوەن: نزیکەی پێنج ملیۆن مەیل، دوو ملیۆن فایلی PDF و زیاتر لە یەک ملیۆن وێنە و لە سێ ملیۆن فایلی ئێلیکترۆنی هەن.

ئەوە زۆرترین بەڵگەی نهێنین، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دەزگایەکی ڕاگەیاندن درابن. بۆ ئەوەی باشتر لە قەبارەی ئەم کارە گەورەیە بگەین باشە باس لەو بەڵگانەی Wikileaks Cablegate بڵاوی کردنەوە بکەین، کە هەمووی بەیەکەوە نزیکەی 1.7 گیگابایت بوو ئینجا جیهانی هەژاند. ئەم ئاشکرابوونەی ئێستا ١٥٠٠ جار لە Wikileaks Cablegate زیاتر و گەورەترە.

ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung زوو زانیان بەتەنها ناتوانن بەدواداچوون بۆ ئەم هەموو نامە و بەڵگانە بکەن، بۆیە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی بێلایەنی جیهانی:

International Consortium of Investigative Journalists, ICIJ (ڕۆژنامەگەری بەدواداچوونی نێودەوڵەتی)، کە نووسینگەی سەرەکییان لە واشینگتۆنە کرد. ئەم ڕێکخراوە تۆڕێکی نێودەوڵەتییە و ١٩٠ ڕۆژنامەنووس بە کاری بەدواداچوون خەریکن و بە باشترین شێوە پەروەردەکراون و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار دەکەن و خاوەن ئەزموونی زۆرن. ئەم ڕێکخراوە لە ماوەیەکی کورت توانی تیمێک لە ١٠٠ دەزگای ڕاگەیاندن لە ٨٠ وڵات بە ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس پێکبێنێ، بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار لەسەر ئەم کەیسە - فەزیحە گەورەیە بکەن.

ئەندامانی ئەم تیمە کۆبوونەوەکانیان لە Washington, München, Lillehammar و London دەکرد. لە کۆبوونەوەکان باسیان لەشێوەی کارکردن و دابەشکردنی کار لەنێوان خۆیان دەکرد، ئەم شێوە کارکردنە بۆ ئەوەبوو، کە بەیەکەوە بتوانن بە باشترین شێوە، یارمەتی یەکتر بدەن و زانیارییەکان لەنێوان خۆیان بەشبکەن و هەموو ڕۆژنامەنووسانیش لەیەک کاتدا دەستیان بە هەموو بەڵگە و نامەکان بگا.

پاش ئاشکراکردنی Wikileaks لە ساڵی ٢٠١٠ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک نهێنی گەورە لەسەر شەڕی ئێراق، دەزگاکانی ڕاگەیاندن تێگەیشتن، کە ئەوان لە داهاتوو ناتوانن بەتەنها بەدواداچوون بۆ ئەم کەیسە گەورانە بکەن.

ئەم نامە و بەڵگانەی پەنەما ئاشکرای دەکەن، کە چۆن نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیای پارێزەران، لکی دووەمی نزیکەی ٢١٤ هەزار کۆمپانیای بەناوی: offshore-bolag بۆ پارەدارەکان کردۆتەوە و لەڕێگەیەوە، پارەی یەکجار زۆریان لە دانی باج شاردۆتەوە. ئەوان نێودەستییان کردووە و پەیوەندی و دەستەڵاتی خۆیان بۆ فێڵ و ساختە و نەدانی باج بۆ موشتەرییەکانیان بەکار هێناوە. پارە و سەرمایەی موشتەرییەکانیان لەبانقی گەورەی جیهانی داناوە.

لەناو ئەو کەسانەی پارەیان لە خزمەت نووسینەگەی ئەم پارێزەرانە داناوە، کەسانی سیاسەتمەدار و وەرزشوان و ئەکتەری بەناوبانگ و خەڵکی چەتە هەن. کاری سەرەکی ئەم نووسینگەیە سپیکردنەوەی پارە و بەرتیلدان و خۆدزینەوە لە باج بۆ موشتەرییەکانیان بووە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای Mossack Fonseca بەڕێز Fonseca لە لێدوانێکی دەڵێ:

- ئەم بەڵگانە لەلایەن کەسێکی هاککەرەوە ئاشکرابووە و کۆمپانیاکەمان هیچ بەرپرس نییە لەوەی، کە ئەندامانیان بۆ چ مەبەستێک خزمەتگوزاری و سندوقەکانی کۆمپانیای ئێمەیان بەکار هێناوە، هەروەها ئەوانیش لە یاسای وڵاتەکەیان لایان نەداوە و قەتیش پێشتر بۆ بەردەم دادگا بانگ نەکراون.

بەگوێرەی رۆژنامەی The Guardianی بەریتانی ١٤٣ سیاسەتمەداری جیهانی خزمەتگوزاری ئەم سندوقەیان بەکار هێناوە و لەناو ئەوانیش: سەرۆک وەزیرانی پاکستان، نەواز شەریف، سەرۆک کۆماری ئۆکراینا، پێترۆ پۆرۆژینکۆ، سەرۆک وەزیرانی ئایسلاند، داڤید گونلاوگسۆن هەن. دەگوترێ کەسە نزیکەکانی سەرۆکی روسیای فێدرال ڤلادیمیر پوتین، زیاد لە دوو ملیار دۆلاریان لەم کۆمپانیایە داناوە، هەروەها خزموکەسی خێزانی سەرۆک کۆماری چین خی جینپینگ Xi Jinping لەناو لیستەکە هەن. وەزیری ئابوری و ناوخۆی ئایسلاند و خێزانی و سەرۆک وەزیرانی ئایسلاندیش پارەیان لەم نووسینەگەیە داناوە. بەگوێرەی BBC سەرۆک وەزیرانی ئایسلاند داڤید گونلاوگسۆن، کۆمپانیایەکی لە ساڵی ٢٠٠٧ کڕیوە و چەند ساڵێک دواتر ئەو نیوەی کۆمپانیاکەی بە نرخی یەک دۆلار بە خێزانەکەی فرۆشتۆتەوە. پاش ئاشکرابوون، یەکسەر دەستی لەکار وەک سەرۆک وەزیرانی ئایسلاند کێشایەوە. ئەم ئاشکرابوونە بۆ جاری یەکەم لە رۆژنامەی ئەڵمانی Süddeutsche Zeitung ی دەستی پێکرد و دواتر لە رێگەی رێکخراوی نێودەوڵەتی رۆژنامەگەری بەدواداچوون بە هەموو جیهان بڵاوکرایەوە.

شەش ئەندامی ئێستای پەرلەمانی بەریتانیا و سێ ئەندامی پێشتریش پارەیان لەم سندوقانەی کۆمپانیا داناوە. هەروەها ٢٣ کەس لەو وڵاتانەی ئابلۆقەی ئابوورییان لەسەر بووە وەک: کۆریای باکور، ئێران، سوریا موشتەری ئەم نووسینگەیە بووین. گوایە یەک لە کەسە گرنگەکانی ناو فیفا، کە لە لیژنەی ئێتیک پارێزەر بووە یارمەتی وەرزشوانانی داوە، کە پارە لەوێندەر دابنێن. جاکی شانی ئەکتەر و مێسی وەرزشوان و خێزانەکەی سندوقیان لەم کۆمپانیایە هەبووە.

حکومەتی پەنەما ئامادەیی خۆی پیشاندا، کە کۆمیتەیەکی بێلایەن دروست بکا و لەم قەیرانە بکۆڵێتەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردەی جیهانی تێوەگلاون. سەرۆکی حکومەتی پەنەما Juan Carlos Varela ئەمەی

سەرەوەی لە ڕۆژی چوارشەم ٦ی نیسان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی گوت.

وڵاتی سوید لەساڵی ٢٠١٤وە لەگەڵ وڵاتی پەنەما پێکهاتووە، کە هەموو زانیارییێک لەسەر کۆمپانیا سویدییەکان بە حکومەتی سوید بدا. کردنەوەی کۆمپانیای بەناوی سندوقی نامە، کە دەکاتە لکێک لە کۆمپانیای دایک لە وڵاتی پەنەما هیچ نایاسایی نییە، بەڵکو نایاسایی لێرەوە دەستپێدەکا، کە کۆمپانیای دایک قازانجی خۆی بۆ ئەوێندەر ڕەوانە دەکا، تا خۆ لە باجدان بشارێتەوە.

ئەم کۆمپانیایەی پەنەما Mossack Fonseca لکی لە وڵاتانی: سویسرا، قوبرس، دورگەکانی ڤیرگینی بەریتانی و جێرسی لەگەڵ گوێرنسی هەیە و پەیوەندییێکی زۆر توندیشی لەگەڵ بەریتانیا هەیە.

لێرە گرنگە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین، کە ڕێکخراوی ICIJ توانی لە یەک کات زانیارییەکان لە جیهان بڵاوبکاتەوە و وەک بۆمب بیتەقێنێتەوە. جێگای سەرنجە، کە ئەوان نزیکەی یەک ساڵ بە نهێنی خەریکی بەدواداچوون لەسەر نامە و بەڵگەکان بوون، بۆ ئەوەی بتوانن بەتێری باسی فەزیحە و حەیاچوونەکە بکەن.

ئەو ئاشکرابوونەی بەناوی پەنەما دەیسەلمێنێ، کە ڕۆژنامەنووسانی بەدواداچوون، دەتوانن بەیەکەوە کار بکەن و سنووری دەوڵەتەکانیان ببڕن. هەروەها توانای ڕۆژنامەنووسان پیشان دەدا، کە چۆن دەتوانن بەشێوەی دیگیتال کار لەسەر کەیسەکان لە داتا بەیسێک زۆر بەجوانی بکەن. ئەم ئاشکرابوونە بە یەک لە گەورەترین ئاشکرابوونی مێژووی بەدواداچوون دادەندرێ. تا ئێستا ناوی هیچ بازرگان یان بەرپرسی کورد لەناو ئەم بەڵگانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەهاتووە.

## دەربارەی: عەقڵیەتی شاخ

لە ڕێکەوتی ٨ی مایسی ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (دوارۆژ) بڵاوکرایەوە

تێڕوانینێکی خراپ و نادروست لەسەر عەقڵیەتی شاخ، لەسەر پێشمەرگە و خەبات و تێکۆشان هەیە، کە من زوو زوو لە لکەکانی ڕاگەیاندن و ماڵپەرەکانی کۆمەڵایەتی بەرچاوم دەکەوێ، دەخوێنمەوە و دەبیستم، زۆر تورەم دەکا...

نازانم ئەو کەسانەی بەو شێوە ناشیرنە باس لە عەقڵیەتی شاخ دەکەن، بە ئەنقەست دەیانەوێ ئەم پرسە جوان و پیرۆزە بشێوێنن یان هەر ئەوەندە لە شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی گەلەکەیان دەگەن و شارەزان؟

من دەبینم، بەزۆر دەیانەوێ شاخ و پێشمەرگە و خەباتی ڕەوا، لەبەرچاوی خەڵک ڕەشبکەن، ڕابردوو سووک بکەن، مێژووی تێکۆشان و شۆڕشەکانی کوردی لەبەرچاوی کەسانی سادە و نەفام و کۆنەپەرست بشێوێنن...

لەڕاستیدا، عەقڵیەتی شاخ دەکاتە: بیرهێنانەوەی تێکۆشان و خەباتێکی دوورودرێژ و زۆر پاک، کە دەیان هەزار گەنجی جوانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بەیەکەوە تێیدا بەشداربوون، بۆ ئەوەی بە خوێن و خەبات و تێکۆشانیان داهاتوویێکی خۆشتر و گەشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەن. ئەو تێکۆشەرانە، بڕوایان بە ئازادی و خەباتی ڕەوا هەبوو، بڕوایان بە یەکسانی لەناو کۆمەڵگای کوردەواری هەبوو...

کادر و سەرکردەکانی ئەم قوتابخانەیە، ئاشقی شەڕ و توندوتیژی و ناخۆشی نەبوون، ئەوان بە ئاشکرا، هەموو ڕێگایەکی ئاشتییان گرتەبەر، بۆ ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ بنبڕی کێشەی نێوان گەلی کورد و حکومەتەکانی مەرکەزی بکەن، کاولکردنی کوردستان ڕابگرن و ڕێگا بە تەعریب نەدەن. ئەوان دەیانویست، ژیانێکی خۆش و جوان و شایستە بۆ نەوەکانی داهاتوو فەراهەم بکەن. بۆیە بۆ من، عەقڵیەتی شاخ دەکاتە: خەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام و بێکۆتایی، دروستکردنی دوارۆژێکی هێمن و سەقامگیر، ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و داهاتوویێکی گەشاوە، هەروەها قبوڵ

نەکردنی ژێردەستەیی و باوەڕکردن بە داهاتوویێکی گەش و جوان بۆ گەلانی کوردستان...

دەبی ئەوەش بنووسم: کەسانێک سەرپەرشتی مەدرەسەی عەقلیەتی شاخیان دەکرد، خراپ و ترسنۆک نەبوون، نەخوێندەوار و نەفام و گێل نەبوون... ئەوان وەک دەیان هەزار کەسی دیکەی رۆڵەی کورد، بۆ وڵاتەکەیان دەژیان، سەرما و گەرمایان دەبینی، بالیفیان بەرد و دۆشەکیان خۆڵ و لێفیان ئاسمان بوو...

عەقڵیەتی شاخ بە بڕوای من، مەدرەسەیەکی گەلەک پیرۆزە، فەلسەفەی کوردپەروەرییە، جۆرە ژیانێکی یەکجار گران و جوانە و لە کاتوساتێکی پێویست و مێژوویی سەریهەڵدا، لە شاخەکانی کوردستان خۆڕسک دروست نەبوو، بەڵکو زەروریەت ئەوەی بۆ ئێمە هێناو لە شاخە جوان و بەرزەکان لەدایکبوو. ئەوانەی بەعەقلی شاخ دەژیان: تێکۆشەربوون، پێشمەرگەبوون، ئاشقی میللەت و وڵاتەکەیان بوون.

ئەو کەسە پاک و تێکۆشەرە مەزنە شاخییانە، شەهیدبوونیان بۆ ئازادی کوردستان لەجیاتی ژیان هەڵبژارد و گیانفیدابوون بۆ مردن و لە پێناوی ئازادی وڵاتەکەیان دەژیان... ڕاستە ژیانیان سەخت بوو و بێناز دەژیان، لە ئەشکەوت و بنبەردەکان، لەناو هۆڵی مزگەوتەکان بە نۆبە دەنووستن، زۆربەی کات برسی و تێنوو بوون، ڕێگا هەوراز و نشێوەکانیان بێکۆتایی بوون، بەڵام بەرگەی هەر هەموو ناخۆشییەکانیان دەگرت بۆیەش ئەوان، چینە هەرە هەرە جوانەکەی کورد و کوردستان بوون، کە زۆر بە ئاسانی سەدان ساڵی دیکەش کورد دەتوانی شانازییان پێوە بکا...

ئەوانەی داینەمۆی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و دەوڵەمەندکردنی عەقڵیەتی شاخ بوون، هەرنەبێ لە دوا شۆڕشی کورد، کەسانی خوێندەوار و شارستانی بوون، کۆمەڵێک زمانیان دەزانی، شارەزای مێژووی کورد و جیهان بوون، لە کۆمەڵێک وڵات ژیابوون، پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە و دیپلۆماتکارەکانی زۆر وڵاتی جیهانی هەبوو. زۆریان دەخوێندەوە و بڕوانامەی باڵای زانکۆیان هەبوو. ئەوان لە ڕووداوەکانی جیهان بێئاگا نەبوون و بەردەوام ڕادیۆیان لەدەست و بنگوێ بوو. بڵاوکراوەیان دەردەکرد و ئێزگەی خۆیان هەبوو... سەدان دکتۆر و

ئەندازیار و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگایان تێدابوو، بەیەکەوە لەشکرێکی زۆر جوانیان لەو پێشمەرگە تێکۆشەرانە پێکهێنابوو...

عەقڵیەتی شاخ دیسپلینێکی زۆر باشی هەبوو، تەنیا چینە هەرە هەرە جوانەکەی کۆمەڵ بەرگەی تێگەیشتن و هەزمکردنی دەگرت، بەرگەی ئەم ژیانە پڕ لەسەروەرییە و ئەو عەقڵیەتە مەزنەی دەگرت.

لەوکاتەی حزب و سەرکردایەتی کورد پشتیان لە عەقڵیەتی شاخ کرد و عەقڵیەتی شاخیان نەکردە پێوەر بۆ پێدانی پلە و پایە یان خزمەتکردن و پەروەردەکردنی هاووڵاتییان و بنەمایەکی جوان بۆ حکومەتداری، وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێر و بەو دەردە نادیارە ڕۆیشت...

## دەربارەی: ڕیفێرێندوم و ڕیفێرێندوم لە کوردستان

لە ڕێکەوتی ١٧ی مایسی ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (دوارۆژ) بڵاوکرایەوە

ڕاپرسی - دەنگدانی جەماوەری referendum لە زۆر وڵاتیش وشە لاتینییەکەی umplebiscit ی پێدەگوترێ، کە لە plebs وەرگیراوە و بە کوردی دەکاتە (هاوڵاتی ئاسایی)، وشەی scitum دەکاتە بڕیاردان – حوکمدان.

ڕیفێرێندوم دەکاتە یەکلاکردنەوەی پرسی گرنگ و ئاڵۆز، کە حکومەت نایەوێ بەتەنیا بڕیاری لەسەر بدا و ئەو ئازادییە بە هاوڵاتییانی خۆی دەدا. ئەم بەشداربوونەی هاوڵاتییانیش لەڕاستیدا تەنیا لەو وڵاتانە ئەنجام دەدرێ، کە دیموکراتی تێدا هەیە. لە وڵاتانی دیکتاتۆر و نادیموکراتی، سەرۆک یان پاشا خۆیان بێوەرگرتنی ڕای جەماوەر پرسی ئاڵۆز و گرنگ یەکلادەکەنەوە.

ڕیفێرێندوم، جۆرێکە لە ئامۆژگاری و ڕاوەرگرتن، دەستەڵاتی باڵای وڵات ڕۆژێک دیاری دەکات و لەو ڕۆژەدا جەماوەر بۆ سندوقەکانی دەنگدان دەچن و وەڵامی ئەو پرسە دەدەنەوە، کە لە کارتی هەڵبژاردن بۆیان نووسرایە. ئەنجامی دەنگدان ئەگەر بە بەڵێ بێ یان بە نەخێر بێ حکومەت وەک خۆی قبوڵی دەکا. لەمجۆرە دەنگدان یا ڕاپرسییانە هاوڵاتی تەنیا وەڵامی یەک پرسیار دەداتەوە، کە بەزمانێکی ئاسان و ڕوون بۆی نووسرایە. پرسیاری دەنگدان دەکرێ تایبەت بە هەرێمێک یان سەرتاسەری و بۆ هەموو وڵات بێ. دەکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە داوای ڕاپرسی بکرێ یان لەلایەن سەرۆک یانیش بە دەستپێشخەری هاوڵاتییان بێ. ئەگەر ڕاپرسی بە دەستپێشخەری هاوڵاتی بێ، دەبی لەدەستور ئاماژەی پێکرابی، کە هاوڵاتی پێویستی بە کۆکردنەوەی چەند ئیمزا هەیە، بۆ ئەوەی پرسەکەیان بکرێتە ڕاپرسییێکی سەرتاسەری. ئەم ژمارەیە لە وڵات بۆ وڵات جودایە. هاوڵاتی سویسری دەبی ١٠٠ هەزار ئیمزا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەت داوای ڕیفێرێندۆم بکا، هاوڵاتی ڕوسیا دەبی دوو ملیۆن ئیمزا کۆبکاتەوە، تا سەرۆک کۆمار فەرمانی ڕاپرسی دەربکا.

لە کاتی ئەنجامدانی referendum، زۆربەی کات کۆمەڵ بۆ سەر دوو بەرە دابەش دەبێت و بەرەیەک لەگەڵ دەنگداندان بە بەڵێ و لایەنی

دووەمیش لەگەڵ دەنگداندان بە نەخێر. هەردووکلا لە کەنالەکانی نیشتمانی بە یەکسانی کاتیان پێدەدرێت و حکومەتیش بودجە بۆ هەردووکلا تەرخان دەکا. ڕەوایە حکومەت بە ئاشکرا پشتگیری لە لایەنێک لەم دوو لایەنەی دەنگدەران بکا.

لە وڵاتی سوید لە سەدەی بیست، چوار جار ڕیفێرێندوم کرایە و ئەویش لە ساڵەکانی ١٩٢٢، ١٩٥٥، ١٩٨٠ لەگەڵ ١٩٩٤ بوو. ڕاپرسی ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە گۆڕینی ترافیک لە چەپەوە بۆ ڕاست بوو. لە وڵاتی سویسرا لە ساڵی ١٨٩٣ ەوە تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک ٣٩٣ جار بە دەستپێشخەری هاوڵاتییان کار بۆ ڕیفێرێندوم کرایە، لەو جارانە ٢٧٣ جار توانیان (١٠٠ هەزار) ئیمزای پێویست کۆبکەنەوە و لەوانەش ١٧٠ جار رفێرێندوم کرا، ١٧ جار هاوڵاتی بردیانەوە.

هەر لە سویسرا، لە پەنجا ساڵی ڕابردوو پرسی: کۆمەلایەتی، ئابووری، ژینگە و ئاشتی بۆ ڕاپرسی بەرزکراونەتەوە.

ڕیفێرێندوم لە وڵاتی ڕوسیا، لە دەستەڵاتی سەرۆک کۆماردایە و ئەو بەفەرمانێک لەکاتی پێویست رایدەگەیێنێت و ئەگەر نیوەی دەنگدەرانیش لەسەرتاسەری وڵات تێیدا بەشداربوون، ڕاپرسییەکە قبوڵ دەکرێ و لەو نیوەیە ژمارەی کامە لایان زیاتربوو، وەک براوە سەیر دەکرێ. هەر لە روسیا نابی ڕیفێرێندوم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئاسایی تێکەڵ بکرێ و لەیەک ڕۆژ ئەنجام بدرێ. سەرۆک کۆماری روسیا دەستور ڕێگای پێنادا لەدوا ساڵی حوکمی خۆی داوای ڕیفێرێندوم بکا. هەندێک وڵات ڕێگانادەن لەسەر پرسی گرنگ، کە کاریگەری لەسەر ئەمنی قەومی هەبێ، ڕاپرسی ئەنجام بدرێ.

ڕیفێرێندوم لە مێژووی جیهان تازە نییە و ڕەگی بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆم (٧٥٣ پ. ز. ٤٧٦ ز). دەگەرێتەوە، بەڵام بێگومان ڕاپرسی رۆمەکان وەک ڕاپرسی سەدەی بیست نییە، بەڵام هەمان پرەنسیپە.

لە کوردستان تا ئێستا هیچ ڕیفێرێندومێک ئەنجام نەدرایە، چونکە کورد قەت ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسایە، کە خۆیان چارەنووسی خۆیان بە ئاشتی و لە ڕێگەی دەنگدان دیاری بکەن. کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆ نییە و جارێ چارەنووسی بە دەوڵەتانی دراوسێ: ئێران و تورکیا و ئێراق

و سوریا بەستراوەتەوە، هیچ لەوانیش بە کورد ڕەوا نابینن، ڕاپرسی لەسەر پرسە هەستیارەکانی خۆی بکا.

ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان باس لە ڕیفێرێندوم و ئەنجامدانی ڕاپرسی دەکرێ. لێرە کورد بەسەر دوو بەرە دابەشبوون. بەرەیەک پشتگیری لێدەکات و بەرەی دووەمیش لەو بڕوایەدایە، کە جارێ زووە و کات نەگەیشتووە.

سەرکردایەتی کورد دەیەوێ ڕێفێرێندوم لە هەرێمی کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە بەغدا ئەنجام بدا، دەیەوێ ڕای جەماوەر وەک چەکێکی کاریگەر لەسەر مێزی گفتوگۆ بەکار بێنی، کە مافێکی ڕەوای هەر میللەتێکی سەرزەمینە، بەڵام بەغدا و حکومەتەکانی دیکەی دراوسێی ئێراق، ڕاپرسی کورد لە کوردستان وەک پرسێکی ناوخۆی ئێراق سەیر ناکەن، کە دەستوری ئێراق ڕێگای پێداوە، بەڵکو وەک مەترسییێکی گەورە بۆ سەر ئەمنی قەومی خۆیان تێیدەڕوانن. وڵاتانی دراوسێ، کە خاوەن پارچەیەک لە کوردستانن، جارێ نەهاتونەتە ئەو بڕوایەی، ئەو دەوڵەتە تازەیەی کورد، بۆ ئەوان دەبێتە دیوارێکی جوان و باشترین دراوسێ، شەڕ و کێشەش لەنێوانیان قەت ڕوونادا.

لەڕاستیدا سەرکردە و حزبە کوردییەکانیش تا ئێستا یەک ڕا و یەک هەڵوێستیان لەسەر ڕاپرسی کورد نییە و ئەم هەرێمە بچوکەی کوردستان بەسەر دوو بەرە دابەش بووە. ئەم پرسە گرنگە لەکاتی ئێستا لەجیاتی کورد لەیەکتر نزیک بکاتەوە، جارێ لەیەکتر دووری کردونەتەوە و پاش شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) و یەکەم جەنگی جیهانی، باشووری کوردستانی جارێکی دیکەش لەت کردووە. لێرە لایەنی بەڵێ نەیانتوانیوە بڕوا بەلایەنی نەخێر بێنن، کە ئەنجامدانی ڕێفێرێندوم هیچ ناکاتە ئیعلانکردنی دەوڵەتی کوردی، بەڵکو زیاتر وەرگرتنی ڕای جەماوەرە لەسەر ئەم پرسە هەقە.

بۆ کورد referendum لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، پرسێکی سیاسییە و دەمێکە پێشمەرگە خەباتی بۆکردووە و شەهیدی لەپێناوی دایە، بەڵام ئەگەر لایەنی دەستپێشخەر نەتوانی بە دانیشتن و پێکهاتن لەگەڵ بەرەی دووەم، کە ناڕاستەوخۆ دەکاتە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزانی جیهان، ڕاستەوخۆش هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردی بگەنە ئەنجام، ناتوانن دەنگی پێویست بێنن و

لەوکات ڕاپرسییەکە پوچەڵ دەبێتەوە. ڕیفێرێندوم هیچ تایبەت نییە بۆ گەلێک یان وڵاتێک، بۆیە ئەگەر بۆ گەلی تورک، فارس، روس، عەرەب یان ئینگلیز...هتد ڕەوابێ لەسەر هەر پرسێک ڕاپرسی خۆیان لە وڵاتی خۆیان ئەنجام بدەن، بێگومان بۆ کوردیش دەبی ڕەوابی هەر کاتێک ویستی ئەنجامی بدا بۆ هەر پرسێک ویستی هاوڵاتییانی بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ببا.

## دەربارەی: پێکەوە ژیان لە کوردستان

لە ڕۆژنامەی (پردێ) لە ٣٠ی دێسێمبەری ٢٠١٥ بڵاوکرایەوە

ناو یان وشەی (کوردستان) وەک وڵاتی کوردان لەسەر نەخشە و لەناو خەڵک دەناسرێتەوە، بەهەمان شێوەش عەرەبستان وەک وڵاتی عەرەب و هیندستان وەک وڵاتی هیندییەکان دەناسرێنەوە. مەبەست لەو (ستان)انەش زیاتر وڵاتە نەک میللەت، بێگومان لە هەر یەک لەو وڵاتە (ستان)نەش کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە دەژین. نەتەوەش قەت بچوک و گەورەیان نییە، پاک و پیسیان نییە، خراپ و باشیان نییە، پێشکەوتوو و دواکەوتوویان نییە، بەڵام بە ژمارە زۆر و کەمیان هەیە. دەڵێن کورد نزیکەی چل ملیۆنە و سویدییەکان تەنیا نۆ ملیۆنن، لێرە ژمارەی زۆریش ناکاتە ئەوەی، کە زیاتر ڕێز لە ئەندامان یان هاوڵاتییانیان بگیرێ و ئەوانەی دیکەش، کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمترە، ڕێزیان کەمتر لێبگیرێ یان بە چاوی نزم سەیریان بکرێ، بەتایبەتیش، کە ئێمە ئەو هەقیقەتە دەزانین: مرۆڤ وەک بوونەوەرێک یان تاکێکی کۆمەڵ ناتوانێ: ئاین، مەزهەب، نەتەوە، وڵات یان دایک و باوک هەڵبژێرێ.

دەزانین کوردستان لە مێژوو و نەخشە و کتێبە کۆنەکان وەک وڵاتی کوردان دەناسرێ و بەناوبانگە، بەڵام لەڕاستیدا وڵاتی هەموو ئەو کەسانەیە، کە ئێستا لێی دەژین، با ئەو کەسانە دەمێک ساڵێش نەبێ لە کوردستان دەژین، بۆیەش نابی کەس لە کوردستان بەچاوی میوان - ئاوارە یان پەناهەندە سەیر بکرێ. ڕاستە کورد لە ناو جوگرافیای کوردستان ژمارەیان لە نەتەوەکانی دیکە زۆرترە، بەڵام ئەو زۆرییە هیچ ماف بەکورد نادا، نەتەوەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە، مافیان نەدا و دەنگیان کپ بکا.

ئەگەر قوڵتر باس لە پێکەوە ژیانی گەلانی کوردستان بکەین، دەبی شانازی بەو وڵاتە بکەین، بەو شوێنە بکەین، بەو شێوە ژیانە بکەین، کە سەدان یان هەزاران ساڵە کورد و تورکمان و ئاشوری و عەرەب و کلدان و ئەرمەن و جوو...هتد لەسەر ئەو خاکەی هەمووان بەیەکەوە دەژین، ئاین و بڕوای خۆیان پاراستووە و لەماڵەوە بە زمانی خۆیان قسە دەکەن، داب و نەریتی خۆیان دەپارێزن. ئەو پێکەوە ژیان و ئارامییە بێگومان تەنیا چاکەی

کوردەکان نییە بەڵکو ئەم کارە بە هەموو لایەک کراوە و دیارە لە زووەوەش، نەتەوەکان توانیتیان زمانی هاوبەش لەگەڵ یەکتر بدۆزنەوە، تێکەڵ بەیەکتر ببن و لە خۆشی و ناخۆشییەکان یارمەتی یەکتر بدەن. ئەو شێوە ژیان و تەباییەی گەلانی کوردستان لەیەک شەو و ڕۆژ پەیدا نەبووە و ئەزموونی جوانی سەدان یان هەزاران ساڵی هەموویانە، کە ئەمڕۆ دەیبینین و برایانە بەیەکەوە دەژین.

لێرە هەقیقەتێکی دیکەش هەیە، کە هەموو ئەو نەتەوانەی لە کوردستان دەژین، لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشتر و دیکتاتۆرییەت، بەچاوی دوژمن سەیر کراون، چەوساونەتەوە و ڕۆڵەکانیان خراونەتە زیندان و کەسێک ڕێزی زیاتر نەگیراوە، چونکە تورکمانە، کلدانە یان یەزیدی...هتد. ڕژێم وەک یەک دژ بە هەموویان کاری کردووە، جۆگە و ڕووبارەکانی وشک کردوون، گوندەکانی وێران کردوون، نەیهێشتوە بە زمانی خۆیان بخوێنن، چالاکی فەرهەنگییان هەبێ، گەشە بە زمانیان بدەن.

ڕاستە دیموکراتییەت لە کوردستان هێشتا پەیت نییە، بەڵام بەم شلەی ئێستاش دەبیندرێ، هەموو نەتەوەکان مافیان پارێزراوە، لە فێرگە و قوتابخانەکان بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چالاکی فەرهەنگی ئەنجام دەدەن، دەزگای ڕاگەیاندن و ڕیکخراو و پارتی سیاسی خۆیان هەیە و نوێنەری هەندێکیان لە پەرلەمانیش هەیە.

هەندێک کەس و گروپ بەمدواییانە لەو پێکەوە ژیان و پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان نەتەوەکانی کوردستان دەترسن، لە تاوانەوەی نەتەوە ژمارە کەمەکان لەناو نەتەوە ژمارە زۆرەکان دەترسن، بەڵام لەڕاستیدا لەجیاتی ترس، دەبی کاری زۆرتر لەسەر دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ بکرێ، لەجیاتی رق و کینە بەرامبەر یەکتر، کار لەسەر برایەتی و پێکەوە ژیان بکرێ، لەجیاتی هەڕەشە کار لەسەر دەرکردنی یاسای باش بکرێ، بێگومان لە هەر هەمووشی گرنگتر سوود لە ئەزموونی هەزاران ساڵەی پێکەوە ژیان لە کوردستان وەربگیرێ. ژیان کورت و شیرنە، ناهێنێ لەسەر ئایین و نەتەوە و ڕەگەز یەکتر بریندار بکەین...

## دەربارەی: ڕەسیزم و ڕەسیزم لە کوردستان

لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ڕەسیزم دەکاتە، تێڕوانینێکی تایبەت و هەمەلایەنە لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

لە ئینسێکلۆپیدیای Britannica لەسەر ڕەسیزم بەو شێوەیەی خوارەوە نووسرایە:

ڕەسیزم دەکاتە باوەڕکردن بە: هەبوونی جیاوازی نەژادی و ئەم جیاوازییەشە، کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر توانا و هۆش و ئەخلاق و خەسڵەتی تایبەتی تاکی مرۆڤ هەیە، نەک گروپەکانی ناو کۆمەڵ.

ئایدیای ڕەسیزم گرێدراوە بە دابەشکردنی کۆمەڵ بەسەر دوو چین، چینی باڵا و چینی نزم، بە بڕوای ڕەسیستەکان، چینی باڵا دامەزرێنەری بناغەی شارستانییەتە و بۆیەش حاکماتی ڕەوایە بەسەر چینی دووەم.

وشەی ڕەسیزم، بۆ یەکەم جار لە مێژوو لە فەرهەنگی فەرەنسی (لاروسا) لە ساڵی ١٩٣٢ بەمشێوە نووسرایە: جۆرە سیستێمێکە باوەڕی بە هەبوونی دەستەڵاتی چینی باڵا بەسەر چینەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ هەیە.

ڕەسیزمی نوێ یان ڕەسیزم لە کۆتایی سەدەی بیست، لەگەڵ ڕەسیزمی پێشتر جیاوازە و مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەڵ وەرناگرن و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکەن، بەڵکو زیاتر وەک گروپ و نەژاد و ئایین باسیان لێوەدەکرێ، کە دەکاتە هەبوونی دوو تێڕوانینی جیا و دژ بە یەکتر، لێرە چینی دەستەڵاتدار بەردەوام بە چاوی نزم و سووک سەیری چینە لاواز و ژێردەستەکانی خۆیان کردووە....

مێژووی ڕەسیزم، لەڕاستیدا بەکردار زۆر لەمێژترە لەوەی ئێمە لەسەرەوە نووسیمان، هەر بۆ نموونە وشەی (نیگر - Nigger) لە سەدەکانی ١٦ – ١٧ لە بەرامبەر کەسانی ڕەشپێست بەکار هات و لەوکاتیش مرۆڤە ڕەشپێستەکان لە بازاڕ و بەندەرەکان کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا.

لە ئەمریکا لەگەڵ دروستبوونی حکومەتی ئەمریکی ڕەسیزم دژ بە خەڵکی ڕەسەن (هیندییە سوورەکان) پەیدابوو. یەکەم کاروانی هێنانی ڕەشپێستەکانیش بۆ ئەمریکا لە ساڵی ١٦١٩ بوو. لە ساڵی ١٨٦٠ لە ئەمریکا

له ١٥ ویلایەت کۆیله هەبووه و له ١٢ ملیۆن دانیشتوانی ئەو ١٥ ویلایەته نزیکەی ٤ ملیۆنیان کۆیله بوون.

لەگەڵ دروستبوونی حزب و ڕێکخراوی ڕەسیستی سیاسی و فاشی، له نیوەی یەکەمی سەدەی بیست له ئەوروپا بیری ڕەسیزم زۆر پەرەی سەند. له ١٩ی نیسانی ١٩٣٧ له وڵاتی ئیتالیا تێکەڵبوون و ژن و ژنخواستن لەگەڵ ئەسیوپییەکان قەدەغه کرا، له ٣٠ دێسێمبەری هەمان ساڵ تێکەڵبوون و ژن و ژنخوازی لەگەڵ عەرەب قەدەغەکرا و هەروەها له ١٧ی نۆڤێمبەری ١٩٣٨ تێکەڵبوون و ژن و ژنخوازی لەگەڵ جوو قەدەغه کراو و ڕێگاشیان به جوو نەدا لەناو لەشکر خزمەت بکەن. له ساڵی ١٩٤٣ و پاش ڕووخانی فاشیزمی ئیتالی و گرتنی مۆسۆلینی، ئەم بڕیارانەی سەرەوه هەڵوەشانەوە.

له وڵاتی روسیا و لەسەردەمی قەیسەر نیکۆلای دوو له ساڵی ١٩١٠، تێگەیشتن لەسەر جوو وەک ئایین بۆ نەتەوه گۆڕدرا و خەڵکی جوو بەخۆیان و منداڵ و نەوەیان ڕێگایان پێنەدرا وەک ئەفسەر له لەشکری روسیای قەیسەر خزمەت بکەن.

ڕەسیزم هیچ ناکاته ئەوەی، تۆ ڕقت له کەسێک دەبێتەوە و دژایەتی دەکەیت، چونکه ئەو کەسێکی خراپە، بەڵکو تۆ ڕقت لەو کەس دەبێتەوە و دژایەتی دەکەی، چونکه ئەو ڕەنگی پێستی لەگەڵ ڕەنگی پیستی تۆ جیایە، نەژاد یان ئایینێکی دیکەی جیای له تۆ هەیە یانیش نەخۆش و کەم ئەندامە...

له کوردستان ڕەسیزم لەمێژە بوونی هەیە، بەڵام قەت وەک ئێستا و ئەم ساڵانەی دووایی بەهێز نەبووە. زۆر ناشیرن و ترسناکە، که خەڵکێکی زۆر و لەناو ئەوانیش کەسانی نووسەر، ڕۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار، مامۆستای زانکۆ و چینەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ، به ئاشکرا ڕقیان له هاوڵاتی عەرەب دەبێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانه خۆیان خراپن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان بەنەتەوە و نەژاد عەرەبن! لەگەڵ ئەوەش هەمووولایەک چاک دەزانن، که ئەو هاوڵاتییه عەرەبانەی ئێستا له کوردستان دەژین، له ترسی مەرگ و لەشەڕ ڕایانکردووە و هانایان وەبەر ئێمەی کورد هێناوە، بەداخەوە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێ و له کۆڕ و کۆبوونەوەکان به چاوی سووک سەیریان دەکرێ.

زۆر له مەلا و ئیسلامییه توندڕەوەکان هەموو کێشەکانی جیهان دەخەنه ئەستۆی ئایین و نەتەوەی جوو و وڵاتی ئیسرائیل، ڕقیان له تاکی یەزیدی

دەبێتەوە و بە پیس ناویان دێنن. ئەم ڕقلێبوونەوانە دەکەونە خانەی ڕەسیزم و هیچ پەیوەندییان بە پەتریۆتیزم (وڵاتپارێزی)ەوە نییە.

دابەشکردنی کۆمەڵ بەسەر دوو چین، چینی باش و چینی خراپ یان چینی باڵا و چینی نزم، لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت، لەژێر پەردەی هەر پاساوێکەوە بێت، دەچیتە خانەی ڕەسیزم و ڕەسیزمیش بۆ هیچ گەلێک خێر و خۆشی نەهێناوە و هەمیشە تووشی شەڕی گەورە و ناخۆشی کردوون.

حکومەتەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، هەر یەک لەوان ساڵانە چەندین ملیار دۆلار خەرج دەکەن، بۆ ئەوەی ڕای کۆمەڵ لەسەر پەناهەندە بگۆڕن، بیرۆکەی ڕەسیزم لاوازبکەن و نەهێڵن، پەناهەندە وەک هاوڵاتییێکی ئاسایی سەیربکەن و وەربگرن، دژ بە ئایینەکانی دیکەی ئاسمانی نەبن. ئەم هەوڵ و خەباتە بێکۆتاییەی ئەوان دەمێکە لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش باسی لێوەکراوە. لە (٢٥)ەمین دانیشتنی UN لە ساڵی ١٩٧٠ بڕیارێک دەرکرا و تێیدا باس لە نەهێشتنی رسیزم لە سەرتاسەری جیهان دەکا.

خەباتکردن دژ بە دیاردەی ڕەسیزم یان ڕەتکردنەوەی ئایدیای ڕەسیزم لە بەرنامە و پلانی حکومەت و بەرپرسانی باڵای کوردی بەداخەوە پرسێکی نووستووە و هیچ بایەخی پێنەدراوە و لە ڕاگەیاندنەکانیش باسی لێوەناکرێ. ئەم باس نەکردنە ئەگەر لە نەزانین و گێلی بێ یان لە بەهەند وەرنەگرتنی ئەم پرسە گرنگە بێ، جگە لەوەی کارێکی زۆر قۆڕ و نامرۆڤانەیە، لەوانەیە ملشکانیش بەدوای خۆیەوە بێنێ، باس لەوە هەرناکەم لە دابونەریتی کوردەواری پێشتر نەبووە، کورد لە مێژوو و یادەوەری رۆژهەڵاتناسەکان، هەمیشە بە گەلێکی میوان دۆست ناوی ڕۆیشتووە.

## دەربارەی: شێخ چاپوک (قایمقامی کۆیە)

لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٦ لە فەیسبووک بڵاومکردەوە

شێخ چاپوکی قایمقامی کۆیە، پاش شەش ساڵ و پێنج مانگ و پێنج ڕۆژ بەر لە ئێستا لە (١٢ی حوزەیران) دەستی لەکار کێشایەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئەو قایمقامێکی خراپ و پیس بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی قایمقامێکی زۆر باش و پاک بوو. من لەم نووسینەم غەم بۆ پێشمەرگەیەکی دێرین و تێکۆشەرێکی پاکی وەک شێخ چاپوک ناخۆم، غەم بۆ شارە جوانەکەی حاجی و مەلای گەورە و لانکی ڕۆشنبیری و هونەری کوردان ناخۆم، کە دەرەقەتی چەتەکانی شاری کۆیە نەهاتن، بەڵکو من غەم بۆ بەرپرسانی باڵای حزبی و حکومی کوردستان دەخۆم، کە نەیانتوانی شارەکەی دوو سەرۆک کۆماری ئێراق و کاک کۆسرەت و شێخ لاهور هەروەها پێنج لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی، لەو چەکدارە خۆپەرستانە بپارێزن... غەم لە سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی دەخۆم، کە لەم هەڵمەتە جوانەی ئەو دژ بە گەندەڵی، نەیتوانی بەدەنگ داوا و هاواری قایمقامێکی زۆر پاک و ڕاستگۆ و هاوڵاتییانی ئاسایی شاری کۆیە بێت...

من ئێستا بیر لە دەست لەکارکێشانەوەی شێخ چاپوک دەکەمەوە و گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەگەر لەو وڵاتەی ئێمە عەدالەت هەبوایە، دەبوایە تەواوی حکومەت بە سەرۆک و جێگر وازیان لە کورسییەکانیان هێنابا، دەبوایە تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوای بووردنیان لە شێخ چاپوک کردبا، کە ناتوانن بەهانای ئەو و دانیشتوانی شاری کۆیە بێن...

ئەوانەی سەرەوە هەمووی نییە و دەبوایە نەک تەنیا لە شاری کۆیە، بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستان هەزاران کەس بڕژابانە سەر شەقامەکان و داوای گەڕانەوەی شێخ و عەدالەتی کۆمەڵایەتییان کردبا... چاوەڕێبووم قایمقامەکانی دیکەش سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرتبا و دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردبایەوە و جوامێرانە باسی کێشەکانی خۆیان کردبا...

ئەو کەسانەی کورسی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن، بەئاسانی دەستبەرداری نابن، ئەو کەسانەی کورسی دەپەرستن، دیارە شایەنی ئەو

کورسییه نین، بۆیه توند گرتویانه و ناوێرن هه‌ڵوێستیان هه‌بێ... شێخ چاپوک به کورسی و بێ کورسی هه‌ر پێشمه‌رگه جوان و ئازا و رۆڵه به‌وه‌فا و ئه‌مه‌که‌که‌ی شاری کۆیه‌یه... هه‌زار ئافه‌رین بۆ هه‌ڵوێسته‌کانت... تۆ به‌ته‌نها نیت و هه‌موو کوردێکی به‌شه‌ره‌ف له‌گه‌ڵ تۆیه... تۆ باس له خه‌مه گه‌وره‌کانی ئێمه ده‌که‌یت و جارێکی دیکه ئومێدت به ئێمه به‌خشی، که له‌و کوردستانه‌ی خۆمان ته‌نیا تاریکی نه‌بینین و ڕه‌نگ و ڕووناکیش ببینین...

## دەربارەی: پەیامنێری جەنگ و ناوچە کێشە لەسەرەکان

لە ژمارەی ٢٣ی (زانکۆ پرێس) بڵاوکرایەوە و منیش لە ٦ی ئازاری ٢٠١٥ لە فەیسبووکم دانا

لە تەواوی جیهان، کەم نەتەوەی وەک کورد ماون لە سەد ساڵی ڕابردوو، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، شەڕیان بەسەر چەسپابی یان بە زۆر و بێ ئارەزووی خۆیان تێیوەگلابن. لەگەڵ ئەوەش، ئەم ئەزموونە تاڵ و زۆرە، بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد، نەبۆتە یارمەتی بۆ ئەوەی جوانتر و باشتر پەیامیان بگەینن، زانیاری ورد و پێویست لە بەرەی جەنگ و ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ ئێمە بگوازنەوە.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسانی خۆمان لە گواستنەوەی دوا شەڕی کورد دژ بە داعش لەم چەند مانگەی دوایی بکەین تێدەگەین، ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی زۆرتر لەبەرەی جەنگن، ژیانیان زیاتر لەمەترسیدایە، ئازاترن و لەمەرگ ناترسن. من لێرە و لەم نووسینە، ئەم نەترسان و ئازایەتییە، زیاتر بە نەزانین و تێنەگەیشتن لە کاری پەیامنێری جەنگ و گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی بەرەی جەنگ لەقەڵەم دەدەم، تا لە سەلماندنی ئازایەتی و بوێری و پاڵەوانێتی ئەوان... هەرچەندە، دەرکەوتن وەک پاڵەوان، لەوانەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕەوا بێ، چونکە هەندێک لەوان، لەبیردەکەن یان فێرنەکراون، کە ئەوان تەنیا ڕۆژنامەنووسن و پێشمەرگەنین، بەڵام ئەگەر مەنتق حوکم بکا، چۆن دەتوانن نەبن بە پێشمەرگە، لەوکاتەی زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ ژیان و ناخۆشییەکانی پێشمەرگە تێکەڵن، لەگەڵ ئەوان لە سەنگەرەکان دەژین و دەخۆن و دەنوون... پەیامنێری کورد بە چاوی خۆی دەبینی، پێشمەرگە بەرگری لەژیان ناموسی خزموکەسی ئەوان و هەموو تاکێکی کورد دەکا... ئەوان دەبینن، لەڕاست و چەپ ئەو پێشمەرگە ئازایانە شەهید دەبن، کە پێش کەمێک بەیەکەوە قسەیان دەکرد، ژمارەی تەلەفۆنیان دەگۆڕییەوە، بۆیە پەیامنێری کورد، ناتوانی بترسێ، یان ترس پیشانی برادەرانی بدا، لەکاتێکدا بە هەردووک چاوی خۆی دەبینی کەس لەو شەڕەی دژ بە داعش ناترسێ یان ترس پیشان نادا... لێرە باس لەو لایەنەی پەیامنێران هەرناکەین، کە زۆربەیان ئەندامی حزبێکن، هەر ساتێک حزب داوای چەک

هەڵگرتنیان لەجیاتی قەڵەم و کامیرا لێبکا، بێبیرکردنەوە ئەو بڕیارەی حزب جێبەجێ دەکەن و لەسەر چاویان دادەنێن...

گرانە دژ بە پەیامنێرانی کوردی بەرەی جەنگ بنووسیت و لەوەش گرانتر، ڕەخنەیان لێبگری، بەڵام ئەگەر بیر لە پیشەی ڕۆژنامەنووس بکەینەوە، تێدەگەین کار و ئامانجی پەیامنێرانی جەنگ زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە ئەگەر هەڵە و تێکنەگەیشتنێک هەبێ، زیاتر لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، نەک ڕۆژنامەنووس خۆی، لە ئەستۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانە، نەک ڕۆژنامەنووس خۆی...

کارکردن وەک پەیامنێری جەنگ و ناوچە کێشەلەسەرەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یاسا و دەستوری شوێنی کارکردنی ڕۆژنامەنووسەوە هەیە، پەیوەندی بە ڕەقابە و ئازادی ڕاگەیاندنەوە هەیە. ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیەوەێ یان ڕێگای پێبدرێ لەبەرەی جەنگ هەواڵ و زانیارییەکان بگوازێتەوە، دەبی لە یاسا و دەستوری ئەو شوێن، هەرێم یان وڵات زۆر بەجوانی بگا، بۆ ئەوەی لەکار دوورنەخرێتەوە، لە کێشە و بەڵای لابەلا دووربێت و بتوانی زۆرتر لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ...

لێرە هەر دەوڵەتە و یاسای تایبەتی ڕاگەیاندنی خۆی هەیە، کە ڕۆژنامەنووسان ناچارن پەیرەوی بکەن. جگە لەوە، لە کۆی یاساکان، قەت بەتەنیا یەک یاسا ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی دادگا ناکاتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک یاسا هەن وەک: یاسای دژ بە ئیرهاب، یاسای پاراستنی ئاسایشی گشتی، یاسای پاراستنی ئەمنی قەومی، یاسای هێزی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری، یاسای چاودێری و یاسای کاتی جەنگ...هتد. لەمەش هەر وڵاتە و لەسەردەمێک ئەم یاسایانە دەرچوون.

پسپۆڕانی ڕاگەیاندن، لەوبڕوایەدان، لەکاتی ڕوماڵکردنی کێشەکان، بۆ ڕۆژنامەنووس زۆر باشە، ئەگەر بتوانی بێلایەنی خۆی بپارێزی... ئەم بۆچوونە بۆ شەڕ لەنێوان دوو دەوڵەت لەوانەیە ڕەوا بێ، بەڵام بۆ شەڕی ناوخۆ و لە شێوەی شەڕ دژ بە داعش، ڕۆژنامەنووسی کورد ناتوانی و ناشکرێ بێلایەن زانیارییەکان بگوازێتەوە، لەکاتێکدا سەرکەوتنی داعش لەدەستدانی حکومەتی کوردییە، ڕمانی خەونی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە، لەدەستدانی هەموو خەبات و تێکۆشانی بەلای کەم دوا سەد ساڵەی کوردە...

**خەسڵەتی پەیامنێری جەنگ:**

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس پەیامی باش بگا، دەبی زمانی کوردی زۆر باش بزانی، وشەی لەیەکچوو زۆر بزانی، بەهرەی دەربڕینی جوان و باشی هەبی و بتوانی بە کورترین وشە، مەبەست دەربڕی، مێژووی شۆڕشەکانی کورد شارەزابی، خەباتی پارتە سیاسییەکانی ئەزبەربی، زۆر لە سیاسەتمەدارەکان لە نزیکەوە بناسی و ژمارەی تەلەفۆنی ئەوانی لەلابێ، لە خاڵە هەستیار و ناسکەکانی نێوان پارت و گروپەکانی کوردی باش تێبگا، شارەزای شێوی کارکردنی پەیامنێری جەنگ بی. جگە لەوانەی سەرەوە، پەیامنێری جەنگ، گرنگە بتوانی زوو بڕیار بدا، بەردەوام ئاگای لەخۆی بێ و بتوانی کۆنترۆلی خۆی بکا، لە مەترسی تێبگا، خەڵک بناسێ... ئەگەر پەیامنێری کورد، ئەوانەی سەرەوەی زانی، ئاسانتر زۆرترین زانیاری دەگوازێتەوە و زۆرترین جەماوەریش بە زانیاری تێر دەکا و کەمتر مەترسی لەسەر ژیانیشی دەبێ.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، دەبی پەیامنێرانی جەنگ بەهەندی وەربگرن، کە بچووکترین گروپی ئیرهابی یان پارتیزان باش دەزانن، کاریگەری ڕاگەیاندن گەلەک زۆربووە، بۆیە زۆرجار ئەوان هانا وەبەر گرتن یان کوشتنی ڕۆژنامەنووس دەبەن، بۆ ئەوەی پەیامیان بگات و زۆر باس بکرێن و دەنگیان بڕوا، بۆیەش بە هیچ شێویەک نابی هیچ ڕۆژنامەنووسێک، بێ بەشداریکردن لە خولی خۆپاراستن، بۆ بەرەکانی جەنگ بنێردرێ.

ئەگەر باس لە مێژووی ڕۆژنامەنووسانی بەرەی جەنگ لە جیهان بکەین، کەسانی زۆر هەن، ئەزموونی پەیامنێرییان دەوڵەمەند کردووە. لەناو ئەوان، ئێرنست هێمێنگوای، جۆن رید، کونستەنتین سیمیرنۆڤ...هتد.

کەشوهەوای کارکردنی ڕۆژنامەنووسانی بەرەی جەنگ و ناوچە کێشەلەسەرەکان، رۆژ دوای رۆژ ناخۆشتر و گرانتر بووە، ئەگەرچی ژمارەی ئەو رێکخراوانەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان دەکەن وەک: نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور، ئەمنستی ئینتەرناشیونال، پزیشکانی بێسنوور، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان...هتد، بەردەوام لەزیادبووندان.

Urban Löfqvist بەرپرسی ئیدارەی پەیامنێرانی بێسنوور، لەوبڕوایەدایە، کارکردن لە ناوچە کێشەلەسەرەکان گرانتر و ئالۆزتر بووە، بۆیەش تەنیا لە ساڵی ٢٠١٢ لە جیهان ٨٨ ڕۆژنامەنووس کوژران.

لەکۆتایی ٢٠٠٧ بۆ پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان حەوت دەوڵەت یاداشتێکیان مۆر کرد لەوانە: ئوستراليا، دانمارک، فەڕەنسا، کەنەدا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئەمریکا. ئەم یاداشتە ئارەزوومەندانەیە و لەلایەن:

(Press Freedom Organizations) پێشوازی لێدەکرێ، بەڵام داخ دەخۆن، بۆچی هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزایان نەکرد...

یەکەم پێکهاتن لەسەر پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووس لە ساڵی ١٨٦٤ و دوا پێکهاتنیش لە ساڵێ ١٩٤٧ ئیمزا کرا... دوای ئەوە دوو جاری دیکە دوو بەڵگە مۆر و پەسند کرایە.

## دەربارەی: وڵاتپارێزی و وڵاتپارێزی کورد (Patriotism)

له ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

وشەی: (Patriotism – وڵاتپارێز) بە کوردی، لە بنەڕەتدا لە وشە یۆنانییەکەی (*patriōtēs* - πατριώτης پەتریۆتێس) وەرگیرایە و ئەگەر بۆ زمانی کوردی وەک خۆی وەریبگێڕین دەکاتە: خۆشەویستی بۆ وڵات، وەفا و خۆشەویستی بۆ وڵاتی دایک، بۆ دەوڵەت، بۆ ئەو شوێنەی لێی لەدایک بوویت.

وڵاتپارێز (Patriot) بەو کەسە دەگوترێ، کە وڵاتی خۆی خۆش دەوێت و ئامادەیە گیانی لەپێناو بەخت بکا، بۆیە کەسی پەتریۆت خەون دەبینێ و کاردەکا بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەردەوام ڕوو لە درەوشانەوە بێت.

لەڕاستیدا، وڵاتپارێزی تەنیا بۆ سەرتاسەری وڵات یان وڵات لە چوارچێوەی سنووری جوغرافی سیاسی بەکار ناهێندرێ و بۆ لۆکال - ناوچەش ئەم دەستەواژەیە هەیە بۆیە، دەکرێ هاوڵاتییەک تەنیا ناوچە (گوند، شارۆچکە، شار یان هەرێم)ی خۆی خۆشبوێت. هەرچەندە لە زمانی کوردی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر جار بە شێوەیەکی خراپ (نێگەتیڤ) لەم خۆشەویستییە تێدەگەن و ئەو کەسەی هەرێمی خۆی خۆشبوێ، بە کەسێکی کۆنەپەرست یان دواکەوتووی لەقەڵەم دەدەن، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژانە خەڵکی زۆر دەبیندرێن، کە نازناوی ناوچە: (خۆشناو، دزەیی، بارزانی، هەرکی، گەرمیانی، تاڵەبانی)یان هەڵگرتووە.

کەسی patriot وڵاتی خۆی خۆشدەوێ و برادەری وڵاتی خۆیەتی. ئەو هیچ مەرجی خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی لەسەر خۆی دانەنایە و نییە، هەموو کارێک دەکا، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بگەشێتەوە، هاوڵاتییانی خۆشتر و بەختەوەرتر بژین.

وشەی پەتریۆتیست و ناسیۆنالیست هەیە و زۆر کەس لەیەکتر جیایان ناکاتەوە و لەگەڵ یەکتر تێکەڵیان دەکا، لەگەڵ ئەوەش دیارە جیاوازن و لەیەکتر دوورن، ئەگەرچی هەردووک جۆر کەس هەمان وڵاتییان خۆشدەوێ. ناسیۆنالیست زیاتر ئایدیۆلۆژیایە و بە سیاسەتەوە لکێندراوە یان بەستراوەتەوە. خەڵک هەن وڵات پەرستی لەگەڵ ڕەسیزم تێکەڵ دەکەن.

کەسی پەتریۆت دەتوانی کەسێکی دیکەی دەرەوەی وڵات یان نەژادی خۆی خۆشبوێ، بەڵام کەسی رەسیست تەنیا هاوڵاتییانی وڵاتەکەی خۆی خۆشدەوێ و کەسانی ئاوارە و بیانی خۆش ناوێ. کەسی پەتریۆت، تەنیا بە دروشم و قسەی جوان وڵاتی خۆی خۆشناوێت، بەڵکو بەکرداریش وڵاتەکەی خۆی خۆش دەوێ، بۆیە کەسێک ناتوانی لە کۆبوونەوە و شاشەکانی تەلەفزیۆن خۆی وەک پەتریۆت پیشان بدا و لە ژێرەوەش خەریکی دزی و گەندەڵی بێت.

مێژووی پەتریۆتیزم دوور نییە و لە هەندێک وڵاتی وەک سوید و هۆڵەندا لە دوای ساڵەکانی ١٧٦٠ پەیدابوو. هەر بۆ نموونە: شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا (١٧٩٨) پەتریۆتیان پێدەگوترا.

لە زۆربەی وڵاتان دیاردەی پەتریۆتیزم وەک دیاردەیەکی پۆزەتیڤ سەیر دەکرێ، بەڵام لە هەموویان زیاتر ئەم دیاردەیە لە ئەمریکا و کەنەدا زۆر بڵاوە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەک، کە لەلایەن (World Values Survey) ئەنجام دراوە، پلەی یەک بۆ چوار (یەک خراپ و چوار زۆر باش) پیشانی دەدا، ئەمریکا وەپێش هەموو وڵاتان کەوتییە و پلەی 3,98 هەیە، ئەڵمان لە ڕیزبەندی دواوەن و پلەی 1,37 یان هەیە.

ئەگەر کەمێک دوور بگەڕێینەوە و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبین، ئاستی وڵاتپارێزی لای خەڵکی روس بەردەوام بەرز بووە، بۆیەش لە دوو شەڕی زۆر گەورەی ئەوروپا و جیهان، یەکەمیان لەلایەن ناپلیۆن پۆناپارت (١٨١٢) و شەڕی دووەمیش لەلایەن هیتلەر (١٩٤١) بەسەریان سەپێندرا، زۆر لە توێژەران لەو بڕوایەدان، هۆی سەرەکی بردنەوەی هەردووک شەڕی مەزن، بەرزی ئاستی وڵاتپارێزی خەڵکی روس بوو. وڵاتپارێزی ئەوان گەیشتە ئاستێک، لە شەڕی دووەمی جیهانی شاری لێنینگراد بۆ ماوەی ٩٠٠ رۆژ لەلایەن لەشکری نازی هیتلەر دەوری گیرا، نەک هەر تەسلیم نەبوون، بەڵکو بەو زستانە ساردانە یەک داریشیان بۆ خۆگەرمکردنەوە و پێویستی دیکە نەبری.

بەگوێرەی بەڵگە مێژووییەکانی بەردەست، وڵاتپارێزی لەناو کورد هەمیشە لاواز و کزبووە، بۆیەش هەوڵەکانی دروستکرنی دەوڵەتی کوردی یان دروستکردنی ناوچەیەکی سەربەخۆی کوردی، زیاتر لەپاش جەنگی

یەکەمی جیهانی بە شێوەیەکی فراوان لە کوردستان سەری هەڵدا و گەورەبوو. کۆمەڵێک شۆڕش لە شوێنی جیاجیای کوردستان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی وڵات هەڵگیرسان و لەناو ئەوانیش زیاتر کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول، وڵاتپارێزییان لەناو کوردان بەهێز کرد. لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە، کەسانی کوردپەروەر بۆ پشتگیری و پاراستنی کۆماری مەهاباد چوون. دەربارەی شۆڕشی ئەیلولیش دیارە، شۆڕشێکی زۆر جەماوەری بوو و پشتگیری فراوانی لە سەرتاسەری کوردستان هەبوو.

گەشترین و درەوشاوەترین قۆناغی وڵاتپارێزی کورد دەکرێ بگوترێ لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد. لە هەر چوار پارچەی کوردستان حزبی سیاسی لە گۆڕەپان خەباتیان دەکرد و لە زۆربەشیان خەباتێکی چەکداری زۆر گرانیان بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و بزوتنەوەکانیان دەکرد. وڵاتپارێزی لای سەرکردە و پێشمەرگە بە ئاستێک بەرزبوو، کەس باکی بە مردن و شەهیدبوون لە پێناو کوردستان و دەوڵەتی کوردی و ئازادی و سەربەخۆیی نەبوو.

وڵاتپارێزی لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ جارێکی دیکە ئاستی نزم بوو و بۆ خوارەوە ڕۆیشت، لەکاتێکدا چاوەڕێ دەکرا وەک سەرەتای هەشتاکان لە لوتکەبێت. ئەم دابەزین و ڕقبوونەوە لە کورد و کوردستان و حزبی سیاسی کوردی، گەیشتۆتە ئاستێک، ئەگەر سەرۆکی هەرێم، ئیعلانی دەوڵەتی کوردی بکات و هەموو وڵاتانی جیهانیش بە ئاشکرا پشتگیری لەم کۆمارەی کوردان بکەن، خەڵکێکی زۆر دژی ئەم کۆمارە ئازادەی کوردستان دەوەستن. ئەم دژ وەستانە زیاتر ئاست نزمی وڵاتپارێزی کوردان پیشان دەدا، نەک پێچەوانەکەی.

## ئەگەر بایەخ بە کولتور بدرێ، کەس لەماڵی خۆی میوان نییە

لە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

من بەتەنها نیم و بەلای کەم سی دایک و باوکی دیکەش بەشداری ئەو ئاهەنگە کولتورییە خنجیلانەی باخچەی ساوایانی شیلانەن. چەند هەفتەیەک پێشتر ئاگادار کراوینەتەوە، لە کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ لەوێندەر ئامادەبین و هەر یەک لەگەڵ خۆی باشە: خواردن، میوە، شەربەت یان کێک بێنێ و قاوە و چاش مامۆستایانی باخچە لێیدەنێن. من کەمێک پێش کاتژمێر سێ لەوێندەرم و بەو ڕۆژە خۆشەی ناوەڕاستی حوزەیران ئەو باخچەی ساوایانە لە میوان و دایک و باوک جممەی دێ.

کەس چاوەڕێی کەس ناکات و لە کاتوساتی خۆی هەموویان ئامادەن. ئێمەیان بۆ ژووره گەورەکەی بنەبان برد، کە بەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگ زۆر جوان ڕازاوەتەوە. لە پشتەوە شوێنێک بۆ وەستانی مامۆستا و منداڵەکان ئامادەکرایە و لە پشت ئەوانیش لەسەر کاغەزێکی گەورە بە زمانی سویدی (کولتورفێست – ئاهەنگی کولتوری) نووسرایە.

گۆرانی یەکەم لەلایەن منداڵەکان دەستی پێکرد، گۆرانی دووەم و سێیەم و چوارەم و زیاتر خوێندران و پاش هەر گۆرانییێکیش دەنگی چەپڵە و براڤۆ دوور دوور دەڕۆیشت. گۆرانییەکان هەموویان کورتبوون و بە کۆرسیش دەگوتران و دوو مامۆستاش یارمەتی منداڵەکانیان دەدا و ئاهەنگەکەیان گەرمتر دەکرد.

بۆ ئەو منداڵانەی هەر ئەو ڕۆژ باخچەیان تەواو دەکرد، کڵاوێکی زۆر جوانی ڕەشیان بۆ بە کاغەز دروست کرابوو. پێش کۆتایی ئاهەنگ ناوی یەک یەکەیان خوێندرایەوە و بڕوانامەیان پێبەخشرا. ئەو ئاهەنگە جوان و قشتە، لەماوەی کەمتر لە یەک کاتژمێر تەواو بوو و منداڵەکان بەڕاکردن بۆلای دایک و باوکیان چوون. خواردن و خواردنەوەی و قاوە و چا و شەربەت و کێک دەستی پێکرد و بەلای کەم یەک کاتژمێری دیکەش هەموومان لەوێندەر ماینەوە. کەس نازانێ، ئەو دایک و باوکانە چ جۆرە کارێکن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ئاهەنگە فەرهەنگییە، هەموومانی لەم باخچەیە کۆکردەوە.

سێ هەفتە ڕەت نەبوو، لە ١١ی تەموز و هەر لە ستۆکهۆڵم لە باخچەیەکی (یوردگۆردن) لەسەر ڕووبار سەکۆیەک بۆ شانۆ دروست کرایە و من و منداڵەکانیش بەلای کەم لەگەڵ هەزار کەسی دیکە دانیشتووین. شانۆی گەڕۆکی ئەمساڵ، یادی گۆرانیبێژە گەورەکانی سەدەی ڕابردووی جیهان دەکاتەوە.

هەمووومان دەزانین، باس لە مۆسیقای (jazz وblues)ی Billie Holiday دەکرێ و وەک یەک لە گەورەترین گۆرانیبێژی جاس و بلوزی سەدەی ڕابردوو ناوی دەهێندرێ، بیلیێ هۆڵیدەی لە ٧ی نیسانی ١٩١٥ لە Philadelphia لەدایک بووە و لە تەمەنی ١٥ ساڵی لەگەڵ دایکی بۆ نیۆیۆرک دەگوازنەوە و هەر لەو تەمەنەش لە بوردێلێکی نیۆیۆرک وەک لەشفرۆش کار دەکا. ئەو کیژە هونەرمەندە ژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆشی هەبووە و بێباوک، لەگەڵ دایکی گەورە بوو. Billie Holiday پاش ماوەیەک لە نادییەکانی شەوان، گۆرانی دەڵێت و زوو ناوبانگێکی زۆر گەورە پەیدا دەکا و واز لە لەشفرۆشی دێنی. تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣ – ١٩٤٤ توانی ٢٠٠ قەوان تۆمار بکا. لەبەر خواردنەوەی زۆر و ئاڵودەبوونی بە نارکۆتیکا (مادە هۆشبەرەکان) ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە تەمەنی ٤٤ ساڵی کۆچی دوایی کرد.

ئێستا و ئەمڕۆ گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە گەورەیە لەلایەن کچێکی زۆر دەنگخۆشی سویدی Anna Sise بۆ ئێمە دەگوترێ. ئاننە جگە لە گوتن یان خوێندنی گۆرانییەکان، باس لە ژیانە ئاڵۆز و ناخۆشەکەشی دەکا. هیچ بەدەست خۆم نەبوو، چەند زیاترم لەسەر ژیانی بیلیێ بەو دەنگە خۆشە دەبیست، ئەوم زیاتر خۆشدەویست و ژیانی تایبەتی و پیشەی پێشتری لەشفرۆشی ئەوم هیچ بەلاوە گرنگ نەبوو. هەر لەوکات تێگەیشتم، سەربازانی بواری فەرهەنگ، بۆ نان پەیداکردن، قەت پێویستیان بە پاسا و یان خۆسپیکردنەوە نییە. لەهەموو هەورەکان فریشتەن و ڕوحی میللەت لە پاکترین شوێن دەپارێزن.

ئاننە سیسێ، لەسەر خوێندنی گۆرانییەکانی Billie Holidayی بەردەوامە و ئەو جارانەی سەیری ئاسمانم دەکرد دەمبینی لە ماوەیەکی زۆر کەم، پەڵە هەورەکان لەبەر چاوی من ڕەنگیان لە سپی بۆ بۆر گۆڕدرا و لە هەتاوی خۆش باران دایگرت. ئەو بارانە خەڵکی هیچ مشەوەش نەکرد

و ئاهەنگەکەی سارد نەکردەوە. هەریەک لای خۆی چەترەکەی دەرهێنا و لەسەر گوێگرتن بەردەوام بوون. خەڵک هاتوون گوێ لە مۆسیقای جاز رابگرن و تام لەفەرهەنگ وەربگرن،

بۆ من هیچ شتێکی شاراوە نەبووە، کە فەرهەنگ روحی میللەتە بەڵام تێناگەم، بۆچی ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە کولتور بۆ تامکردن و جوانکردنی ژیان وەربگرین. دەبی لە باخچەی ساوایانەوە وەک دەرمان بە مەمە بە منداڵەکانی بدەین تا لە تەمەنی گەورەیی لێی نەترسین، پەرەی پێبدەین و پشتگیری بکەین.

فەرهەنگ لەڕاستیدا، سنوور و نەتەوە و ئایین و کاتی نییە، بۆیەش دەرمانی بەردەوامبوونی ژیانە و ئاسودەکردنی ڕوحی میللەتە. بەدوور نازاندرێ، ئەگەر ئێمە لەپاش ڕاپەڕین و لە کوردستان، زیاتر بایەخمان بەم بوارە گرنگەی ژیان دابا، ئەمڕۆ ئاسودەتر دەژیاین، کێشەمان کەمتر دەبوو و کارەکانمان جوانتر دەکرد و کوردستانمان، قەت توشی ئەم هەموو قەیرانە یەک لەدوای یەکە نەدەبوو، بێگومان لەوکات هەستی نەتەوایەتیمان بەرزتر دەبوو و کەس لەماڵ و وڵاتی خۆی هەستی نەدەکرد میوانە.

ئەو حکومەت و وڵاتانەی بایەخ بە فەرهەنگ دەدەن، داهێنانی باشیان هەیە، نووسەر و هونەرمەندی گەورەیان هەیە، مرۆڤەکانیشیان خۆشتر و زۆرتر دەژین و دزی و گەندەڵیش کەمترە.

## ئەوانەی دوێنێیان لەبیرکرد و ناشیانەوێ لەمڕۆ تێبگەن

له ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ماوەیەکە هەڵمەتێکی نەرم لەسەر سەدام و ڕژێمەکەی لە هەندێک سایت و ماڵپەڕەکانی کۆمەڵایەتی دەستی پێکردووە و بێشەرم و بە ئاشکرا، باس لە لایەنێکی پۆزەتیڤی ژیانی سەدام حوسێن دەکەن، کە خوێنەر بیەوێ یان نەیەوێ، ئەو گەورە دیکتاتۆرە وەک کەسێکی زۆر بەوەفا و مرۆڤدۆست دێتە بەرچاو. جگە لەوە زۆرجار لە شاشەکانی تەلەفزیۆنیش باسی سەدام حوسێن دەکرێ و هەندێ کەس بە ئاشکرا مەدحی دەکەن و ئەویان لە سکرتێر و سەرۆک حزبەکانی کوردستان و حکومەتەکەی هەرێم زۆر لاباشترە.

ئەم هەڵمەتە دیار نییە لەلایەن چ کەسێک دەستی پێکردووە، ناشزاندرێ ئەوانەی بە نەرمە نەرم مەدحی سەدامەمان بۆ دەکەن، بە ڕادان ئەو کارە دەکەن یان پێشتر خۆیان یان باوکیان جاش یان بەعسی بوون یانیش لە گێلی و نەفامی خۆیانە، بەڵام بۆ ئێمە هیچ جیاوازی نییە و لەهەموو حاڵەتەکان ئەو کەسانە دەبی بزانن، بەرگری لە دیکتاتۆرێکی هەرە گەورەی سەدەی بیست دەکەن.

ئەوەی سەدام لەماوەی حوکمڕانی خۆی (١٩٦٨ - ٢٠٠٣) دژ بەگەلانی ئێراق بە گشتی و خاک و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کردی، جیاوازی زۆری نییە لەوەی هیتلەر دژ بە جوو و قەرەج و کەمئەندام و گەلانی سلاڤی کردی.

ئەو کەسانەی سەدامیان لە سەرکردەکانی کورد لاباشترە، نازانن یان نایانەوێ بزانن، سەدام نزیکەی پێنج هەزار گوندی کوردی کاول کرد. ئەو تەنیا ئەو پێنج هەزار گوند و شارۆچکانەی کوردستانی سووتاند، ڕووخاند، کیمیاباران کرد، لەبەر ئەوەی نەبوو نەیویست زیاتر گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان وێران بکا، بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچی دیکە لە کوردستان نەبوو یا نەمابوو تا بیسوتێنێ، بیروخێنی، وێرانی بکا. لەم بەشە جوانە شاخاوییەی کوردستان، هەر ئەوەندە گوند و شارۆچکەی تێدابوو، خۆ ئەگەر لەو ناوچانە چل هەزار گوند و شار و شارۆچکەی کوردی

هەبوونایە، هیچ گومانێک نییە، سەدام حوسێن هەر هەموویانی دەڕوخاند، دەسووتاند، کیمیاباران دەکرد و کانییەکانی ژەهر تێدەکرد و کۆنکرێت دەکرد. هەر سەدام بوو هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی لە بەهاری ١٩٨٨ بوردومان کرد و بەلای کەم پێنج هەزار کوردی لە چرکەساتێک شەهید کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردبوون. هەر سەدام بوو، هێرشی وەحشییانەی هەشت ئەنفالەکانی لە ڕۆژی سێشەم ڕێکەوتی ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەست پێکرد و لە ڕۆژی دووشەم ڕێکەوتی ٨ی ئابی ١٩٨٨ کۆتایی پێهێنا. ڕژێمی بەعس تەنیا لەم هەشت هێرشە، لەماوەی ١٦٨ رۆژ، ڕۆژانە ١٠٨٣ ژن و منداڵ و کچ و پیاو و کوڕی کوردی زیندەبەچاڵ کرد و کوشت. هەر ئەو ڕژێمە بۆگەن و پیسەبوو، هەشت هەزار پیاو و مێرمنداڵی بارزانی لەسەر سنوورەکانی سعودییەی عەرەبی و بیابانەکانی باشور زیندەبەچاڵ کرد و کوشت،

خۆ ئەوەی سەرەوە هەموو کارە پیسەکانی سەدام نەبوون دژ بە کورد، ڕۆژانە لە بەندیخانەکانی موسڵ و ئەبوغرێب گەنج و تێکۆشەرانی کوردی لەسێدارە دەدا، لە شارەکانیش بە ئاشکرا خانووی پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕشی لەبەرچاوی هەزاران کەس تەخت دەکرد و فیلمی تێکدانیشی دەگرت.

هەر ئەو ڕژێمە پیس و دیکتاتۆرە بوو، شوانی کوردی دەگرتن و لە کۆپتەر لە ئاسمان بەریدەدانەوە، خوشک و دایکی شەهید و پێشمەرگەی لەبەندیخانەکان ئەشکەنجە دەدا.

هەر ئەو سەدامەبوو، شەڕێکی دژ بە ئێران لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دەستپێکرد و لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ ڕاگیرا و لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان هەردووک وڵات بەگوێرەی ژمارە فەرمییەکان، ئێراق نزیکەی ٣٠٠ هەزار سەربازی کوژرا و زیاتر لە ٥٠٠ ملیار دۆلاریش خەرجی شەڕەکەی بوو. ئێرانیش بەگوێرەی ڕای پسپۆران ٥٠٠ هەزار تا یەک ملیۆن کەسی لێکوژراوە و زیانی ئابووریشی بە زیاتر لە ٥٠٠ ملیار دۆلار دەخەملێندرێ.

سەدام حوسێن بوو لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ هێرشی کردە سەر وڵاتی کوێت و داگیری کرد، هەر ئەو بوو ئەهوارەکانی باشووری ئێراقی وشک کرد، کە مێژوویێکی زۆر جوانیان بۆ جیهان دەگێڕایەوە و شارستانییەتی سۆمەری و بابلییان تێدا دەبیندرا. بە فەرمانی سەدام بە ملیۆنان دارخورما لە ناوەڕاست

و باشووری ئێراق بردران، بیرەنەوتەکانی کوێتی تەقاندەوە و دوکەڵی چیاکانی کوردستانیان ڕەش و ڕەتکرد. سەدام بوو ئابووری وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندی تێکدا و وڵاتی خستە ژێر قەرزی دەرەوە.

کاریگەری رژێم و حکومەتە فاشیلەکەی سەدام بوو، ٢٥ ساڵ بەسەر ڕوخان و نەمانی ڕەتبووە، هێشتا لە کوردستان لە کێشە گەورەکانی دارایی و ژینگە و کۆمەڵایەتی و دەروونی و شەڕ و ئاژاوەکان ڕزگارمان نەبووە.

ئەو کەسانەی سەدامیان خۆش دەوێ و بە نەرمە نەرم دەیانەوێ لەچاوی خەڵک بیکەن بە پاڵەوان و مرۆڤدۆست، بۆ لەسەر ئەو هەقیقەتانەی سەرەوە نانووسن یان تەقویمی وێرانکردنی کوردستان بڵاوناکەنەوە، یادی شەهیدانی تێکۆشەر ناکەنەوە، داستان و نەبەردییەکانی پێشمەرگە وەبیری خەڵک ناهێننەوە.

خیانەتێکی زۆر گەورەیە، نەرمە رێکلام بۆ سەدام بکرێ یان ئەو لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بەراوورد بکرێ (با سەرکردەکانیشمان فریشتە نەبن)، باس لەوە هەرناکەین، زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەر و ئەندامانی حزبەکەی سەدام، ئێستا لەژێر ناوی داعش وەک جاران خەریکی وێرانکردنی کوردستانن و بە ئاشکرا جارێکی دیکە خوشک و کچ و ژنی ئێمەی کورد لە سوقەکانی خۆیان هەراج دەکەن.

## پەلە، لە پێشکەوتن ناکرێ

لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

هەموو گەل و وڵاتێک دەبێ بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی سروشتی خۆیدا بڕوات و ناشبێ هیچ پەلە لە پێشکەوتن و ریفۆرمە یەکلاکەرەوەکان بکرێ. ئەگەر کۆمەڵگایەک قۆناغەکانی پێشکەوتنی سروشتی خۆی نەبڕیبێ و بە کردار هەر لە سیستێمی فیودالی (دەرەبەگی) مابێتەوە، ناکری بە پاڵ و پازدان و پەلە و ڕاکێشان بۆ سەردەم و کاتی ئێستا بهێندرێ، چونکە گواستنەوەی زۆرەملێ و بەخورتی زیانی لە قازانج بۆ حکومەت و کۆمەڵگا زیاترە. نەبووە و ناشبی کێشەی گەورە بە نووسین و دەرکردنی یاسای پێشکەوتوو، حکومەت و گەل لە قۆناغێکی دواکەوتوو و ناخۆش بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو و خۆش بگوازێتەوە.

هەر بۆ نموونە: تا پێش ڕاپەڕین، ژمارەی تەلەفۆنی زەوی (نۆرمال) لە ماڵەکانی کوردستان زۆر کەم بوو و لەهەر کۆڵانێک لە چەند ماڵێک زیاتر خاوەنی تەلەفۆن نەبوون. لەماوەیەکی زۆر کەم وێستگەی تەلەفۆنی مۆبایل بۆ کوردستان هات و لە چەند ساڵێک نیوەی زیاتری سەرووی تەمەن ١٥ ساڵ، خاوەنی ژمارەیەکی تایبەت و ئامێرێکی پێشکەوتوبوو. هەزم نەکردن یان پێڕانەگەیشتن بە هەزمکردنی ئەم تەکنۆلۆجیا تازەیە، کێشەی زۆری بۆ کۆمەڵ دروست کرد و سەدان کچ و ژنی لەسەر کوژرا و هێشتا زیاتریش دوژمنداری دروستکرد.

بە هەمان شێوە تا پێش ڕاپەڕین، ژمارەی ئەو کەسانەی لە کوردستان ئۆتۆمبیلیان هەبوو، زۆر نەبوون و لەماوەی چەند ساڵێک ژمارەیان زۆر زیادی کرد و بیندرا، شەقامە تەسکەکان بەشی ئەو لێشاوەی نەکرد و بەرگەی نەگرت. قەیرانی بەنزین پەیدابوو و لەهەمووشی خراپتر ئەخلاقی ئۆتۆمبیل لێخوڕین نەما یان نەزاندرا و حکومەت پیڕانەگەیشت بە یاسا ئەم کێشەیە چارەسەر بکا. تا ئێستاش خەڵک وەک هار ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن و کەس ڕێگا بەوەی پێش یان دوای خۆی نادا. لەجیاتی تام و سوود لەم ئۆتۆمبیلە جوان و نوێ و باشانە وەربگرن، ڕۆژانە کۆمەڵێک کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن و هێشتا زیاتریش بریندارەدەبن.

هەر لەسەر پێشکەوتنی سروشتی: تەلەفزیۆن مێژوویێکی دووری هەیە و بە فەرمی لە ئۆلۆمپیاتی بەرلین لە ساڵی ١٩٣٦ بەکار هاتووە، بەڵام زیاتر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بە جیهان بڵاوبووەوە. تەلەفزیۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو و بناغە پتەو، هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی لەسەرخۆ و بە سروشتی بڕی. سەرەتا پەخش بەڕێگای زەوی دواتر بە ڕێگای کابل ئینجا سەتەلایت پاش ئەوانە بە ڕێگای برێدباند (هێڵی پان) و دواهەمیشیان گەیشتە قۆناغی دیجیتاڵ... هیچ لەم پێشکەوتنانەی سەرەوە لە کوردستان نەبوون، بۆیە ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم ڕەتیکرد، نەیانتوانی کەناڵێکی حکومی یان نیشتمانی بۆ هاوڵاتییانی کوردستان دابمەزرێنن و بەڕێوەیببەن. شاشەی کوردی نەیتوانی وەک شاشەی وڵاتانی دراوسێ جوان و پڕزانیاری و پەروەردەیی بێ، هەستی کوردایەتی بەهێزبکا و خەڵک کاتی خۆشی بەرامبەر بەسەر ببا. (لەگەڵ هەبوونی ئەو تێبینیانەش، دەبێ بنووسرێ شاشەی کوردی ئێستا لە بەر لە دەساڵ زۆر باشتر و جوانترە.). لەڕاستیدا، دەکرا هەندێک باشتر سوود لەتەلەفزیۆن وەرگیرابا، شاشەکان کەمێک جوانتر کرابان، بەرنامەی باشتر ئامادە و پەخشکرابان، ئەگەر جوانتر لەم لکە گرنگەی ڕاگەیاندن گەیشتبان و بودجەی زۆرتریان بۆی خەرج کردبا.

هۆی یەکەمی ئەو بەرەڵاییەی لە هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆن هەیە، بۆ کەمی ئەزموون و بەشنەکردنی ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ دەگەڕێتەوە.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ، کە پێشکەوتنەکانی تەلەفزیۆن وەک خڕ پێشکەوتنەکانی دیکە، لە کوردستان بە شێوەی سروشتی نەبووە و بە کۆپی و پازدان بووە، بەتایبەتیش لەوکاتەی ئەو هەقیقەتە دەزانین، کە تەلەفزیۆنی کوردی لە پاش ڕاپەڕین بە نەساغی لەدایک بوو و زۆری نەبرد خۆی لە قۆناغی سەتەلایت و دیجیتاڵ دۆزیەوە.

هەر ئەم خراپ تێگەیشتن و بەشنەکردنی ئەزموون و پازدانەشە بۆتە یارمەتی، پەیامنێر بێ دیتنی خولی پێویست و پەروەردەکردنی باش، بۆ بەرەکانی جەنگ ڕەوانە بکرێ و لەوێندەر ژیانی خۆی و پێشمەرگە هەندێکجار بخاتە مەترسی.

وێدەچی، بەرپرسانی گەورە، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتمەداران، باڵادەست و ڕۆشنفکران، تێناگەن یان نایانەوێ تێبگەن، کۆمەڵگای

کوردەواری لە چ ئاست و قۆناغێکی پێشکەوتن دایە... ئەو بەرزڕوانینەی هەمووان، جگە لەوەی ڕاکردنە لە واقع، هەوڵ و هەنگاوەکانیش ئیستۆک دەکا، بەرنامە ستراتیژییەکان پوچەڵ دەکاتەوە... بۆیەش تێڕوانین و بۆچوونەکان ڕاست دەرناچن... بۆ کەس نامۆ نییە، زۆر لە یاسا دەرچووە تازەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕۆژی دووەمەوە پێویستیان بە هەموارکردن هەبووە، چونکە پەرلەمانتاران لە دونیایەکی خەیاڵاوی خۆیان ژیاون و لە کۆمەڵ دووربوون.

ئەوان نازانن، پێشکەوتنی کۆمەڵ بە نووسینی دوو گوتاری باش تەواو نابی، بە کردنەوەی دوو قوتابخانەی ئەهلی و سێ زانکۆ، گەل لە ناخۆشی و بەدبەختی ڕزگاری نابێ، بەڵکو پێویستی بە گەیین و کاتی پێویست هەیە.

ئاشقبوون و خۆشەویستی بۆ وڵات، ناکاتە ئەوەی پەلە لە ڕیفۆرم و گۆڕانکارییەکان بکرێ و بە پازدان کۆمەڵگای کوردەواری بۆ قۆناغێکی باڵا ببەیت، بەڵکو ئاشقبوون و خۆشەویستی بۆ وڵات، دەبی یارمەتیت بدەن، وڵات بەوشێوە ببینی، کە لە واقع هەیە، نەک ئەو واقعەی تۆ دەتەوێ ببینی یان کاری بۆدەکەیت و خەونی پێوەدەبینی.

## یەکێتی ژنان و ئافرەتانی کوردستان لە بازنەیەکی گچکە دەخولێنەوە

لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ هەزاران ژن لە ڕێیکیاڤیک Reykjavikی پایتەختی ئایسلاند لە کاتژمێر ١٤.٣٨ وازیان لەکار هێنا و بۆ بەشداریکردن لە مانیفێستێکی زۆر گەورە هاتنە سەرشەقامەکان. ژنان ئەو کاتەیان هەڵبژارد، چونکە ئەوان بە ڕێژەی ٣٠٪ مووچەیان لە پیاوان کەمترە. بەلایکەم٩٠٪ی ئەو ژنانەی کاریان دەکرد، لەم مانیفێستە بەشدار بوون.

هەر ژنانی ئایسلاند جارێکی دیکە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٥ بیست و پێنج هەزار ژن هاتنە سەر شەقامەکان و ئەوجاریش داوای مووچەی زیاتریان دەکرد. ئەو ژمارەیە (٢٥ هەزار) گەلەک زۆرە، ئەگەر بزانین ژمارەی دانیشتوانی ئایسلاند لەوکات تەنیا ٢٢٠ هەزار کەس بووە.

لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ ، کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە شاری Mar del Plata لە ئەرجەنتینا لەلایەن دوو کەس بۆ نەخۆشخانە بردرا و لەو بڕوایە دابوون، نارکۆتیکا (مادەی هۆشبەر)ی بەکار هێناوە. پاش لێکۆڵینەوە و بینینی جەستەی ئەم کچە، دەرکەوت توندوتیژی دژ بەکار هاتووە، بۆیەش کەمێک پاش گەیشتنی بۆ نەخۆشخانە دڵی بچوکی لە حەژمەتان زیاتر بەرگەی نەگرت و لە لێدان کەوت. بەگوێرەی قسەی Maria Isabel Sanchez داواکاری گشتی، ئەم کچە گەنجە بەزۆر ماریخوانە و کۆکاینی پێدراوە و ئینجا وەحشیانە جنسی لەگەڵ کراوە. سێ کەس بەو تاوانە گیران و گومان دەکرێ، سێ کەسەکە ئەو کچەیان لە دەرەوەی قوتابخانە ڕفاندبێ.

بەزۆر جنس لەگەڵ کردنی و کوشتنی ئەم کچە گەنجە، بەو جۆرە بەربەری و دڕندەییە، دەیان هەزار ژنی لە ئەرجەنتین لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ هێنا سەر شەقامەکان. خۆپیشاندانەکە هەر لە ئەرجەنتین و گواتیمالا و مێکسیکۆ لە ژێر ناوی: (یەکی دیش نا - Ni una menos نەوەستا و زۆربەی وڵاتانی لاتین ئەمریکای گرتەوە. ڕێکخراوی Ni una menos ی ئەرجەنتینی ئەم خۆپیشاندانە سەتاسەرییەی ڕێکخستبوو و تەنیا ژنیش تێیدا بەشداربوون و هەمووشیان جلی ڕەشیان پۆشیبوو. لەو خۆپیشاندانە سەرتاسەرییە، ئەو ژنانەی نەیانتوانی ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن، بۆ ماوەی

یەک کاتژمێر کاریان نەکرد. مامۆستایانی ژنیش لە قوتابخانەکان لەو کاتژمێرە وانەی: سێکس و پەیوەندی جنسی و پرسی ژنیان گوتەوە. بەگوێرەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەهەر ٣٠ کاتژمێر ژنێک لە ئەرجەنتین دەکوژرێ.

لە ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦، هەزاران ژنی ڕەشپۆش لە پۆڵۆنیا مانیان گرت و بەهۆیەوە، چێشتخانە و ئۆرگانەکانی حکومەت داخران. خۆپیشاندەران بەردەرگای نووسینگەی سەرەکی پارتی حوکمدار و ئەنجومەنی دادوەری و ئۆرگانەکانی یاساییان گرت و ڕێگایان بەکەس نەدا بۆ سەرکار بچێ. بەگوێرەی ژمارە رەسمییەکان، ساڵانە سەدان ژن بە یارمەتی دکتۆر لە پۆڵۆنیا منداڵ لەباردەبەن، بەڵام بەگوێرەی ڕێکخەرانی ئەو مانیفێستە، ئەو ژنانەی یارمەتییان نادرێ گەلەک زۆرترن. دکتۆرەکان دەستەڵاتی خۆیان نادادپەروەرانە بەکاردێنن و منداڵی هەموو ژنێک لەبارنابەن، کە ژنەکان دەیانەوێ، بۆیەش هەزاران ژن، ناچارن سنوورەکانی پۆڵۆنیا ببڕن و بۆ لەباربردنی منداڵیان بۆ ئەڵمانیا و سلۆڤێنیا بچن.

بەگوێرەت یاسای ئێستای پۆڵۆنیا، تەنیا لە سێ حاڵەت منداڵ لەباردەبردرێ: (لەوکاتەی ژیانی دایک لەمەترسیدایە، لەوکاتەی ژن بێویستی خۆی و بەزۆر جنسی لەگەڵ دەکرێ، یانیش ئەگەر منداڵدانی ژن بەرگەی هەڵگرتنی منداڵ نەگرێ). بەگوێرەی ئەم پرۆژە یاسایەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، دەیانەوێ منداڵ لەباربردن لە پۆڵۆنیا، بۆ هەموو ژنێک قەدەغە بکەن. هەڵمەتی قەدەغەکردنی (لەباربردنی منداڵ - abort ) لە پۆلۆنیا دەستی پێکرد، گەیشتە مۆسکۆ و ئێستا لە تەواوی روسیا قسە و باسی لەسەر دەکرێ.

لە ١٢ی ئابی ٢٠١٢ زیاد لە شەش هەزار ژن لە وڵاتی تونس ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان دژ بە حکومەتی تازەی ئیسلامی دەستپێکرد. حکومەتی تازە دەیەوێ دەستکاری دەستوری تونس بکات و لە دەستوری تازەش برپارە ماف و ئازادی ژن کەمبکا و بەیاسا ژن وەک تەواوکەری پیاو کاری لەگەڵ بکرێ. ژنانی تونسی لە دەستوری پێشتری ساڵی ١٩٥٦، هیچ جیاوازییان لەگەڵ پیاو نەبوو و هەموو مافێکی خۆیان هەبوو.

یەکرێزی ژنان لە دەرەوە بێکۆتاییە و تا ئێستا توانیویانە بە ئاسانی لە هەرکاتێک، لە هەرشوێنێک ویستبیان دەیان هەزار ژن کۆبکەنەوە و داوای مافی خۆیان لە حکومەت و ئۆرگانەکانی حکومی و حزبی بکەن.

دوو ڕێکخراوی زۆر گەورە: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان لە وڵاتەکەمان هەن. ژنان و ئافرەتانی ئەم دوو ڕیکخراوە گەورە و پڕلکوپۆپانە، لە ماوەی ٢٥ ساڵی حوکمڕانی کوردی، هەموو کات، ئەو بودجەی ویستوویانە بە زیاد و بێکێشە و ماندوبوون بۆیان دابین کراوە، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان باڵەخانەی زەبەلاحیان بۆ دروستکراوە و سەدان کەسیان بە مووچەی زیاد لە ملیۆن بۆ دامەزرایە. ژنان و ئافرەتانی کوردستان لەلایەن حزب و حکومەت، ژندۆست و ژنپەروەر، نازی تەواویان هەڵدەگیرێ و هەموو یارمەتییێکیان دەدرێ.

پێش نزیکەی بیست ساڵ، ژن و کچ لە قەیسەری هەولێر لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەوکات، بە نوێژی نیوەڕۆ بە دەرزی تیزابیان پێدادەکرا، یەکێتی ژنان و ئافرەتان نوقەیان نەهات و شەش کەسیان دژی ئەم تێرۆرە کۆنەکردەوە. چوار ساڵی ڕێک لە شەڕی ناوخۆ، هەزاران برا و کوڕ و باوک و پیاویان لە هەردووکلا شەهید بوون، دیسان وەک بڵقی ژێرئاو دەنگیان نەڕۆیشت و ڕاستەوخۆ لە شەڕی براکوژی تەڕەفبوون. لەو بەشە بچوکەی باشووری کوردستان ساڵانە بەلای کەم هەزار کچ و ژن بەناوی ناموس و شەرەف دەکوژرێن، جووتە یەکێتییەکە نوقەیان لەدەم دەرنەهات، کچی منداڵ و هەرزەکار لەلایەن پیاوی وەحشی دەستدرێژی جنسیان لێدەکرێ، دیسان ژنان و ئافرەتان بێدەنگی هەڵدەبژێرن، کچ بەزۆر بەشو دەدرێ و ئەوانیش هەربێدەنگن. کچانی کورد لە سوقەکانی عەرەبی بە ١٨ دۆلار بەکرێ دەدرێن و دەفرۆشترێن، دوو ڕێکخراوی ژنان نەیانتوانی پرۆتێستۆ، خۆپیشاندان یان خربوونەوەیەک ساز بکەن.

هەموو ئەو غەدرانەی لە کچ و ژنان لە کوردستان دەکرێ، دوو یەکێتی گەورە لە نووسینی چەند گوتارێک، گێڕانی چەند سێمینارێک، پرۆتێستۆکەیان دوورتر بڕینەکرد، لەکاتێکدا هەزار و یەک هۆ و ئیمکانیات هەیە، لەو غەدرانە بێنە وەڵام و مێژوویێکی جوان بۆ خۆیان تۆمار بکەن، کەچی دەبینین لەبازنەیەکی بۆش و بێکۆتایی دەسوڕێنەوە و بینەرێکی ساردوسڕی کوشتن و لێدانی خوشک و کچانیانن...

بێگومان دەیان ڕێکخراوی دیکەی گچکە و گەورەی مەدەنی ژنان لە کوردستان هەن و بە ئارەزووی خۆیان حکومەت و حزب دەدۆشن، بەرهەمیشیان لە هەردووک یەکێتی ئافرەتان و ژنان کەمتر نەبی زیاتر نییە...

## دەربارەی: هەزمکردنی ڕەخنە و نووسینی وەڵامی ڕەخنە

لە ٦ی نۆڤێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

زۆر بەدەگمەن وەڵامێکی جوان و باشی گوتارێکی ڕەخنەگرانە یان ڕاپۆرتێکی شیکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆکان لە لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێ. هەموو ئەو وەڵامانەی دەبیندرێن و بڵاودەکرێنەوە، بەرگریکردنێکی کوێرانە و توندە لەخۆ و نووسەری یەکەمیش بەدرۆزن و بوختانچی و هەندێک جار بە تێکدەر و خۆفرۆشیش باس دەکرێ، بەتایبەتیش لەو کاتانەی ڕەخنەکان ئاراستەی کەسانی باڵای حزبی و حکومی کوردی دەکرێن. هەندێک وەڵام بە ئەندازەیەک خراپ و ناشیرن نووسران، ئەگەر نووسینی یەکەم درۆ و هەڵبەستراویش بی، لەبەر وەڵامی توند و خراپ، خوێنەر زیاتر هەست و سۆزی بۆ کەسی درۆنووس و بوختانچی دەچی و پشتگیری ئەو دەکا. دیارە ئەوان نازانن، نووسینی ئەمجۆرە وەڵامە نارێک و خراپانە پەیامیان بە پێچەوانەوە دەگا.

بە خوێندنەوەی چەند گوتارێکی ڕەخنە و هەندێک لەو وەڵامانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، بە ئاسانی دەگەینە ئەو بڕوایەی، فەرهەنگی وەڵامدانەوەی ڕەخنە و ڕاپۆرت لە باشووری کوردستان، زۆر لاوازترە لەوەی خوێنەرانی کورد هەستی پێدەکەن. وەڵامەکان پیشانی دەدەن، کەس ڕەخنەی بۆ وەرناگیرێ، با ڕەخنەکان زۆر تەواو و دروست و هەقییش بن، با ڕەخنەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی: مافی مرۆڤ، ئەمنستی ئینتەرناشیونال یان پزیشکانی بێسنووریش نووسرابن، دیسان لەجیاتی دەرس لێوەرگرتن و خۆ چاکردن و سوپاسکردنیان، وەڵامێکی زۆر توند دەدرێنەوە و کۆمەڵێک وشەی زبر و بریندارکەریشی تێدا بەکاردێ. وەڵامەکان مەغروری و بێمنەتی پێوەدیارە لەکاتێکدا هەموو لایەک باش دەزانن ڕێکخراوەکانی وەک: ئەمنستی ئینتەرناشیونال، خاچی سور، پزیشکانی بێسنوور، مافی مرۆڤ، زۆر بێلایەنانە کار دەکەن و سەر بە هیچ کەس و حکومەتێک نین. باس لەوە هەرناکەین، نووسین و ڕاپۆرتەکانی ئەم ڕێکخراوانە بوو، پێشتر و لە خەباتی شاخ، شانازی زۆریان پێدەکرا و

لەلایەن حزبە کوردییەکان جارێکی دیکە بڵاودەکرانەوە و بەهەند وەردەگیران و یەک میللەت دڵیان پێی خۆشدەبوو.

گوتار یان نووسینی ڕەخنە تەنیا کەسانی حزبی و حکومی توڕەناکات، بەڵکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانیش بۆیان هەزم ناکرێ و ئەگەر بڕیاربدەن وەڵام بدەنەوە، هێرشی زۆر توند دەکەنە سەر، نووسەر و زۆرجار خانەوادە و ژیانی تایبەت و ڕابردووشی سوک دەکرێ و دێتە باسکردن. باس لەوە هەرناکەین، زۆر کەمن، ئەوانەی ئازایەتییان تێدا، ڕەخنە لە کار و هەڵوێستە خراپ یان هەڵە و ناڕاستەکانی پێشتری خۆیان دەگرن.

دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆ بۆ نووسینی ئەمجۆر وەڵامە توند و خراپانە بکرێ، بەڵام ئەگەر هۆکان لەوەی لەم گوتارە ناویان دێت و باسیان دەکرێ زۆر زیاتریشبن، دیسان نابی کەس ڕێگا بەخۆی بدا، ئەمجۆرە وەڵامە توندانە بنووسێ و ئەم وشە نابەجێیانە بەکار بێنێ.

هۆی ئاشکرا و زەقی نووسینی ئەم وەڵامە توند و خراپانە وێدەچی، زیاتر بەرهەمی کەشوهەوای نائارام و سیاسی کوردستان بن، لەوانەشە ئەو کەسانەی ئەمجۆرە وەڵامانە دەنووسن، بەجۆرێک لەجۆرەکان بیانەوێ خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆیان بۆ کەس و حزبەکان پیشان بدەن، یانیش ئەو کەسانەی نووسینی ئەو جۆرە وەڵامانەیان پێدەسپێردرێ، لە کاری خۆیان شارەزا نین و کورسییەکی زیادیان لەوشوێن بەناهەق پێدراوە و داگیر کردووە.

نووسینی وەڵام لەڕاستیدا، دەبی سکرتێری ڕۆژنامەنووس بینووسێت و لە زۆربەی حالەتەکانیش، سکرتێری ڕۆژنامەنووس لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پێش دەستبەکاربوونی وەک سکرتێری ڕۆژنامەنووس، بۆ ماوەیەکی گەلەک زۆر کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، ئەزموونی نووسینی زۆرە، ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانە و بیری تیژە. لە وەڵام نووسین خوێنی ساردە، وەستایە لە هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنی ڕستە، لە نووسینی دەستپێک و گەیاندنی پەیام بە باشترین شێوە... کاری سکرتێری ڕۆژنامەنووسی هەر تەنیا وەڵامدانەوەی درۆ و قسە هەڵبەستراوەکان نییە، بەڵکو دەبی یارمەتی بەرپرسی خۆشی بدا، چۆن قسە بۆ پرێس بکات و چۆنیش بە کورتترین ڕستە زۆرترین مانا بەدەست بدا.

بۆ ئەوەی لە داهاتوو وەڵامی باش و جوان و مەنتقی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی چاپبکرێن، هەتا زووە دەبی خول بۆ سکرتێری رۆژنامەنووسی و وتەبێژی دەزگاکانی حکومی و حزبی، لە کوردستان بکرێتەوە و فێری هونەری نووسین و قسەکردن بکرێن، کە لە مێژوو تازە نییە و رەگی بۆ یۆنانی کۆن و ئیمپراتۆریەتی رۆم دەگەرێتەوە.

کاری وتەبێژ یان سکرتێری رۆژنامەنووسی، نابی بە هەموو کەسیک بدرێ، لەراستیدا نابی هەموو کەسێک وەرگرتنی ئەم کار و بەرپرسیارێتییە گران و ئالۆزەش قبوڵ بکا، ئەگەر سورپزانی بۆی هەڵناسورێ و نووسین و لێدوانەکانی، لەجیاتی هێمنی، گرژی و قسە و قسەلۆک لەناو کۆمەڵ دروست بکەن، لەجیاتی زانیاری بدەن، پرسیار دروست بکەن.

وەڵامی باش بەتایبەتیش وەڵامی بەرپرسانی باڵای حکومەت و حزبی لەداهاتوو دەبی: بەزمانێکی رەوان، تێر و دەوڵەمەند بنووسرێ، وشەی زبر و بریندارکردنی تێدا نەبی، فاکتەی تێدا بەکاربهێندرێ، لایەنی ئەخلاقی فەرامۆش نەکرێ...

## دەربارەی: دیوەکەی دیکەی دوا هەڵبژاردنی ئەمریکا

لە ١٣ی نۆڤێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە ٨ی تشرینی دووی ئەمساڵ، هاوڵاتییانی ئەمریکی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری خۆیان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان چوون، ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، بایەخێکی زیاتری لەجاران لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و جیهانی پێدرا و هەواڵ و زانیارییەکان ڕاستەخۆ دەگواسترانەوە و لە ستۆدیۆکان شیکارییان بۆ دەکرا. بایەخی زیاتری پێدرا، چونکە جاری یەکەمە خانمێک و بازرگانێکی گەورەی ناسیاسی موناقەسە لەسەر کورسی سەرۆک کۆمار دەکەن.

هەڵبژاردنی سەرۆک بۆ ئەمریکا، کە وڵاتێکی گەورە و زلهێز و دەوڵەمەندی جیهانە، زۆر کەس وەک هەڵبژاردنی سەرۆک بۆ هەموو دونیا ناوی دەبەن. لەڕاستیدا، هەندێک هەقیقەت لەمجۆرە تێڕوانینە هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین کلیلی ئاشتی و شەڕ لەناو دەست و لە دەستەڵاتی سەرۆکی ئەمریکادایە، بۆیە دەیان میللەتی مافخوراو و غەدرلێکراوی وەک کورد، چاوەڕێی پشتگیری و یارمەتین لە سەرۆکی ئەمریکا، دەیانی زیاتریش چاوەڕێن لە پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی وڵاتەکەیان، سەرۆکی ئەمریکا بەهانایانەوە بچی، هێشتا زیاتریش هیوا و ئومێدیان بە سەرۆکی ئەمریکا هەیە، لە تەنگانە و هێرشی ناکاوی دوژمن، یارمەتییان بدات و بەرگرییان لێبکا.

ئەمریکا جگە لەوەی خۆی وڵاتێکی گەورە و زلهێزە، هاوپەیمانەکانیشی وەک: بەریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان، ئوستراليا...هتد بەیەکەوە بەرەیەکیان دروستکردووە و لەکاتی گرژی و ناخۆشی لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانیان، یارمەتی یەکتر دەدەن و دژی تێرۆریزم و دیکتاتۆری شێوەی سەدام خەبات دەکەن و دەجەنگن.

جگە لەو هۆیانەی سەرەوە، هەڵبژاردنی ئەمریکا گرنگە، چونکە لەپاش دووەمین جەنگی جیهان، شەڕێکی سارد لەنێوان سۆڤییێتی کۆن و وڵاتانی سۆسیالیست، ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەدار، دەستی پێکرد و تا ڕوخانی سۆڤییێت لە ٢٦ی دیسێمبەری ١٩٩٢ بەردەوام بوو، ئەم شەڕە ساردە

لەنێوان روسیا و وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڤلادیمیر پوتین وەک سەرۆک کۆماری روسیا لە ١-١-٢٠٠٠ جارێکی دیکە دەستپێکردەوە و نائارامییێکی زۆریان لە جیهان دروست کردووە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی باڵتیک: لیتڤا، لاتڤیا و ئیستۆنیا هەروەها لە ئۆکراینا و وڵاتانی دیکەی دراوسێی روسیا...هتد.

گرژی نێوان وڵاتانی رۆژئاوا و روسیا زۆر بە ئاسانی لە شەڕی سوریا دەبیندرێ، کە چۆن ئەو وڵاتەی عەرەب و کوردییە، بۆتە قوربانی گرژییەکانی ئەم دوو بەرەیە. بەشێک لە گرژی و قەیرانەکانی ئەمڕۆی جیهان، لە ئاستێکی بەرز و ئاڵۆزدان، ئەگەر سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا نەرم و جوان مامەڵەیان لەگەڵ نەکا، بە چاوتروکانێک ژیان لەسەر زەوی نامینێ.

دوا هەڵمەتی هەڵبژاردن پیشانی دا، خەڵکێکی زۆر لە ئەمریکا جارێ ئامادەنین ژنێک ببێتە سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان، هێشتا زیاتریش نارازین، دۆناڵد ترامپ، کلیلی چەکی ئەتۆمی ڕادەست بکرێ و پێبسپێردرێ، بەتایبەتیش لە هەڵمەتەکان بیندرا، بەشێک لە لێدوانەکانی جیهانیان هەژاند، ئەوانەی دیکە ئاگریان لێدەباری و بۆرسەکانیان دەشێواند.

ئیهانەکردنی ژن، لێدوانی ڕەسیستانە، دەرکردنی ١١ ملیۆن پەنابەری لاتینۆی بێ ئیقامە، نەدانی ڤیزە بە تاکی ئیسلام، کەمکردنەوەی باج بۆ دەوڵەمەندەکان، هەڵوەشاندنەوەی ریفۆرمی تەندروستی ئۆباما، فڕەدانی هیلەری کلینتۆن بۆ بەندیخانە، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتنی پاریس لەسەر ژینگە، یارمەتی نەدانی جیهانی سێ، پیربوونی ناتۆ و دەرکردنی هەندێک وڵات لێی، بەتایبەتیش ئەوانەی ئابۆنەی ئەندامێتی خۆیان بۆ نادرێ، سەرسامبوون بە ڤلادیمیر پوتین و روسیا، دانانی باجی تایبەت بۆ کەلوپەلی چینی، گێڕانەوەی کارگە و کۆماپانیا گەورەکانی ئەمریکی بۆ ناوەوەی وڵات، قەدەغەکردنی منداڵ لەباربردن، باوەڕنەکردن بە ئەنجامی هەڵبژاردن و زۆر بابەتی دیکەش، دۆناڵد ترامپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردن باسی دەکردن. ئەم تێڕوانینانەی ئەو، هەندێک خەڵکی هیلاک دەکرد و زیاتریشی دەترساند، بەتایبەتیش ئەوانەی دەیانزانی ترامپ کەسێکی سیاسی نییە، ئەکتەرێکی لاوازە، قارەمانێکی گەورەی دۆکسۆپەیە، ئاشقی باسکردن و دەرچوونە لە میدیاکان.

- ترامپ کەسێکی زۆر مەترسیدارە کۆدی چەکی نەوەوەی پێبدرێ، ئۆباما لە لێدوانێکی گوتی.

ئەو بەڵێنانەی ترامپ بە دەنگدەرانی خۆی دەدا، زۆری بێبنەما و درۆبوون. هەر بۆ نموونە: ئەگەر کۆمپانیاکانی ئەمریکی بۆ ناوەوەی وڵات بهێنێتەوە، کەلوپەلەکان بە ڕێژەی ٤٠٪ گران دەبن، ئایا خەڵکی ئەمریکا ئامادەن ئەو برە پارە زیادە بدەن؟ زیادکردنی خەزێنەی دەوڵەت دوو ئەوەندەی ئێستا هەیە، ئابووریناسان ئەوە بەخەون و خەیاڵ ناو دەبەن. دروستکردنی دیوار لە نێوان مەکسیکۆ و ئەمریکا، دیسان لە قسە نامەنتقییەکانی دۆناڵدە، چونکە مەکسیک دژی ئەم دیوارەیە، بەتایبەتیش ئەگەر خۆی ناچاربکرێ، پارەی دروستکردنی بدا.

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان، دروشمەکانی ترامپ لەگەڵ دروشمەکانی هیتلەر ویکدەچوێنن، چونکە لەهەردووکیان کار لەسەر هەست و سۆزی خەڵک دەکرا، خەڵک بەدرۆ لەخشتە دەبردا. دەرچوو خەڵک تامی لە بیستنی درۆ وەردەگرت.

هەڵبژاردنی ترامپ، برینێکی گەورەی لەناو ئەمریکییەکان دروست کرد، لەشکرێک خەڵکی دژ بە ڕۆژنامەنووسان هاندا، چونکە بەردەوام ترامپ وەک کەسێکی سەرشێت و کلاون باسی دەکرا و لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن گاڵتەی پێدەکرا و ڕۆژانە نهێنییێک یان تۆمارێکی دەنگی ئابرۆبەری بڵاودەکرایەوە. لە تەواوی ئامارەکان، هیلەری کلینتۆن لە پێش پێشەوە و براوە بوو، کەچی ئەنجامەکەی پێچەوانە دەرچوو. زۆر کەس تێناگەن، چۆن ترامپ ئەم هەڵبژاردنەی بردەوە؟ لەکاتێکدا ئەو لە ئامارەکان بەردەوام دۆڕاوبوو...

ئەو دەنگانەی ترامپیان بۆ کۆشکی سپی برد، بەگوێرەی ڕای پسپۆڕان، زیاتر ئەو دەنگانەن، کە لە شارە گەورەکان ناژین و لە ئامارەکان رایان وەرنەگیرایەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، دەنگدەرانی دۆنالد ترامپ، کەسانی رەسیستن، وردە بازرگانن، سپی پێستەکانن، کەمخوێندەوارەکانن.

کارکردن لەگەڵ ترامپ ئاسان نییە و بەتایبەتیش ئەگەر بزانین، کۆمەڵێک بەڕێوەبەری تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی دەرکرد. شارەزایان لەوبڕوایەدان، ترامپ بەئاسانی دەتوانی وەزیر و بەرپرسەکانیش بەهەمان شێوە بگۆڕی و دەربکا.

لە دوا هەڵبژاردنی ئەمریکا، زۆر کەم باس لە پرۆژە و سیاسەت کرا، بە پیسترین و خراپترین و گرانترین هەڵبژاردنیش باسی دەکرێ. نزیکەی حەوت ملیار دۆلار خەرجی بوو و تەنیا هیلەری کلینتۆن یەک ملیار و نیو دۆلاری خەرج کرد، لەگەڵ ئەوەش ترامپ وەک چل و پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.

**دەربارەی: مێژووی وێنە و وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

لە ٢٠ی نۆڤێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان سکێچ - هێڵکاری لە هەفتەنامەی: Illustrated London News لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی مایسی ١٨٤٢ بڵاوکرایەوە. لەم گۆڤارە ١٦ لاپەڕەیە جگە لە چاپکردنی ٣٢ نیگار ئەم هەواڵانەی خوارەوەش هەبوون: شەڕی ئینگلیز و ئەفغانستان، وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک لە فەڕەنسا، ڕاپۆرتێک لەسەر کۆی تاوانەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کتێب، ڕێکلام...هتد.

ژمارەی یەکی گۆڤاری Illustrated London News بە تیراژی ٢٦ هەزار دانە چاپکرا و نرخی شەش پێنس بوو. لە کۆتایی ساڵ تیراژی گۆڤار بۆ ٦٠ هەزار دانە بەرزبۆوە و لە ساڵی ١٨٥١ تیراژی گەیشتە ١٣٠ هەزار و بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی کریم (قرم) (Crimean War ١٨٥٣ – ١٨٥٦) و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی Roger Fenton، تیراژی Illustrated London News بۆ ٢٠٠ هەزار دانە ڕۆیشت، هەشت ساڵ دواتر تیراژی بۆ ٣٠٠ هەزار دانە بەرزبۆوە، ئەمەش بەرزترین تیراژی ڕۆژنامە یان گۆڤارە تا ئەوکات دەرچووبێ. گۆڤاری Illustrated London News تا ساڵی ١٩٧١ لە شێوەی هەفتانە دەردەچوو و لە ساڵی ١٩٧١ وە وەک مانگانە چاپدەکرا و لە ساڵی ١٩٨٩ مانگێ دوو ژمارە و دواتر مانگێ ٤ ژمارەی لێدەرچوو.

زانا و وێنەگر و هونەرمەند Roger Fenton (١٨١٩ –١٨٦٩) لە University College London لە ساڵی ١٨٤٠ بەکالۆریۆسی لە ئەدەب وەرگرت و دواتر هونەر و زمانی ئینگلیزی، لاتین، یۆنانی، ماتماتیکی خوێند، جگە لەوانەی سەرەوە هونەری وێنەکێشان لەسەر دەستی Charles Lucy خوێند و لە ساڵی ١٨٤٩ پێشانگایەکی تایبەت بۆ تابلۆکانی کرایەوە. لە ساڵی ١٨٥١ Roger Fenton خولیای وێنەگرتنی لادروست بوو و یەک ساڵ دواتر وێنە سەرەتاییەکانی خۆی، کە لە کیڤ و مۆسکۆ و سانکت – پیتربورگ گرتبووی، گەیاندەوە بەریتانیا. Roger Fenton تا ئێستا لەلایەن بەریتانیاکان وەک یەکەم وێنەگری بەرەکانی جەنگ و وێنەگری ڕەسمی ناوی دەهێندرێ و ناوی دەرکردووە.

Roger Fenton له ساڵی ١٨٥٥ بۆ بەرەکانی جەنگی کریم چوو، لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشییانەی هاتنە پێشی، توانی زیاد لە ٣٥٠ وێنەی زۆر باشی شەڕی کڕیم بگرێ. ئەو زانا و نیگارکێش و وێنەگرە بەهرەمەندە لە ڕێگای کامیراکەیەوە توانی، شەڕی کڕیم (١٨٥٣ - ١٨٥٦) ئەرشیڤ بکا و پیشانی جیهانی بدا.

دەبی لێرە بنووسین، لە شەڕی کڕیم و دواتر لە شەڕەکانی دیکەش ڕەقابەیەکی زۆر توند هەبوو و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە وێنەگر نەدەدرا وێنەی سەرباز و ئەفسەر لە کاتی شەڕ و پێکدادان بگرێ و بڵاوبکاتەوە، ڕێگە نەدەدرا وێنەی لاشەی سەربازی کوژرا و خوێن بگیرێ و بڵاوبکرێتەوە. وێنەگرانی سەرەتایی ڕازیبوون بەوەی وێنەی سەرباز و ئەفسەر بە تەنها و گروپ لەکاتی وەستان و دوور لە بەرەکانی جەنگ بگرن.

جگە لە Roger Fenton بێگومان وێنەگری دیکەش هەبوون وەک: William Simpson و Carol Szathmari کە وێنەی بەرەکانی جەنگیان بۆ خوێنەر و جەماوەر دەگواستە.

یەکەم چاپکردنی سکێچ یان نەخشە لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بە شەڕی کریم Crimean War (١٩٥٥) دەستی پێکرد، کە زیاتر لەلایەن William Simpson ولیام سیمپسۆن (١٨٢٣ –١٨٩٩) ناردرابوون. ئەو وێنانەی بڵاودەکرانەوە وێنەی کامیرا نەبوون، بەڵکو بەدەست کێشرابوون. William Simpson وەک یەکەم پەیامنێری جەنگ لە جیهان لە چەند شەڕێکی گەورە بەشداربوو. ئەو بەردەوام لەسەفەردابوو و لە چ شوێنێک شەڕ و ململانێ هەبووایە، بۆ ئەوێندەر دەچوو.

لە ساڵی ١٨٥٥ وێنەی شەڕی کڕیمی گرت، لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٩ گەیشتە کەلکەتا لە هیند و دواتر بۆ پونجاب، سوتلێج، بێنگال، لوچکنۆ کاونپۆر چوو و لەوێوە گەشتی بۆ هێمەلایا و کەشمیر و مەدرەس کرد، هەروەها لە شوباتی ١٨٦٢ گەیشتە بۆمبای و دواتر بۆ لەندەن گەڕایەوە. لە ساڵی ١٨٧٠ بۆ فەرەنسا چوو بۆ ئەوەی وێنەی شەڕی فەرەنسا - پروسیا بگرێ. لە ٢٥ی تەموزی ١٨٧٠ بە پێ لە نانسی بۆ مێتز بۆ بەرەکانی جەنگ ڕۆیشت. لێرە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکرا. لە ١٥ی ئۆکتۆبەری

١٨٧٨ جارێکی دیکە لەندەن جێدەهێڵێت و بەرەو شەڕی ئەفغانستان ڕۆیشت.

William Simpson هەموو ئەو شوێنانەی سەردانی دەکرد، تەنیا وێنەی نەدەگرت و نەخشی نەدەکێشا، بەڵکو یاداشتیشی تۆمار دەکرد و کتێبیشی دەنووسی. لە کتێبی:

(THE AUTOBIOGRAPHY OF WILLIAM SIMPSON, R.I.)، کە لەساڵی ١٩٠٣ لە لەندەن چاپکرا، لە لاپەڕە ٧٧ – ٧٨ باس لە بەشێک لە سەفەری ساڵی ١٨٥٥ دەکا، کە چۆن لە جۆرجیا کەسێکی کوردی بینیوە. (لەم نووسینەم ناوەڕۆکی گفتوگۆکە و یاداشتەکە بەیارمەتی نازە سەپان وەک خۆی لە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕم).

{(ئێمە لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٨٥٥ گەیشتینە Batoum باتومی، کە لەناو خاکی تورکیایە. سەردانی Redoubt Kaleh مان کرد. (تورک شاری باتومییان لە سەدەی پازدە داگیر کرد. د. سەپان).

من ناوی ئەو شوێنانەم لەبیرکردییە، کە پێشان سەر بە یۆنانی کۆن بوون و مەلیکی خۆیان هەبوو. (Herodotos لەو بڕوایەدابوو، کە دانیشتوانی Colchis لە ڕوانگەی پاراستنی کولتور و بایەخ پێدانی زۆر لە دانیشتوانی میسری کۆنیان دەکرد. لێرە William Simpson مێژووی ئەم شارە بە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن دەبەستێتەوە، بەتایبەتیش لەوکاتەی باس لە Golden Fleece دەکا. د. سەپان).

لە باتومی شوێنێکی زۆر خۆشمان لەسەر دەریای ڕەش نزیک بەندەری پایتەخت بینی. تورک ئەم بەندەرە خۆشەیان، تەنیا بۆ ڕاگرتنی کەشتی سەربازی کۆن بەکار هێنابوو. هەموو شتەکان کۆن و ڕزیبوون، لەگەڵ ئەوەش، کە باتومی شارێکی سەر دەریا و سنووری بوو.

لە دوای نیوەڕۆ چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک نەخش بکێشم و کەسێکم ببینی، ڕوخسارێکی فزولی و دەموچاوێکی نارێک و بێمێشکی شەیتانی هەبوو. دەموچاوی کەسەکە ترسناک و زۆر تورە دیاربوو.

جلوبەرگی لە جلوبەرگی خەڵکی دیکە نەدەکرد، کە من پێشتر بینیبووم. من توانیم تێبگەینم کە دەمەوێ وێنەی بکێشم و دیاربوو ئەویش پێشنیازەکەی منی پێخۆش بوو و بە دڵخۆشییەوە بۆ وێنەکێشان بۆم ڕاوەستا. لەوکاتەی من خەریکی وێنەکێشانی ئەو بووم، Duke و Lucca

گەیشتنە لامان. من لە Lucca م پرسی لە ڕێبوارەکە (مۆدێلەکەم) بپرسی ئەو کێیە. ئەو بە ڕەگەز کورد بوو و لەسەر چیاکانەوە بۆ هەندێک کار هاتبووە خوار. لەوکاتەی زانیمان ڕێبوارەکەمان کێیە، زیاتر پێیخۆشبوو بیدوێنین. دیاربوو ئەو دەمانچەیەکی پێبوو، بەڵام شیری پێنەبوو. لەوکاتەی پرسیاری لێکرا بۆچی شیر هەڵناگرێ لەوەڵامدا گوتی، کە ئەو پێویستی بە شیر نییە و ئەو بەشیر ئەو کارانە ناکا.

- چ کار ناکا؟

- خەڵک ناکوژی

- کێ ناکوژی؟

- ڕێبوار

- کەست کوشتووە؟

- من سەیری ڕێگا دەکەم و ئەگەر ببینم ڕێبوار - گەشتیار هەن، خۆم لە پشت بەردێک دەشارمەوە و لەوکاتەی بە پێشم ڕەتدەبن، بە دەمانچە دەیانکوژم.

- چەند کەست کوشتووە؟

- سێزدە لەگەڵ پێنج روس

- نەیویست باس لەو جیاوازییانە بکا، کە بۆچی کوژراوانی روسی لەوانەی دیکە جیاکردۆتەوە. لەوانەیە ئەم جیاکردنەوەیە پەیوەندی بە هەندێک هەستی نیشتمان پەروەری ئەو هەبووبێ.

- دواتر پرسیاری لێکرا، کە ئەو چی لە باتومی دەکرد

- هەندێک کاری هەبوو.

- ئەی پاش ئەوەی ئێرە جێدێڵی بۆ کوێ دەچیت؟

- بۆ سەر چیاکان دەچم و هیوادارم بتوانم چەند ڕێبوارێکی دیکەش بکوژم.

لەوکاتەی من خەریکی کێشانی نەخشی ئەو بووم، هێواش هێواش گیزی دەخوارد و زۆریش لەم وەستانەی ڕازیبوو و خەندەشی دەهاتە سەرلێوان. پرۆسەی نەخش کێشان هێواش و لەسەرخۆبوو و ڕەداری ئەو لەدەموچاوی دەخوێندرایەوە. لەگەڵ ئەوەش ژینگەیەکی لەباربوو و کاریگەری لەسەر هەست و نەستی ئەو بۆ چەند چرکەساتێک کرد.

لە یەک لەو وێنانە هەموو لەشی دیاربوو و بەتایبەتیش دەموچاوی لە پێشەوە لە شەیتانی دەکرد. هەروەها وێنەیەکی گچکەی ئەو هەیە، کە

دواوەی دیارە، لە کەسێکی وەحش دەکا. ئەوەش هەر پیشانی دەدا، کە ئەو کەسێکی بەدە.)}.

لەوکاتەی باس لە وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ دەکرێ، بەهیچ شێوەیەک نابی ناوی Carol Szathmari (١٨١٢ - ١٨٨٧) هاوڵاتی رۆمانی - هەنگاری لەبیر بکرێ، کە بەیەک لە پەیامنێرە هەرە زووەکانی جەنگ لە جیهان دەژمێردرێ و زۆر کەسیش وەک یەکەم پەیامنێری جەنگ ناوی دەهێنن. کارۆل نیگارکێش و چاپچی و وێنەگربوو. ئەو بەشداری لە شەڕی یەکەمی تورک و روس ١٨٥٣ - ١٨٥٦ کرد، کە دواتر بە شەڕی کریم Crimean War ناسرا. کارل بە یەکەمین فۆتۆگرافەر دادەندرێ، کە لەشەڕی کرِیم لە ساڵی ١٨٥٤ بڕیاری دا کامیرایەک لەگەڵ خۆی بۆ بەرەکانی جەنگ ببا و لە پەیتونێکی تایبەت هەموو پێداویستییەکانی ژووری تاریک دابنێ و هەر لەوێندەر کار لەسەر وێنە تازە گرتووەکانی خۆی بکا. بەمشێوەیە ئەو توانی بەرەکانی جەنگی تورک و روس بە وێنە ئەرشیڤ بکا. بردنی (ڤاگۆن – پەیتون)ێکی گەورە تەنیا بۆ کەلوپەلی وێنەگرتن، لە بەرەکانی جەنگ لە Oltenitza بووە ئامانج بۆ تۆپەکانی تورکیا و لەو بڕوایەدابوون پەیتونەکەی کارل سەر بە هەواڵگری سەربازی روسیایە. دەبی بنووسین Carol Szathmari بەختی هەبوو، تۆپەکانی لەشکری عوسمانی لەوکات زۆر مەزبووت نەبوون، کە بتوانن بە تۆپی یەکەم (پەیتون – ستۆدیۆ)کەی کارۆل دەستبەجێ و لەوێندەر خاپور بکەن.

جگە لە گرتنی وێنەی دیمەنی سروشتی جوان (Landscape - لاندسکەیپ)، Carol Szathmari وێنەی بەرەکانی جەنگ و لەشکری روس و تورک و هەندێک لە فەرماندە سەربازییەکانیشی گرت. ئەو وێنەکانی خۆی لە ئەلبومێک دانا و لە پێشانگای نێودەوڵەتی پاریس لە ساڵێ ١٨٥٥ پیشانی دا. وێنەکانی کارۆل بە یەکەم ئەلبومی وێنە لە جیهان دادەندرێن، کە لەبەرەکانی جەنگ گیرابن، پێش ئەوەی Roger Fenton بتوانی وێنە زۆرەکانی کۆبکاتەوە، کە یەک ساڵ دواتر گیران، ئەلبومی کارۆل ناوبانگی زۆریان دەرکرد و چەندین خەلاتی جیا جیاشی پێدرا.

Carol Szathmari ئەلبومی وێنەکانی خۆی گەیاندە ڤیکتۆریای شاژنی بەریتانیا، ناپلیۆنی سێ و لەگەڵ هەندێک لە مەلیک و قەیسەرەکانی ئەوسەردەمی ئەوروپا. بەداخەوە هیچ لەو ئەلبومانەی کارۆل پێشکەش بە

مەلیک و قەیسەرەکانی کرد نەمان و ئەوەی زاندرایە هەموویان فەوتان. ئەلبومی ناپلیۆنی سێ لە کۆشکی Tuilleries لە ساڵی ١٨٧١ سوتا، ئەلبومی ڤیکتۆریای شاژن لە ساڵی ١٩١٢ لە Windsor Castle سوتا، ئەلبومەکانی ئەڵمانی و نەمساوی لە هەردووک جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی سووتان. کۆپییەکانی هەبوون لە ساڵی ١٩٤٤ لەکاتی بۆردومانکردنی خانووەکەی کارۆل لە بوخارێست بزربوون.

کارۆل لە شاری Cluj لە باکوری رۆژئاوای رۆمانیا لەدایک بووە، کە لە سییەکانی سەدەی ١٩ ناوەندێکی گرنگی بزوتنەوەی میللی هەنگاریا بووە. Carol Szathmari بە یەکەم وێنەگری فەرمی بەرەکانی جەنگ وڵاتی رۆمانیا ناوی دەهێندرێ و بە یەک لە دە کەسی یەکەمی ئەوروپا باسی دەکرێ. ئەو یەکەم وێنەگری مەلیکی رۆمانیاش بوو.

پاش چاپکردنی وێنەی کێشراوی یەکەم لە ساڵێ ١٨٤٢ نزیکەی چل ساڵی دیکە پێویست بوو، کە ئەو وێنەی بە کامیرا دەگیرێ، وەک خۆی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ بکرێن. یەکەم وێنە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان بێ دەستکاری هونەرمەند یان نەخشکێش وەک خۆی لە ٤ی ئازاری ١٨٨٠ لە ڕۆژنامەی The Daily Graphic لە New York لەژێر ناوی: (دیمەنێک لە گەڕەکە هەژارەکان - A Scene in Shantytown) چاپکرا.

لەگەڵ کات وێنەی زیاتر و زیاتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهان بڵاودەکرانەوە و پیشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار بەناوی: (فۆتۆ جورنالیسم - Photojournalism) لەدایک بوو، پاش نزیکەی ١٣٠ ساڵ لەبەر پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و دروستکردنی کامیرای دیگیتالی زۆر پێشکەوتوو و مۆبایلی زیرەک، زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گەورەکانی جیهان، ژمارەی وێنەگرەکانیان کەمتر و کەمتر دەکەنەوە، لەهەمان کات، ئەرکی پەیامنێری جەنگ زیاد کراو و جگە لە نووسین دەبی ئەوان خەمی وێنە گرتنیش بخۆن.

بیرۆکەی چاپکردنی وێنەی خال خاڵ (پیکسل)، بەگوێرەی هەندێک کەس لەلایەن William Fox Talbot لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکردووە. ئەو شوشە (جام)ی بۆ نێگەتیڤ و ڕتوشی وێنە بەکار هێنا. دواتر کۆمەڵێک شاشەی جیا و تایبەت لەلایەن Stephen H. Horgan

دروستکران. لەوکات هۆرگان بۆ New York Daily Graphic کاری دەکرد. یەکەم وێنەی چاپکراو لە جیهان وێنەی Steinway Hall لە مانهاتان بوو، کە لە ٢- ١٢- ١٨٧٣ بڵاوکرایەوە و دواتر The Graphic یەکەم وێنەی بە فوول کوالیتی لە ٤ی ئازاری ١٨٨٠ چاپکرد.

کاتی هەرە زێڕینی وێنەی Photojournalism لە سییەکان تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ناوی دەهێندرێ، ئەمەش بەهۆی پەیدابوونی کامیرای ٣٥ ملیمی لێیکا. کامیرای Leica کە لە ساڵێ ١٩٢٥ دروستکرا، کاریگەری زۆری لەسەر پێشکەوتنی فۆتۆ ژورنالیسم هەبوو. بەهۆی پێشکەوتنی ئەم کامیرایە ٣٥ ملیمە و دروست کردنی فلاشەکانی یەکەمی لە نێوان ١٩٢٧ – ١٩٣٠، بوونە یارمەتی زۆر تا ڕۆژنامەنووسی وێنەگر بتوانێ وێنەی جوان بگرێ و بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بنێرێ.

لەڕاستیدا، یەکەم کامیرای لێیکا لە ساڵی ١٩١٣ دروستکرا و Leica یەکەم کامیرابوو، کە فیلمی ٣٥ میلمی پێدەگیرا، لەوکات و ئێستاش ٣٥ ملم بۆ سینەما بەکار دەهات و دێ. کامیرای Leica لە ئەڵمانیا دروست دەکرێ. شایەنی ئاماژە پێکردنە، قەبارەی ئەمجۆرە کامیرایانە لەوکات یارمەتیدەربوون تا وێنەگر بە ئاسانی بتوانی لەگەڵ خۆی بیگێڕیت و وێنەی باش و جوانی پێبگری. ئەگەر قوڵتر بەدوای مێژووی کامیرای لێیکا بگەڕێین، بەوشێوەیەی خوارەوە دەستی پێکرد:

لە ساڵێ ١٨٤٩ Carl Kellner ئینستیتوتێکی ئۆپتیکی لە Wetzlar (شارێکە لە هەرێمی Hessen) دامەزراند. ئەم کارە یان پڕۆژەیە لەلایەن Ernst Leitz گۆڕدرا بۆ Ernst Leitz Werke کە لە سەرەتای ١٩٠٠ میکرۆسکۆپی دروست دەکرد. دواتر لەلایەن Oskar Barnack کامیرایەکی بچوک دروستکرا و ناوی لێندرا Ur-Leican و لە ساڵی ١٩١٤ تەواو بوو. ئۆسکار لە Leitz بەڕێوەبەری هۆبەی پەرەپێدان یان لێکۆڵینەوە بوو. Oskar Barnack کامیرایەکی بچوکی دەویست، کە بتوانی لەگەڵ خۆی بیگێڕێ. ئەو خولیایەی ئۆسکار بووە لەدایکبوونی یەک لە کامیرا هەرە باشەکانی جیهان، کە لەوکات و داهاتوو وێنەگران بتوانن بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار وێنەی جوانی پێبگرن. دێنینەوە بیری خوێنەران، کەمێک دوای شەڕی کریم، لە ئەمریکا شەڕێکی گەورەی ناوخۆ لە ١٢ی نیسانی ١٨٦١ دەستی پێکرد و دوا فیشەکیش لە ١ی حوزەیرانی ١٨٦٥ تەقێندرا. وێنەکانی شەڕی ناوخۆی

ئەمریکا زیاتر لەلایەن Mathew Brady دەگیرا و پێش بڵاوکردنەوەی لە Harper's Weekly ڕتوش دەکران.

## کۆپیکردنی سیستێمی پەروەردەی سویدی بۆ کوردستان هەڵەیە

لە ٢٨ی نۆڤێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم، (٧ی مایسی ٢٠٠٦ - ٢٧ تشرینی یەکی ٢٠٠٩) ڕیفۆرمێکی خێرا و بێبەرنامە و خراپ لەسەر سیستێمێکی خوێندن لە کوردستان دەستی پێکرد، نزیکەی دە ساڵ ڕەتی کردووە هێشتا دایک و باوک بە گشتی و قوتابی و مامۆستایان بە تایبەتی بەدەستییەوە دەناڵێنن.

گۆڕینی سیستێمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بۆ سیستێمی خوێندنی وڵاتێکی وەک سوید لە باکوری ئەوروپا، هەڵەیەکی گەورە و زیانبەخش لە زانست و فێربوون بوو.

ئەگەر بەخێرایی لاپەڕەی مێژووی خوێندن و قوتابخانەکانی سویدی هەڵبدەینەوە ئاسانتر لە خراپی ئەو ڕیفۆرمەی خوێندن و پەروەردە لە کوردستان دەگەین.

یەکەم قوتابخانە لە سوید لە ساڵی ١٠٨٥ لەلایەن domkyrka (کەنیسە) لە شاری لوند (Lund) کرایەوە و یەکەم قوتابخانەی تازە یان کەمتر لەژێر کاریگەری و دەستەڵات و دەستێوەردانی کەنیسە لە ساڵی ١٥٧١ کرایەوە. یەکەم قوتابخانەی ئامادەیی لە ساڵی ١٦٢٣ لە شاری ڤێستێرۆس کرایەوە و یەکەم زانکۆش لە سوید لە شاری ئۆپسالا لە ساڵی ١٤٧٧ کرایەوە.

هەرچەندە لە کۆن خوێندن زیاتر بۆ منداڵی دەوڵەمەند و کەسانی پارەداربووە، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٢ەوە خوێندن لە سوید بۆ هەموو هاوڵاتییێک بووە. ئەم مێژووە دوور و درێژەی خوێندن، بۆتە یارمەتی، کە لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو، لە تەواوی جیهان کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتانی سکەندەناڤی هەبن.

ئەگەر وڵاتێک خاوەنی ئەم مێژووە دوور و درێژ و دەوڵەمەندەی خوێندن و خوێندنەوە و پێشکەوتن و قوتابخانە و زانکۆبێ، بێگومان کۆپیکردن و بەکارهێنانی سیستێمی ئەوان لە وڵاتێکی دواکەوتوو و داگیرکراو و تازە کەمێک ئازادی وەک کوردستان، کە یەکەم قوتابخانەی بەگوێرەی هەندێک بەڵگە لە ١٩٢٧ کرابێتەوە، جگە لەوەی باش و دروست

نییە، بەڵکو لاوازی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم و پسپۆرانی بواری پەروەردەش پیشان دەدا.

لەوانەیە هێنانی سیستێمی خوێندنی وڵاتێکی دراوسێی وەک: سوریا، ئوردن، یەمەن، ئێران، پاکستان، ئەفغانستان، بەنگلادیش... هتد، بۆ کوردستان کێشەی زۆری دروست نەکردبا و ئاسانتر پەیڕەوکرابا و لەگەڵ کات، جێگەی خۆی کردبایەوە، چونکە هەر نەبێ ئاستی پێشکەوتنی ئەوان لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی ئێمە لەیەک نزیکە و دابونەریتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش جیاوازی زۆریان لەنێواندا نییە، بەڵام هێنان یان کۆپیکردنی سیستێمی وڵاتێکی یەکجار پێشکەوتووی وەک سوید، کە نزیکەی پێنج هەزار کیلۆمەتر لە کوردستان دوورە و هیچ شتێکی هاوبەشیش لەنێوان وڵاتانی سکەندناڤی ورۆژهەڵاتی ناوین نییە و ئایین و مێژوو و دابونەرت، بە قۆناغی جیای پێشکەوتن ڕەت بووین، هێنان یان کۆپیکردنی سیستێمێکی بەوشێوە پێشکەوتوی خوێندن، غەدرێکی گەورەیە لە قوتابی و مامۆستا ئینجا لە زانست، بێگومان ئەگەر ژینگەی باش و تەواوی بۆ نەرەخسێندرێ و ئامادە نەکرێ.

منداڵانی سوید سوود لەم سیستێمەی خوێندنی خۆیان وەردەگرن چونکە:

- پێش ئەوەی منداڵ بۆ خوێندن بڕوا، ئەلفوبێ لەماڵ و لە باخچەی ساوایان فێربووە و سەدان کتێبی منداڵانەی بۆ خوێندراوەتەوە و خۆشی بەردەوام قەڵەمی بۆ نووسین و نەخش کێشان لەدەستە.
- لە قوتابخانەکانی سوید یەک دەوام دەکرێ و قوتابی تا تەمەنی ١٢ساڵ، لە کاتژمێر ٦.٣٠ تا ٥.٣٠ی ئێوارە دەتوانی بمینێتەوە.
- لەهەر پۆلێک بەگوێرەی ڕێنماییەکان نابی لە ٢٥ - ٣٠ قوتابی زیاتر هەبی و شێوەی دانیشتنیشیان گروپ گروپە و لە دەورەی مێز کۆبوونەتەوە.
- لە قوتابخانەکانی سوید بەتایبەتی بۆ منداڵانی تا ١٢ ساڵ، قوتابی ڕۆژانە بەلای کەم یەک ژەم نان دەخوا و دوو جاریش لەفەی سوک و میوە دەخوا.
- نوێترین تەکنۆلۆژیای ئێلیکترۆنی و سەردەم بەکاردێ.
- خوێندن لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکان بەخۆڕاییە.
- لە قۆناغی سەرەتایی دایک و باوک بڕیار دەدەن منداڵەکەیان لە چ قوتابخانەیەک لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بخوێنێ و لە ئامادەیش دیارە

قوتابی خۆی بڕیار دەدات و زۆربەی ئامادەییەکانیش بەگوێرەی نمرە قوتابی وەردەگرن.

- لە قوتابخانەکانی سوید قۆپییە ناکرێ و ئەگەر منداڵێک پێویستی بە یارمەتی زیاتر هەبی، دوای دەوام، مامۆستا بە خۆڕایی بۆ دیاری دەکرێ، بۆ ئەوەی باشتر تێبگا.

- ساڵانە دوو جار دایک یان باوک و مامۆستای سەرپەرشتیار لەگەڵ منداڵەکەیان بەیەکەوە بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠ خولەک دەبینن و قسە لەسەر چۆنێتی بەرزکردنەوەی نمرە و پەیڕەوکردنی دیسپلینی قوتابخانە و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابی دەکرێ.

ئەو خاڵانەی سەرەوە سیستێمی خوێندنی سویدی پیشان دەدەن و دیاری دەخەن، کە وەزارەتی پەروەردە بەو نزیکانە ناتوانی سوود لە سیستێمێکی بەوشێوە پێشکەوتووە وەربگرێ، لە کاتێدا لە کوردستان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتەجێبوون و زۆری دیکەش هەیە.

هێنانی ئەم سیستێمەی خوێندن دیارە بەیارمەتی چەند کەسێکی شارەزا لە سیستێمی خوێندنی سویدییەوە بووە، بەڵام چۆن ئەو بڕیاردەرانەی کوردستان هیچ یان زۆر کەم شارەزاییان لەسەر خوێندن و ژیان و کارکردن لە سوید هەبووە، بەهەمان شێوە شارەزایانی سوید یان عەقڵە گەورەکانی پشت ئەم پرۆژە (ریفۆرمە) سەقەتە، هیچ شارەزاییان لە ژیان و کار و پەروەردە و خوێندن لە کوردستان نەبووە.

کوردستان وڵاتێکی زۆر تایبەتە و بەکات و قۆناغێکی ناسک و هەستیار ڕەت دەبی، بەرتیل و خزم خزمانێ، هەموو جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆیە لەڕاستیدا ئێستا و لە داهاتوێکی نزیکیش نەدەبا، قوتابخانە و زانکۆی ئەهلی مۆڵەتیان پێدرابا، چونکە ئەو مۆڵەتەیان بە خراپ بەکار دێنن و دەبینین ڕۆژانە بە ئاشکرا لە لایەن مامۆستا و ئیدارەوە، بەتایبەتیش لە خوێندنگە و زانکۆ ئەهلییەکان، یاری بە نمرەی قوتابی دەکرێ.

چاوەڕێ دەکرا، لە کابینەی شەش یان دواتر دەست لەم ریفۆرمەی خوێندن هەڵبگرن، نەکرا، چونکە لەوانەیە حکومەت لەبەر کێشەی دیکە، نەپرژابتە سەر خوێندن بەتایبەتیش، کە دەبینین منداڵانی بڕیاردەران لە جۆرە قوتابخانەیەک دەخوێنن، سیستێمی سویدی لێیانەوە دوورە.

کوردستان وڵاتێکی جیا و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بیرۆکەکان سەربگرن، دەبی کوردی بن و لە کوردستان لەدایک ببن...

## دەربارەی: پێکهێنانی ژیانی خێزانی و پەیوەندی جنسی

لە ٤ی دیسێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

تا سەرەتای سەدەی بیست، پەیوەندی جنسی لە نێوان ژن و پیاو بە ژیانی خێزانی بەسترابۆوە. ئەوان لە ڕوانگەی ئایینەوە دەیانڕوانییە خێزان و لە ئایینیش مومارەسەی جنس پێش شوکردن ڕێگای پێنەدراوە.

باسکردنی جنس لە سەدەکانی ناوەڕاست شەرم بووە و بە چاوی سووک سەیر دەکرا، لەهەمان کات پیاو بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی یان دۆستی هەبووە یانیش سەردانی بۆردێل (مەلها) و ژنی لەشفرۆشی کردووە. لەوکات و هەندێک دواتر و پێشتر، ژن بێ ماف و بێ دەستەڵات کۆیلە یان نیمچە کۆیلە دەژیا.

لە نێوان ١٦٦٨ – ١٦٧٥ لە وڵاتی سوید ١١٦ پیاو لەگەڵ ٨٥٦ ژن بە بیانۆی جادوکردن و فاڵچێتی بە مەرگ حوکمدران. زۆر لەو ژنانەی بەر ئەو حوکمە کەوتن، خوێندەواربوون، یارمەتی خەڵکیان دەدا، پزیشکی میللی بوون و بە تەنها دەژیان. تاوانی بەشێکی زۆری ئەو ژنانە حوکمی مەرگیان بەسەردرا، خوێندەواری و لێهاتوویی و پێگەی دیاری ئەوان بوو لەناو کۆمەڵ... کەنیسە و دەستەڵاتی ئەوکات و پێشتر و دواتریش، ڕقیان لە ژنی خوێندەوار بوو، لێیان دەترسان، گۆڕانکاری و شۆڕش دژ بە حوکمی ئەوان بکەن.

تا سەدەی نۆزدە زۆر لەو کتێب و گوتارانەی تێیاندا باس لە سێکس دەکرا، سێکسیان بە ژیانی خێزانی بەستبۆوە. سێکس لەگەڵ ژیانی هاوسەری لێک گرێدرابوو، ئەگەرچی ژیانی هاوسەری لەوکات کورت بوو. لە سەدەی هەژدە تەمەنی پێکەوە ژیانی ژن و مێرد ١٥ ساڵ بوو، لە سەدەی بیست گەیشتە ٢٣ ساڵ، لە سەدەی بیست و یەک ئەم ڕێژەیە بۆ ٤٠ ساڵ بەرزبۆوە. ژن هێنانەوە یان مێردکردنەوە بۆ جاری دووەم و زیاتر، لە سەدەی هەژدە لەناو کۆمەڵ ئاسایی بوو.

چەند هۆیەک هەن تەمەنی پێکەوە ژیانی خێزانیان لە ئەوروپا درێژ کردۆتەوە لەوانە: بە پلەی یەک، تەمەنی مرۆڤ چۆتە سەر و جارەکانی دیکەش دیارە ژن و مێرد باشتر لەیەک دەگەن، ڕێزی یەکتر دەگرن و

تێڕوانینی پیاو لەسەر ژن و ژیان و ژیانی خێزانی گۆڕدرایە. لەم دواییانە، لە ژیانی خێزانی پیاو زیاتر لە ژن ڕازییە و هەبوونی کێشەی خێزانی ژن زیاتر بریندار دەکا، بەڵام تەڵاق پیاوی ئەورووپی وێران دەکا.

تا کۆتایی سەدەی نۆزدە ڕێگا بە ژن نەدەدرا لە پەرلەمان و حکومەت بەشداربن. سۆنیا کۆڤالێڤسکی Sonja Kovalevsky (١٨٥٠ – ١٨٩١) لە ساڵی ١٨٨١ روسیای جێهێشت و لە سوید گیرسایەوە، چونکە لە وڵاتی خۆی ڕیگای پێنەدرا بە ئازادی توێژینەوەکانی خۆی لە زانکۆ ئەنجام بدا. سێ ساڵ دواتر بووە یەکەم پرۆفێسۆری ژن لە زانکۆی ستۆکهۆڵم و وەک یەکەم پرۆفێسۆری ماتماتیکیش لە جیهان ناوبانگی دەرکرد.

لەسەرەتای سەدەی بیست، شۆڕشێکی نەرمی جنسی دەستی پێکرد. ژن ڕێزی زۆرتری گیرا و جەستەی نەرمولاری، پیاوی ناچارکرد، بەچاوی تازە ببینێ و ئەو وەک خۆی قبوڵ بکا. لەوکاتەوە زیاتر شەرم نەبوو، ژن تام لە جوتبوون وەربگری. بۆ ئەوەی ژن تام زیاتر لەجوتبوون وەربگری زانای بەریتانی Havelock Ellis لەوبڕوایەدابوو، دەبی ژن لەکاتی جوتبوون پەسیڤ بیت و پیاو یارمەتی بدا و بەرەو بەرزایی و لوتکە لەگەڵ خۆی ببیا.

بۆ ڕزگارکردنی ژن لە ژیانی بێ ماف، کۆمەڵێک نووسەر و زانای هەرە گەورەی سەدەی بیست، لەو خەباتە بێکۆتاییە هاتنە مەیدان و کتێب و توێژینەوەیان نووسی و بڵاوکردەوە. هەر یەک لە Sigmund Freud و Wilhelm Reich و Emma Goldman هەوڵیان دەدا و ویستیان مرۆڤ لە چەوسانەوە (کەبت)ی جنسی ئازاد بکەن.

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، ئازادی زیاتر بەژن درا، یاسای تێرتر و جوانتر نووسران، دین لە دەوڵەت جیاکرایەوە و شۆڕشێکی جنسی سەرتاسەری ئەورووپا و ئەمریکای گرتەوە و دروستکردنی ژیانی خێزانی لە شێوەی کلاسیک بەرەو لاوازبوون چوو. هەرچەندە هاوڵاتی ئەورووپی وەک پێشتر بۆ ژن مارەکردن (کەنیسە، مزگەوت، سینەگۆگ، قازی)یان هەبووە، بەڵام ئەوجۆرە مارەکردنە لە سی ساڵی ڕابردوو ڕێژەی زۆر دابەزیوە.

هەر کوڕ و کچێک ئەگەر پێکەوە بژین و یەک ئەدرێسیان هەبێ، پێویستیان بە مارەکردنی ڕەسمی و سەردانی ئەو چوار شوێنەی سەرەوە نییە، بۆ ئەوەی وەک ژن و مێرد بەیەکەوە بژین و منداڵ دروست بکەن. بە گوێرەی ئامارێکی ساڵی ٢٠٠٧ ئەمجۆرە پێکەوە ژیانە لەنێوان کچ و کوڕ لە

ولاتانی سکەندناڤی زۆر بڵاوە و هەر بۆ نموونە: بە ڕێژەی ٦٦٪ لە ئایسلاند، ٥٥٪ لە سوید، ٥٤٪ لە نەرویج، ٥٠٪ لە فەڕەنسا، ٢١٪ لە ئیتالیا و بە ڕێژەی ٢٪ لە یابان خەڵک بەمجۆرە دەژین.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی نەرویجی، کە لەسەر بنەمای ئینتەرڤیو پێکهاتبوو لە (Demographic Research) بڵاوکراوەتەوە، کچ و کوڕ، پاساوی جیایان بۆ هاوسەرگیری ڕەسمی هەیە. کوڕ دەترسێ ئەو شێوە ژیانەی هەیەتی لەدەستی بدا نانداپەیداکردنی خێزانی بکەوێتە ئەستۆ، کچ پاساو بەوە دەهێنێتەوە، کە تاقەتی ئاهەنگی هاوسەرگیری نییە، چونکە پارەی زۆری تێدەچی و کاتی زۆری بۆ خۆئامادەکردن دەوێ.

بە گوێرەی بەڵگە مێژووییەکان، تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، لە زۆر وڵات، ژن خاوەنی جەستەی خۆی نەبووە، بۆیە هەبوونی ماف و دەسەڵات بەسەر لەشی خۆ، بووە پرسیارێکی گرنگ و مەرکەزی مافی ژن، لە کۆمەڵگای دیموکرات. ئەگەر ژنێک مافی بەکارهێنانی جەستەی خۆی نەبێت، ئازاد نەبی لە هەڵبژاردنی باوک بۆ منداڵەکەی، هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ خۆی، ئازاد نەبی لە دروستکردنی پەیوەندی جنسی لەگەڵ ئەو کەسەی خۆی دەیەوێ، دیارە ئەو ژن لە کۆمەڵگایەکی نادیموکرات دەژی...

## دەربارەی: تەڵاق و مێژووی تەڵاق

لە ١١ی دیسێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

مێژووی تەڵاق بە مێژووی پێکەوە ژیان و بە مێژووی دروستکردنی خێزان بەستراوەتەوە، بە مێژووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەدایکبوونی دابونەریت لە کۆمەڵ بەستراوەتەوە، بە گەشەسەندنی کۆمەڵ و نیشتەجێبوون و ژنمارەکردن و قبوڵکردنی ئایینە ئاسمانییەکان بەستراوەتەوە، بە پەیدابوونی نۆرمی و باش و خراپ، ڕاست و هەڵە لەژیان بەستراوەتەوە.

لە هەزارەی یەکەمی زاینی لە زۆر وڵاتی ئەوروپا تازە زانکۆ دەکرانەوە، پەرلەمانەکان وەک ئێستا چالاک و دیموکرات نەبوون، خەڵک تا ڕاددەیەک لە تاریکی دەژیا، یاساکان بۆ هەموو کەس نەبوون و کاروباری خێزانی ڕادەستی کەنیسەکان کرابوون.

هەر لەو قۆناغی ژیان و لە سەردەمی شازادەی گەورە ڤلادیمیر سڤیاتۆسلاڤیچ، میساقێک بۆ کەنیسەکانی روسی نووسرا، دەیان برگەی زۆر گرنگی بۆ ئەوکات تێدابوو و یەک لەو برگانە باس لە تەڵاق دەکا بەوجۆرە نووسرایە: کێشەی خێزانی بە ئاشتی چارەسەر بکرێ. ئەگەر ژن و مێرد ئاشت نەبوونەوە، بەگوێرەی ئەو میساق، مافی جیابوونەوەیان هەبوو، بەڵام چۆن وبە چ شێوەیەک پێکبێن یان لە چ حاڵەتێک ژن تەلاق بدرێ، ئاماژەی پێنەکراوە.

کەمێک دواتر و لەسەردەمی شازادە یارۆسلۆڤ لە ناوەڕاستی سەدەی یازدە ئەم کێشەیە بە یاسا چارەسەر کرا. ئەگەر پیاوێک لەوکات ژنەکەی تەڵاقدابا، دەبوایە بڕە پارەیەکی زۆر بە ژنەکەی بدا، بەڵام ئەگەر تەڵاق بە ڕەزامەندی هەردووکلابا، بەجۆری دیکە یەکلا دەکرایەوە.

یارۆسلاڤ تەڵاقدانی لەگەڵ ژنی نەخۆش یان نەخۆشی درێژخایەن قەدەغەکردبوو، بەهەمان شێوە تەڵاق لەگەڵ پیاوی نەخۆش و نەخۆشی درێژخایەنیش قەدەغەبوو. ئەو پیاوانەی لەبەر جادو یان مەشروب دروستکردن و خواردنەوە حوکمدرابوون بۆیان نەبوو ژنیان تەڵاق بدەن.

بەکارهێنانی زەبروزەنگ و لەژندان بۆ ئەوکات، هیچ هۆ نەبوون ژن داوای تەڵاق و جیابوونەوە لە مێردی بکا.

تەڵاق یان جیابوونەوە لە ژن، لە مێرد، لە کاتی زوو زیاتر لەناو خێزانی دەوڵەمەند و دەستەڵاتدار باوبووە، چینی هەژار و خوارەوەی کۆمەڵ، ئەگەر کۆیلەش نەبووبێ، لەبەر ژیانی سەخت و زگبۆشی و برسییێتی بێکۆتایی، بیریان بەلای جیابوونەوە و تەڵاق نەڕۆیشتووە. لەڕاستیدا کاتیشیان بۆ ژیانی خۆش و کات بەسەربردن لەگەڵ یەکتر نەبووە، تا لەیەکتر بێزار و تورەببن و بیر لە تەڵاق بکەنەوە.

شازادەکانی روس هەندێکجار ژنیان بە بەهانەی زۆر سەیر و نامەنتقی تەڵاق دەدا هەر بۆ نموونە: سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ گۆردی، شازادەی گەورەی مۆسکۆ و ڤلادیمیر، لە ناوەڕاستی سەدەی چواردە ژنی خۆی تەڵاقدا، بە بەهانەی ئەوەی لە شەوی بووکێنی ساردوسڕ و بێ روح بووە، کەچی هەمان ژن مێردی بە شازادە فیۆدۆر کردۆتەوە و هیچ کێشەی ساردوسڕی و جنسی نەبووە و چوار کوریشی لەو مێردە تازەیەی بووە.

روسیا یەک لەو وڵاتانەیە ڕێژەی تەڵاقی بەرز نییە. لە ساڵی ١٨٤٠ دانیشتوانی روسیا ٦٢ ملیۆن بووە و ١٩٨ تەڵاق هەبووە، لە ساڵی ١٨٨٠ بەهەمووی ٩٢٠ تەڵاق هەبووە و لە ساڵی ١٨٩٠ دانیشتوانی روسیا ١١٧ ملیۆن بووە و ٩٤٢ تەڵاق هەبووە. حەوت ساڵ دواتر لە هەزار پیاوی ژندار یەک تەڵاق هەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەک هەزار خێزان ٤،٨٪ تەڵاق لە روسیا هەبووە. لەناو ئەوانەی لێکجیابوونەتەوە بە ڕێژەی ٢٦٪ پیا و ٢٥٪ ژن جارێکی دیکە ژیانی خێزانیان پێکهێناوەتەوە.

بە هەبوونی مافی مرۆڤ و نووسینی یاسای تێر و گەشەسەندنی دیموکراتی و پەرەسەندنی یەکسانی لە کۆمەڵ، لە پەنجا ساڵی ڕابردوو، لە ئەورووپا ژن وەک پیاو بە یاسا مافی جیابوونەوەی پێدرا. تەڵاقدان زیاتر عەیب نەما و شەرمەزاری بۆ خۆی و خێزان دروست نەدەکرد.

دیارە هەموو تەڵاقێک وەک یەک نییە، چونکە پەیوەندییەکان وەک یەک نین. لە روسیای ئەمرۆ بە ڕێژەی ٢٥٪ی ئەو خێزانانەی لێکجیا دەبنەوە، هۆکەی خیانەتە و خیانەتیش بێگومان پەیوەندی بە هەست و سۆزی ژن و مێرد بۆ یەکتر هەیە.

توێژینەوەکان دەریان خستووە، ئەو ژن و پیاوانەی پێش ژیانی هاوسەرگیریان جنسیان کردووە، ئاسانتر لەکاتی ژیانی هاوسەرگیرییان خیانەت دەکەن. بە گوێرەی هەندێک توێژینەوە ٧٥٪ ئەو پیاوانەی جاری یەکەم خیانەت دەکەن، بۆچوونیان لەسەر خیانەت دەگۆڕدرێ و ئەو تامە وەرناگرن، کە پێشتر چاوەڕێیان دەکرد، خۆشەویستییان بۆ ژنەکانیان زیاتر دەبێ. ئەو ژنانەی خیانەت لەمێردەکانیان دەکەن بە ڕێژەی ٩٠٪ هیچ تام لەو جنسە لەناکاوە وەرناگرن و لێی پەشیمانن. بۆیەش بۆ سپیکردنەوەی ڕوو، ئاسودەکردنی روح، بۆ برادەرێکی نزیک پیاوگۆڕینەکەیان باس دەکەن.

خیانەت لە ئەوروپا هۆی سەرەکی تێکدانی خێزانە و لە زۆربەی کاتیش هیچ گرنگ نییە کامەیان خیانەتیان لە کامە کردووە. لێرە بووردن یان نەبووردنیش لە خیانەت، پەیوەندی بە مێژووی یەکترناسین و ڕێژەی خۆشەوسیتی و پەروەردەی هەردووکلا هەیە.

هەندێکجار خیانەت لەوە دەستپیدەکا، کە ژن یان مێرد بایەخی پێویستی پێنادرێ، گوێ لە گرفتەکانی ڕاناگیرێ، لایەنی جنسی تێرناکرێ، بۆیە بەدوای کەسێک دەگەڕێ ئەو بۆشاییانەی بۆ پڕبکاتەوە و ئەوی خۆشبوێ...

لەگەڵ ئەوەش بەگوێرەی توێژیەوەیەک ٤٥٪ پیاو و ٣٥٪ ژن داخ لە جیابوونەوەیان دەخۆن و ٩،٥٪ پیاو و ٨،٥٪ ژن هیوادەخوازن جارێکی دیکە پێکبێنەوە و خێزان بەیەکەوە دروست بکەنەوە.

زۆر لەو ژنانەی لە کوردستان خیانەت لە مێردیان دەکەن، پاساو بەوە دەهێننەوە، کە مێردیان: پیاو نییە و ڕەزیلە، توندە و لێیدەدا، ڕێزی ناگرێ و دیاری بۆناکڕێ، درۆی لەگەڵ دەکا و دڵی پیسە، بەگوێی ناکا و پشتگوێ دەخا...

لەوکاتەی ژنی کورد پیاو دەگۆڕی و خیانەتی لێدەکا، زیاتر بۆ تۆڵەسەندنەوە و سەرشۆڕکردنی مێردییەتی، نەک بۆ بنبڕکردنی کێشەی خێزانی و تام وەرگرتن لە جوتبوون...

## کەسانی قارەمان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی

لە ٢٠ی دێسێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

دە ساڵی ڕێکە بەرنامەی(قارەمانانی سوید - Svenska Hjältar) لە کەنالی چوار لە کۆتایی دێسێمبەر پێشکەش دەکرێ. کەسە قارەمانەکان لەلایەن خەڵکی سویدەوە پێشنیاز دەکرێن و لیژنەیەکیش دادەمەزرێ بۆ ئەوەی لەناو ئەو هەموو پاڵێوراوانە چەند قارەمانێک هەڵبژێرن.

ئەندامانی لیژنە، کەسانی خۆشەویست و بەناوبانگی سویدن و لەبوارەکانی سیاسەت و فەرهەنگ و وەرزش و چالاکی مەدەنی کار دەکەن. لیژنەی ئەمساڵ لە ١١ ئەندام پێکهاتبوو، لەوانە Ingvar Carlsson سەرۆک وەزیرانی پێشتری سوید (١٩٨٦ - ١٩٩٦)، Peter Forsberg یەک لە یاریزانە هەرە بەناوبانگەکانی هۆکی لە جیهان هەروەها نووسەر و هونەرمەندی بەناوبانگی سوید، Özz Nujen، کە بەرەگەز کوردە، قارەمانەکانی ئەمساڵیان (٢٠١٦) بۆ سوید هەڵبژارد.

خەڵاتەکان بەو ناوانە بوون: (فریشتە، قارەمانەکانی پاراستنی ژینگە، باشترین دراوسێ، دڵدانەوە، بەهاناوەهاتن، ژیان ڕزگارکردن...هتد، لە ئێوارەی هەینی ڕێکەوتی ١٦ی دێسێمبەری ٢٠١٦، بە قارەمانەکان بەخشران. لەوانەیە هەندێک لەو ناوانە بەزمانی کوردی باش نەیەتە سەرزار، بەڵام کارەکان جوانن و شایەنی وەرگرتنی ئەمجۆرە پاداشت یان خەڵاتەن.

Lasse Wennman ئەمساڵ خەڵاتی ژینگەی وەرگرت، ڕۆژانە سەردانی دوکانە گەورەکانی شاری Gävle دەکات و ئەو میوە و خواردنانەی دوکانەکان دەیانەوێ فڕەی بدەن، کۆیان دەکاتەوە و لە شوێنێکی تایبەت بە خۆڕایی بەسەر خەڵکی کەم دەرامەت دابەشی دەکا. لەڕاستیدا، خواردنەکان هێشتا زۆر باشن و کەلکی خواردنیان مایە. ئەم خەڵاتەی لاسسێ بەهاوکاری ڕێکخراوی WWF پێشکەش دەکرێ. لە کۆبوونەوەی ساڵانە، لاسسێ داوەتکراوە، کە بەدرێژی باس لە پرۆژەکەی بۆ ئامادەبووان و لەناو ئەوانیش بۆ مەلیکی سوید بکا.

Pär Johansson - پێر یوهانسۆن بۆ ماوەی بیست ساڵە کار لەگەڵ خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکا. ئەو گروپێکی مۆسیقای لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (مەنگۆل) دروستکردییە و شارە و شار لە سوید دەگەڕێن و کۆنسێرت پێشکەش دەکەن. گرنگی ئەم گروپە لەوەدایە، کە ئەمجۆرە کەسانە تاڕادەیەک لەبیرکراون، کەچی ئێستا بە هیممەتی لاسسێ، بڕوایان بەخۆیان هەیە و خۆیان خۆیان دەژیێنن و زیاتر هاوڵاتی پلە دوو نین... ئەم گروپە ورەبەرزیێک بە هەموو ئەوانە دەدا، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن... پێر یوهانسۆن خەڵاتی لەلایەن ئەمیرە سۆفیا پێبەخشرا.

گروپێک لە ئاگرکوژێنەوە و ئەمبوڵانس، بەهانای سێ گەنج هاتن، لەوکاتەی بەلەمەکەیان وەرگەڕا و پلەی ئاوی روبارەکەش تەنیا چوار پلە گەرم بوو. بە هەوڵ و هیممەتی ئەوان و بەردەوامبوون لەسەر هێنانەوە بەری ژیان، وەک موعجیزە هەرسێکیان لەمردن رزگار کردن.

خەڵاتی باشترین دراوسێ، بە کۆمەڵێک دراوسێ درا، لەوکاتەی چەند پەناهەندەیەک بۆ گوندەکەیان بردران، بەهانایانەوە هاتن و بۆ ئاهەنگ و بۆنە خۆشەکان بانگیان دەکردن و یارمەتییان دەدان زووتر بکەونە سەر سککە و غەریبی لەبیر بکەن.

هەردوو کیژ Emma Blomdahl و Julia Östfeldt خەڵاتی هاومرۆڤییان وەرگرت. ئێممە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە ئێوارەیەکی درەنگ دەستدرێژی جنسی لێکراوە و یولیاش لەلایەن مێردەکەی تەحەدای جنسی و دەروونی و جەستەیی بۆ ماوەیەکی درێژ لێکراوە. ئەم دوو کیژە لە گروپی تێراپی – چارەسەری دەروونی، یەکتریان ناسی و تێگەیشتن زانیاری کەم لەسەر ئەمجۆرە توندوتیژییە هەیە. بەیەکەوە ڕێکخراوێکیان دامەزراند و ئێستا یارمەتی ئەو کیژانە دەدن، کە تووشی هەمان کارەساتی لەبیرنەکراوی وەکخۆیان هاتوون.

خەڵاتێکی دیکە بە Anita D'Orazio درا. ئەم ژنە تەمەن هەشتا ساڵە، چل ساڵە یارمەتی پەناهەندە دەدات و کار بۆ ئیقامە وەرگرتنیان دەکا و پێش چەند ساڵێکیش بەیارمەتی دوو دکتۆر توانی نەخۆشخانەیەک لە ستۆکهۆڵم بۆ ئەو کەسانەی هیچ کاغەز و بەڵگەیەکیان نییە و ئیقامەیان لەسوید وەرنەگرتووە کردۆتەوە. ئانیتە پێش چل ساڵ لە کۆمپانیایەکی ڕێکلام کاری دەکرد، وازی لەکارەکەی هێنا، بۆ ئەوەی وەک مامۆستای

زمانی سویدی لەگەڵ پەناهەندە تازەکان کار بکات و دواتریش بەمشێوەی ئێستا یارمەتییان بدا.

براوەکانی خەڵاتی قارەمانی سوید، بەڵگەنامەیەک و پەیکەرێکی بچوک وەردەگرن و بۆ هەندێک، بلێتی کۆنسێرت بۆ ئەوانەی دیکە سەفەرێکی کورتە و هیچیشیان پارە وەرناگرن، لەگەڵ ئەوەش خەڵاتێکە زۆر گەورەیە و لە ئەنجامی کارکردنی خۆبەخش بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەبەخشرێ... بێگومان وەرگران شانازی دەکەن، بەوەی ئەو کارەی ئەوان بۆ هەندێک کەسی دەرەوەی گرووپەکەیان جێی بایەخ و گرنگە...

لە کوردستان جارێ ئەمجۆرە خەڵاتانە بەو ناوانەنین، بەڵام هیچ ناکاتە ئەوەی، کوردستان ئەزمەی قارەمانی هەیە نەخێر، کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەی وەک کوردستان پڕکێشەن، لانەی کەسانی قارەمانن و کەسانی قارەمانیان لە وڵاتانی هێمن و دوور لەشەڕ گەلەک زۆرترە... هەر بۆ نموونە: ئەو پیشمەرگانەی گیانی خۆیان بەخت دەکەن، دایکانی پێشمەرگە و شەهید، ئەو کەسانەی لە ڕۆژی گرانی و ناخۆشی یارمەتی هەزاران هەزار کەس بەخۆڕایی و بێبەرامبەر دەدەن، ئەو مامۆستایانەی وەک سەربازی ون بەدڵ و بەگیان لە قوتابخانەکان منداڵ پەروەردە دەکەن، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی، بۆ ئەوەی هەندێک زانیاری شاراوە ئاشکرا بکەن... هەموو ئەوانە و زۆر زیاتریش، کە ناویان لەم گوتارە نەهاتووە قارەمانن... دەزانین ئەمجۆرە بەرنامانەی تەلەفزیۆن لە کوردستان نین، بەڵام زۆر لە قارەمانەکانی ئێمە هەر خۆیان نایانەوێ باس بکرێن یان پیشان بدرێن.

ڕاستە خەڵاتەکان لە سوید و بۆ هاوڵاتییانی سویدە بەڵام زۆر بەئاسانی دەکرێ، کەسەکان وەک قارەمانی جیهان یان قارەمانی مرۆڤایەتیش سەیر بکرێن، چونکە هەموو جۆرەکانی خەڵات ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانەوە هەیە، پەیوەندییان بە یارمەتییەوە هەیە، پەیوەندییان بە مرۆڤ و بە مرۆڤدۆستییەوە هەیە، پەیوەندییان بە هەست و سۆزەوە هەیە، پەیوەندییان بە بەهاناوەهاتنی کەسانی لاواز و بێدەستەڵاتەوە هەیە.

## دەربارەی: بڕواکردن بە هەواڵ و نووسینی درۆ لە نێت

لە ٢٥ی دیسێمبەری ٢٠١٦ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لەوانەیە هەندێک کەس لەو بڕوایەدابن، تەنیا کورد و لەناو کوردیش، کوردی کەمخوێندەوار و دواکەوتوو، بڕوا بە هەواڵی هەڵبەستراو و زانیاری درۆ دەکەن، کەچی لەڕاستیدا، بڕواکردن بە هەواڵ و زانیاری درۆ، هیچ پەیوەندی بە نەتەوە و وڵاتەوە نییە و بڕواکردنیش بە درۆ، داهێنانێکی تازە نییە و دەمێکە هەیە.

بە گوێرەی ئاماری Ipsos کە لە کۆتایی نۆڤێمبەری ئەمساڵ ئەنجامدرا، لە چوار کەسی ئەمریکی سێ کەس بە هەواڵی درۆ و هەڵبەستراو باوەڕ دەکەن. (Ipsos کۆمپانیایەکی ئاماری گەورەی جیهانییە و لە ساڵی ١٩٧٥ لە پاریس دروستکرا و ئێستا نوێنەریان لە ٨٠ دەوڵەت هەیە. بۆ وەگیرکەوتنی ئامار چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن و هەر چاوپێکەوتنێکیش نزیکەی ٢٠ خولەک دەخایەنی. بەشداربووان پاداشتێکی بچوک وەردەگرن).

لە وێب تیڤییێکی ئەمریکی (web tv)، کە لەلایەن کۆمەڵێک کەسی سپیپێستی توندڕەو بەڕێوە دەچێ، لەوبڕوایەدان، کە سەرۆک باراک ئۆباما پێشنیازی کردووە، هاوڵاتی ڕەشپێست کەمێک داشکانی لە زەریبە بۆ بکرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان ڕەشن... ئەو هەواڵە بێگومان درۆیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەش هەندێک باوەڕدەکەن و بۆتە هاندەر، خەڵک بەو جۆرە درۆ زلانە، زیاتر رقی لە کەسانی هۆمۆ (حیز) ببێتەوە، رقیان لە ئیسلام و کەسانی رەشپێست ببێتەوە.

- بە ملیۆنان کەس بەقاچاخ لە کالیفۆرنیا دەنگیان بە هیلەری کلینتۆن دا، Donald Trump لە دوا هەڵبژاردنی ئەمریکا جارێکیان گوتی... خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێیکرد.

هەر بەگوێرەی Ipsos ئەو ماڵپەڕانەی زیاتر لەکاتی هەڵبژاردنی ئەمریکا درۆیان بڵاودەکردەوە، لە کۆمارییەکان نزیک بوون تا لە هیلەری کلینتۆن، هەرچەند دیموکراتەکانیش لە درۆ هەڵبەستن فریشتە نەبوون و بەتایبەتیش لەوکاتەی نووسینێک بڵاوکرایەوە گوایە، Donald Trump گوتویەتی: (دەنگدەرانی کۆمارییەکان گێلترین گروپی دەنگدەری ئەمریکین)، پاپای رۆم

پشتگیری لە ترامپ دەکات و هیلەری کلینتۆن نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە... ئەم درۆیانە و زۆری دیکەش لە ئەکاونت و ماڵپەری فەیسبووک ئازادانە مەلەیان دەکرد.

ڕەخنەیەکی زۆر توند لە فەیسبووک و Mark Zuckerberg دەگیرێ، گوایە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکا بەرامبەر بەو هەموو هەواڵ و زانیارییە درۆیانەی لە فەیسبوک بڵاودەکرێنەوە. بۆ وەڵامی ڕەخنەکان، Mark نامەیەکی لە ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک بڵاوکردوە و نووسیبووی: (٩٩٪ ئەو زانیارییانەی لە فەیسبووک بڵاودەکرێنەوە ڕاستن).

- من لەوبڕوایەدام، هەموو ئەو بۆچوونانەی لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ لە فەیسبووک هەن، کە پانتاییەکی گچکەیان داگیرکردووە و گوایە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ئەمریکا هەبووە، من بە بۆچوونێکی شێتانەی لەقەڵەم دەدەم، دەنگدەران خۆیان لەسەر بنەمای ئەزموون و هەستوسۆز دەنگ بە پاڵێوراوی خۆیان دەدەن، Mark Zuckerberg لە کۆنفرێنسی تەکنۆلۆجی گوتی.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی New York Times بەڕێوەبەرانی فەیسبووک لە چاتکردنێکی چڕوخەست لەگەڵ یەکتر، باسیان لە کۆبووەنەوەی ڕێک و بەردەوام کردووە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر کاریگەری کۆمپانیای فەیسبوک لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی و سیاسەت بکەن.

هەندێک لە توێژەرانی ڕەخنەگر لەوبڕوایەدان، ئەگەر فەیسبووک تەنیا لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو کۆمەڵێک ملیار دۆلار قازانج بکا، بێگومان دەتوانی سەد یان زیاتر خەڵک دابمەزرێنی و تەشهیر و درۆ گەورەکان دیلیت بکا. لەم نووسینە زیاتر باس لە فەیسبووک کرا بەڵام بێگومان، هەواڵی درۆ لە تویتەر و ئینستەگرام و ماڵپەڕەکانی دیکەش بڵاودەکرێتەوە.

تا پێش بیست ساڵ هەموو ئەمریکییەکان یەک سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییان هەبوو، بەیارمەتی ئینتەرنێت، دیارە سەرچاوەکان گۆڕدران. Michael Lynch پرۆفێسۆر لە فەلسەفە لە زانکۆی Connecticut دەڵێ: ئەمرۆ گەلی ئەمریکا دابەشکراوە، نەک تەنیا لەوکاتەی باس لە هەقیقەت دەکەین، بەڵکو دژ بە یەکترین لەسەر ئەوەی چ شتێکیش هەقیقەتە، بۆیەش لە واقعێکی دوور لەیەک دەژین...

له ساڵی ٢٠١٢ وێنەیەکی شێرزاد خۆشناو له نێت و ماڵپەرەکانی کۆمەڵایەتی کوردی بڵاوکرایەوە و تێکستێکی لەگەڵ داندرابوو، گوایە شێرزاد خۆشناو نوێنەری یەکێتی قوتابییانی پارتییە لە نەمسا و لەسەر بودجەی حکومەت بەوشێوە ڕادەبوێری. لەم وێنەیە شێرزاد خۆشناو لەگەڵ کچێک سەما دەکا، کچێکی دیکە لە کۆمپیوتەر بەدوای گۆرانی دەگەرێ و دوورتریش کچێک و کوڕێک سەما دەکەن. ئەم سەماکردنەی ئەوان، لەدوای کارە و دەرکەوت بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی خاوەنی چێشتخانەکەیە، کە شێرزاد و کرێکارەکانی دیکە بەیەکەوە ئەو ئاهەنگە بچوکەیان بۆ شێفەکەیان سازداوە... لەماوەی چەند ڕۆژێک چەند هەزار جار وێنەکە شێرکرا، هەزاران جوێنی پیس بۆ پارتی و شێرزاد نووسران...

شێرزاد خۆشناو لەڕاستیدا، لە شارێکی گچکەی هۆڵەندا دەژیت، کوردپەروەر و بێلایەن و قەتیش ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی نەبووە و خوێندنیشی تەواو نەکردووە... کەس بەدواداچوونی لەسەر نەکرد، کەس بەرگری لە شێرزاد نەکرد و هەواڵە درۆ و بێبنەماکەش دەستاو دەستی دەکرد.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری درۆ لە فەیسبووک و ماڵپەرەکانی دیکەی ئێلیکترۆنی، کاریگەری لە کوردستان زۆر لە وڵاتانی دیکە زیاترە، چونکە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە گچکەیە، شێوەی ژیانی تایبەتە و خەڵک لە نزیکەوە یەکتر دەناسن و یەکتر دەبینن.

ڕۆژنامەی ئێلیکترۆنی France 24 Observers چەندین ساڵە کار لەسەر ئاشکراکردنی گوتار و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی درۆ دەکا، کە ژمارەیان لەم دواییانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردییە. Julien Pain سەرنووسەری ڕۆژنامە دەڵێ:

- بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بە هەمان شێوەی هەواڵی ڕاست گرنگە. بەتایبەتیش لەکاتی ئێستادا، کە ئێمە تاکە سەرچاوەی هەواڵمان نییە و خەڵک بە نووسینی دیکەش بڕوا دەکەن لەناویاندا، کە جێگای گومانن، بۆیە کاری ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لە هەواڵە درۆ و هەڵبەستراوەکان...

## دەربارەی: شەرەف و شەرەف لە فەرهەنگی جودادا

لە ٣ی جەنیوەری٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

شەرەف پێوەرێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاستە و لە کۆندا کاری ڕێکخستنی کۆمەڵ بووە و ئێستاش گرنگ و بایەخی خۆی لەناو هەندێک کۆمەڵ و لەناو ئەوانیش کورد وەک پێشان ماوە و هیچی لەدەست نەداوە.

کەسێک شەرەف لەدەست بدا، لەکۆمەڵ ترۆ دەکرێت و زۆربەی کات کەسەکە ناچارە یان گیانی قوربانی کڕینەوەی شەرەفی خۆی بکا، یانیش زێدی خۆی و باوک و باپیران بەسەرشۆڕی جێبێلی و جارێکی دیکە بۆی نەگەڕێتەوە.

شەرەف لە هەڵومەرجی پێشکەوتنی شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و گەورەبوونی شارەکان، گەشەکردنی دیموکراتییەت و هەبوونی مافی مرۆڤ، خەبات و تێکۆشانێکی بێکۆتایی بۆ ئازادی و وەرگرتنی تەواوی مافەکانی ژن و دروستبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان، لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان وەک جاران بایەخی پێنادرێ و کەمتر بیری لێدەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش، ژیانێکی تێر و مێرانە، بەردەوام قوربانی و باجی خۆی ویستووە.

لە یابانی کۆن و دابونەریتی سامۆرای، ئەگەر کەسێک ئیهانە کرابا، کەسەکە خۆی خۆی دەکوشت. 切腹 Seppuku هەندێکجار腹切 harakiri 切り یشی پێدەڵێن، جۆرە خۆکوشتنێکە، سامورِاکان لەکاتی ئیهانەکردن و بوختان پێهەلبەستن، هانایان وەبەردەبرد، بۆ ئەوەی شەرەفی خۆیان بگێڕنەوە و ئەستۆپاکی خۆیان پیشان بدەن. کەسی ئیهانەکراو یان شەرەف لەدەستدای، لە بۆنە (ڕیتوار)ێکی تایبەت لەبەردەم چەند کەسێک، لەسەر چۆک دادەنیشت و بە خەنجەرێکی زۆر تیژ زگی خۆی هەڵدەدڕێ و لەهەمان کات، کەسێک بە شمشێر سەری دەپەڕاند. ئەوان مردنێکی سەربەرزیان هەڵدەبژارد لە ژیانێکی ترۆکراو و سەرشۆڕی.

کڕینەوەی شەرەف لە ئەوروپاش لەشێوەی دوێل (duel) لە سەدەی ١٥ لە ئیتالیا سەریهەڵدا. ئەگەر کەسێک لەبەر هەر هۆیەک ئیهانە کرابا، کەسی

ئیهانەکراو داوای دوێلی لە کەسی بوختانچی دەکرد و لە بۆنەیەکی تایبەت و لە شوێنێکی دیار بە حەکەماتی دوو کەس، کە پێیان دەگوترا سێکوندانت لەگەڵ کۆمەڵێک شاهید، لە ناوەندی گۆرەپانێک پشتیان لەیەکتر دەکرد و بە گوێرەی رێنماییەکان، چەند هەنگاوێک لەیەکتر دووردەکەوتنەوە و بە فەرمانی حەکەم رووویان بۆیەک وەردەگێڕا و بە دەمانچە تەقەیان لەیەکتر دەکرد. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە یەک یان هەردووکیان دەکوژران.

دوێل لەلایەن کەنیسەی کاتۆلیک لە ساڵی ١٥٦٢ بە رەسمی قەدەغە کرا، بەڵام تا کۆتایی سەدەی نۆزدە لە هەندێک شوێن ئەنجام دەدرا. شاعیری گەورەی روسیا ئەلێکساندەر پوشکین لە ١٠ی شوباتی ١٨٣٧ لە تەمەنی ٣٧ ساڵی لە شاری سانکت پیتربورگ لە دوێل لەگەڵ ئەفسەرێکی فەرەنسی بەناوی Georges d'Anthès کوژرا.

لە پێش ئیسلام ژن و کیژ کوشتن لە دورگەی عەرەبی هەبووە و لەگەڵ کات ئەم دیاردە هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە و تا ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رۆژانە لەسەر شەرەف کیژ و ژن دەکوژرێن.

ئەوەی شەرەفی پیاوی کورد، رۆژهەڵاتی یان ئیسلام لە پیاوی یابانی و ئەوروپی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە شەرەفی پیاوی ئیسلام لە کۆشی ژن یان کیژیەتی. ئەم تێڕوانینەی پیاوانی ڕۆژهەڵاتی لەوانەیە لەوەوە سەری هەڵدابێ، کە ئەوان وەک کاڵا سەیری ژن و کچی خۆیان دەکەن، نەک وەک مرۆڤ و مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن ماف، لەهەمان کات دەبیندرێ، پیاوی یابانی و ئەوروپی شەرەفیان لەدەست خۆیاندایە و لە کۆشی کیژ و ژنیان دانییە.

کچێک دەمری، کچێک لەسەر شەرەف دەکوژرێ، کچێک خۆی خۆی دەکوژی، لە هەرسێک حالەت دیارە دایکێک کچی لەدەست دەدا و بەلای ئەو دایکیش هۆی نەمان یان لەدەستدانی کیژەکەی هیچ گرنگ نییە، چونکە ئەو تێگەیشتووە و دەزانی لە واقعێکی تاڵ و رەش دەژیت و جارێکی دیکە ئەو کیژە گەنج و جوانەی خۆی نابینیتەوە، بۆیە لەدەستدانی کیژەکە بەهەر هۆیەک بێت، کارەساتێکی گەورەیە بۆ ئەو خێزان.

لەبیرکردنی کوشتن یان لەدەستدانی کیژێک لە کۆمەڵگای کوردەواری، پەیوەندی بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو کەس یان خێزان لە کۆمەڵ هەیە، بە دوور و نزیکی ئەو خێزان بە حزبێکی دیاری کوردییەوە هەیە، بۆیە هیچ

دوورنییە کارەساتێکی زۆر گەورەی خێزانی، لەلایەن هەندێک تاقم و حزب و کەسانی ناحەز بقۆسترێتەوە و بازرگانی سیاسی پێوە بکرێ، لەکاتێکدا ئەندامانی خێزان خۆیان دەیانەوێ کەمترین کەس بەو کارەساتەیان بزانێ...

ڕێنماییەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری زۆر ڕوون و ئاشکران و بەهیچ شێوەیەک ڕێگانادەن، ناو و وێنەی کیژ یان کوڕێکی کوشتراو بەتایبەتیش لەسەر شەرەف لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن یان ماڵپەڕانی کۆمەڵایەتی بڵاوبکرێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی بریندارکردنی خانەوادەکە. لەهەمان کات، ڕێگادراوە وەک هەواڵ باس لە کوشتن یان بزربوون بکرێ، دیسان بێئەوەی ناو و وێنەی کەسەکە بڵاوبکرێتەوە.

کاری ڕۆژنامەنووس یان هیچ کەسێک نییە، پرد لە ئێسک و خەم و ناخۆشی و کارەساتی گەورەی خەڵک دروست بکات و خۆی بەسەریدا بپەڕێتەوە، ناو و ناوبانگ بۆ خۆی دروست بکا، پشتیوانی بۆ حزبەکەی کۆبکاتەوە. لەوەش خراپتر ئەگەر ئەو کەس بەناوی بەرگری، پێش بەدواداچوونی پۆلیس بکەوێت، لە ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار، لێمان ببێتە توێژەری کۆمەڵایەتی و حاکم (دادوەر) و قازی، حوکمەکان بە ئاشکرا بدات و لە کەنالی تەلەفزیۆن و رادیۆ باس بکات.

زۆر لەوانەی بوونەتە ئاوقات (پارێزەر)ی کەیسی ژن و کیژکوشتن لەسەر شەرەف و بەناوی دەزگا یان ڕێکخراوی جیا جیا بەرگری لە مافی ژن دەکەن، خۆیان کەسانی دووڕوون و لە ماڵەوە دۆزەخیان، بۆ خوشک و کیژ و خێزانیان دروست کردووە، دەستبەسەریان کردوون و هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نابینن...

## نووسینی جوان و نووسینی سەردێر

له ٨ی جەنیوەری٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لەگەڵ پیشکەوتنی تەکنۆلۆجیای زانیاری و زۆربوونی ژمارەی بەکارهێنەری ماڵپەڕانی کۆمەڵایەتی، دەرفەتێکی زێڕین بۆ هەموو کەسێک رەخساوە، بێ تێپەڕبوون بە هیچ فلتەرێک (filter)، نووسین و وێنە و دەنگ و گرتەی ڤیدیۆیی خۆی لە ئەکاونتی کۆمەڵایەتی دابنێ و بڵاوبکاتەوە. ئەم دەرفەتە باشە، تەنیا هاوڵاتی ئاسایی سوودی لێوەرنەگرتووە، بەڵکو نووسەر و رۆژنامەنووس و کەسانی سەرکردەش زۆرجار بەرهەم و نووسین و رایخۆیان لە ماڵپەڕانی کۆمەڵایەتی دادەنێن و بڵاودەکەنەوە. بڵاوکردنەوەی نووسین بێ هیچ فلتەر و رەقابە (چاودێری) لەوانەیە بۆ ئەو گەلانەی زمانی نووسینیان دەمێکە بێکێشە و ستانداردە (standard) و کێشەی ئیملا (رێنووس) و رێزمان و خاڵبەندییان نییە، هیچ گرفت نەبێ، بەڵام بۆ ئێمەی کورد، دەبێتە زیاتر تێکدان و وێرانکردنی زمانی کوردی و سرکردن و گەڕانەوەی بۆ دواوە.

ئەگەر کەسێکی کەمخوێندەوار پارچە نووسینێک لە فەیسبووک بڵاوبکاتەوە، بە ئەندازەی وشەکان هەڵەی تێدابێ، کەس گلەیی لەو کەس ناکا، چونکە لە رێگەی نووسینەکەی خوێنەر ئاستی وشیاری و رۆشنبیری ئەوی بۆ وەدیار دەکەوێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو هەقیقەتە بزانین: کەس لە هاوڵاتی، کەمخوێندەوار و ئاسایی چاوڕێی نووسینی جوان و داهێنان ناکا.

جیاکردنەوەی دەستەواژەی نووسەری باش و نووسەری خراپ، رۆژنامەنووسی باش و رۆژنامەنووسی خراپ، کە لەزمانی کوردی دەمێکە جێی خۆی گرتووە، لە زمانەکانی ئەورووپی بەکار نایێ و بەرچاو ناکەوێ، فڵانە نووسەر یان رۆژنامەنووس باشە، چونکە هەموویان باش دەنووسن، هەموویان باش بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ بەڕێوەدەبەن، هەموویان زمانی دایک باش فێرکراین و کێشە و گرفتی خاڵبەندی و رێزمان و یاریکردن بە وشەیان نییە.

بێگومان لەناو ئەوان نووسەری بەناوبانگ هەیە، کە داهێنانی لە نووسینەکانی کردووە، رۆژنامەنووسی بەناوبانگ هەیە، چونکە فەرهەنگیانە

پەروەردە کراوە و باکگراوندێکی رۆشنبیری زۆر گەورەی هەیە و لەناو پسۆرییەکەی خۆی تواوەتەوە و بەردەوامیش لە زانیاری و داهێنانە تازەکان ئاگادارە. بۆیە ئەوەی ئەوان بەناوبانگ دەکا، قووڵبوونەوەی زیاتری ئەوانە لە بەرهەمەکانیان، داهێنانی ئەوانە لە کارەکانیان، ئەزموونی زۆر و خۆشەویستی ئەوانە بۆ پیشەکانیان...

نووسین دەستپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بۆ ئەوەی نووسینەکە پڕ و تەواو بێ، دەبی کەسی نووسەر شارەزای تەکنیکی نووسین بێ. هیچ مەرج نییە، چیرۆکنووسێکی سەرکەتوو، گوتارێکی تێر و جوانی بۆ بنووسرێ، هیچ مەرج نییە شاعیرێکی بەناوبانگ، گۆشەیەکی باشی بۆ بنووسرێ... لێرە مەبەست لە نووسینی باش ئەوەیە، کە بیری نوێی تێدابێت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە لەمێشکی خوێنەر بمینێتەوە و خوێنەریشی زۆربێت.

زۆر لە نووسەرانی ناوداری کورد، رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار، هەندێ نووسین یان بەرهەم بڵاودەکەنەوە، هەڵە و کەموکورتی زۆرە، خاڵبەندی لاوازە، دەستپێک و تەکنیکی نووسین و دەربڕینی خراپە و بە ئاسانی دەبیندرێ، کەسی نووسەر هەقی خۆی بە نووسینەکە نەدایە و سەردێریشی خراپ و سەقەتە.

هەموو نووسینێک بە سەردێر دەستپێدەکا، بۆیە ئەگەر سەردێر خراپ نووسرابی، باوەڕناکرێ ناوەرۆکیش باش بێت، لەڕاستیدا، نووسینی سەردێر لە هەندێک رۆژنامە گەورەکانی ئەوروپا، رۆژنامەنووس یان نووسەری گوتار ناینووسن، بەڵکو تێمیک بۆ نووسینی هەموو سەردێرەکان لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دیاریکراوە و ئەوان بەو کارە هەڵدەستن.

بەگوێرەی رای پسپۆرانی ڕاگەیاندن، سەردێر بەهیچ شێوەیەک نابی بە پرسیار دەستپێبکا، چونکە لەوکات تۆ پرسیارەکە ئاراستەی خوێنەر دەکەیت و خوێنەریش لەوانەیە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ نەزانی، دیارە نووسەر مەبەستی دیکەی لەپشت هەڵبژاردنی ئەوجۆرە سەردێرە هەیە، بەڵام هیچ مەرج نییە، خوێنەر لە مەبەستی ئەو بگا...

- ئەگەر تۆ ناچار بکرێیت، سەردێر لە شێوەی پرسیار بنووسیت، لەوکات دەبێ وێنە لەگەڵ نووسینەکەت دابندرێ. دانانی وێنە کاریگەری زۆر دەبێ و لەگەڵ خوێنەر، پەیوەندی دروست دەکا. لەگەڵ ئەوەش نیشانەی پرسیار بۆ سەردێر، دەبێ زۆر بەهۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. ئەوەی

سەرەوە ڕای Rune Pettersson نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سویدییە. جگە لەوە لە سەردێر نابی وشەی نێگەتیڤیش بنووسرێ.

ڕۆژانە کۆمەڵێک نووسین لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرانی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەون، سەردێرەکانیان لە شێوەی پرسیار نووسراون. خاوەنی ئەو نووسینانە ئاگایان لەو هەقیقەتە نییە، کە نووسین و دانانی سەردێر بە پرسیار لەلایەن پسپۆر و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە ئەوروپا زۆر دەمێکە ڕەت کراوەتەوە...

بەڕای ئەنتۆن کارلگرێن، سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەری سویدی لە ١٩٠٩ - ١٩٢٣: سەردێر دەبێ دوو ئامانجی هەبێ یەکەمیان: کار بکاتە سەر خوێنەر، کە گوتارەکە بخوێنێتەوە دووەمیان: خوێنەر لە ناوەڕۆکی گوتارەکە ئاگادار بکا.

ڕۆژنامەنووسی کورد فێرنەکرایە بۆ نووسینی یەک گوتار کتێبێک یان زیاتر بخوێننەوە، کۆمەڵێک تەلەفۆن بکا، لە ئینتەرنێت زانیاری تازە وەربگرێ. ڕۆژنامەنووسی کورد فێرنەکرایە، بۆ نووسینی یەک گوتار یەک هەفتە یان زۆر زیاتر خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بێت، فێرنەکرایە پەلە لە نووسین نەکا و بیرۆکەی بە کورتی دەربڕێ، بۆیە نووسینەکانیان هەرزان و سووک و سادە دێنە بەرچاو، وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکان ناداتەوە و داهێنانی تێدانییە یان زۆر کەمە... ئەوانەی سەرەوە ڕۆژنامەگەری کوردییان لاوازکردییە، زمانی کوردییان خراپکردییە، خوێنەریان دوورخستۆتەوە.

زۆر کەس لە ڕێگەی دانانی هەڵبەست، چیرۆک نووسین یان سیاسەت فێری نووسینی گوتار بوون، ئێستا ناوبانگی زۆریان پەیداکردووە و لە زۆر ڕۆژنامەکانی کوردستان نووسینیان بڵاودەکەنەوە. لەوانەیە هەندێک لە نووسینەکان زۆر جوانیشبن، بەڵام دوور هاوار دەکەن، کەسی نووسەر، ئاگاداری شێوەی نووسینی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی نییە، تەکنیکی نووسینی لاوازە، درێژدادڕە و سەردێر بە پرسیار دەنووسی.

جواننووسین لەڕاستیدا ئاسانە، بەڵام کاتی زۆری دەوێ، تێرنووسین ئاسانە، بەڵام قوڵبوونەوەی زۆری دەوێ. کەمن ئەوانەی بە کوردی جوان دەنووسن و هەق بە نووسینەکانیان دەدەن.

## دەربارەی: توتن و زیانەکانی جگەرە لە دوا راپۆرتی WHO

لە ١٥ی جەنیوەری٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

بەگوێرەی دوا راپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO ‹World Health Organization› لەگەڵ ئینستیتوتی شێرپەنجە لە ئەمریکا National Cancer Institute in the US، کە پێش هەفتەیەک بە قەبارەی ٦٨٨ لاپەڕە بڵاوکرایەوە، ساڵانە شەش ملیۆن کەس بە بەکارهێنانی توتن و نەخۆشییەکانی لە توتن و جگەرەکێشانەوە سەرهەڵدەدەن گیان لەدەست دەدەن و لە ساڵی ٢٠٣٠ بەدواوەش ژمارەیان بۆ هەشت ملیۆن بەرزدەبێتەوە. هەروەها بەگوێرەی هەمان راپۆرت، خەرجی ساڵانەی جگەرەکێشان بە هەزار ملیار دۆلاری ئەمریکی خەمڵێندراوە. ئەو برە پارە زۆرە جگە لە خەرجی نەخۆشخانە، بێگومان کارنەکردن و خاوکردنەوەی بەرهەمیش لەخۆ دەگرێ.

بەگوێرەی ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز بە ریژەی ٨٠٪ زیانەکانی جگەرەکێشان و مردن، بەرۆکی وڵاتانی دواکەوتوو و داهات نزم (جیهانی سێ)ی گرتۆتەوە. هەرچەندە جگەرەکێشان کەمدەبێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی جگەرەکێش زیاد دەکا، خەرجییەکانیش بەرزدەبنەوە و حکومەتەکانیش زۆر کارناکەن، بۆ ئەوەی ژمارەی جگەرەکێشیان کەم بکەنەوە.

کەمتر لە یەک ملیار دۆلار لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بۆ کۆنترۆلکردنی توتن لە جیهان خەرجکراوە.

تەنیا لە ساڵی ٢٠١٣ لە وڵاتی دانمارک توتن و جگەرە ٣٩ ملیار کرۆن (پێنج ملیار دۆلاری ئەمریکی) لەسەر حکومەت کەوتییە و خواردنەوە کحولییەکان (ئەلکحول) هەر لە دانمارک و لە هەمان قۆناغ نزیکەی یەک ملیار دۆلار لەسەر دەوڵەتی دانمارک کەوتییە.

بۆ ئەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی جگەرە و توتن لە ئەورووپای رۆژئاوا کەمبێتەوە، لە بارِ و چێشتخانە و کافیتێریاکان جگەرەکێشان بە تەواوەتی قەدەغە کراوە یانیش شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە. لە سوپەرمارکێتەکان پاکەتی جگەرە لە شوێنی تایبەت و دوور لە چاوی خەڵک

داندراوە. جگەرە بە منداڵ و مێرمنداڵ نافرۆشترێ و لە زۆر وڵات ڕیکلام بۆ جگەرە و توتن دەمێکە قەدەغە کراوە و باجی زۆریش خراوەتە سەر توتن و جگەرە. ئەم هەوڵانەی سەرەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا ژمارەی جگەرەکێشیان کەمکردۆتەوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویست نییە و دەبی کاری زۆرتری لەسەر بکرێ.

هەوڵی دیکەش بۆ وازهێنان لە جگەرە بەردەوامە، وەک بەکارهێنانی پلۆستەر و دروستکردنی جگەرەی ئێلیکترۆنی. جگەرەی ئێلیکترۆنی دروستکرا، زیاتر بۆ ئەوانەی دەیانەوێ واز لە جگەرە کێشان یان توتن بێنن. زۆر کەس لەوبڕوایەدابوون جگەرەی ئێلیکترۆنی هیچ زیانی بۆ بەکاربەران نییە، بەڵام بەگوێرەی دوا توێژینەوەی نەخۆشخانەی داندرید Danderyd لە ستکهۆڵم، جگەرەی ئێلیکترۆنی E-cigarettes کاریگەری خراپی لەسەر دەمارەکانی خوێن و بۆ سەر سییەکانیش هەیە، لەگەڵ ئەوەش دەبی بنووسرێ، جگەرەی ئێلیکترۆنی زیانی لە جگەرەی توتن کەمترە.

لە ساڵی ٢٠١٥ بەهەمووی ١٧٥ تاقیکردنەوە لەسەر جگەرەی ئێلیکترۆنی و زیانەکانی ئەنجامدران. لەوانە ٣٢ تاقیکردنەوە لەسەر مرۆڤ و ١١ تاقیکردنەوەش لەسەر ئاژەڵ بوو.

ژمارەی بەکاربەرانی جگەرەی ئێلیکترۆنی بەردەوام لەزیادبووندایە. لە ساڵێ ٢٠١١ بە ڕێژەی ١،٥٪ قوتابییانی ئامادەیی لە ئەمریکا جگەرەی ئێلیکترۆنیان دەکێشا، لە ساڵی ٢٠١٥ ئەم ڕێژەیە بۆ ١٦٪ لەناو هەمان چین بەرزبۆوە.

زانایان لەوبڕوایەدان، هەموو جگەرەیەکی داگیرساو لە کارگەیەکی بچوکی کیمیا دەکا، کە نزیکەی ٧٠٠٠ مژار (مواد - substances) بەرهەم دێنی و لەناو ئەوانە نزیکەی ٦٠ مژار دەبنە هۆی نانەوەی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشی دڵ.

لەوکاتەی کریستۆفەر کۆلۆمبۆس (Christopher Columbus) لە ساڵی ١٤٩٢ گەیشتنە ئەمریکا، هیندییەکانی ئاراواک Arawak Indians توتنیان پێیدا. ئەوان لەوکات توتنیان وشک دەکردەوە و هوردیان دەکرد و لەناو پەلکی مایس (شەندەری) لولیان دەدا ئینجا دایان دەگیرساند و دەیانکێشا. هیندییەکان بەجۆری دیکەش جگەرەیان دەکێشا. ئەوان توتنیان لەناو قەمیش

دەکرد (دارجگەرە) و دەیانکێشا. بەڵام لە هەموویان ئاساییتر بێگومان لەناو پایپ بوو. تێکردنی توتن لەناو پایپ و دواتر کێشانی زۆر پێش کۆڵۆمبۆس لە ئەمریکا هەبووە. لە دۆڵەکانی مسیسیپی Mississippi پایپ دۆزراوەتەوە، تەمەنی لە هەزار ساڵ زیاتر بووە. بۆ هیندییە سورەکانی ئەمریکا لە کۆن، پایپکێشان بۆنەیەکی (سێرمۆنییێکی) گرنگی ئایینی و سیمبۆلی ئارامی و ئاشتی بووە.

لە سەدەی شازدەوە ئەوروپییەکانی لە ئەمریکای لاتین دەژیان، دەستیان بە توتن چاندن کرد و ئەم چاندنەش لە بەرازیل و کۆڵۆنییەکانی باکوری ئەمریکا دەستی پێکرد.

لە ساڵی ١٥٦٠ توتن بۆ ئەوروپا هات و یەک لەوانەی زوتر لەوانی دیکە لە لیسبون (پورتوگال) دەستی بە توتن چاندن کرد، سەفیری فەرەنسی Jean Nicot بوو. ئەو توتنی بۆ وڵاتی خۆی (فەڕەنسا) برد و بەگزادەکانی فێری جگەرە کێشان کرد. توتن هەر بەناوی ئەویش Nicot بڵاوبۆوە و دواتر ناوی زانستی nicotiana ی لێندرا.

دروستکردنی جگەرە لە شێوەی جگەرەی ئێستا بۆ جاری یەکەم لە مێژوو لە سەدەی پازدەوە لە Sevilla لە ئیسپانیا دەستی پێکرد. خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بەشە خراپەکانی توتنیان هەڵدەگرتەوە و وردیان دەکرد و لەناو کاغەزێک لولیان دەدا و دەیانکێشا. لەوکات بەوجۆرە جگەرانەیان دەگوت: cigarillos زۆر لەوبڕوایەدان ئەم وشەیە لە هیندییەکانی مایا وەرگیرایە، کە بە زمانی ئەوان ئەم ووشەیە بۆ دووکەڵ و کێشان لەوکات بەکار دەهات. هەر لە Sevilla یەکەم کارگەی دروستکردنی جگەرە لە سەدەی ١٧ دامەزرا و ژن کاریان تێدا دەکرد و بەدەست جگەرەکانیان دەپێچایەوە و لوول دەدا.

## دەربارەی: ڕەوەند (جالیا)ی کوردی لە ئەوروپا

لە ٢٢ی جەنیوەری٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

جالیای کورد لە ئەوروپا بە بەراورد لەگەڵ جالیای (ڕەوەند) میللەتانی دیکە، زۆر چالاکترە و ئینتیما و خۆشەویستی زیاتریشیان بۆ وڵاتەکەیان هەیە. ئەوان بە جەستە لە دەرەوە و بە روحیش بەردەوام لە کوردستان دەژین و لەڕاستیدا، ئەو سنوورە سیاسییە دەستکردەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ کوردستان کێشرا و ئێستا لە نەخشە و کتێبی جوگرافیدا هەیە، هیچ بڕوای پێناکەن و وەک برا بەیەکەوە دەژین، خەبات بۆ کێشە ڕەواکەیان دەکەن و لە یاد و بۆنە نیشتمانییەکان کۆدەبنەوە و بەلای کەسیش گرنگ نییە، چ کوردێک خەڵکی چ پارچە یان ناوچەیەکە. ئەوان بەیەکەوە شایی دەکەن و دەگرین.

جالیای کورد لەکاتی پێویست و تەنگانە و بەتایبەتیش پاش شەڕی کەنداو و کۆچڕەوە گەورەکە، لە ڕێگای مانگرتن و خۆپیشاندانی هێمنانە، پارە و پشتیوانی سیاسی بەنرخیان بۆ کورد کۆکردەوە. ئەم یارمەتی و پشتیوانییەی ئەوان لەکاتی چوار ئابلۆقەی وڵاتانی دراوسێ و UN تا پێش ڕوخانی رژێمی سەدام، یارمەتییێکی یەکجار باش بوو بۆ خزموکەس و بارگرانییێکی گەورەش لەکۆڵ حکومەتی هەرێم کرایەوە و بازاڕەکانی کوردستانیش بەو پارەیە بوژانەوە.

لەپاش شەڕی دووەمی کەنداو، کەشوهەوایەکی جوانی سیاسی لە ناوچەکە و کوردستان هاتە ئاراوە. پاش نەمانی سەدام، ئومێدێکی نوێ بۆ ئێراق و کوردستان پەیدابوو. زیاتر ترس نەما، جارێکی دیکە بەغدا هەڕەشە لە کوردستان بکا و بە ئەنفالی ژمارە نۆ دەستپێبکاتەوە، کورد خۆی ئەمجارە لە حکومەتی بەغدا بەشدارە. لەم کەشوهەوا ئارامە و قۆناغی بوژانەوەی کوردستان، سەرکردایەتی کورد، بە ئاشکرا هانا وەبەر جالیای کورد دەبا و داوا لە کادر و هەڵگرانی بڕوانامەی بەرزدەکا، هەتا زووە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە بەشداری لە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بکەن، کار بۆ دیموکراتی بکەن.

هەزاران کەس لە وڵاتانی جیا جیا، بەهانای ئەو بانگەوازەی سەرکردایەتی کورد هاتن، کە شوێن پێی خۆیان لە ئاوارەیی گەرم و خۆشکردبوو، ماڵێکی جوانیان پێکهێنابوو. ئەوان وازیان لەکارەکانیان هێنا، شوقەکانیان دایەوە، خانووەکانیان فرۆشت، کۆمپانیاکانیان داخست، بەو هیوایەی یارمەتی حکومەتی کوردی بدەن، ژیانێکی خۆش بۆ هاوڵاتییانی کوردستان بەیەکەوە دابین بکەن و ئەزموونی جوانی ژیانی دەرەوە هێواش هێواش بۆ کوردستان بگوازنەوە.

هەندێک لەوانەی گەڕانەوە و بەتایبەتیش بێکەلکەکان، لە فڕۆکەخانەوە بۆ وەزارەت و پەرلەمان نێردران، کورسی گەرمیان پێدرا و وەک کوێخوا ژیانێکی یەکجار خۆشیان بۆ دابینکرا و زوو لەبیریانکرد، بۆچی بۆ کوردستان گەڕاونەتەوە. ئەم چینە کاسەلێس و خۆڕەپێشکەرە، لەگەڵ کات خەسڵەتی ئەمیبایان وەرگرت، بوونە مشەخۆر، لەسەر حکومەت و سەرکردایەتی کورد زۆر کەوتن.

زۆر لەوان ئەو کورسییە گەرمانەیان پێدرا و زیاد لەپێویست یارمەتییاندرا، لەبەر ئەوە نەبوو، کە ئەوان خەڵکی بەتوانا و باشن، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی ئەوان کەسانی بێشەرم و بێمەرج بوون. ئەو کوردە نوێیانە، نموونە هەرە ناشیرن و خراپەکانی جالیای کورد بوون و نەیانتوانی ئەو خزمەتە بکەن، کە دەبوایە بیکەن یان بەڵێنیاندابوو بیکەن.

گرووپی دووەم، کە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان چوون یان لە سلکی حزبی کاریان پێدرا، زیاتر سەرکەوتوبوون. ئەوان بە پارەش لەسەر حزب و حکومەت نەوەستان و وەک هاوڵاتی ئاسایی دەژیان و کاریان لەسەر جوانکردن و بەرەوپێشچوونی دیموکراتییەت دەکرد، لەسەر ئاوەدانکردنەوە و ریفۆرمە جوانەکان دەکرد.

ئەم چینە دڵسۆزە، رای جوانیان هەبوو، پرۆژە و پێشنیاری باشیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەش، بەدەگمەن گوێیان لێدەگیرا و ڕا جوانەکانیان قبوڵ دەکرا، بۆیە لەگەڵ کات هێواش هێواش ژیان و واقعی تاڵی کوردستانیان قبوڵکرد و زیاتر تاقەتی سەلماندنی توانای خۆیان نەما، لەگەڵ ئەوەش لە کاری خۆیان بەردەوام بوون و کوردستانیان جێنەهێشتەوە.

لەوکاتەی ڕەوشی ئابووری کوردستان باشبوو، رۆڵی کەسانی باش و بەتوانا دیار نەبوو، بەڵام بە تێکچوونی ئارامی و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ

بەغدا و شەڕی نارەوای داعش، هێواش هێواش سەفەری دووەمی زۆریان دەستپێکردەوە و کوردستانیان جێهێشت.

بەجێهێشتنی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک کادری یەکجار بەتوانا، خاوەن ئەزموون و دڵسۆز بۆ کورد، زیانێکی گەورە لە حکومەتی کوردی کەوت. لەوانەیە ئەو زیانە زوو نەبیندرێ، بەڵام پێشکەوتنەکانی کوردستان سڕدەکەن، دیموکراتیەت دەخەسێ، مافی مرۆڤ لەبیردەکرێ و زیانی گەورەی بۆ زۆر بواری دیکەش هەیە.

جالیای کورد، سەرمایەیەکی یەکجار گەورەیە و بە پارە قەت ناپیورێ، بەتایبەتیش ئێستا جیلی دووەمی جالیای کورد پێگەیشتووە و دەیان هەزار لەوان، باشترین زانکۆی جیهانیان تەواوکردووە و کاری زۆر گرنگ و گەورە دەکەن.

حکومەتی کوردی دەبی هەموو هاوکارییێکیان بکات بۆ ئەوەی هەرنەبێ ناوە ناوە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

پێش ئەنجامدانی ئەم هەنگاوەی سەرەوە، حکومەتی کوردی دەبی ئەو کادرە دڵسۆز و بەتوانایانەی لەکاتی پێویست و تەنگانە بەهانای سەرکردایەتی و حکومەتی کوردییەوە هاتن و ئێستاش کوردستانیان چۆل نەکرد و بۆ دەرەوە نەگەڕانەوە، ڕازییان بکات و هەموو بەهانەیەکی گەڕانەوەیان بۆ دەرەوە و وڵاتی دووەم ببڕی.

## دەربارەی: ڕۆژنامەگەری کوالیتی Quality Journalism

له ٢٩ی جەنیوەری٢٠١٧ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، ڕۆژنامە و گۆڤار پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینی و لەڕاستیدا، تاکە ئامرازی ڕاگەیاندنیش بوون. ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژنامەنووسی پێویستی بە ستایل و جۆری نووسینی تازە هەبوو، بەتایبەتیش لەوکاتەی گواستنەوەی وێنە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار لە ڕێگەی داهێنانەکەی Alexander Graham Bell بەناوی: phone photo ئاسانتربوو و هێواش هێواش وێنەی گەورە و ساف لە شوێنی ڕووداوەکان دەگیرا و لەگەڵ زۆربەی تێکستە هەواڵییەکان دادەندران. لەو سەردەم و لە ئەمریکا چەند شێوە ڕۆژنامەنووسییێک سەریانهەڵدا و گەشەیان کرد لەوانە: پرێسی زەرد Yellow Press، ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون Investigative journalism، هەروەها لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش ڕۆژنامەنووسی نوێ New Journalism لەدایکبوو. ئەم سێ جۆرەی ڕاگەیاندن تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کاریان پێدەکرێ.

جگە لەو سێ جۆرەی سەرەوە، شێوەیەکی دیکە بەناوی: ڕۆژنامەنووسی کوالیتی Quality Journalism هەیە و لە هەندێک شوێن وەک: ڕۆژنامەنووسی باش Good Journalism یش ناوی دەهێندرێ.

ڕۆژنامەنووسی کوالیتی، لەوانەیە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن تێگەیشتن لێی کەمێک جیابی، بەڵام یەک پرەنسیپ بەناوی کوالیتی هەیە و هەموویان پەیرەوی دەکەن.

بۆ ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەر Dagens Nyheter، کە ژمارەی یەکی لە ٢٣ی دیسێمبەری ١٨٦٤ لە ستۆکهۆڵم دەرچوو، ڕۆژنامەنووسی کوالیتی دەکاتە: لە پرسی سیاسی و پرسی دیکە بێلایەنن، هەموو ئەو نووسینانەی بڵاو دەکرێنەوە دەبی ڕاست و دروست بن، کۆنترۆلکرابی، توند نەبی و ڕەنگدانەوەی چۆنایەتی باش و جێگای بڕواپێکردن بن. ئەوانەی سەرەوە هێڵە هەرە سەرەکییەکانن، کە دەستەی نووسەرانی ئەوان کاری لەسەر دەکەن.

ئەوەی ئەوان بڵاوی دەکەنەوە دەبی ڕاست بێت و سەرچاوەکانیش دەبی بڕواپێکراوبن. لەکاتی بەدواداچوون و قووڵبوونەوە لە هەندێک پرس، دەبی فاکتەکان دووجار کۆنترۆڵ کرابن. ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بڵاویشی دەکەنەوە، دەبی لە چەند لایەک پشتراستکرابنەوە. زۆر لەو هەواڵ و زانیارییانەی ئەوان بڵاوی دەکەنەوە، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی خۆیان دەنووسرێن و ئەوانیش بێگومان جێگای متمانەن.

لەوکاتەی زانیاری لە سەرچاوەی دیکە یان ڕۆژنامەی دیکە وەردەگرن، ئاماژەی پێدەکەن. ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەری سویدی، زمانی توند بەکار ناهێنن و هەوڵدەدەن نووسینەکانیان ببێتە جێگای مشتومڕ، لەناو خوێنەران دەنگ بداتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زەینی خوێنەرانیان بمینێتەوە. لێرە ڕاستکردنەوەی هەڵە بۆ ڕۆژنامەنووسی کوالیتی زۆر گرنگە، دەبی بەزمانێکی ڕەوان ڕاستکردنەوەکە بنووسرێ، زۆر بەوردیش  کار لەسەر وێنە و ناو دەکەن.

بەلای ڕۆژنامەی Svenska Dagbladet، ژمارەی یەکی لە ١٨ی دێسێمبەری ١٨٨٤ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە، ڕۆژنامەنووسی کوالیتی دەکاتە: ئەگەر هەواڵ و زانیاری لە چەند کەنالی دیکەی ڕاگەیاندنیش بڵاوکرابنەوە، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە لە کوالیتی دووربی، باشە بڵاونەکرێتەوە، چونکە هەواڵەکە باشتر نابی.

کوالیتی پەیوەندی بە کۆمەڵێک شتەوە هەیە لەوانە: تایبەتمەندی زانیاری، کە دەبی بە چاوی ڕەخنە سەیری سەرچاوەی زانیاری بکرێ و بزاندرێ ڕۆژنامەنووس چۆن ئەو مەتریالی دەستکەوتووە، چۆن سەرچاوەی زانیاری دەپارێزی، لەکاتی وەرگرتنی ئینتەرڤیو، ڕۆژنامەنووس دەبی بەجوانی ئامانج لە وەرگرتنی ئینتەرڤیو بۆ کەسەکە ڕوون بکاتەوە و بۆی باس بکا، کە چۆن پرسیارەکانی ئاراستە دەکا، هەروەها ڕۆژنامەنووس دەبی ڕێز لە قارەمانی ئینتەرڤیو بگری و قەتیش نابی ناوەڕۆک تەزویر بکات و وێنەی خراپ یان ناشایستە لەگەڵ مەتریالەکە بڵاوبکاتەوە. ڕۆژنامەنووسی جوان، قەت نابی لە کەسی دەرەوەی دەستەی نووسەران فەرمان وەربگرێت و دەست بە نووسین بکا، بەرادان گوتار بنووسی و بەرتیل لە شێوەی سەفەری بەخۆڕا یان دیاریی دیکە وەربگری.

نووسینی گوتاری کوالیتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسی باش دەنووسرێ و ڕۆژنامەنووسی باشیش بەردەوام فاکت و رای خۆی بە روونی پیشان دەدا. هەر بۆ نموونە: مەتریالە باشەکانی ناو ڕۆژنامەی Le Monde ی فەرەنسی، لەلایەن مامۆستا و قوتابییانی زانکۆ وەک سەرچاوەی زۆر گرنگ و باوەڕپێکراو سەیر دەکرێن.

پێشتر ڕۆژنامەی جددی و کوالیتی بەرز زیاتر بە قەبارەی A2 چاپدەکرا، بەڵام لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەم تێڕوانینانە گۆڕدرا و ئەوانیش بە تابلۆید دەردەچن.

یەکەم ڕۆژنامەی کوالیتی لە جیهان بەناوی The Times لە ساڵی ١٧٨٥ لە لەندەن دەرچوو. ئەمڕۆ ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن دەستەخوشکی The Sunday Times دەردەچی و سەر بە کۆمپانیای (Rupert Murdoch)ە.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕاپرسییێک لەژێر ناوی: (باشترین ڕۆژنامەی سەدەی بیست) ئەنجامدرا و تەنیا ڕای کەسانی شارەزا و پسپۆر لە ٥٠ وڵاتی جیهان وەرگیرا. پێنج لەوانەی زۆرترین دەنگیان هێنا:

1- Financial Times
2- The New York Times
3- Frankfurter Allgemeine Zeitung
4- The Wall Street Journal
5- The Daily Telegraph

ڕۆژنامەنووسی کوالیتی پەیوەندی بە ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە، پەیوەندی بە سەردێری نەرم و داڕشتنی جوان و وێنەی گونجا و دیزانی باش و بە کاغەز و چاپی جوانەوە هەیە. هیچ ڕۆژنامەیەک ناتوانی بچێتە خانەی ڕۆژنامەنووسی کوالیتی ئەگەر لە نووسینەکان، هەڵەی زمانەوانی، ڕێزمان یان خاڵبەندی هەبی، وێنەی خراپ دابندرێ و زانیارییەکان کۆنترۆل نەکرێن، بەشێک لە نووسینەکانی بەڕادن بنووسرێن و تەشهیری تێدابی...

## دەربارەی: تێگەیشتن لە خۆشەویستی و ڕۆژی ڤالێنتاین

لە ١٢ی شوباتی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان زۆر بەگەرمی یادی ڤالێنتاین دەکرێتەوە. گەنجان پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن و هەزاران نامەی خۆشەویستی دەنووسن. من ناردنی نامە بەکارێکی مۆدێرن و جوان و پێویست دەزانم، بەڵام هەست دەکەم نووسینی یەک کورتە نامە و چەند ڕستەیەک بەشناکا... بەش ناکا، چونکە ئەو خۆشەویستییە زیاتر ڕوکەشە و بۆ زۆربەیان لاساییکردنەوەیە... لەڕاستیدا، ئێمە جارێ فێرنەبووین لە قوڵایی دڵمانەوە لە خۆشەویستی بگەین و ڕێز لە ژن بگرین. ئێمە لە خەباتمان بۆ مافی ژن و یەکسانی ژن لە کۆمەڵ، هێشتا لەسەرەتادایین، چونکە جارێ تێناگەین و نازانین مەبەست لە خەباتی ژن و ئازادی ژن چییە...

دەمێکە لە نەزانین یان بە ئەنقەست دەمانەوێ ئازادی ژن لەگەڵ بەرەڵایی ژن تێکەڵ بکەین، بەرەڵاییش لەگەڵ سووکبوون تێکەڵ بکەین، سووکبوونیش لەگەڵ شەرەف و ئەخلاق تێکەڵ بکەین، هەمووشی بۆ ئەوەی خەباتی ڕەوای ژن سووک و بێقیمەت بکەین و زیاتر دوابخەین، زیاتر بە کۆیلەیی بیانهێڵینەوە و بیان چەوسێنینەوە وەک کاڵا بۆ مەبەست و تێرکردنی ئارەزووەکانمان بەکاریان بێنین. ئێمە ژن بەوشێوەیە دەبینین، چونکە دەمانەوێ هەر بەوشێوەیە بیانبینین.

تا ئێستا لەناو زۆربەی خێزانەکانی ئێمە، ژن بە کردار هاوڵاتی پلە دووە. ئەگەر هەموو ژیان و خۆشەویستی بەکەسێک بەسترابێتەوە و ئەو کەسیش هاوڵاتی پلە دووبێ، لەوانەیە ئاسان نەبی هەڵسەنگاندنی بۆبکەین، لەهەمان کات باشتر تێدەگەین، بۆچی کوڕان گوڵی پلاستیک بە کچی خۆشەویستیان دەدەن، بۆچی کورتەنامەی درۆیان بۆ دەنووسن...

ئێمە دەبی بزانین، کۆمەڵگا ناچێتە پێش، ئەگەر بەلای کەم نیوەی پشتگوێ بخرێ و ڕێزی نەگیرێ، ناشزانین، دایکی خوێندەوار و ئازاد، منداڵ و پیاوی ئازادمان بۆ پەروەردە دەکا و ژیانیش لەگەڵ ژنی ئازاد، ژیانێکی تێرترە و لەوکات ژن، هەر تەنیا دایکی منداڵ و خێزانی پیاونییە و

برادەرێکی بەوەفاشە و لەکاتی پێویست و تەنگانە، باشتر بەهانای مێردییەوە دەچی و ئامۆژگاری جوانتری دەکا.

دەبی خەبات و هەڵسوکەوتمان لە کوردستان بەرامبەر بە ژن و خۆشەویستی بگۆڕدرێ و جوانتر بکرێ. دەبی کوڕ و پیاوی کورد پیشانبدەن، کە ئەوان شایەنی ژیانی خۆشترن، ژیانی خۆشتریش بێ ژن و ژنی ئازاد نایەتە دی. دەبی ئەوان لە پیرۆزبایی و قسەکردن دەربچن. بۆ ئەوەی تەمەنی خۆشەویستی درێژتربی، دەبی دوو کەس لە دڵەوە خەباتی بۆ بکەن و یەک میللەتیش پشتگیرییان بکا.

ژنی خوێندەوار و ئازاد گەوهەرە و چاوی ئێمەش جارێ گەوهەر نابینی، بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم، دەبی فێربین جوانتر ببینین. ئێمە جارێ ئەوەش نازانین، ئەگەر لە کۆمەڵگایەک ژن ئازاد نەبی، پیاویش ئازاد نییە و ژنی کۆیلە مێردی کۆیلەی هەیە، مێردی کۆیلەش لە کۆمەڵگایەکی دواکەتوو و نەخۆش دەژی.

ناردنی کورتە نامەیەک (تۆم خۆشدەوێ) هیچ بەشناکات، دانی دیارییێک یان گوڵێکی لاستیک، خۆشەویستی جوانتر و تێرتر ناکا و پەیوەندییەکان توندتر ناکا. لەڕاستیدا، خۆشەویستی قومار نییە، براوە و دۆڕاوی هەبی زیان و قازانجی هەبی، خۆشەویستی هەستێکی تایبەتە و بێویستی مرۆڤ لەدایک دەبی.

ناکرێ باس لە ڤالێنتاین بکرێ و ژن پشتگوێ بخرێ، چونکە ڕۆژی ڤالێنتاین یان جەژنی ڤالێنتاین، نیشانەی خۆشەویستییە و مەبەست لە خۆشەویستیش هەبوونی پەیوەندییێکی روحی نێوان کچ و کوڕە، لەدڵەوە یەکتریان خۆشبوێت و بیانەوێ هەموو ژیانیان بەیەکەوە وەک خێزانێکی بەختەوەر بژین.

## دەربارەی: هەڵمەت و شەڕی ترامپ دژ بە ڕاگەیاندن

لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

هیچ سەرۆکێکی ئەمریکی وەک Donald Trump کێشەی لەگەڵ میدیا نەبووە و شەڕی ڕاگەیاندنی نەکردووە. تێنەگەیشتنی ترامپ لە ڕاگەیاندن، ڕێزنەگرتنی ئەو لە ڕۆژنامەنووس و دەزگا زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی، ئەزمەکانی قوڵتر کردۆتەوە و بەرەیەکی فراوان و لەشکرێکی گەورەی لە میدیاکاران پێکهێناوە، چاودێری بچووکترین کار و هەڵسوکەوت و لێدوانی خۆی و ستافەکەی بکەن، کە جارێ هیچ دیارنییە ئەنجامەکەی چۆن دەبێت، بەڵام ئاشکرایە، تا ئێستا هیچ کەسی کورسیدار لە سەنگەرگرتن دژ بە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکاران لە ڕۆژئاوا براوە نەبووە.

ئەو تێگەیشتنە نادروست و خراپەی ترامپ، لە ڕۆژەکانی زووی هەڵمەتی هەڵبژاردن وەدیارکەوت و لەڕاستیدا ئەو لە میدیاکان زیاتر وەک کەسێکی ناشیاو باس دەکرا، قسەکانی بەهەند وەرنەدەگیرا و کەمیشبوون ئەوانەی بڕوایان بە سەرکەوتنی ئەو هەبوو بەتایبەتیش، کە دەیانزانی ترامپ بە دوور و نزیک پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە.

ئەو هەڵمەتەی دژ بە ترامپ لە میدیاکان دەستیپێکرد، ڕەنگدانەوەی قسە و تێڕوانینەکانی ترامپ بوو لەسەر هەندێک پرسی گرنگ وەک: مافی ژن، کێشەی پەناهەندە، ئیسلامۆفۆبی (ترس لە ئیسلام)، نزیکبوونی ئەو لە ڤلادیمیر پوتین...هتد، سەردێری ڕەش و قەڵەویان نەک تەنیا لە ئەمریکا بەڵکو لە هەموو جیهان دروست دەکرد.

دوو ڕۆژ پێش دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا، Kyle Pope سەرنووسەری Columbia Journalism Review لە نامەیەکی کراوە، ڕەخنەی توندی لە ترامپ گرت، کەچۆن خۆی و ستافەکەی لە میدیا دەڕوانن و بوختانیان پێهەڵدەبەستن. ترامپ بایکۆتی کۆمەڵێک ئاژانسی دەنگوباس و دەزگای ڕاگەیاندنی کردووە و هەر ئەوانیش پرسیاری ڕۆژنامەنووسان هەڵدەبژێن. Kyle Pope دەنووسێ:

- ئێمە، نەک تۆ، بڕیار دەدەین چ باشە بۆ خوێنەران، بینەران، گوێگران... ئێمە، نەک تۆ، ڕێنماییەکان دادەنێن... ئێمە لەوانەیە... لەوانەیە ئێمە قسە لەگەڵ هەندێک لە ستافەکەت دەکەین لە 'off the record' (چۆنییەتی بەکارهێنانی سەرچاوە) ئەوەش هەر لەدەست ئێمەیە.

وتەبێژی کۆشکی سپی Sean Spicer لە بەڕێوەبردنی یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، درۆیەکی گەورەی کرد لەوکاتەی گوتی: لە ئاهەنگی سەرۆک ترامپ خەلک زۆرتر لەوەی ئۆباما هاتبوون. ڕۆژنامەی New York Times زوو لە ڕێگای تویتەر دوو وێنەی لە تەنیشت یەکتر دانا، کە لە ئاسمان گیرابوون و تێیدا ئاهەنگی سوێندخواردنی سەرۆک ئۆبامای ساڵی ٢٠٠٩ و سەرۆک دۆنالد ترامپ ساڵی ٢٠١٧ی پیشاندەدا بڵاوکردەوە. جیاوازییەکان لەبەر زۆری لە نووسین نایەن.

لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دۆنالد ترامپ، پەیامنێری CNN لە کۆشکی سپی Jim Acosta ڕێگای پێنەدرا، پرسیاری خۆی ئاراستەی سەرۆک بکا و ترامپ خۆی و کەناڵەکەی بە بڵاوکردنەوەی زانیاری درۆ تاوانبار کرد. دژایەتیکردنی ترامپ بۆ کەناڵی CNN لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی ٣٥ لاپەڕەی نهێنی ئەفسەرێکی پێشتری هەواڵگری بەریتانیا دەستپێکرد، کە تێیدا باسی لە پەیوەندی نێوان ترامپ و پوتین و ڕوسیا کردووە. CNN لە جەرگەی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەم ڕاپۆرتەی بڵاوکردەوە. جگە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی CNN دۆنالد ترامپ بایکۆتی گەورەترین ڕۆژنامەی ئەمریکی Washington Postیشی کرد، گوایە نووسینەکانیان چەواشەکارین و زانیاری درۆ و هەڵە بڵاودەکەنەوە.

دۆنالد ترامپ لە لێدوانێکی گوتی: میدیاکانی ڕۆژئاوا، لە کردەوە ئیرهابییەکانی لەلایەن جیهادیستە ڕادیکالەکان ئەنجام دەدرێن، وەک گەورەیی خۆی بایەخی پێنادەن و پشتگوێی دەخەن. لەو لیستەی، سەرۆک ترامپ باسی دەکرد و گوایە لە میدیا بایەخی پێنادرێ ناوی ٧٨ کردەوەی ئیرهابی تێدابوو. لێرەش ترامپیان زوو بەدرۆ خستەوە.

لە کردەوە ئیرهابییەکەی پاریس لەنێوان ١٣ – ١٥ی نۆڤێمبەری ٢٠١٥ تەنیا لە ڕاگەیاندنی سویدی ١٦٥٠ جار باسکراوە و لە میدیاکانی ئینگلیزیش ٦٤٩٧ جار باسکراوە.

لە کردەوە ئیرهابییەکەی Nice لە نێوان ١٤ – ١٦ی تەموز تەنیا لە میدیای سویدی ١٢٥٦ جار باسکراوە و لە میدیای ئینگلیزیش ٩٠٦١ جار ناوی هاتووە.

## دەربارەی: ڕاپەڕین و یادکردنەوەی ڕاپەڕین

له ١٣ی ئازاری ٢٠١٧ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوه

جەماوەری کوردستان لەم چەند ساڵانەی دوایی کەمتر و کەمتر بایەخ بە یاد و جەژنەکانی ڕاپەڕین دەدەن و هەردەڵێی ئەم یادە جوان و پیرۆزەیان وەک پێشان بەلاوە گرنگ نییە و بۆ زۆربەشیان لەجیاتی هەستکردن بەخۆشی و شانازیکردن بە هاوڵاتیبوون و جێبەجێکردنی ئەرکی هاوڵاتی خۆیان لەکاتی پێویست، وەک ڕووداوێکی سارد دێتەوە بیریان و دیمەنەکانی ئەو ڕۆژ لە شاشەکانی تەلەفزیۆن لە جیاتی بەخشینی بەختەوەری، تورەیان دەکا.

ئەم هەستە نامۆ و ناخۆشە، تەنیا لای هاوڵاتی ئاسایی دروست نەبووە بەڵکو هەندێک لەوانەی خۆشیان تێیدا بەشداربوون، دەیانەوێ هەتا زووە ڕۆژەکانی پێشەوەی ئازار بڕوا و بەخێرایی ڕەتبی، وەک ئەوەی کاتی خۆی کارێکی خراپیان کردبی، وەک ئەوەی ئەوان لەم ناخۆشییانەی ئەمڕۆ بەشداربن یان ئەوان بوونەتە هۆ بۆ دروستکردنی ئەو کەشوهەوا سارد و هەستیارەی ئێستا لە کوردستان هەیە.

ورەبەرزکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەستی ئەو لەشکرە ناڕازییە لە دەستەڵاتی منێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دانییە، بەڵام دەتوانم بۆ ئەو تێکۆشەرە دێرین و وڵاتپارێزە مەزنانە بنووسم: ڕاپەڕینی ٩١ شۆڕشێکی مەزنی جەماوەری سەرتاسەری کوردستانییە، دوورینەوەی خەباتێکی دوورودرێژی کوردایەتییە، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی پڕشنگداری مێژووی کوردییە، دانانی بەردی بناغەی دیموکراتی و لێکتێگەیشتنە، ڕزگاربوون لە ژێردەستی و نزیکبوونەوە لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە...هتد.

جگە لەوانەی سەرەوە، ڕاپەڕین لایەنێکی زۆر جوان و پڕشنگداری کوردەواری پیشاندایـن، ئێمەی بۆ ئاست و ژیانێکی بەرزتر و تێرتر و بێترستر برد، بەڵام هێشتا فێرنەبووین وەک پێویست قەدری بگرین، یادی بکەینەوە، بەرز ڕایبگرین و شانازی بەم شۆڕشە جەماوەرییەی ٢٦ ساڵ بەر لەئێستا بکەین.

ئێمە دەبی ڕاپەڕین بە گەورەیی و جوانی خۆی، بە دەستکەوتێکی یەکجار مەزنی شۆڕشەکانی کوردی وەربگرین، دەستخۆشی لە پێشمەرگە و بەرەی کوردستانی بکەین، گوڵ بۆ جەماوەری کوردستان بنێرین.

ڕاپەڕین شۆڕشێکی نەرمی زۆر پاکە، بوختان و بێویژدانی بۆ هەزم ناکرێ، بۆیە دەبی ڕاپەڕین وەک خۆی و بەتەنها وەربگرین و بە ڕۆژەکانی داهاتوو یان ئێستای نەبەستینەوە... ئەگەر کەسێک گروپێک یان تەواوی جەماوەر لەم ڕەوشەی ئێستای هەرێم ناڕازیبن، ئەوەیان بێگومان شتێکی دیکەیە، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەوشی سیاسی و ئابووری ئێستای کوردستان خراپە و باش نییە، نابی ڕەخنە لە ڕاپەڕین بگرین و سووکی بکەین. نابی بە نەزانین و هەڵە دوو شت تێکەڵ بکەین، چونکە لەوکات غەدرێکی گەورە لە شەهیدەکانی ڕاپەڕین و بەشداربووانی، لە جەماوەری تێکۆشەر و بەشداربوو دەکەین.

ڕاپەڕین بەری ڕەنجی کەسێک نییە، دووان نییە و هەزارانیش نییە، بەڵکو لە ئەنجامی خەباتی بێکۆتایی دوا پەنجا ساڵەی کورد هاتە بەرهەم و لەم کاروانە پیرۆز و جوانە دەیان و سەدان هەزار کەس ڕاستەوخۆ تێیدا بەشداربوون و زۆر زیاتریش پشتیوانیان لێیدەکرد.

ئەگەر ئێمە ئەو هەقیقەتەی سەرەوەمان لەسەر ڕاپەڕین زانی و بیرمان لێیکردەوە، ئاسانتر لە گەورەیی ڕاپەڕین دەگەین، بەتایبەتیش لەوکاتەی دەزانین ڕاپەڕین بۆ پارە و کورسی ئەنجام نەدرا، بەڵکو ڕاپەڕین پێویستییێکی مێژوویی بوو لەکات و ساتی خۆی سەریهەڵدا و کورد تێیدا بەسەر دوژمنێکی کۆن و پیس و ڕەگەزپەرست زاڵبوو.

نابی لە ڕوانگەی تەسک و بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان بیر لە ڕاپەڕین بکەینەوە، نابی خەباتی کوردایەتی و  ڕاپەڕین بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆمان، بۆ وەرگرتنی کورسی و پلەوپایە بەکاربێنین. نابی خەم بە شۆڕشێک بە ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو بخۆین، لەماوەی دوو هەفتە هەموو کوردستانی لە دوژمن پاککردەوە، کە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لەماوەی پەنجا ساڵ بۆ ئەو ڕۆژە تێکۆشان و خەباتیان کرد، بەداخەوەش زۆر لەوان شەهیدبوون و نەیانبینی... دەبی فێربین دەرس لە ڕاپەڕین وەربگرین و شانازیش بەڕاپەڕین بکەین، بە خەبات و کوردبوونی خۆمان بکەین.

لەوکاتەی بیر لە ڕاپەڕین دەکەینەوە، دەبی یەکڕیزی کوردمان بێتەوە بیر، تەبایی و خەباتی جوانی پێشمەرگەی کوردمان بێتەوە بیر، چونکە ڕاپەرین دەستکەوتێکی مەزنی کوردە، گەلانی کوردستانە و لەسەر هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی تاپۆ نەکراوە و موڵکی هەمووانە.

## دەربارەی: نەتەوەی سەردەست، ئایین و نەتەوەی گچکە لە کوردستان

لە ١٩ی ئازاری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لەم دواییانە مافی ئایین و نەتەوە بەژمارە ئەندام کەم لە کوردستان (تورکمان، ئاشوری، کلدان، عەرەب، یەزیدی، زەردەشتی، کاکەیی، دۆم...هتد) سەرلەنوێ بۆتە جێگای مشتومڕ، توێژەر و نووسەر و سیاسەتمەدار ناوە ناوە قسەی لەسەر دەکەن و تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە باس دەکەن. بەداخەوە هەندێکیان زۆر ڕەسیستانە بیردەکەنەوە و هیچ پەنجەرەیەکی ئازادی بۆ ئەوانەی بەنەتەوە کوردنین ناهێڵنەوە تا هەناسەیەکی فێنکی تێدا هەڵبمژن.

ئەم پرسە لە سەردەمی حکومەت و ڕژێمەکانی پێشتری ئێراق لە کوردستان نەبوو، چونکە هەموویان دەتوانین بڵێین، وەک یەک دەچەوسانەوە و مافیان بە ئاشکرا دەخورا، دەگیران و دەگواسترانەوە، بەڵام لەپاش ڕاپەڕین، دەرگایەکی گەورە بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان کرایەوە، بە ئازادی بژین، بە زمانی خۆیان بخوێنن و قسەبکەن، مەراسیمی ئایینی خۆیان جێبەجێبکەن و دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێ. لەگەڵ ئەوەش، ئەو مافانەی ئێستا بۆ ئەوان هەیە لەوانەیە تێر و پڕنەکات، چونکە نەتواندرایە خزمەتی هەموو لایەک وەک یەک بکرێ و دەرفەتی هاتنە پێشەوەیان وەک یەک بۆ بڕەخسێندرێ.

پرسی نەتەوەی گچکە لەڕاستیدا، دەمێکە پرسێکی نێودەوڵەتییە، چونکە لەو وڵاتانەی ژمارەیان کەمە یان هەرنییە، لەو وڵاتانەی تەنیا یەک میللەت و یەک ئایینی تێدا هەیە و دەژی، دیارە ڕژێمێکی دیکتاتۆر، کە ڕەگێکی قوڵی هەیە حوکمڕانی ئەو وڵات دەکا. بەداخەوە تا ئێستا لە زۆر دەوڵەت لە جیهان، هاوڵاتی نەتەوەی گچکە هەمان مافی هاوڵاتی نەتەوەی سەردەست یان گەورەیان نییە. زۆربەی کات ئەوان چینی ژێرەوەی کۆمەڵن، هەژارەکانی وڵاتن، ڕێژەی بێکارییان زۆرە، لە گەڕەکە کاولەکان دەژین و منداڵەکانیان خوێندن تەواو ناکەن.

بەگوێرەی هەندێک ئامار ئەو نەتەوانەی بە ژمارە کەمن و ئایین و زمانی خۆشیان هەیە، چەند هەزارێک دەبن و ژمارەی دانیشتوانیشیان هەتا

یەک ملیار و نیو دەڕوا. لێرە و بۆ ئەوانە، حکومەتەکان بەرپرسیاریێتی گەورەیان لەسەرشانە مافی ئەوان بەیاسا بپارێزن، ڕێز لە دابونەریتیان بگرن و دەرگای ژیانێکی شایستەیان بۆ بکەنەوە و جیاوازییان لەگەڵ نەتەوەی حاکم نەکەن و هەمان ماف و ئەرکیان لە کۆمەڵ پێبدرێ.

ئەم مافە ڕەگی کۆنە و زیاتر لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەگەرمی باسی لێوەدەکرا. وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوکات دروشمی: (بەرگریکردن لە مافی نەتەوە گچکەکان)یان بەرزکردەوە. هەر لەوکات و لەسەرەتای جەنگ تۆماس وودرۆو ویلسۆن Thomas Woodrow Wilson سەرۆکی ئەمریکا مەرسومی (مافی نەتەوە بچوکەکان و چارەی خۆنووسین)ی بڵاوکردەوە. لە مایسی ١٩١٦ ویلسۆن کەمێک دەستکاری مەرسومی پێشتری خۆی کرد و ئەمجارە نووسی: (کەمە نەتەوەکان مافی خۆیانە حکومەتێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەگەڵی بژین). بەمشێوەیە بیرۆکەی (مافی چارەی خۆنووسین لە ناو چوارچیوەی وڵات) پەیدابوو. دواتر سەرۆکی ئەمریکا ناوەوەی بۆ ئازادی ڕەها لەدەرەوە گۆڕی، کە دەکاتە ئەوەی (هەر نەتەوەیەک بەئارەزووی خۆی شێوەژیانی سەربەخۆیی و حوکمڕانی خۆی هەڵدەبژێری). ئەو مەرسومەی Wilson، کە نزیکەی سەد ساڵ بەر لەئێستا نووسرا، بەداخەوە لە کاتی خۆی لە هەموو وڵاتێک جێبەجێ نەکرا. ئەم بەڵگەنامەیەی ویلسۆن لەلایەن هەندێک مێژوونووسان زیاتر وەک پروپاگەندە بۆ خۆسەپاندن و تەشەنەکردنی دەستەڵاتی ئەمریکا و نزیکبوونەوە لە گەلانی چەوساوە باس دەکرێ.

نەتەوەی کورد لە چوار دەوڵەت (ئێراق، ئێران، تورکیا و سوریا) تا پێش ڕاپەڕین بەردەوام وەک کەمینە سەیردەکرا و لەزۆر مافی خۆی بێبەشکرا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ وەرگرتنی مافی خۆی توشی ئەنفال و لەناوبردنی بەکۆمەڵیش بوو، بۆیە لەوکاتەی نەتەوەیەک، کە سەدان یان هەزاران ساڵە لە کوردستان دەژیت، جۆرە ژیانێک بۆ خۆی هەڵدەبژێری، نابی دژی بووەستین و بە جوداخوازی لەقەڵەم بدەین. دەبی دەرفەتی کارکردن، هاتنەپێشەوە و خوێندن، وەرگرتنی کار لەبواری جیا جیا، بە هەموو کەسێک و ئایینێک ڕەوا ببینین. دەبی دژی چەوسانەوەی دینی و ئێتنی و سیاسی بین، دەبی کەشوهەوایەکی ئارامیان بۆ دروست بکەین و خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. دەبی مافی هەموویان بە یاسا

دابین بکەین و ئەو یاسایانە بنووسین، کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە. ئێمە ناتوانین، داوای ئازادی بۆ کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین و خۆشمان یەزیدی و جوو و عەرەب و کلدان و تروکمان بچەوسێنیەوە. جەواهیرلال نەهرۆ لە کتێبی (ئاورێک بۆسەر مێژووی جیهان)، جوانی لەسەر کەمالیستەکان نووسی، لەوکاتەی تازە هەردووک سەرکردەی شۆڕشی ١٩٢٥ شێخ سەعید و دکتۆر فوادی لەسێدارەدا: (بینیمان تورکەکان، کە بەم دواییە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆیان دەجەنگان کەوتنە وێزەی ئەو کوردانەی داوای ئازادییان دەکرد، چ سەیرە نەتەوەیەک لەبەرگریکردن لە نیشتمانی خۆی بگۆڕیت بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی ئازادی ئەوانیتر). دەبی تێبگەین و لەناخەوە باوەڕمان بەو دروشم و ئازادییە هەبی، کە کوردستان وڵاتی هەموو ئەو کەس و نەتەوە و ئایین و مەزهەب و گروپانەیە، کە دەمێکە لێی دەژین یان تازە بۆیهاتوون. کوردستانماڵی هەموو کەسە و کەسیش لێی میوان نییە و جێگای هەمووشی بە تێری و فراوانی تیدادەبێتەوە.

## دەربارەی: خەو و هۆکانی خەولێنەکەوتن

له ٢٨ی ئازاری ٢٠١٧ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ئێستا بە بەراورد لەگەڵ سەد ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤ بە جەستە کەمتر هیلاک دەبیت و کەمتریش کار دەکات، بەڵام زانیاری زیاتر و بە ڕوبار دەچێتە مێشک، مێشکیش ڕانەهاتووە هەمووی بەنەرمی وەربگریت و هەزمیان بکات. ئەم وەرنەگرتن و هەزمنەکردن و ئاڵوگۆڕییە، دڵەڕاوکێ دروست دەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خەو و پشوودانەوە هەیە و بۆتە هۆ، مرۆڤ زیاتر بەئاگابێت، بەئاگابوونیش دەکاتە وەرگرتنی زانیاری زیاتر و پەیدابوونی هیلاکی و کاری زۆرتر بۆ مێشک.

پێشکەوتنەکان زۆر خێراتر دەڕۆن لەوەی مرۆڤ بتوانی هەزمیان بکات، ئەمەش هۆیەکی گەورەیە، بیری مرۆڤ بە ئاراستەی دیکە ببا، شەوانە نەتوانی بخەوی یان بەئاسانی خەوی بزڕێنی. کەسێکی بالغ (پێگەیشتوو) بۆ ئەوەی تاقەتی کارکردنی بۆ ڕۆژی داهاتوو هەبێت، ڕۆژانە پێویستی بە ٦ - ٨ کاتژمێر خەو هەیە.

دوو جۆر خەو هەیە یەکیان بە زمانی زانستی پێیدەگوترێ خەوی خەوبینین – REM (Rapid eye movement). جۆرە خەوێکە مرۆڤ خەونی تێدا دەبینی. لەمجۆرە خەوە چاو بەخێرایی دەجوڵێت و مێشکیش لەهەمان حالەتی بەئاگا و نەخەوتن دایە. ئەمجۆرەیان خەوی سووکە و ئەو کەسانەی لەو حالەتە بەئاگادێن، هوشیارن و ماندووبوونیان پێوەدیار نییە. لە شەوێک چوار تا پێنج جار مرۆڤ دەکەوێتە ئەوحالەتە و قۆناغەکانی زۆر کورتن و لەسەرەتا و کۆتایی شەودان.

جۆری دووەم لە ٣٠ خولەک تا دوو کاتژمێر مرۆڤ دەچیتە خەوی قوڵ، کە بۆ هێنانەوەی وزە و لەشساغی زۆر پێویستە. پسپۆڕانی دەروونی، خەوی چوار کاتژمێری یەکەم زۆر بەگرنگ بۆ مرۆڤ دادەنێن و لەوبڕوایدان ئەگەر دواتر کەسەکە بەئاگا بێت و نەشخەوێتەوە، زۆر گرنگ نییە، چونکە ئەو تازە تێرخەوبووە. ئەگەر کەسێک شەوی یەکەم خراپ بنوێت و تێرخەو نەبیت، لە شەوی داهاتوو لەش قەرەبووی دەکاتەوە و باشتر و قووڵتر دەخەوی.

**چەند هۆیەک هەن خەو دەرەوێننەوە:**

- دڵەڕاوکێ (سترێس)
- دوودڵی
- کارکردن بە شیفت
- منداڵ

ئەگەر زیاتر لە ٣٠ خولەک پاڵکەوتبیت و خەو نەچووبێتە چاوەکانت، باشە سەرجێگا جێبهێڵیت و بازنەی خەوت بپچڕێنیت. ئەو شتانەی لەکاتی پاڵکەوتن بیرت لێدەکردنەوە یان خەوتیان زڕاندبوو، لەسەر پارچە کاغەزێک بیان نووسەوە و جارێکی دیکە بچۆوە سەرجێگات، ئێستا زووتر خەوت لێدەکەوی.

**بۆ ئەوەی بەئاسانی خەو بچێتە چاوەکانت:**

- لەو شوێنە بخەوە، کە کپ و بێدەنگە، تاریک و فێنکە
- هەوڵبدە هەموو ڕۆژەکان لەیەک کات بخەویت و هەڵبستیت
- چەند کاتژمێرێک پێش خەوتن پشوبدە و هیچ مەکە
- پێش خەوتن تەمرین مەکە و قاوەش مەخۆوە

جۆرە تەکنیکێک هەیە لەماوەی یەک خولەک خەوت لێدەکەوێنی. دکتۆر Andrew Weill دەڵێ ئەوەیان سڕکردنی سیستێمی ئەعسابە - nervous system

**تەمرینەکان بەوجۆرەن:**

زمانت بۆ سەرەوە بەرزبکەوە و لێیگەڕێ تا کۆتایی هەموو تەمرینەکە

١- هەناسەی درێژ بە دەم هەڵمژە و تا دەنگێکی شێوەی (وش)ی لێدێ

٢- دەمت دابخە و زۆر بەهێواشی بە لوت هەناس هەڵمژە و لەهەمان کات تا چوار بژمێرە.

٣- هەناسەکەت بگرە و تا حەوت بژمێرە

٤- ئێستا بۆ خاڵی دووەم بگەڕێوە و تا هەشت بژمێرە

٥- ئەم شێوەیە سێ جار دووبارە بکەوە هەرجارەی چوار جار هەناسە هەڵمژە

بەکارهێنانی ئەم مێتۆدە، پێویستی بە پراکتیک هەیە تا لێی رادێیت، لەوانەشە بۆ سەرەتا دڵت هەڵێنجی بێتێ، کە ئامانجی ئەم مێتۆدە نییە. باشە لەسەرەتا ڕۆژێ دوو جار تەمرین بکەیت. بۆ نموونە لەوکاتەی تازە بەئاگا هاتوویت، هەروەها پێش ئەوەی بچیتە سەرجێگا و بخەویت. دکتۆر

Andrew Weill لەوبڕوایەدایە، ئەم میتۆدە کار دەکات، چونکە زیاتر ئۆکسجین دەچێتە ناو لەش و دەمارەکانی ئەعساب هێوردەکاتەوە.

تێرخەوتن، دەکاتە ئەوەی مرۆڤ وشیارتردەبی، چوست و چالاک دەبی، تاقەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی زۆرتری دەبیت و رووشی خۆشتردەبی. خەولێنەکەوتن کێشەیەکی گەورەیە بۆ خەڵکێکی یەکجار زۆر.

هەردووک دکتۆری دەروونی سوید Samuel Lindholm و Fredrik Hillvesson کتێبێکیان نووسییە بە کوردی دەبێتە: (لە بێخەوی بۆ تێرخەوی: شەش هەفتە بۆ خەوی باشتر، وزەی زۆرتر و کوالیتێی ژیانی بەرزتر)، تێیدا باس لە پرۆگرامێک دەکەن، کە بە شەش هەفتە کەسەکە لە نەخۆشی نەخەوتن ڕزگاری دەبی.

هەردووک دکتۆر بۆ ئەوانەی کێشەی خەویان هەیە ١٠ ئامۆژگارییان نووسییە:

- هەبوونی تەوازن (بەلانس) لە نێوان کار و خێزان و هەوڵبدە کاتی بۆش بۆخۆت پەیدا بکەیت. جیاوازی لەنێوان شوێنی کار و شوێنی پشودانت بکە
- ئامانجێکی واقعی بۆخۆت دابنێ، هیچ پێویست ناکا تۆ لە هەموو شتێک بزانیت، پێویست ناکا خۆت لەگەڵ خەڵکی دیکە بەراورد بکەیت
- هەوڵبدە کاتت زۆربیت و رۆژەکەت خەست و پڕ پلان مەکە. هەوڵدە کاتت بۆخۆت هەبی
- هیچ پێویست ناکات، زیرەکی خۆت پیشانبدەیت و توانای خۆت بۆ خەڵکی دیکە بسەلمێنیت. بیر لەو شتانە مەکەوە، کە لە دەستەلاتی تۆدانین، بیر لەوە بکەوە، کە دڵخۆشت دەکا
- مێشکت بە شتی بچوک خەریک مەکە
- بیر لە خەونەکەوتنت بکەوە، کە چ شتێ قەلەقت دەکات و چۆن لەم حاڵەتانە رزگارت دەبی
- باس لەو شتانە بکە، کە تۆ ئارەزووت لێیەتی و هەستی پێدەکەیت
- رۆژانە بەلای کەم ٣٠ خولەک پیاسە بکە. ئەگەر لەکات و ساتی خۆی پیاسەکە ئەنجام بدەیت، کاریگەری باشتر دەبی
- خواردنی باش بخۆ و بایەخی زۆریش بە نانی بەیانیان بدە. نانی نیوەڕۆ و ئێوارانیش هەوڵبدە لەکاتی خۆی بخۆیت و خواردنەکانیش بگۆڕە. هەوڵمەدە هەموو بەیانییێک هەمان خواردن بخۆیت

- هەوڵبدە زۆر خۆت هیلاک نەکەیت و ڕۆژانە پشووی کورت کورت وەربگرە و چالاکی کۆمەڵایەتیش زیاد بکە.

## دەربارەی: تیکەڵکردنی ئەرک و قەرز وەرگرتنەوە

لە ٢ی نیسانی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە کاروانی خەباتی دوورودرێژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، سەدان هەزار کەس ڕاستەوخۆ تێیدا بەشداربوون. ئەوان لەو خەباتە جوانە بەشداربوون، چونکە دەنگێکی نەرم و ناسک و نادیار لەناوەوە پێیدەگوتن: دەبی ئەم کارە بکەی، دەبی بچیتە ریزی فڵانە حزبی سیاسی کوردی، دەبی ڕەفتارت بەوشێوەیەبیت، دەبی خەبات بەوجۆرە بکەیت... ئەو دەنگە نەرمە، ئەوەندە هەق و ڕاستبوو، هیچ کەسێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێر بەرگەی ڕەتکردنەوەی نەدەگرت، چونکە هەرلەوێندەر و لەوکات، وشەکان دەبوون بە گوڵ، گوڵەکان بانگی پەپولەکانیان دەکرد و پەپولەکانیش ئاسمانی ئازادییان بەجۆرێک دەنەخشاند و گوڵاوی و جوان و پیرۆز دەکرد، گەنجانی کورد بێسڵکردنەوە، بێترس و شێوان، کۆمەڵ بە کۆمەڵ ئامادەبوون بەرەو ئازادی، بەرەو مەرگ، بەرەو مەرگی سەربەرزی بڕۆن.

خەباتکردن لە کوردستان کارێکی ئارەزوومەندانەبوو، بۆیە کەس ناچار نەدەکرا، بێتە ناو گۆڕەپانی خەبات و بۆ ماوەیەک لێی بەردەوام بیت. هەموو کەسە جوان و دڵسۆزەکانی کوردستان لەبەرەی گەلدابوون و خەباتیان کرد، چونکە دەبوایە خەبات بکەن، چونکە رقیان لە ژێردەستی دەبۆوە، چونکە ژیانی ژێردەستیان بۆقبوڵ نەدەکرا و داوای ئازادییان بۆ خۆیان و خزموکەس و هەموو کورد و کوردستان دەکرد.

خەبات کات و شوێن و ناوچە و هەرێمی دیار نەبوو و هیچ مەرجیش لەسەر کەسی خەباتگێڕ دانەدەندرا. لەڕاستیدا نەشدەزاندرا کەسی خەباتگێڕ بۆ ماوەیەکی کورت بەرگەی ئەو ژیانە جوان و لوتکەی بەرزی شەرەفمەندی و ناخۆش و گرانە دەگری یان زیاتر، نەدەزاندرا ئایا کەسەکە تا کۆتایی لەسەری بەردەوام دەبی یان لە نیوەی جێیدەهێڵی، هیچ لەو خەباتە بێگەردە دیارنەبوو. دیارنەبوو، چونکە هەر هەمووی لە ژیانێکی خەیاڵاوی یان فیلمێکی سینەمایی دەکرد و ئەگەر کەسێک کورد نەبا و لە کوردستان نەژیابا، ئێش و ئازاری چەوسانەوە و ژێردەستی نەبینیبا، گرتن و لەناوبردن و تەرحیل و تەعریبی میللەتی کوردی نەبینیبا، قەت لەو خەبات

و تێکۆشانەی لەشکرێک لە کەسانی جوان  وپاک و فریشتە نەدەگەیشت. تێینەدەگەیشت، ئەگەر ئەو کەس خۆی کوردپەروەر نەبا.

کەسێک دەرگای خەباتی دەکردەوە یان بۆدەکرایەوە، داخستنی دیار نەبوو، چونکە ڕۆژی سەرکەوتن و ئەودیوی تونێلە زێڕینەکە دیارنەبوو، ڕۆژی ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی دیارنەبوو، بەڵام هیچ نهێنی نەبوو و دەزاندرا، ڕۆژ دوای ڕۆژ کورد هەنگاوێک لە سەرکەوتن نزیکبۆتەوە و ئەویش جوانترین خشتی بۆ دیواری دەوڵەتێکی سەنگین و حکومەتێکی دیموکرات و گەلێکی ئاشتیخواز داناوە.

زۆر کەس خەباتیان کرد، چونکە دەبوایە خەبات بکەن، چونکە بڕیاریاندابوو لەبەرەی گەل بژین، بۆیە ڕێگای خەباتیش هەرخۆیان هەڵیان دەبژارد و بە ئازادی و ڕەزامەندی تەواوی خۆیان بوو.

ئێستا دەبینین کەسێک لەو وڵاتە جوانەی ئێمە، لەو بەهەشتە پانوبەرینەی هەژاران، هەموو تەمەنی گەنجی خۆی لە خەبات و تێکۆشان بەسەربرد بێئەوەی هیچ بیری لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کردبێتەوە، یان بیری بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی چووبێ، یان بیری لە داهاتوو و وەرگرتنی کورسی و پلەپایە کردبێتەوە... وەک لەسەرەوە نووسیمان، ئەو خەباتی کرد، چونکە دەیویست لەگەڵ کاروانی سەربەرزیدابێ، لەگەڵ کۆرسی داری ئازادیدابێ، ئەو خەباتی بە واجبێکی پیرۆز و سەرشانی خۆی دانابوو.

بە ئازادبوونی کوردستان و لە یادی ڕاپەڕین، ئەو پێشمەرگەیە لەجیاتی ئەوەی هەست بە خۆشییێکی مەزن بکا، کە دەستی لە ئازادکردنی کوردستان هەبوو، دەبینین ئێستا غەم دەخوات و هەست دەکات غەدری لێکراوە، هەست دەکات خەباتی ئەو بەخۆڕایی ڕۆیشتووە، لەکاتێکدا هیچ وانییە. ئەو خەباتی کرد، چونکە لەوکات خۆی لە خەڵکی دیکە باشتر دەهاتە بەرچاو، تێکۆشەرتر دەهاتە بەرچاو، پیاوتر دەهاتە بەرچاو، ئەوەی بەو، لەو کاروانە جوانە دەکرا بە خەڵکی دیکە نەدەکرا، هەربۆیەش ئەو جیاوازبوو...

بەشێک لەو تێکۆشەرە مەزنانە زۆر بەداخەوە، ئێستا لە ژیانی ڕابردوویان پەشیمانن و لەجیاتی شانازی بە ڕۆژانی سەخت و گەنجی و جوانی خۆیان بکەن، خۆیان لەگەڵ کەسانی ساختەچی و ماستاوچی بەراورد دەکەن یان خۆیان دەهێننە ڕیزی ئەوان، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان

لەلایەن بەرپرسانی خراپ لەبیرکراون و کورسی و پلەوپایەیان پێنەدراوە. ئەوان نازانن، بەجۆرێک ژیان پەروەردەکران، ژیانی سەرشۆڕی و خۆڕەپێشکردنیان لە سەردەمی ڕژێمی بۆگەن بۆ قبوڵ نەکرا، ئێستاش بۆیان قبوڵ ناکرێ، چونکە ئەوان مەردن و کەسی مەردیش ناتوانی خزمەتی کەسێکی نامەرد بکا، با ئەوکەس بەرپرسێکی گەورەش بووبی یان ڕۆژێک لە ڕۆژان تێکۆشەرێکی جوانیش بووبێ.

لەمڕۆوە زیاتر نابی کەس لەو تێکۆشەرانە، لەو پیشمەرگە دێرینانە دڵێ بەخۆی بسوتێ، هەست بکا غەدری لێکراوە، کورد بە قەرزاری خۆی دابنێ، ئەگەر بیەوێ میللەت خەباتەکەی ئەو لەسەرچاوان دابنێ و تا دونیا ماوە لەناو دڵان شوێنی بکاتەوە.

## دەربارەی: هاتوچۆ و کارکردن بۆ ژینگەیەکی پاکتری شارەکانی کوردستان

لە ٩ی ئازاری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

باوەڕ ناکرێ هیچ وڵاتێک لەم جیهانە پان و بەرینە هەبێت وەک کوردستان، وێستگەی پاسی لە شارەکان بۆ دروستکرابێت و پاسی نەبێت، باوەڕ ناکرێ هیچ وڵات وەک کوردستان هەبن، شارەوانی بەرپرسیارێتی هاتوچۆی لە ئەستۆ نەبێت، باوەڕ ناکرێت هیچ وڵات لەم جیهانە هەبێت، پاسی گەورەی ئەهلی بۆ هاتوچۆی هاوڵاتییان لە پایتەخت بەکاربێت و پاسەکانیش تەنیا یەک دەرگایان هەبێت...

لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی جگە لە کوردستان کۆمەڵێک ئامراز بۆ گواستنەوەی هاوڵاتییان لەناو شارەکان بەکار دێن، هەر بۆ نموونە لە ناو شاری سانکت - پیتربورگ: پاس، ترێلێ پاس (جۆرە پاسێکە بە کارەبا کار دەکا)، میترۆ، ئێلێکتریچکە (شەمەندەفەری خێراتر لە میترۆ و لەسەر زەوی دەڕوا)، تڕام، کە هەموویان حکومین و لە تەک ئەوانە لە نزیک هەموو وێستگەکانی شەمەندەفەر مینی پاس (نۆ نەفەر)ی ئەهلی هەن و بە برە پارەیەکی کەم لەخزمەت هاوڵاتییاندان. بێگومان جگە لەوانە ئۆتۆمبیل و بایسکلیش بەکار دێت... تەنیا هێڵی میترۆی سانکت - پیتربورگ پێنج خەتە و درێژی ١١٣ کیلۆمەترە. ٦٧ وێستگەی تێدایە، لە ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی ٧٤٢ ملیۆن کەسی گواستبۆوە. ڕۆژانە یەک ملیۆن و سەد هەزار هاوڵاتی میترۆ لەم شارە جوانە بەکاردێنن.

لە ناو شاری ستۆکهۆڵم: پاس، میترۆ، تڕام، پێندل تۆگ (شەمەندەفەری سەرزەوی لەنێوان گەڕەکەکان کاردەکا) بۆ پیر و خانەنشینکراوەکانیش پاسی بچوک بەناوی (هێڵی نەرم) هەیە. میترۆی ستۆکهۆڵم ١٠٩ کم درێژە و ١٠٠ وێستگەی هەیە. بەسەر سێ هێڵ: سەوز، سور، لەگەڵ شین دابەشکرایە. ساڵانە ٣٢٠ ملیۆن کەس دەگوازێتەوە.

لەم گوتارەم تەنیا نموونەی دوو شارم باسکرد، بەڵام لەڕاستیدا هاتوچۆ لە زۆربەی شارەکانی ئەوروپا، ئەمریکا و ئوستراليا و چین و هیند و یابان...هتد بە هەمان شێوەیە. لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییێت هەر شارێک

ژمارەی دانیشتوانی بگەیشتبا یەک ملیۆن، یەکسەر هێڵی میترۆیان بۆ رادەکێشا.

خەڵکێکی زۆر ئامرازەکانی هاتووچۆی حکومی یان گشتی بەکاردێنن، زیاتر بۆ ئەوەی ژینگەی شارەکەیان پیس نەکەن، ئاسانتر و لە کاتی خۆی بۆسەر کارەکانیان بگەن، لە رێگاش خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامە یان کتێبەکانیان بن. هاتوچۆ بە میترۆ یان بە شێوازەکانی دیکە لە ئەوروپا هیچ شەرم نییە و هەموو کەسێک لێی سوودمەند دەبێت. (پێش چەند ساڵێک لە کاتژمێر ١٢ی شەو برادەرێک سەرۆک وەزیرانی پێشتری سوید ئینگڤار کارلسۆن لەگەڵ خێزانەکەی بینیبوو لە وێستگەیەکی پاس دانیشتبوون و چاوەڕێی پاسیان دەکرد)

لە ستۆکهۆلم بلیتی یەک مانگ بۆ هەموو جۆرەکانی هاتووچۆ بۆ کەسێکی سەرووی ٢٥ ساڵ بە نزیکەی سەد دۆلاری ئەمریکییە، لەوانەیە لە هەندێک وڵاتانی دیکە هەرزانتربێت، بەڵام دیسان ئەو برە پارەیە، هەموو کەسێک هەیەتی و ئەگەر بە ئۆتۆمبیلی خۆی بۆ سەرکار بچێت، زۆر گرانتر دەکەوێ و بەتایبەتیش ئەگەر کەسەکە کار لە ناوشار بکات، کە کرێی گەراج زۆرە.

دەبی بنووسم بەشێوەیەکی گشتی ئەو پاسانەی بۆ گواستنەوەی هاوڵاتی لە سوید و زۆربەی وڵاتانی دیکە بەکاردێن، سێ دەرگایان تێدایە، لە دەرگای پێشەوە خەڵک سوار دەبن و لە دوو دەرگای دواوەش دێنەخوار. جگە لە شوێنی دانیشتن، شوێن بۆ سێ عارەبانەی منداڵ هەیە، دایکان لەگەڵ منداڵەکانیان لە دەرگای ناوەند بە خۆڕایی سوار دەبن.

بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی، تەنیا پاراستنی ژینگە نییە، بەڵکو پاراستنی ژیانی هاوڵاتییانیشە، چونکە شۆفێرەکان بەتوانان و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ وەکخۆی بەکاردێنن.

کێشەی گواستنەوەی هاوڵاتییان لە کوردستان کێشەیەکی زۆر گەورەیە و بەداخەوە تا ئێستا ڕێک نەخراوە، بەڵام قەت درەنگ نییە، بەرنامەی بۆ دابندرێ و کاری لەسەر بکرێ. شار و شەقامەکانی کوردستان، بەتایبەتیش هەولێر و دهۆک و کەرکوک و سولەیمانی لە داهاتوویێکی نزیک بەرگەی ئەم هەموو ئۆتۆمبیلە ناگرن، ئەگەر ئێمە باس لە پاراستنی ژینگەش نەکەینەوە، کە رۆژ دوای رۆژ پیستر دەبێت و لە دوورەوە یان ئەگەر لەبەرزایی

سەیری بکەین، شار بە تەمێکی بۆر و پیس و ترسناک داپۆشراوە، ئاسمانەکەی شێلو دێتە بەرچاو و هەوای وەک جاران پاک نییە. هەوای پیسیش دیارە کۆمەڵێک نەخۆشی لەگەڵ خۆی دێنیت و لەوانە شێرپەنجە و ئاستمە (رەبو)، حەساسییە و زۆری دیکەش.

لەوانەیە حکومەتی هەرێم لەم کاتەی ئێستا نەتوانی میترۆ بۆ شارەکان دروست بکا، بەڵام دەتوانی پاسی یەک دەرگا بۆ هاتووچۆی هاوڵاتییان لەناو شارەکان قەدەغە بکا، دەتوانی پاسە کۆنەکان لە ترافیک دەربهێنی و مەرجی گرانتر بۆ خاوەنەکانیان دابنێ، کە تێیدا بیر لە ژینگە بکرێتەوە. دەتوانی پلانێک دابرێژێت و کاتێک دیاربکات، بۆ دروستکردنی میترۆ هەرنەبێ لە هەولێر، دەتوانی وەک هەنگاوی یەکەم بۆ هەر شارێک چەند پاسێکی نوێ بکرێت و لەخەت دایانبنێ، دەتوانی بەرنامەیەکی جوانی هەبێت و هاوڵاتییان تێبگەینیت، کە بەکارهێنانی پاس پێش هەموو شتێک خزمەتکردنی ژینگەیە، پاکراگرتنی شارەکانە و هیچ پەیوەندی بە ستاتوسی کۆمەڵایەتییەوە نییە.

## لەیادی ١١٩ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی

لە ١٦ی ئازاری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

نزیکەی پەنجا ساڵە لە ٢٢ی نیسان یادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکرێتەوە، ئەم یادە لەپاش ڕاپەڕین بایەخی زۆرتری پێدەدرێ و هەندێک جار لە نووسینی گوتار و قسە و خوتبەی جوان دەردەچێت و خەڵاتیش بەسەر چەند ڕۆژنامەنووسێک دابەش دەکرێ. ئەم جەژن و یادانەی سەرەوە لە ٢٦ ساڵی ڕابردوو قەت نەتواندرا ڕێکبخرێت و هەموو ساڵ و هەموو جار وەزارەتێک، دەزگایەک یان ڕێکخراوێک پێی هەڵبستێ، بەڵکو یادکردنەوەی وەک مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی پچڕ پچڕ و پڕ لەکەموکورتییە. مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ دەستپێدەکا، کە بەهەژاری و لە دووره وڵات لەدایک بوو.

گرنگی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە زمانی کوردی جگە لە ناوەکەی (کوردستان)، لە ناوەڕۆک و نووسینیش بەزمانی کوردی، کە پێشتر زیاتر تەنیا قسەی پێدەکرا و شیعری پێدەنووسرا، زۆر بە دەگمەنیش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان بیرەوەری و مێژوو و ئەدەبیاتی پێدەنووسرا. ئەم ڕۆژنامەیە لەماوەی پێنج ساڵ لە پێنج وڵات و ئەوەی تا ئێستا ئاشکرایە بەهەمووی ٣١ ژمارەی لێدەرچووە، لەگەڵ ئەوەش، بەدرێژایی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی (١١٩ ساڵ) نەتواندرایە لێکۆڵینەوەیەکی باش و پێویست لەسەر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بکرێ و بنووسرێ، ئەگەرچی خڕ ژمارەکانی بە ئاسانی لە کتێبخانە و بازاڕەکان دەست دەکەون و کۆمەڵێک جاریش ئەلبومەکە لە چل ساڵی ڕابردوو چاپکراوەتەوە.

نەک تەنیا توێژینەوەی جوان و باش و پێویست لەسەر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی نەکراوە، بەڵکو زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەش پاش دەرچوون بێناز کەوتوون و کەس تخونیان ناکەوێ. لەوانەیە لەبیرکردن و ئەم پشگوێخستنە هۆیەکی گەورەبێت، کە ئێمە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی بەوشێوەیەی ئێستا بە پەڕپووتی دەبینین، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک مێژووی ڕۆژنامەگەری میللەتی خۆی نەزانێ، ئەگەر

ڕۆژنامەنووسێک نەزانێ، پێشتر ژانرەکان چۆن کاریان پێکراوە، گرانە لە گرنگی کاری ئەمڕۆی خۆیان تێبگەن و سوودیش لە ئەزموونی ئەوان وەربگرن.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسانی ئێستا، نەزانن یان تێنەگەن، بەر لە نزیکەی سەد ساڵ و لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود، ڕیپۆرتاژ جوانتر و تەواوتر لە ئێستا دەنووسرا، بەشێک لە گوتارەکان تێرتربوون، ئەو ناتوانێ بۆ پێشەوە بچێت و کاری جوانتر ئەنجام بدا.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ۲۹۳ ساڵ لەدوای دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە لەجیهان دەستپێدەکا. یەکەم ڕۆژنامە لەجیهان لە ئۆکتۆبەری ١٦٠٥ لە ئەڵمانیا بەناوی Ordinarie Zeitung لە شاری Strasbourg لەلایەن Johann Carolus دەرچوو، کە تا پێش ماوەیەک مێژووی یەکەم ڕۆژنامە لەجیهان ساڵی ١٦٠٩ی بۆ دیاری کرابوو. جگە لەوە لە ساڵی (١٦٢٠) ەوە ڕۆژنامە لە کۆمەڵێک وڵاتی ئەوروپی (فەڕەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا...هتد) بەرێکوپێکی دەرچوون.

لەوانەیە ۲۹۳ ساڵ بۆ مێژوو زۆر نەبێت، بەڵام بۆ ڕۆژنامەگەری زۆرە و بەتایبەتیش، لەوکاتەی دەزانین، ڕۆژنامەگەری لە ئەوروپا بە یەکەم ڕۆژنامە دەستپێکرد و دواتر بەردەوام بوو و بە ڕێک و پێکی لەکاتی خۆی دەردەچوو و کێشەی گواستنەوە و زمانی نووسین و چاپخانەشیان وەک ئێمە نەبوو. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوان لە وڵاتی خۆیان بەئازادی دەردەچوون وەک لکێکی گرنگی پیشەسازی پێشوازی لێکرا و خەڵکێکی زۆر پێیەوە سەرمایەیەکی زۆریان لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەوە پێکەوەنا.

ڕەوشی ڕاگەیاندن و ئازادی نووسین و قسەکردن، نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی سیاسی و ئارامی و هێمنی وڵاتەوە هەیە. لەوکاتەی شەڕ و ناخۆشی لەئارادایە، بێگومان ئازادی کەم تا زۆر خەفە دەکرێ، چاودێری پەیدا دەبێت و ژیان و کاری ڕۆژنامەنووس گرانتر دەبێ، چونکە کەسی ڕۆژنامەنووس جگە لەوەی لەلایەن حکومەت، حزب، سەرنووسەر یان بەڕێوەبەر، توشی ڕەقابەی زاتی خۆشی دەبێت، مێشکی کلیل دەدرێ و بێئەوەی کەس ئاگاداری بکاتەوە، خۆی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و لەوکاتیش پێشوەچوون نامینێ، خەون و داهێنان نامینێ و تاکی هاوڵاتی لە نووسین و بەرهەمی زۆر جوان بێبەش دەبی.

**دەربارەی: کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێل لە سەنتەری شارەکان و پاراستنی ژینگە**

لە ٢٣ی ئازاری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ گۆشەیەکم لە کوردستانی نوێ بەناوی: (شەقامی ئەربات لە مۆسکۆ) بڵاوکردەوە و تێیدا باس لە بوونی شەقامی تایبەت بۆ پیاسەکردن لەناو شارەکانی کوردستان دەکەم، کە ئۆتۆمبیل و ماتۆڕ و هەموو ئەوانەی بە تا یان مەکینە دەڕۆن لێخوڕینی لەمجۆرە شەقامانە قەدەغەیە... ئەمجۆرە شەقامانە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەوروپا هەن و هەمووشیان لەناو سەنتەری شارن. هەندێک لەوان درێژی چەند کیلۆمەترێکە و هەندێکی دیکە تەنیا چەند سەد مەترێکە... لەم جۆرە شەقامانە دەیان کافیتێریا و چێشتخانە و دوکانی دیکەی جوان و پێویست هەن. تۆ پیاسە دەکەیت، هیچ ناترسیت لەپشتەوە کەسێک بێزارت بکا یان بە هۆڕن گێژت بکا، یان ماتۆڕێک خۆت پێدابدا... زۆر بەداخەوە ئەمجۆرە شەقامانە جارێ لە کوردستان نین، هەرچەندە زۆر پێویستن، بەتایبەتیش بۆ زیادکردنی تۆریست و بەگەرخستنی بازاڕ و جوانکردنی ڕووی شار...

دەمێکە لە هەندێک پایتەخت و شارە گەورەکانی ئەوروپا، بۆ ئەوەی ژینگەی شار بە پاکی بهێڵنەوە جۆرە باجێکیان لەسەر هەموو ئەو ئۆتۆمبیلانەی دەچنە ناوشار داناوە، کە بەزمانی ئینگلیزی: Congestion pricing یانcongestion charges پێدەڵێن. لە هەموو ئەو خاڵانە یان ڕێگایانەی دەچنەوە ناو سەنتەری شار، کۆمەڵێک کامیرا داندرایە و وێنەی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکە دەگرێت و ئەو بڕە پارەیەی دەخرێتە سەر، کە لەوکات بۆی داندراوە. بڕی پارە لە کاتێک بۆ کاتێکی دیکە جیاوازە و لە ڕۆژانی پشوو بەخۆڕاییە و گرانترینیش بۆ چوونە ناوشار و بۆ یەکجار نزیکەی پێنج هەزار دیناری لایخۆمانە و هەرزانترینیش نزیکەی سێ هەزار دینارە... کاکی شۆفێر لە چوونە ناوشار دەبی ئەو بڕە پارەیە بدات و بێگومان لە هاتنە دەرەوەش دیسان دەبی بڕە پارەی دیارکراو بدا. ئەگەر لەکاتی خۆی یان لەو کاتەی بۆ پارەدانی دیارکراوە، بڕە پارەکە نەدرێ، زۆر زێتری دێتە سەر... بۆ ئەوانەی لەناو شار دەژین، بڕە پارەیەکی نەگۆڕی مانگانەیان بۆ دیاری کراوە. بۆ ئەوەی شۆفێران تووشی سەرئێشەی دان و نەدان یان لەبیرکردن نەکەن و لەکاتی خۆی پارەکە بدەن، زۆربەیان بە شێوەی

ئۆتۆماتیکی لەسەر ژمارەی کۆنتۆی بانقیان بڕە پارەی دیارکراو ڕادەکێشرێ.

ئەمجۆرە زەریبەیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە نەرویج هەیە. لە وڵاتی سوید لە ڕیفێرێندۆمێکی لۆکالی شاری ستۆکهۆڵم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٦ ئەم پرسیارە ئاراستەی هاوڵاتییانی ستۆکهۆلم کرا و لە ١ی ئابی ٢٠٠٨ زەریبەیەکی تایبەت بۆ چوونە ناو سەنتەری ستۆکهۆڵم لەسەر ئۆتۆمبیل داندرا و تا ئێتساش بەردەوامە. ئەم کاتانەی بۆ وەرگرتنی زەریبە دیاریکراون لەنێوان ٦.٣٠ ی بەیانی تا ١٨.٢٩ی ئێوارانە و نرخیشی لەنێوان ١١ کرۆن تا ٣٥ کرۆنە. بۆ یەک ڕۆژیش ١٠٥ کرۆنە.

پەڕینەوە لە سەر هەندێک پرد و ڕۆیشتن بە هەندێک ڕێگا، دەمێکە لە زۆر وڵاتی جیهان هەیە و یەک لەو وڵاتانەش تورکیای دراوسێیە. وەرگرتنی بڕە پارەیەک، ڕێگات بۆ کورت دەکاتەوە و جگە لەوەی ڕێگاکە زۆر خۆشتر و خێراتریشە.

وڵاتی سەنگافورە یەکەم وڵاتە لە جیهان ئەمجۆرە زەریبەی لەسەر ئۆتۆمبیل لەساڵی ١٩٧٥دانا. لەندەن لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمجۆرە زەریبەی دانا، میلانۆ زەریبەیەکی بەناوی ژینگە (Ecopass) لە ساڵی ٢٠٠٨ دانا، لەساڵی یەکەم ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەکاتی وەرگرتنی زەریبە دەچوونە ناوشار بە ڕێژەی ١٢٪ کەمی کرد.

دانانی ئەمجۆرە سیستێمە بۆ کوردستان لەوانەیە بۆ کاتێکی وەک ئێستا زۆر پێویستبێت، بۆ ئەوەی ژینگەی ناو شارەکان بە پاکی ڕابگرین و ئەو پاڵەپەستۆیە زۆرەش لەسەر سەنتەری شارەکان کەم بکەینەوە. جگە لەوە دەبێتە یارمەتییێکی زۆر باش بۆ ئەوەی بەو بڕە پارەیە شەقامەکان جوان بکەن، پاکتر ڕایبگرن، خەڵکیش ئارامتر پیاسە بکات و هەوای پاکتر هەڵبمژێت. ئەگەر دەست بەکارێکی لەو شێوەیە بکرێ، دەبی زوو بڕیاربدەن و نەهێڵن خەڵک لەسەر شەقامەکان کەلوپەل بفرۆشێ و ئەم شەقامە تازە و جوانانە بکرێتە یەکپارچە دوکان و بازاڕی شەعبی.

## دەربارەی: کەشپیرۆڤسکی و چارەسەرکردنی ئەزمەکانی کۆمەڵ

لە ٣٠ی ئازاری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

پاش دەستپێکردنی ڕیفۆرمی پێرێسترۆیکە و گلاسنۆست (دروستکردنەوە و کرانەوە)ی میخائیل گۆرباتشۆڤ (١٩٨٥ - ١٩٩١)، ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین لە یەکێتی سۆڤییێت (١٩٢٢ - ١٩٩١) لە کۆتایی هەشتاکان قۆناغی باشی بڕیبوو، لە هەمان کات ئەم وڵاتە گەورە و ٣٠٠ ملیۆنییەی جیهان، بەدەست کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی: سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی...هتد دەیناڵاند. خواردن لە جاران کەمتر لە دوکانەکان دادەندرا، بەشی هەموو کەسی نەدەکرد و بۆ هەموو شتێ سرە دەگیرا. پارە نەبوو و جگە لەوە روبل ڕۆژانە لە دابەزین دابوو. هیلاکی و بێتاقەتی خەڵک لە لوتکە بوو و ئەمڕۆنا بەیانی چاوەڕێی تەقینەوەیەکی زۆر گەورە دەکرا. هەندێک لەوبڕوایەدابوون، شەڕی ناوخۆ دەستپێدەکا، ئەوانەی دیکە لە کودەتایەکی سەربازی گەورە و شەڕی سێیەمی جیهانی دەترسان. ئەو ئایینەی لە سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧) لەبیر و پشگوێخرابوو، پاش حەفتا ساڵ جارێکی دیکە، خەڵک ڕوویان تێکردەوە و بە لێشاو بۆ کەنیسە و پەرستگاکان دەچوون. بە ئاشکرا پڕوپاگەندە بۆ ئایین دەکرا و قەشە یەک لەدوای یەک لە شاشەکان پیشان دەدران، ناوە ناوەش نوێژی یەکشەممان لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرا. کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییێت ڕاستەوخۆ لە شاشەکان دەگوازرایەوە، ڕەخنەی توند لە دەستەڵات دەگیرا، بە ئاشکرا وڵات بەرەو دابەشبوون دەچوو. هەندێک لەگەڵ مانەوەی یەکێتی سۆڤییێت بوون و ئەوانەی دیکەش کاریان بۆ تێکدان و وێرانکردنی سیستێمی سۆسیالیستی دەکرد. هەر لەوکات سەرۆکی ئەمریکا ( Ronald Reagan) ناوی (ئیمپێریای شەڕ - Imperia - evil)ی لە سۆڤییێت نابوو. لەناو ئەم وڵاتە مەزن و پڕ لە کێشە کەسێک بەناوی:

Anatoly Mikhailovich Kashpirovsky ( لە دایکبوو لە ١١ی ئابی ١٩٣٩) لە شاشەکانی تەلەفزیۆن وەدیار کەوت. یەکەم بەرنامەی کەشپیرۆڤسکی لە کەنالی تەلەفزیۆن لە ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ پەخش کرا و دواتر هەر دوو هەفتە یەکجار لە هەمان کەنال ڕۆژی یەکشەمان بەرنامەی

چارەسەری تەندروستی هەبوو. کەشپیرۆڤسکی دکتۆر ناوکی مێدیسین، نازناوی قارەمانی یەکێتی سۆڤییێتی لە هەڵگرتنی ئاسن پێدرابوو، لە ساڵی ١٩٩٣ لە حزبی پارتی لیبرالی دیموکراتی روسیا وەک ئەندام پەرلەمانی روسیا هەڵبژێردرا، لە ٥ی ئازاری هەمان ساڵ دەستی لە ئەندامێتی پەرلەمان هەڵگرت و ژرینۆڤسکی سەرۆکی پارت و فراکسیۆنی خۆی بە ڕەسیزم و ژینگەخۆشکردن بۆ شەڕ تاوانبار کرد.

کەشپیرۆڤسکی پزیشکی دەروونییە و بەرنامە تەندروستییەکانی لە ڕێگای تەلەفزیۆنی نیشتمانی وڵات پەخش دەکرێن. هیچ بەرنامەیەک وەک بەرنامەی د. کەشپیرۆڤسکی جەماوەری نەبوو. ئەو لە ڕێگای شاشەوە بە یەکجار سەدان هەزار نەخۆشی لە نەخۆشی جیا جیا: پشتهێشان، هیلاکی، رەبو، دڵەڕاوکێ، حەساسییە...هتد چارەسەر دەکرد.

من لەگەڵ برادەرەکانم وەک هەموو خەڵکی سۆڤییێتی بەیەکەوە لە بەشی ناوخۆی زانکۆی سانکت - پیتربورگ بەرامبەر بەرنامەکانی تەندروستی دەروونی ئەو دادەنیشتین، گوێمان دەگرت، بەڵام قەت نەدەچووینە جیهانی ئەو.

کەشپیرۆڤسکی لە هۆڵێکی گەورە یان ستۆدیۆی تەلەفزیۆن لەپشت مێزێک دادەنیشت و لەچاو چوقانێک دانیشتوان دەکەوتنە ژێر کاریگەری قسەکان و (بە هیپنۆز) خەویان لێدەکەوت. پێشەکی بەرنامەی ئەو، بە مۆسیقایەکی خەیاڵاوی و مشەوەش دەستی پێدەکرد، پەڵە هەوری سپی دەهاتن و لە ئاسمانێکی لێڵاوی بزر دەبوون، مۆسیقاکە بەرز دەبوو، لە هەندێک شوێن تاڤگە پیشان دەدرا، تاڤگەکان دەبوونە هەورێکی سپی و دیمەنەکان بەردەوام لە جوڵەدابوون.

لە یەک بەرنامەی ئەو جگە لە نەخۆشە ئاساییەکان، هونەرمەندی گەورەی سۆڤییێتیش دانیشتبوون، هەندێک بۆ چارەسەر و ئەوانەی دیکە لەبەر فزولییەت. من سەیردەکەم و دەبیستم: دەستم سوتابوو، ئێستا برینەکان لەپشت دەستم نەماون. ئەو کەسە دەست سووتاوە، لە قسەکانی بەردەوامە و دەڵێ، سەرەتا خۆشم باوەڕم بەوە نەدەکرد و وامدەزانی چاوم خراپ دەبینی، چاویلکە لەچاو دەکەم، بەڕاستی دەستم چابۆتەوە. کەشپیرۆڤسکی چارەسەری بۆ لاوازبوونیش هەبوو، کەسێکیشی پیشان دا، پرچی سەری سپیاتی نەمابوو و ڕەشبووبۆوە.

بە کورتییەکەی چارەسەری هەموو دەرمانێک لای ئەم دکتۆرە زانا و گەورەیەی دەروونی هەبوو، بینەریشی جار دوای جار زیادی دەکرد. جارێکیان بەرنامەیەکی لەناو پارکێک سازکرد، هەزاران کەس تێیدا بەشداربوون. لەسەر داوای ئەو زیاد لە سەد کەس هاتنە سەر شانۆ و لە ماوەی چەند خولەکێک یەک دوای یەک هەموویانی نواند، ئەمجارە خۆی لەسەر شانۆ هاتە خوار و ئەوەندەشی لەناو جەماوەر نواند. هەندێک قسەی بۆکردن و هەموویان روحیان هاتەوەبەر و لە خەوە قوڵەکەیان ڕابوون.

کەشپیرۆڤسکی پرچی ڕەشو و کورت، سەیری ناو کامیرای دەکرد، بە دەموچاوێکی زۆر جددی قسەی دەکرد. باکگراوندی قسەکانی، مۆسیقایەکی ئێلیکترۆنی دەبیسترا. ڕستەکانی کورت بوون و نێوان ڕستەیەک بۆ ڕستەیەکی دیکە، بەردەوام وەستان هەبوو. ئەگەر بەوردی گوێ لە قسەکانی رابگریت، تێدەگەیت ئەو قسە بۆ هەموویان دەکات و لە هەمان کاتیش میوانی یەکە یەکەیان دەبێت. قسەکانی کەشپیرۆڤسکی لەگوێ دەرناچن و لەناو مێشک دەمینێنەوە، فشە نین و ئەو دکتۆرە جوانترین و باشترین وشە هەڵدەبژێری، کەسێکی یەکجار بەتوانا و وتاربێژێکی بێهاوتا و زۆر باشە.

کەشپیرۆڤسکی لە ساڵەکانی ١٩٨٨ – ١٩٨٩ سەرپەرشتی سەنتەری کۆماری پسیکۆتێراپی - Psychotherapy لە کیڤ دەکرد، لە ساڵەکانی ١٩٨٩ – ١٩٩٣ سەرپەرشتی سەنتەری نێودەوڵەتی پسیکۆتێراپی لە کیڤ دەکرد. لە ساڵی ١٩٩١ لە باڵەخانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری رادیۆ ئەکتیڤ و ئەیدز کرد.

لەو کاتەی وڵات لە قەیرانی گەورە دەژی کێشەکانی: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی، سیاسی هتد گەشەیان دەکرد، ڕێگا بۆ کۆمەڵەکەسانێک خۆشکرا، بێنە پێشەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان تیماری هاوڵاتی و گەلی بریندار بکەن. ئەوەی من بەر لە نزیکەی سی ساڵ لە یەکێتی سۆڤییێت بینیم، ئێستا لە کوردستان دووبارە دەبێتەوە، نەک لەلایەن کەسانی زانا و پسۆر، بەڵکو لەلایەن کەسانی کەمخوێندەوار و ساختەچی، نەک بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری هاوڵاتییان کەمبکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆیان تۆزێک پارە و ناوبانگ دەربکەن...

## دەربارەی: هۆکانی پێشنەکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی

لە ٧ی مایسی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

تا پێش ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان ڕاگەیاندنی کوردی ئاشکرا، سەر بە حکومەتی ناوەندی بووە و هیچیش دیار نییە، ئایا وەک نیو سەدە پێش، کەسانی ڕۆشنبیر و ناسراوی کوردی داوای مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤاریان بە زمانی کوردی لە کوردستان یان لە ئێراق کردووە یان نەکردووە، بەڵام ئەو چەند گۆڤارە مانگانەی (بەیان، کاروان، ڕۆشنبیری نوێ...هتد) لەگەڵ هەردووک هەفتەنامە (هاوکاری و پاشکۆی ئێراق)، کە بە زمانی کوردی دەردەچوون، زیاتر ئەدەبی بوون و لەلایەن کەسانی نووسەر و شاعیری کورد نەک ڕۆژنامەنووس، بابەتەکان دەنووسران و سەرپەرشتی دەکران.

هەبوونی ئەم شێوە ڕاگەیاندنە و دەرکردنی چەند گۆڤارێک بە تیراژی کەم و لە بەغدا، بۆ کورد نەبووە ئەزموونێکی دەوڵەمەند بۆ پەروەردەکردنی کادری ڕۆژنامەنووس، دروستکردنی مەدرەسەیەکی پتەو و جوان لە داهاتوو و نەوەیەکی نوێ، لێیەوە فێری نووسین و پیشەی ڕۆژنامەنووسی ببێ، چونکە لەم گۆڤارانە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و گۆشە... هتد نەبوون و نەدەنووسران و بڵاویش نەدەکرانەوە و بابەتەکانیشی هەنووکەیی نەبوون، زیاتر یەک بابەت لەسەری دەنووسرا ئەویش ڕەخنە و گوتار و بابەتی دیکەی ئەدەبی بوو. ڕژێمی بەغدا ڕێگای نەدەدا گۆڤارە کوردییەکان بەجۆر و ناوەڕۆکی دیکە دەربچن یان لەدەرگای بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و عەدالەتی ئیجتیماعی بدەن. هەردووک پاشکۆکانیش (هاوکاری و پاشکۆی ئێراق) زیاتر وەرگێڕان و بڵندگۆی ڕژێم بوون، بۆیە ئەو کوردانەی بەرهەمیان تێدا بڵاودەکردەوە، بەچاوی سووک و قەڵەمفرۆش لە کوردستان سەیردەکران.

لەبەرامبەر هەبوونی ڕاگەیاندنێکی حکومی، (فول کۆنترۆل کراو و ڕەقابەی توند) بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە شاخەکانی کوردستان، بەو ئیمکانییەتە کەمەی هەیبوو، توانی کەمێک بۆشایی پڕبکاتەوە و دەزگای

ڕاگەیاندنی خۆی هەبێت و بێترس باس لە خەبات و تێکۆشانی ڕەوای خۆی بکا، چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ئێزگە و بڵاوکراوەکانی شۆڕش بڵاوبکاتەوە.

هەبوونی ڕاگەیاندنی شاخ، کارێکی جوان و پێویستبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەکان بە قەبارەی بچوک و بە تیراژی کەم چاپدەکران و بەدەست هەموو کەسێک نەدەگەیشت و تەنیا یەک بابەتیش (کوردایەتی) کاری لەسەر دەکرا، نەیتوانی ببێتە مەدرەسەیەکی جوانی پەروەردەکردن و دروستکردنی کادری ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووس...

بەمشێوەیە دەبینین، ئەزموونی ڕۆژنامەگەری باشووری کوردستان وەک بەشێکی دانەبڕوای مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی پچڕ پچرە و لە کەشوهەوایەکی زۆر ئاڵۆز، نائازاد و حزبی، وەک کاری لاوەکی و ئارەزوومەندانە لەژیان بەردەوام بووە و نەیتوانیوە لەو کۆتوبەندەی بەسەری فەرزکراوە دەربچێت و هەنگاو بۆ بە پسپۆڕیبوونی خۆی بنێ. بێگومان هۆی زۆر گەورە لەبەردەم پیشنەکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە هەن لەوانە:

- نەبوونی کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیر.
- نەبوونی ئارەزوو لەلایەن سەرکردایەتی کورد بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی.
- نەبوونی یاسایەکی هەمەلایەنە، کە تەواوی ئامراز و لکەکانی ڕاگەیاندن بگرێتەوە.
- نەبوون یان بەهەند وەرنەگرتنی کۆدێکسی ئەخلاقی پیشەی سەرتاسەری و کۆدێکسی تایبەت بە دەزگاکان خۆیان.
- نەبوونی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن...هتد.

لە ٢٦ ساڵی سەربەخۆیی و ئازادی، دەکرا کاری زۆر بۆ بەپسپۆڕکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی کرابا، بەداخەوە هەنگاوەکان بچوک و شەرمنانەبوون و نەیانتوانی بۆ وێستگەیەکی ئارام و جوانترمان ببەن. لەڕاستیدا، بەشە زانستییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانیش نەیانتوانی کادری ئەکادیمی بەتوانا وەک پێویست پەروەردە بکەن و بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیاننێرن. ئەو نەتوانینەی بەشەکانی ڕاگەیاندن بێگومان هۆی تایبەتی خۆی هەیە، کە بایەخیان پێنەدراوە و لە کەلوپەلی پێویستی پەروەردەکردن و هۆڵی جوان بێبەش کراون و یارمەتی مادییان نەدراوە.

پاش زانینی ئەو فاکتانەی سەرەوە، ئاسانتر لە خراپی و نارێکی ڕاگەیاندنی کوردی دەگەین و دەزانین ڕەگی قووڵە و چاکردنی گرانترە لەوەی پسپۆران و سیاسەتمەدارانی کوردی بیریان بۆی دەچێت.

## دەربارەی: زیانەکانی کێشانی جگەرەی ئێلیکترۆنی (E-cigarette)

لە ١٤ی مایسی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

جگەرەی ئێلیکترۆنی بۆ یەکەم جار لە لەلایەن Hon Lik لەساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی چین دروستکرا و لە ماوەیەکی کەم بە هەموو جیهان بڵاوبۆوە. ژمارەی بەکارهێنەرانی جگەرەی ئێلیکترۆنی لەماوەی ١٥ ساڵ گەیشتۆتە یەک ملیار کەس. هۆن لیک، پاش مردنی باوکی بە نەخۆشی شێرپەنجەی سی، بیری لە دروستکردنی ئامێرێک بۆ جێگرەوەی جگەرە کردووە. لەڕاستیدا لیک خۆشی ڕۆژانە دوو پاکێت جگەرەی دەکێشا. لەبەر ئەوەی مێژووی پەیدابوونی جگەرەی ئێلیکترۆنی دوور نییە و ئەو ماوە کەمە، بەشی توێژینەوەی باش و دروست ناکا، زانایان ناتوانن بڕیاری یەکجارەکی بدەن و لە بازاڕەکان بیکێشنەوە یان قەدەغەی بکەن.

گەڕان بەدوای داهێنانێک لە بڕی بەکارهێنانی توتن لە جیهان تازە نییە و پێش Hon Likیش ئەم هەوڵانە هەبوون. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، یەکەم داواکردنی پاتێنت (patent) بۆ جگەرەی ئێلیکترۆنی بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە. کەسێک بەناوی Joseph Robinson داوای وەرگرتنی پاتێنتی بۆ تەکنۆلۆجیایێک کردووە و دیاریشنییە، ئایا تێیدا سەرکەوتوبووە یان نا، چونکە ئەو بەرهەمەی ئەو لەبازاڕ نەبیندرا بۆیە، یەکەم هەنگاوی عەمەلی بۆ دۆزینەوەی جگەرەی ئێلیکترۆنی لە ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن Herbert A. Gilbert بووە و بۆ هەندێک بەش، پاتێنت وەرگیرایە. ئەو داهێنانەی Gilbert قەت نەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی زۆر و هەر خۆشی بەکاری نەهێنا. Gilbert لەوبڕوایەدابوو، کە داهێنانەکەی ئەو زۆر پێش کاتی خۆیەتی.

لە ساڵی ١٩٧٩ Phil Ray یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمپیوتەر، بەهاوکاری پزیشکی تایبەتی خۆی، جگەرەی ئێلیکترۆنی پێشخست، هەرچەندە لەڕاستیدا ئەم جگەرانەی Phil Ray ئێلیکترۆنی نەبوون و نیکۆتینیان تێدابوو، لەگەڵ ئەوەش بووە یەکەم کار و پرۆژەی توێژینەوە لەسەر نیکۆتین.

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ - ٢٠٠٠ کۆمەڵێک هەوڵ و تاقیکردنەوە ئەنجامدران، بۆ ئەوەی جگەرەی ئێلیکترۆنی بەرهەم بهێندرێ، هەرچەندە

جگەرەکانی ئەوکات لەگەڵ جگەرەکانی ئێستا جیاوازبوون، ئەگەرچی لەسەر هەمان پرەنسیپ وەک ئێستا (heat-not-burn) (گەرم - نەک - سووتان) بەکار دێن.

وەک لەسەرەوە نووسیمان، یەکەم جگەرەی سەرکەوتووی ئێلیکترۆنی لە پەکین دروستکرا و بە جیهان بڵاوبۆوە.

جگەرەی ئێلیکترۆنی بەناوی (e-cigarette) یش بەناوبانگە، بە پاتری کار دەکات و شێوەی لە جگەرە دەکات. لەناو ئەم جگەرەیە شلەیەک دادەنێن، کە بە شلەی ئێلیکترۆنی یان بە e-juice بەناوبانگە. لەناو ئەو شلەیە: نیکۆتین، تام، ئاو هەروەها ماددەکانی Propylene glycol لەگەڵ glycerol ی تێدا. دەکرێ شلەی ناو جگەرە ئێلیکترۆنییەکە نیکۆتینیشی تێدا نەبی.

لە زۆر وڵاتی جیهان کێشانی جگەرەی ئێلیکترۆنی بە یاسا قەدەغە کرایە. هەر بۆ نموونە لە سەنگافورە ئەگەر کەسێک جگەرەی ئێلیکترۆنی بکێشێت بە ٢٠٠ دۆلار سزا دەکرێ. لە زۆر ویلایەتی ئەمریکی بەکارهێنانی جگەرەی ئێلیکترۆنی قەدەغەیە، بۆ نموونە لە پارکەکانی نیۆیۆرک و شوێنە گشتییەکان کێشانی قەدەغەیە. بەهەمان شێوە لە وڵاتی کرواتیا کێشان یان بەکارهێنانی ئەمجۆرە جگەرەیە لە شوێنە گشتییەکان قەدەغەیە، لە تایلاند بە هەموو شێوەیەک کڕین و فرۆشتن و بازرگانی پێکردنی جگەرەی ئێلیکترۆنی قەدەغەیە.

ئەنجامی هەندێک توێژینەوە لەسەر جگەرەی ئێلیکترۆنی دەنگوباسی ناخۆش بڵاودەکەنەوە، تەنانەت بۆ ئەوکەسانەی ڕۆژانەی تەنیا ٢٥٠ – ٣٠٠ قوم لێدەدەن، زیانی خۆی لەسەر بۆڕییەکانی هەناسە جێدەهێڵێ. بەڵام هەقیقەتێک هەیە، جگەرەی ئێلیکترۆنی لەڕاستیدا زیانی زیاترە لەوەی کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنان و جگەرەفرۆشتن باسی دەکەن.

هەر بۆ نموونە: بەهۆی کێشان یان قوملێدانی جگەرەی ئێلیکترۆنی، بۆڕییەکانی هەناسە تەنگ دەبنەوە و هەناسەکێشان گرانتر دەبی. بەگوێرەی هەندێک توێژینەوە، کەسێکی قوملێدەری جگەرەی ئێلیکترۆنی بەدرێژایی ژیان لەوانەیە ٠،٤ دەکاتە کەمتر لە ڕێژەی نیو لە سەد توشی نەخۆشی شێرپەنجە ببیت.

تەمەنی جگەرەی ئێلیکترۆنی زۆر کورتە، بۆیە زانایان ناتوانن وەک جگەرەی ئاسایی زیانەکانی دەستنیشان بکەن، لەگەڵ ئەوەش بەکارهێنانی جگەرەی ئێلیکترۆنی زۆر لە بەکارهێنانی: جگەرە، پایپ، سیگار یان نێرگلە بۆ تەندروستی مرۆڤ باشترە، بەڵام بێگومان جگەرە نەکێشان لەهەمووی باشترە.

زۆر لەوانەی هانا وەبەر قوملێدانی جگەرەی ئێلیکترۆنی دەبەن، بەنیازی وازهێنانن لە جگەرە، بۆیەش ئەمجۆرە جگەرە تازەیە وەک جێگرەوە - ئەڵتەرناتیڤ بەکار دێنن، بەهەمان شێوە هەندێک: بنێشت، حەب یان پلۆستەر بۆ هەمان ئامانج بەکاردێتن...

## دەربارەی: شوشتنەوە یان سپیکردنەوەی پارە

لە ٢٨ی مایسی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

**لە ژمارە ٢٢٠ شوباتی ٢٠١٨ جارێکی دیکە لە مانگنامەی بازگانی سەردەم بڵاوکرایەوە**

زوو زوو لە شاشەکانی خۆمان کەسێک پیشاندەدرێ، لەوانەیە ئەو کەس ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بێ، مامۆستایەکی زانکۆبێ، رۆژنامەنووس یان سیاسەتمەدارێکی دیاربێ. هەموو ئەو کەسانەی سەرەوە، لەوکاتەی باس لە پارە و گەندەڵی دەکەن و دەستەواژەی: (شوشتنەوەی پارە) بەکاردێنن. هەموو ئەو جارانەی رێککەتووە من بینەری قسە و لێدوانەکان بووم، هەر هەموویان بە هەڵە لە شوشتنەوە یان سپیکردنەوەی پارە گەیشتوون، چونکە بۆ ئەوەی پارەی رەش هەبێ، دەبێ یاسایەک هەبێت و پارەی ناشەرعی رەش و پیس بکا، لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنەکەی بکا، ئەگەر ئەو یاسایە نەبێت، دیارە هەموو پارەیەک سپییە.

پارەشوشتنەوە دەکاتە، سپیکردنەوەی ئەو برە پارەیەی بە رێگای نایاسایی بەدەست هێندراوە. بە رێگای نایاسایی دەکاتە، ئەوەی لەلایەک زەرییەی لێنەدرایە، لەلایەکیش کارێکی کردووە، یاسا رێگای پێنادا و قەدەغەیە وەک: دزیکردن، بەرتیل وەرگرتن، کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، وەرگرتنی خاوە، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و لەشفرۆشی، قاچاغچیێتی...هتد. پەیداکردن یان کۆکردنەوەی پارە بەو رێگایانەی سەرەوە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لەبەر ئەوەی نایاساییە و نامرۆڤانەیە، رێگای پێنەدراوە و خاوەنەکەی ناتوانی ئەو برە پارەیەی دەستی کەوتووە لەبانق هەڵیبگری، زەوی و زاری پێبکڕێ، باڵەخانەی پێدروستبکا، چونکە تووشی لێپێچینەوە دەبێت و لێی دەپرسن: ئەم پارەیەت لەکوێبوو؟

ئەو پارە رەشە، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانی بە ئارەزووی خۆی بەکاری بێنی، زۆر جار لە رێگای هەندێک گواستنەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان سپی دەکرێتەوە و پارەی سپیش، دەکاتە پارەی یاسایی و خاوەنەکەی دەتوانی بێمنەت بەکاری بێنی. پارەی رەش هیچ پێویست ناکا خۆی لە ملیۆن دۆلار یان زیاتر بدا، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی تووشی لێپێچینەوەی یاسایی ببیت، بەڵکو زۆرجار و بەتایبەتیش لە بانقەکانی

ئەوروپی ئەگەر ئەو برە پارەیەی دەتەوێ لەسەر ژمارەی کۆنتۆی خۆت یان کەسێکی دیکە دابنێیت و لە یەک هەزار یورۆ زیاتربیت، دەبی لە نامەیەک بنووسیت، ئەو یەک هەزار یورۆیەت چۆن وەدەست کەوتووە و زۆرجار تەنیا بە نووسینیش بڕوات پێناکەن و دەبی بەڵگەش پیشان بدەیت.

شوشتنەوەی پارە پێشتر زیاتر بە مافیا بەسترابۆوە، بەڵام بەمدواییانە لەگەڵ تیرۆریزمیش دەیبەستنەوە. شوشتنەوەی پارە کارێکی گرانە و خەرجی زۆری دەوێت، بۆ ئەوەی خاوەنی بتوانی بە ئارەزووی خۆی بەکاری بێنیت و کەس گومانی شێوەی بەدەستهێنانی خراپی لێنەکا.

زۆرجار پارەی ڕەش لە کازینۆکان سپیدەکرێتەوە، کە سی خاوەن پارە بە پارەی ڕەش یاری دەکات و لەوکاتەی لە قومار دەباتەوە، پسولە وەردەگرێت و رەنگی پارەی لە رەش بۆ سپی بۆ دەگۆڕدرێ. لە راپۆرتێکی زانکۆی Paris-Sorbonne هاتووە، کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی کازینۆکان، زیاد لە ١٠٠ ملیار یورۆی ڕەش سپیکراوەتەوە.

سپیکردنەوەی پارە لەسەرەتا لە ئەمریکا و لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەستیپێکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٣٤ەوە بانقەکانی سویسری بە یاسا خاوەنی پارە و ژمارەی کۆنتۆی کەس ئاشکرا ناکەن.

شوشتنەوەی پارە لە زۆر وڵات حوکمی لەسەرە. بەگوێرەی یاسای دەرچوو لە ساڵی ٢٠٠٢ شوشتنەوە پارە لە ٦ مانگ بۆ ٧ ساڵ لە وڵاتی بەنگلادیش سزای زیندانی لەسەرە. لە وڵاتی هیند لەنێوان ٣ ساڵ بۆ ٧ ساڵ سزای لەسەرە. لە وڵاتانی بازاڕی ئەوروپی لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە هەموو پارەدانێک بە نەقد ئەگەر لە ١٥ هەزار یورۆ زیاتربیت، دەبی ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەت بکرێتەوە. لە ئەمریکا، شوشتنەوەی پارە تاوانێکی فیدرالییە و سزای زۆری لەسەرە.

هەندێکجار، ئەو کەسانەی پارەی ڕەشیان دەستدەکەوێ، دوکانێک بۆ سپیکردنەوەی پارە دەکەنەوە. ئەو ڕۆژانە پارە بەناوی دوکانەکەی لەبانق دادەنێت، گوایە ئەوە قاسەی دوکانەکەیەتی. هەر کاتێک بیەوێ، بە ئازادی دەتوانی پارەی کۆکراوەی لەبانق وەک پارەی سپی بەکاربێنیت و هیچی دیکە ئەو پارەیە ڕەش نامینێت و سپێدەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە یاسایانە لە کوردستان نییە، یان ئەوەی هەن کاریان پێناکرێ، کە هاوڵاتی یان کۆمپانیای گەورە بۆ بەردەم دادگا

ڕابکێشێت و لێپێچینەوەی لەسەر دەستکەوتنی پارە لەگەڵ بکا، بۆیە هەموو پارەکان ئەگەر بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ڕەشبن، لە هەرێمەکەی خۆمان سپین. هەر بازرگانێک، کەسێک یان کۆمپانیایەک، بە ئارەزووی خۆی دەتوانی گەورەترین مۆل بکاتەوە، دەیان باڵەخانەی گەورە بکڕی یان دروست بکا، هەزاران خانوو بکڕی، کەس ناپرسی: ئەو هەموو پارەیەت لەکوێ هێناوە؟ هەر هاوڵاتییێکی کوردستان لە ڕێگای بانقەکانی کوردستان یان دوکانەکانی حەواڵە، چەند پارەی بوێ، لەسەر ژمارەی هەر کۆنتۆیەک بیەوێ، بۆی دادەنێن و کەسیش لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکات، ئەو هەموو پارەیەت لەکوێ هێناوە؟ لەڕاستیدا، بازرگانێکی کورد، بە ئاسانی دەتوانی لە دەرەوەش باڵەخانەی گەورە بکڕی، سەدان ملیۆن دۆلار بخاتەگەر، بێئەوەی کەس لێیبپرسێ، ئەو هەموو پارەیەت لەکوێ هێنا، چونکە لە کوردستان پارەی ڕەش و سپی نییە... بۆیەش ئەوانەی لەکوردستان باس لە پارەی ڕەش و سپیکردنەوەی دەکەن، جارێ تێینەگەیشتوون، لە وڵاتێک دەژین، پارەی ڕەشی تێدانییە، چونکە یاساکە جارێ نەنووسرایە یان هەیە و کاری پێناکرێ.

## دەربارەی: کتێب و وەرگێڕانی کتێب بۆسەر زمانی کوردی

له ٤ی حوزەیران ٢٠١٧ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە کتێب لە زمانی جیا بۆسەر زمانی کوردی وەردەگێڕدرێن. هەندێک لەو کتێبانە، خوێندنەوەیان خۆشە و زمانێکی دەوڵەمەند و پاک و پاراوی تێدا بەکارهاتووە، ئەوانەی دیکە، لە خوێندنەوەی دوو لاپەڕەی یەکەم خوێنەر هیلاک دەبێت و کتێبەکە فڕەدەدا. ئێمەی کورد، وەرگێڕی باشمان هەیە، بەڵام ژمارەی باشەکان زۆر کەمە و لە پەنجەی دەست ڕەتناکا، کەچی سەدان کەس بێئەوەی هیچ لە هونەری وەرگێڕان و ئەخلاقی وەرگێڕان بگا، بەو پیشەیەوە نووساوە و بە ئارەزووی خۆی کتێبی نووسەری زۆر باش و بەناوبانگی بیانی شەلوکوێر و وێران دەکا. لەڕاستیدا هیچ ڕێنماییێکیش بۆ وەرگێڕانی کتێب بۆسەر زمانی کوردی نییە و زۆربەیان بە بەرنامەش کاری وەرگێڕان ناکەن، لە هەمووشی خراپتر مافی نووسەر و دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕەکانی پێشتر دەخۆن و هیچ پرسیان پێناکەن، کە دەکاتە لادان لە یاسا، لادان لە ئەخلاقی پیشە و دزیکردن لە نووسەر و وەرگێڕی پێشتر.

مێژووی وەرگێڕانی کتێب تازە نییە و لە کتێبە ئاسمانییەکانەوە Psalmist یان Psalterium دەستپێدەکات. Septuagint (یاساکانی عیسا) یەکەم کتێبە لە زمانی عیبری کۆن بۆ Koine (زمانی بەرزی یۆنانی) وەرگێڕدرابێت. هەندێک بەشی ئەم کتێبەی تەورات بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. (یەکەم نووسینەوەی تەورات لە نێوان ١٢٥٠ – ٩٥٠ ساڵ پێش زاینبووە).

لە سەردەمی زوو، قەشە و پیاوە ئاینییەکان، نووسەر و زاناکان، زمانەکانی یۆنانی کۆن و لاتینیان دەزانی، بۆیە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی نەتەوە یان هەرێم زۆر پێویست نەبوو، بەتایبەتیش پێش دۆزینەوەی چاپخانە لەلایەن گۆتنبێرگ لە ناوەڕاستی سەدەی پازدە لە ئەڵمانیا. نەک هەرخوێندن لە زانکۆ و کەنیسەکان بە لاتینی و یۆنانی کۆن بووە، بەڵکو لە پاریس لە ساڵی ١٦٣٠ ئەگەر کەسێک داوای کردنەوەی دوکانی کتێبفرۆشی کردبا، دەبوایە ئەو کەس رووناکفکر بووایە، لاتینی زۆر باش بزانیبا و بە

زمانی یۆنانیش بیخوێندبایەوە، ئینجا لە زانکۆی پاریس مافی وەرگرتنی مۆڵەتی کتێبفرۆشی پێدەدرا.

کەمێک درەنگتر و لە سەدەی هەژدە، کەسی وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی دەستکاری تێکستی نووسینی دەکرد و کتێبەکەی دادەڕشتەوە، ئێستا بێگومان جیایە و نووسەر و دەزگای چاپ و پەخش بەوجۆرە وەرگێڕانە رازی نین. پرۆفێسۆرMall Stålhammar دەنووسێ: تێکست لە ڕێگای هەڵبژاردنی وشە، جیهانێک دروست دەکا، کاری وەرگێڕ ئەوەیە، کە ئەو وشانە لە زمانی دیکە هەڵبژێرێ، کە جیهانەکە جارێکی دیکە دروست بکاتەوە. بۆیە بۆ کەسی وەرگێڕ زۆر گرنگە نەک هەر تەنیا لە هەردووک زمان زۆر باش شارەزابێت، بەڵکو لە فەرهەنگی هەردووک گەلیش زۆر باش بگات و لە هەردووک وڵاتیش ژیابێت.

لە زۆر دەزگای چاپ و پەخشی ئەوروپی، کەسی وەرگێڕ، جگە لەوەی بڕە پارەی خۆشی پێدەدرێ، ١٥ دانە لە کتێبەکەی خۆشی وەردەگری. بۆ ئەوەی بە پارەی وەرگێڕان بژیت، دەبی ساڵانە بەلای کەم ٤ کتێب وەربگێڕیت و کتێبەکانیش پڕفرۆش بن.

لە دەزگایەکی پەخش، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر کاردەکەن و ئەوان پەیوەندی لەگەڵ نووسەر دروست دەکەن. وەرگێڕ و سەرنووسەر بەرپرسیارێتی ناوەڕۆک و زمان و فاکتەیان لە ئەستۆدایە، ئەگەر کتێبەکە نەخش و وێنەی تێدابی، لەوکات سەرنووسەری تایبەتی بۆ وێنە هەیە.

Kajsa Öberg Lindsten لە چاوپێکەوتنێک دەڵێ: ئەوانەی تازە دەست بە کاری وەرگێڕان دەکەن، وشە بەرامبەر وشە وەردەگێڕن، بۆ ئەوەی پیشانی بدەن، کە ئەوان مانای هەموو وشەیەک دەزانن، بەڵام نابی بەو شێوەیە کتێب وەربگێڕدرێ، چونکە وشە مانای فەرهەنگی خۆی هەیە و دەبی لە وردەکاری بگەین.

سکرتێری ئەکادێمیای سویدی Horace Engdahl جارێکیان گوتویەتی: ئەگەر ئێمە واز لە وەرگێڕان بێنین، زمانی سویدی بە هەژاری دەمینێتەوە، چونکە لە ڕێگای وشەوە ئێمە فۆرمولەی جیهانی خۆمان دەکەین و تێیدەگەین.

هەندێ وەرگێڕ هەموو تێکستەکە جارێک یان زیاتر دەخوێننەوە ئینجا دەست بە وەرگێڕان دەکەن، ئەوانەی دیکە یەکسەر کتێبەکە وەردەگێڕن. بەڵام لەناو هەموو وەرگێڕانەکان، وەرگێڕانی شیعر زۆر گرانە.

کتێب دەبێ لە زمانی نووسەر (زمانی یەکەم) وەربگێڕدرێ، بۆ ئەوەی غەدر لە نووسەر نەکرێ، بەڵام لە حاڵەتی تایبەت و بۆ کورد، دەشکرێ کتێب لە زمانی دووەم وەربگێڕدرێ، بەو مەرجەی لەگەڵ زمانی یەکەم بەراورد بکرێ. زۆر لەو کتێبانەی بۆسەر زمانی کوردی وەردەگێڕدرێن، لە زمانی سێیەم یان زیاترەوەن، بۆیە ئەگەر لایەنی زمانەوانیشی تەواو بێت، ناوەڕۆکی پڕکەموکورتییە، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی لە زمانی عەرەبی و لەلایەن وەرگێڕانی میسری و سوری وەرگێڕدراون، روحی کتێبەکە دەکێشن و نووسەر کتێبی خۆی ناناسێتەوە. هەر بۆ نموونە: کتێبێک لەم دواییانە لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرایە، کە نووسەری یەکەم سویدییە و وەرگێڕیش نزیکە ٢٥ ساڵە لەسوید دەژیت. ئەگەر کتێبە کوردییەکە لەگەڵ کتێبە سویدییە ئەسلەکە بەراورد بکەیت، نووسەر کتێبی خۆی ناناسێتەوە... ئەوە خیانەت و غەدری گەورەیە لە کتێب و لە نووسەر دەکرێ، باس لەوە هەرناکەین، وەک لەسەرەوە نووسیمان، لادانە لە یاسا، لادانە لە ئەخلاقی پیشە و دزیێکی گەورەیە لە دەزگای چاپ و پەخش و نووسەر و وەرگێڕەکانی پێشتر. لەڕاستیدا نابێ دەزگاکانی چاپ و پەخشی کوردیش ئەمجۆرە کتێبانە چاپ بکەن، کە لە زمانی دووەم یان سێیەم وەرگێڕدراون.

کتێب بازاڕی لە ئەوروپا زۆر گەرمە و سەدان هەزار کەس پێیوە دەژین. کتێبخانەی مەلەکی سوید ساڵانە ناوی ١٥ هەزار کتێبی چاپکراوی تازە لە سوید تۆمار دەکات و بازاڕی کتێبێش لە سوید ساڵانە بە بڕی یەک ملیادر دۆلار دەخەملێندرێ.

## دەربارەی: پێکهاتنی سیاسی

له ١١ی حوزەیران ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

بەگوێرەی ناوەڕۆکی رۆژنامەکانی کوردی و ماڵپەڕانی کۆمەڵایەتی، تا ئێستا زۆر کەس لە کوردستان لە پێکهاتنی سیاسی نەگەیشتوون و ئەو دانیشتنانەی لەلایەن سەرکردایەتی کورد لە شوێنی جیا جیا ئەنجام دەدرێت، بەزیادەی لەقەڵەم دەدەن و لەوەش خراپتر، زۆر کەس بە دەستێوەردانی حزب، لە کاروباری حکومەت و پەرلەمان لەقەڵەمی دەدەن.

لە ساڵی ٢٠١٤ گوتارێکم بەناوی (دەربارەی: دیموکراتی و دیموکراتییەت لە کوردستان) بڵاوکردەوە، بۆ ئەم نووسینەم کۆپلەیەک دووبارە وەک خۆی دەنووسمەوە:

"لە سیستێمی دێمۆکراتییەت، گرنگە جۆرێک لە جۆرەکانی بەڕێوەبردنی وڵات هەبێ، تا لە کۆتایی بزاندرێ، چ کەسێک مافی یەکلاکردنەوەی پرسیارە ئاڵۆز یان بۆچوونە گرنگەکانی هەیە. با ئەم بیر و بۆچوونانە لەناو جەماوەریش سەرچاوەیان هەڵگرتبێ، یان لەلایەن نوێنەرانیانەوە گەڵاڵە کرابن، چونکە قەت ناتواندرێ، تەواوی پێشنیاز و داخوازییەکانی کۆمەڵ جێبەجێ بکرێن، بۆیەش لە سیستێمی دیموکراتی، فۆرمێک هەیە، کە ڕای زۆرینە بەهەند وەردەگیرێ و دەکرێتە بڕیار. لێرە زۆرینە لە زۆربەی کات، دەکاتە یەک دەنگ زیاتر لە نیوەی دەنگدەران، لەگەڵ ئەوەش، لەناو سیستێمی دیموکراتی، پێکهاتن (ئیتیفاق) بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزەکان پێویستە و هەیە و گرنگە، کاری پێدەکرێ و بایەخی زۆریشی پێدەدرێ".

وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتووی جیهان، بەوشێوەی سەرەوە پێکدێن و سیاسەت دەکەن، لەکاتێکدا، شەڕ لە وڵاتەکەیان نییە، کێشەی ئابوورییان نییە، کێشەی ئاو و کارەبایان نییە، خەڵک کاردەکات و لەکاتی خۆی مووچە وەردەگرێت، ئینجا پێکهاتن وەک باشترین کلیلی چارەسەر بۆ کێشەکانیان هانای وەبەردەبەن.

وێدەچێ، جەماوەری کوردستان لەبەر تێنوێتی و تامەزرۆی زۆری بۆ ئاشتی و دیموکراتی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، لەبیریان کردبێ، کە

ئەوان لە وڵاتێک دەژین، گەورەترین شەڕی گەورەی جیهان، شەڕی داعش بەرۆکیانی گرتووە و ئەگەر کورد خاوەنی پێشمەرگە نەبووایە، داهاتووی لە موسڵ باشتر نەدەبوو، بەتایبەتیش، لەوکاتەی ئێمە ئەو هەقیقەتە دەزانین، کە توندڕەوانی ئیسلامی، کورد وەک میللەتێکی کافر و بێدین و ڕێگر لە تەشەنەکردنی بیری توندڕەوی سەیر دەکەن و قەت کورد بە گەلێکی موسڵمان دانانێن و کوشتن و لەناوبردنی دەمێکە حەڵاڵ کرایە...

دواتر، لە هەر وڵاتێک شەڕ هەبێ، هەرەشەی دەرەکی و ناوەکی لەسەربێ، یاسای تایبەت، یاسای عەسکەری پەیڕەو دەکرێ. لەبەر ئەو کەشوهەوا نائارامەی دەمێکە بەرۆکی کوردستانی گرتووە، زیاتر پێویستمان بە دانیشتن و پێکهاتن لەسەر هەموو پرسە گچکە و گەورەکان هەیە. ئەو دانیشتنانە لەنێوان حزب و سەرکردایەتی کورد و بزوتنەوە و ڕێکخراوەکان، هیچ خیانەت نین، هیچ کاتبەسەربردن نین، فێڵکردن لە جەماوەرنین و زیادەش نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، دەکاتە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە میللەت، دروستکردنی ئومێد، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. دەبێ ئەو هەقیقەتە بزانین، دوای گەورەترین شەڕ، بۆ پێکهاتن دەبێ لایەنەکان بەیەکەوە دابنیشن و شوێنی دانیشتنیش قەت نابێ بکرێتە بابەتی ڕۆژنامەکان، بەڵکو ئامانج و ئەنجام و ناوەڕۆکی پێکهاتن و دانیشتنەکان دەبێ بایەخیان پێبدرێت و لەسەریان بنووسرێت و بۆ هاوڵاتییان زیاتر ڕوونبکرێتەوە.

ئەگەر باس لە دانیشتنی ٧ی حوزەیران بکەین، ڕاستە زۆرینەی خەڵک بە گەرمی پێشوازی لێکرد، چونکە دەیانەوێ ڕیفێراندۆم بکرێ. لێرە هەر پێکهاتن لەسەر ڕیفێراندۆم و دەستنیشانکردنی ٢٥ی ئەیلول نییە، بەڵکو زیاترە و گەورەترە، چونکە هەر لەو سێ مانگەی داهاتوو هەموو حزبەکانی بەشداربوو، دۆستانە و برایانە کار بۆ یەک پرس دەکەن، یەک هەڵبژاردن لێکیان نزیک دەکاتەوە، کە بەیەکەوە دەکاتە ئەوەی، لە سێ مانگی داهاتوو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێرش ناکەنە سەر یەکتر، خەڵک بۆ ناو داهاتوویێکی نادیار ڕاناکێشن، جگە لەوەی ئومێدێکی گەورەش دەبەخشن.

یەک پرسیار بەرزدەبێتەوە، کە بۆ جەماوەرێکی زۆر باش ڕوونییە و لەوبڕوایەدان، دەبێ کۆمەڵێک هەڵبژاردن لەیەک کات و لەهەمان ڕۆژ ئەنجام بدرێ.

لێرە دەبی ئەوەش بنووسین، کە ڕیفێراندۆم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دیموکراتییەتەوە هەیە، بۆیە لەو وڵاتانەی هیچ ئازادییێک نییە، قەت چاوەڕێی ڕیفێراندۆم ناکرێ، قەت چاوەڕێی دەنگ و ڕای جەماوەر ناکرێ. سەرکردەی وڵاتانی دیکتاتۆر، هەر یاسایەک بیانەوێ دەیڕوێنن، هەر کاغەزێک بیانەوێ ئیمزای بکەن، بێترس ئیمزای دەکەن و کەس هەرپێشی نازانی، چونکە ڕێگای پێنادرێ لە ڕاگەیاندن باسی لێبکرێ، ڕێگا نادرێ خەڵک ڕای هەبێ.

لە کوردستان ڕۆژی ٢٥ی ئەیلول بۆ ڕیفێرێندۆم داندرایە، ئەوە جێگای خۆشییە، بەهەند وەرگرتنی ڕای جەماوەرە، بایەخدانە بە دیموکراتییەت و لەڕاستیدا، ریسک و مەترسییێکی گەورەشە، بۆ سەرکردایەتی کورد، چونکە جارێ نازانن: ئایا خەڵک بە بەڵێ دەنگ دەدا یان بەنەخێر دەنگ دەدا؟ بەتایبەتیش، کە دەزانین حکومەت پارەیەکی زۆری فەرمانبەران قەرزارە و ناتوانی مووچەی تەواویان بۆ دابین بکا.

## دەربارەی: نووسەرانی ئەوان و نووسەرانی ئێمە

لە ١٨ی حوزەیران ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

کتێبی: (ئاوگوست ستریندبێرگ– بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن) (١٨٤٩ - ١٩١٢) لە نووسینی (دانا ڕەئووف)م خوێندەوە، جگە لە تام، زانیاری زۆرم لێیوەرگرت و لێشییەوە فێری زۆر شت بووم. لەراستدا، ئەگەر هەموو کوردێکی خوێندەوار کاتی نەبێت یان نەتوانی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، دەبی هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی کوردستان ئەم کتێبە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی لە ژیان و بەرهەمی نووسەرێکی مەزنی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بگەن.

ئاوگوست ستریندبێرگ، یەک لە نووسەرە هەرە ناودارەکانی سەردەمی خۆی نەک تەنیا سوید، بەڵکو هەموو ئەوروپا بووە، دەیان ڕۆمان، شانۆ، دیوانی شیعری نووسییە و لە وێنەکێشان دەستی ڕەنگین بووە و پێشانگای لە پاریس بۆ تابلۆکانی خۆی کردۆتەوە، ڕیژیسۆری شانۆ بووە و کۆمەڵێک زمانی زانیوە، هەندێک بەرهەمی خۆی، جگە لە زمانی دایک (سویدی)، بە زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسیش نووسییە. هەر لەسەردەمی خۆی، کتێبەکانی بۆ زمانەکانی ئەوروپی و بەتایبەتی ئینگلیزی، ئەلمانی و فەرەنسی وەردەگێڕدران و بازاڕیان زۆر گەرم بوو. لە یەک کات، شانۆکانی لەسەر سەکۆی شانۆ هەرە بەناوبانگەکانی ئەودەمی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، سوید و وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا نمایش دەکران.

هەر بۆ نموونە تەنیا لە ئەڵمانیا: لە ساڵی ١٩١١ لە وەرزی شانۆیی شانۆکارانی ئەڵمانیا، تێکڕا ١٢٧ جار شانۆنامەکانی ستریندبێرگ پێشکەش کران، ساڵی ١٩١٢ ژمارەی نمایشەکان دەگاتە ٢٨١ جار، وەرزەکانی ١٩١٥ – ١٩١٦ نزیکەی ٧٨٩ جار و ساڵانی ١٩٢٢ – ١٩٢٣ بەیەکەوە ١٠٢٤ جار شانۆکانی ستریندبێرگ پێشکەش کران. لە فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپیش، شانۆکانی بەردەوام لە چەند شوێنێک نمایش دەکران. ستریندبێرگ، ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بەتوانا بووە و دەیان ڕیپۆرتاژی نووسیوە، سەدان گوتاری بۆ ڕۆژنامە جیا جیاکانی فەڕەنسی، سویدی، ئەلمانی نووسیوە. ئەو کاری زۆری لەسەر زمانیش دەکرد. برادەرایەتی

لەگەڵ نیچەی فەیلەسوف و زۆربەی نووسەرانی دیکەی سەردەمی خۆی هەبووە.

من تەنیا لە ڕێگەی ئەم کتێبەی دوایی ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرهەم و ژیانی ستریندبێرگ نەبووە، بەڵکو پیشتر و لەکاتی نووسینی دوو بابەت: (ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون) لەگەڵ (ژانری ڕیپۆرتاژ) هەندێک لە بەرهەمەکانی ستریندبێرگم خوێندۆتەوە و وەک سەرچاوە بەکارم هێناون.

سترینگبێرگ، نووسەرێکی پڕ بەرهەم بووە و تەواوی بەرهەمەکانی لە ٧٢ بەرگی ئەستور چاپکراون، کە پێکهاتوون لە: ڕۆمان، شیعر، شانۆ، چیرۆک، توێژینەوەی زانستی...هتد. ئەو یەک لەو نووسەرانە بووە، ڕۆژانە نامەی نووسیوە. لەنێوان ١٨٥٧ – ١٩١٢ نزیکەی دە هەزار نامەی بۆ ٦٠٠ کەسی جیا نووسیوە و هەموو نامەکانی لە ٢٠ بەرگ چاپکراون.

خەڵکێکی زۆر چاوەڕێیان دەکرد، ستریندبێرگ خەڵاتی نۆبلی لەلایەن ئەکادیمیای سویدییەوە پێبدرێ، بەڵام ئەو خەڵاتەی قەت پێنەدرا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، لە ساڵی ١٩١٠ لیژنەیەک لە چەند نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەسانی دیاری بواری فەرهەنگی سوید پێکبێن و پارەیەکی زۆری بەناوی: (خەڵاتی میللەت) بۆ کۆبکەنەوە و پێیبدەن، بۆ ئەوەی تا ئەو لەژیاندایە، پێویستی بە کارکردن نەبێت و تەنیا خەریکی نووسین بێت. لەماوەی دوو ساڵ توانییان (٤٥٠٠٠) کرۆن، بە پارەی ئێستا نزیک لە دوو ملیۆن کرۆن (٢٥٠ هەزار دۆلار)ی بۆ کۆبکەنەوە. سترینگبێرگ ئەم پارەیە چەند مانگێک پیش مردنی وەردەگرێت و بەسەر چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازی دابەشی دەکا.

لەوکاتەی تەمەنی دەگاتە شەست ساڵ (١٩٠٩) نزیکەی ١٥ هەزار کەس لەبەردەرگای ماڵی ئەو کۆدەبنەوە و پیرۆزبایی جەژنی لەدایکبوونی لێدەکەن و هەزاران گوڵی پێشکەش دەکەن.

ستریندبێرگ، یەک ساڵ پێش مردنی ١٩١١ تەواوی بەرهەمەکانی بە دەزگای چاپ و پەخشی بۆنییر بە ٢٠٠ هەزار کرۆن (زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلاری ئێستا) دەفرۆشی.

ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبی: (ئاوگوست ستریندبێرگ– بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن) زۆر منی سەرسامکرد و نهێنییێکی تازەی بۆ ئاشکراکردم ئەوەبوو، کە من پێشتر نەمدەزانی ئەم نووسەرە گەورەیەی سەردەمی خۆی

بەردەوام و تا چەند ساڵێک پێش مردنی بە هەژاری ژیاوە، هەرچەندە بۆ پێشکەشکردن و چاپکردنی هەموو بەرهەمێکیش مافی خۆی پێدراوە، بەڵام پارەکان زوو لای ئەو تەواو دەبوون، لەگەڵ ئەوەش هەموو نووسینەکانی ستریندبێرگ سەراوبن بکە، بەیەک وشە گلەیی لە گەلی سوید تێدانییە، گلەیی لە حکومەت و پەرلەمان و حزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان تێدانییە، کە ئەوان بەهانایەوە نایەن، خزمەتی ناکەن، یارمەتی ماددی نادەن یان خەڵاتی نۆبلی پێنادەن، لەهەمان کات، ستریندبێرگ، بیویستبا یان نەیویستبا، شانازییێکی گەورەی وڵاتەکەی بوو و بەتایبەتیش، کە بەرهەمەکانی ئەو لە تەواوی ئەوروپا بڵاودەکرانەوە... ئەو دەینووسی، چونکە دەیویست بنووسی، کاری دەکرد، چونکە دەیویست کار بکات و منەتی بەسەر کەس نەدەکرد. کەسی بە قەرزاری خۆی دانەدەنا و خۆشی بەردەوام لەناو قەرز نقوم بووبوو.

من ئەو گوتارەم نووسینی، بۆ ئەوە نییە، کە من ژیاننامەی ستریندبێرگ بۆ خوێنەری کورد بنووسم، چونکە هەر بەزمانی کوردی پێش ئەو کتێبە زۆر باشەی کاک دانا ڕەئووف، نۆ کتێبی دیکە لەسەر ستریندبێرگ هەن، بەڵکو ئەوەی من لێرە دەمەوێ بینووسم: زۆر لە نووسەرانی کورد یان کەسانی بواری فەرهەنگ، یەک دوو کتێبی زۆر سەقەت دەنووسن، چەند گوتارێکی خراپ دەنووسن، یەک شانۆی وێران پێشکەش دەکەن، یەک فیلمی بێ سەرەتا و کۆتایی بەرهەم دێنن، هەزار و یەک گلەیی لە حکومەت و حزبە کوردییەکان دەکەن، کە بەهانایانەوە نایەن. دەستیان ناگرن و یارمەتییان نادەن. هەموو خەڵک، هەموو میللەت بە قەرزاری خۆیان دادەنێن، لەگەڵ ئەوەش نەک تەنیا لە جیهان بەڵکو لە شارەکەی خۆشیان خۆشەویست نین یان ناوبانگیان نییە. باس لەو نووسەرانە هەرناکەم، ماڵ و ئۆتۆمبیلی خۆیان دەسوتێنن، خۆیان بەرشەق دەدەن، خۆیان دەفرۆشن، درۆ و بوختان هەڵدەبەستن، بۆ ئەوەی باسبکرێن و یارمەتی ماددیان بدرێ و قەرەبوو بکرێنەوە.

## دەربارەی: رادیۆ و ڕادیۆ کوردییەکان

له ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ بڵاوکرایەوە

بەگوێرەی هەموو سەرچاوە کوردییەکان، یەکەم رادیۆی کوردی لە ١٩ی نۆڤێمبەری ١٩٣٩ لە بەغدا کراوەتەوە. ئێزگەی دووەم بە زمانی کوردی (رادیۆی ڕۆهەڵات) لە ٥ی ئازاری ١٩٤١ لە بەیروت و ئێزگەی سێیەمی کوردیش لە ئابی ١٩٤٢ لە یافا (فەلەستین) کراوەتەوە.

ئەم سێ ئێزگە کوردییەی سەرەوە وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی: (کوردستان) لە دەرەوەی خاکی کوردستان پەخشیان دەستی پێکردووە. ئەو ئێزگانە لەڕاستیدا ئێزگەی کوردی نەبوون، بەڵکو ئێزگەی بیانی بوون و بە زمانی کوردی وەشانیان هەبووە، ئێزگەی ئاڕاستەکراو بووین و بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسی خۆیان بە گوێگری کورد دامەزراون، نەک گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسی کوردی بۆ ئەوان یان بۆ کورد. ئەگەر لەم ئێزگانە، ناوە ناوە باس لە کورد و کوردستانیش کرابێ، زیاتر بۆ خۆنزیکردنەوە و ڕاکێشانی سەرنج و سۆزی کورد بۆ بەرەی خۆیان بووە، نەک لەبەر ئەوەی کوردیان لە دڵەوە خۆشویستووە و ویستوویانە ئەو گەلە دێرن و نازادارە بێ رادیۆ نەبێ. لەهەمان کات، دەبی بنووسین هەرسێک ئێزگەی کوردی سەرەوە، کە لە دەرەوەی کوردستان پەخشیان بە زمانی کوردی هەبووە، لەکاتی دەستپێکردنی دووەم جەنگی جیهانی دامەزراون و لەگەڵ تەواوبوونی جەنگ، دوو لەوان کوژاونەتەوە. لەگەڵ ئەوەش، بێگومان هەبوونی ئەو ئێزگانەی سەرەوە کارێکی باش بووە، بەتایبەتیش یەکەم ئێزگەی کوردی لە بەغدا، لە مێژووی خۆی سەدان گۆرانی کوردی تێدا تۆمار کرایە و بۆ سەرتاسەری کوردستان پەخش و بڵاوکراونەتەوە. ئەم تۆمار و پەخشکردنە، جگە لەوەی ئەرشیڤێکی جوان و دەوڵەمەندە، بۆتە یارمەتیش بۆ ئەوەی هونەرمەندی تازە دروست ببن و گۆرانی و ئاوازی خۆیان لە هەمان ئێزگە لەسەر قەوان تۆمار بکەن و گۆرانی و مۆسیقای کوردی پێشبخەن.

لەگەڵ هەبوونی ئەو هەقیقەتانەی سەرەوە، دەبی بنووسم، ئەگەر جەنگی دووەمی جیهانی (١ی ئەیلولی ١٩٣٩ – ٢ی ئەیلولی ١٩٤٥) دەستی

پێنەکردبایە، گومانی تێدانییە، مێژووی رادیۆی کوردی زۆر درەنگتر دەستی پێدەکرد و ئەمڕۆ بەجۆرێکی دیکە دەنووسرایەوە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان - ١٨٩٨) ٢٩٣ ساڵ دوای یەکەم ڕۆژنامەی جیهان (Relation aller Fürnemmen - ١٦٠٥) لە ستراسبورگ دەرچوو. یەکەم ئێزگە بە زمانی کوردی (بەغدا - ١٩٣٩) بەهەمووی ٢٠ ساڵ دوای یەکەم پەخشی ڕێکوپێکی رادیۆ لە جیهان (Pittsburgh - ٢ی نۆڤێمبەری ١٩٢٠) بەرنامەی بە زمانی کوردی هەبوو. هەبوونی رادیۆ بە زمانی کوردی لەگەڵ کاروانی رادیۆ لە جیهان، جیاوازییان کەمە و زۆر لەدواوە نییە، بەڵام ئەم ٢٠ ساڵە قەت بۆ کورد نەبۆتەوە یارمەتی، رادیۆی خۆی لە ئاستی رادیۆی جیهانی ببینێت یان لێیانەوە نزیک بێت، ئەگەرچی هەمان تەکنۆلۆژیاش بەکاردێنێت. هەبوونی هەمان تەکنۆلۆژیا و ستۆدیۆ، بۆتە یارمەتی و کارئاسانی بۆ کارمەندانی رادیۆ، نەک هەنگاو هاویشتن بۆ پێشەوە و گەیشتن یان نزیکبوونەوە هەرنەبێ بۆ ئاستی رادیۆکانی وڵاتانی دراوسێ.

یەکەم ئێزگە لەناو خاکی کوردستان لە ١٠ی نیسانی ١٩٤٦ لە مەهاباد کرایەوە. ئەم ئێزگەیەش بەیارمەتی سۆڤێتییەکان دامەزرا و لەوکاتەش کرایەوە، کە لەشکری سۆڤێتی تازە (لە ٩ی مایسی ١٩٤٦) ئێرانیان جێهێشتبوو.

هەبوونی ئێزگە لە کوردستان پەیوەندی بە هەبوونی ئازادییەوە لە کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی کوردیش لە مێژوو بەردەوام چەوساوەتەوە و لەژێر دەستەڵاتی حکومەتەکانی ناوەندی بووە و لە بچووکترین مافی بێبەشکرابوو، گرانە گلەیی لە نەبوونی ئێزگەی ئازادی کوردی بکرێ. ئەم حکومەتانەی مەرکەزی، هەبوونی ئێزگەیەکی ئازادیان بە کورد ڕەوا نەدەبینی و بە توندی لێیان قەدەغە کردبوون، چونکە ئەوان باش لە گرنگی ڕادیۆ و ڕاگەیاندن دەگەیشتن.

ئەگەر لاپەڕەی مێژووی ئێزگە کوردییەکان هەڵبدەینەوە، تێدەگەین هەر هەموویان پەخشیان لەدەرەوەی کوردستان بۆ ناوەوەی کوردستان بووە و قەت هیچ لەوانیش ئێزگەی سەربەخۆ نەبوون و هەمووشیان ئێزگەی ئاڕاستەکراو بوون. جگە لەوە زۆر پەرت و بڵاویش بوون و ئەگەر لەیەک کات چەند ئێزگەیەک وەک: بەغدا، تاران، بولغاریان، پراگ...هتد پەخشیان

به زمانی کوردی هەبووبێت، هیچ پەیوەندییێکیان لەگەڵ یەکتر و بەیەکەوە نەبووە و هەر یەک لەم ئێزگانە پەیامێکی تایبەتی خۆی هەبووە و بۆ ئامانجێکی دیارکراو کراوەتەوە و بە ئاشکرا دژ بە لایەنێکی دیاربووە.

مێژووی رادیۆکانی کوردی، وەک مێژوو نەتەوەی کورد خۆی، بەش بەش و پچڕ پچڕ و پڕ بەرزی و نزمییە، بۆیە پاش ئازادکردنی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ و کردنەوەی سەدان ئێزگەی کوردی تەنیا لە باشووری کوردستان، نەتواندراوە وەک پێویست سوود لە رادیۆ وەربگیرێ، بەرنامەکانی لەناو جەماوەر دەنگ بدەنەوە، هەواڵ و زانیارییەکانی بۆ ڕۆژی دواتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان سەردێر دروست بکەن، سوود لەو پەخشە ڕاستەوخۆیە وەربگرن و پێش تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان لکەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بکەون.

ئێزگەی زۆر لە کوردستان هەن، تا ئێستاش هەواڵەکانی دوێنێ دەخوێننەوە، چاوەڕی دەکەن، ڕۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ دەربچێت و لەوێوە هەواڵ و زانیارییەکان لە بەرنامەی دەنگوباسیان بخوێننەوە.

رادیۆکانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی ئازاد و سەربەخۆنین و حزبین، حزبیش لەتەک هەبوونی ئێزگەی رادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕی ئێلیکترۆنیشی هەیە و لەناو هەموو ئەو لکانە، زیاتر بایەخ بە شاشە دەدرێ و دەکرێ بگوترێ ئامرازەکانی بیستن و خوێندنەوە، برەک پشتگوێ خراون و بایەخیان کەمتر پێدەدرێ، یارمەتی داراییان کەمتر دەدرێ، ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ شاشە، خەرجییان زۆر کەمترە و کاریگەرتریش نەبن، لەدواوە نین.

## دەربارەی: قەیرانی ئاو لە جیهان و لە کوردستان

### Water Shortage یان Water Crisis

لە ٣ی تەموزی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

Bo Olofsson پرۆفێسۆر لە زەوی و تەکنۆلۆجیای ئاو لە Royal Institute of Technology لە سوید لە توێژینەوەیەک بۆیدەرکەوتووە، ئەگەر گۆڕانکارییێکی جددی و بنەرەتی لە بەکارهێنانی ئاو نەکەین، لە ٣٥ ساڵی داهاتوو ناتوانین بەرگەی برسیبوون بگرین. ئەو لەگەڵ چەند هاوپیشەیەکی توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە، چۆن بتوانن قەیرانی ئاو چارەسەر بکەن. هەر هاوڵاتییێکی سویدی ٣٠٠ لیتر ئاو لە شەو و رۆژێک بەکاردێنی، ئەوەش ٢٠ جار لە پێویست زیاترە. بەڵام ئەگەر باس لەو ئاوە بکەین، کە خواردنی پێ دروست دەکرێ، دەکرێدرێ و بۆ هەوەس و خۆشی بەکاردێ، دیارە زۆر لەوەی سەرەوە زیاترە.

بەگوێرەی راپۆرتی The World Resources Institute ٣٣ وڵات بۆ ساڵی ٢٠٤٠ تووشی قەیرانی ئاو دەبن. ئەو وڵاتانەش زیاتریان لە ئەفریقا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. بەگوێرەی راپۆرتی UNICEF نزیکەی ٩ ملیۆن کەس لە کۆتایی ٢٠١٧ لە ئەسیوپیا لە ئاوی پاکی خواردنەوە بێبەش دەبن.

ئەو وڵاتانەی ئێستا تووشی قەیرانی ئاو هاتووون: (بۆتسوانا، چیلی، ئێستۆنیا لەگەڵ نامیبیا)ن. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرتی UNICEF تا ساڵی ٢٠٤٠ نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن منداڵ بەدەست نەبوونی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە دەناڵێنن. ئێستا نزیکەی 1.8 ملیار کەس لە ئاوی پاک بێبەشن یان بەشیان ناکا و خواردنەوەی ئاوی پیسیش دەیان نەخۆشی کوشندە وەک: (زگچوون، کۆلێرا، دیسێنتێری، تیفۆس، پولیو) ی لەگەڵ دایە، تەنیا بە زگچوون ساڵانە ٥٠٢ هەزار کەس لە جیهان دەمرن.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ٩٠٪ ی وەرزەکانی ساڵ زەوی وشکە و باران ناباری و لەوکاتەی بارانیش دەباری، لەبەر وشکبوونەوەی خاک، زەوی قودرەتی مژینی ئاوی بارانی نییە، هەرچەندە بەرێژەی ٧١٪ گۆی زەوی لە ئاو پێکهاتووە،

پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی هەیە: Red-Dead دەیەوێ کەناڵێک لە دەریای سوورەوە و بۆ دەریای مردوو دروست بکات. ئەم کەناڵە بە ڕێگای بۆڕییەوە دەبێت و درێژییەکەی ١٧٧ کیلۆمەترە. دەریای سوور ٤١٧ مەتر لە دەریای مردوو بەرزترە. بەگوێرەی قسەی زانایانی جیۆلۆجی، لەبەر ئەوەی ئاوی دەریای مردوو لەگەڵ ئاوی دەریای سوور، لەیەکتر جیاوازن، راستە دەریای مردوو پڕدەکرێتەوە، بەڵام بە ئاوێکی جیا لە ئاوی خۆی، بۆیە باشترین چارەسەر، بۆ هێشتنەوەی دەریای مردوو، کەمتر بەکارهێنانی ئاوی ڕوبارەکانە لەلایەن دانیشتوانی ئوردن، تا ئاوی رووبارەکان زۆرتر بۆ ناو دەریای مردوو بچێت. دەریای مردوو ساڵانە یەک مەتر دادەبەزی و ٩٨٪ ئەو ئاوەی لە ئوردن هەیە، لەلایەن دانیشتوانەوە بەکار دێت.

کاکلی کێشەی گەورەی هەنووکە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و ئوردن، لەسەر ئاوە. فەلەستینییەکانی (ضفەی غەربی – کەرتی ڕۆژئاوا) بەدەست کەمی ئاو دەناڵێنن و ئیسرائیلییەکانیش مەلەوانگە بۆ خۆیان دروست دەکەن. کەسێکی فەلەستینی ڕۆژانە ٧٠ لیتر ئاوی بەردەکەوێ، بەڵام کەسێکی ئیسرائیلی ڕۆژانە ٣٠٠ لیتر ئاوی بەردەکەوێ. قەیرانی ئاو لە جیهان، کێشەیەکی سیاسییە و شەڕ و ناخۆشیش بەدوای خۆیەوە دەهێنی.

پیش پەنجا ساڵ شانشینی سعودییەی عەرەبی ٥٠٠ کم شەشپاڵو ئاوی ژێر زەوی هەبوو، لە پەنجا ساڵی رابردوو ٤٠٠ کم لەم ئاوەی بەکار هێنایە و لە بیست ساڵی داهاتوو، سعودییە توووشی گەورەترین کێشەی وشکانی و نەبوونی ئاو دەبێت. هەرچەندە سعودییە ئاوێکی زۆری دەریاش بەکار دێنی، بەڵام پارەیەکی خەیاڵی لە پاکردنەوەی خەرج دەکا.

## دەربارەی: دوو دەنگی زوڵاڵی کورد لە شاخ (رادیۆ)

لە ١١ی تەموزی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە خەباتی شاخ، ڕۆژنامەی ڕۆژانە، هەفتەنامە یان مانگنامە دەرنەدەچوون، گۆڤاری گەورە و بەرگ ڕەنگاوڕەنگ و قەبە و جوان نەبوون، بڵاوکراوە هەبوون، لەسەر کاغەزی A4 بە تیراژی زۆر کەم، چاپی خراپ، فۆنتی بچوک...هتد چاپدەکران. بڵاوکراوەکانی شاخ زۆربەی کات لە ئەشکەوتەکان، بە رۆنیۆ ڕادەکێشران و رۆنیۆش بەدەست کاری دەکرد. هەموو کەلوپەلەکانی چاپ زۆر سادە و سەرەتایی بوون، بەڵام کاری مەزنیان پێدەکرا، ئومێدی گەورەیان دەبەخشی و خەڵک بڕوای بە ناوەڕۆکیان دەکرد. بڵاوکراوەکانی شاخ، دەستاودەستیان دەکرد و زۆرجار تەواوی چاپکراوەکان، جارێکی دیکە لە شارەکان بەدەست دەنووسرانەوە و بەناو خەڵک بڵاودەکرانەوە.

لە ڕاگەیاندنی شاخ، رادیۆ زۆرترین بایەخی پێدەدرا، چونکە تەنیا رادیۆ ڕۆژانە و لەکاتی خۆی، بەرنامەکانی پەخش دەکرد، گوتار و هەواڵەکان دەماودەمیان دەکرد، وەک خۆی بێ زیاد و کەم بەگوێگر دەگەیشتن، ورەیان بەرزدەکردەوە، کوردایەتییان نوێ دەکردەوە، شۆڕشیان دەدرەوشاندەوە.

رادیۆ بەهێزترین لکی ڕاگەیاندن بوو، بەتەواوەتی سوودی لێوەردەگیرا، چونکە شۆڕش ئیمکانیاتی نەبوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەبێت، هەڵومەرجیش لەڕاستیدا، بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەبار نەبوو، چونکە لەلایەک تەکنۆلۆجیای چاپ توانای دەرکردنی ئەو رۆژنامانەی بە قەبارەی گەورە و تیراژی زۆر نەبوو، لەلایەکی دیکە کاغەز و مەرەکەب و کەلوپەلی چاپ بەئاسانی دەستنەدەکەوتن و دابینکردنیان خەرجی زۆری دەویست، بۆیە شۆڕش تەواوی قورسایی خۆی خستبووە سەر رادیۆ و رادیۆش بە زانیارییە گرنگەکان و بەدەنگی ڕاستەوخۆ پڕدەکرایەوە. بێگومان ئەو بایەخدانە بەڕادیۆ، لەناکاو و بە ڕێکەوت نەبوو، چونکە لەوکات و سەردەم، بۆشاییێک لەناو جەماوەری کوردستان هەبوو، ڕادیۆی شۆڕش پڕی دەکردەوە.

بێبەشکردنی کورد لە ڕۆژنامە و گۆڤار، لە کەنالی تەلەفزیۆن، لە رادیۆی ئازاد، بووە هۆی زیاتر، خەڵک گوێ لە رادیۆکانی شۆڕش ڕابگرن و بە رادیۆی خۆیان لەقەڵەم بدەن و تێنویێتی خۆیان بە رادیۆی شۆڕش بشکێنن. هەرچەندە لەلایەن ڕژێمی بەغدا لە شاری کەرکوک کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کارتۆنی ئێراقی لە ١٨-١١-١٩٦٧ ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەرنامەی بە زمانەکانی: عەرەبی، کوردی، تورکمانی و سریانی هەبوو، بەڵام ئەگەر لەولاتێک کارەبا بۆ هەموو ناوچەیەک نەچووبێ، کڕینی ئامێری تەلەفزیۆن پارەی زۆری بوێ، جگە لەوانەش، سەر بەڕژێم بێت و درۆکانی ئەوان بڵاوبکاتەوە، خەڵک لێیان بەدوور دەکەوتنەوە و بە کەنالی خۆیان لەقەڵەم نەدەدا. تەلەفزیۆنی کەرکوک، تەلەفزیۆنێکی ئێراقی عەرەبی بوو، ڕۆژانە کەمێک بەرنامەی بە کوردی بۆ گەیاندنی پەیامی ڕژێم بە کورد دەگەیاند، بە دوور و نزیک باسی لە کوردایەتی و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەی نەدەکرد.

لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، دوو ئێزگە لە دوو قۆناغی جیا و لەدوای یەکتر، زۆرترین گوێگریان هەبوو. ئەوان پەیامی هەق و دەنگی شۆڕشیان بە گوێگرانی خۆیان دەگەیاند.

ئێزگەی یەکەم: (**رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراق**) یەکەم رادیۆی کوردییە، دوای رادیۆی کۆماری کوردستان، (١٠ی نیسانی ١٩٤٦ لە مەهاباد کرایەوە)، کە بە ئازادی و دوور لە چاودێری، چالاکییەکانی پێشمەرگە و شۆڕشی بە گوێگرانی دەگەیاند.

یەکەم پەخشی ئێزگەی (دەنگی کوردستانی ئێراق) لە ٢٨ی ئەیلولی ١٩٦٣ لە ئەشکەوتی گردەڕەش دەستیپێکرد. ئەم ئێزگە کوردییە لە سەرەتا ڕۆژانە یەک کاتژمێر و نیو بە هەردووک زمانی کوردی و عەرەبی بەرنامەکانی پەخش دەکرد. حەبیب موحەمەد کەریم، ساڵح حەیدەری، سامی عەبدولڕەحمان، عومەر دزەیی، حوسێن قەرەداغی، بورهان قانع، بارزان مەلا خالید، شێرکۆ بێکەس، مەهدی ئومێد، فەلەکەدین کاکەیی، هەژار موکریانی...هتد، هەروەها لایەنی تەکنیکی ئەمجەد عەبدولواحید و عەبدولخالق مەعروف، ئەحمەد دەشتی، مستەفا رابەر بەڕێوەیان دەبرد. ئێزگەی (دەنگی کوردستانی ئێراق) گوێگری یەکجار زۆربوو، هەرچەندە دەنگی بە سافی نەدەگەیشت، چونکە رژێمی بەغدا تەشویشی خستبووە

سەر، لەگەڵ ئەوەش خەڵک ئاگاداری کاتی کردنەوەی بوون و گوێیان لە هەواڵ و دەنگوباس و گوتارەکان دەگرت. بە تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول، ئەم ئێزگەیە لە ٢٤ی ئازاری ١٩٧٥ لە نزیک ناوپردان دەنگی کوژایەوە و پەخشی ڕاگیرا.

ئێزگەیەکی دووەم: لە قۆناغێکی دیکەی کوردایەتی بەناوی: (**دەنگی گەلی کوردستان**)، کە پێشتر بەناوی: (دەنگی شۆڕشی عێراق) لە ٢١ی ئازاری ١٩٧٩ یەکەم بەرنامەی خۆی پەخش کرد. ئەم ئێزگەیە. لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوە دەبردرا و لەگەڵ کات کادری زۆر بەتوانا بەشدارییان لەبەڕێوەبردنی کرد لەوانە: ئەرسەلان بایز، یوسف زۆزانی، وشیار عابید، تەلعەت گلی، حاجی مەمۆ، ئەبوشەهابی عەرەب، ئازاد چالاک، هەڤاڵ کوێستانی، فەرید ئەسەسەرد، خالید دۆسکی، شڤان ئاکرەیی...هتد.

هەموو ڕۆژێک لە دوای کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ، بەرنامەکانی دەنگی گەلی کوردستان پەخش دەکران و بەیانیانیش هەمان بەرنامە تەنیا یەکجار دووبارە دەکرایەوە. بەرنامەکانی ڕادیۆی ئەوکات، زۆربەی جار پێشتر تۆمار دەکران، بەڵام ڕووشی دەدا، بەشیوەی ڕاستەوخۆ و زندی هەندێک چالاکی یان بەرنامەیان پەخش دەکرد.

ڕادیۆکانی شۆڕش، ئیمکانیاتی ماددییان کەم بوو، کادری ڕاگەیاندکاری دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندنی هەر لێنەبوو، بەڵام ئەوانە هیچ نەبوونە گرفت، بە ئازادی کار بکەن و جوانترین پەیامی کوردانە لە کورترین کات، بە زۆرترین جەماوەر بگەینن.

## هەموو کارتێک بۆ سەربەخۆیی بەکار نەهاتووە

لە ١٦ی تەموزی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

وێدەچی ئێمەی کورد تا ئێستا هەموو کارتەکانی خۆمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەکار نەهێنابی، هەربۆیەش زۆر لە وڵاتانی جیهان لەگەڵ هەبوونی ئازادین بۆ کورد، بەڵام دژ بە پارچەبوونی ئێران و تورکیا و ئێراق و سوریان، لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینن بۆ کورد، بەڵام بەو مەرجەی حکومەتەکانی ناوەندی رازیبن، کورد وەک گەلێکی چەوساوە و غەدرلێکراو دەبینن، بەڵام رێگانادەن، کورد خۆی یەکلابکاتەوە و بڕیار لە داهاتووی خۆی بدا...

ئەو شێوە تێڕوانینە لە پرسی کورد، بێگومان پەیوەندی بە بەرژەوەندی ئابووری و سەربازیی خۆیانەوە هەیە، ئەوان نازانن، یان نایانەوێ بزانن و بیربکەنەوە، ئەگەر وڵاتێک دانیشتوانی زیاد لە چل ملیۆن کەس بیت، خاوەن زەوی و ئاسمانی خۆی بێت، ئەمڕۆ نا سبەی دەبی بژی چۆن خۆی دەیەوێ، نەک چۆن ئەوان دەیانەوێ و رێگای پێدەدەن، دەبی بژی چۆن خۆی پێیخۆشە، نەک چۆن ئەوان پێیانخۆشە، دەبی بژی و خۆی شێوەی حوکمڕانی خۆی هەڵبژێری، نەک ئەوان رێگای پێبدەن و داهاتووی بۆی دیاربکەن، دەبی خۆی خۆی ئازاد بکا، نەک چاوەڕێی وەرگرتنی کارتی ئازادی بی، دەبی لەسەر خاکی باوک و باپیرانی هاوڵاتی پلە یەک و ڕەسەن بی، نەک وەک میوان و هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و زۆری دیکەش، باشە ئەوان زیاتر مێژووی کورد و خەبات و شۆڕشەکانی کورد بخوێننەوە و تا تێبگەن: ئەوان تا ئێستا توانیویانە کێشەی کورد بۆ ماوەیەکی کورت وەک خۆی بهێڵنەوە یان سڕبکەن، نەک چارەسەر بکەن، توانیویانە کێشەی کورد بۆ ماوەیەک دوابخەن، نەک بنبڕ بکەن.

چارەسەرکردنی پرسی کورد، پەیوەندی زۆری بە هەبوونی دیموکراتییەوە هەیە، چونکە لە وڵاتی دیموکرات، هەموو پرس و کێشە ئاسان و ئاڵۆزەکان تا دەگاتە دابەشبوونی وڵات و کێشانی سنووری تازە، لە رێگای دەنگدان و دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەو دیموکراتییەی ئەوان جارێ زۆر لە ئێمە دوورە و لەوانەیە بەم نزیکانە بۆ هەرێمەکەی ئێمە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگا، نەک لەبەر ئەوەی ئێمە

دیموکراتیمان ناوێ و دیموکراتیمان قبوڵ نییە، بەڵکو حکومەتەکانی ناوەندی لە دیموکراتییەت نەگەیشتوون و قبوڵیان نییە، چونکە خۆیان و هاوڵاتییانی ئەوان جارێ دیموکراتییان بۆ هەزم ناکرێ. لەڕاستیدا، حکومەت و هاوڵاتی ئەوان، کاریش لەسەر ئەم پرسە ناکەن و بۆ داهاتوویێکی نزیک بە پێویستیشی نازانن چونکە، لە جەوهەری دیموکراتییەت نەگەیشتوون و دیموکراتییەت لەگەڵ بەرەڵایی تێکەڵ دەکەن. دیموکراتی وڵاتانی ناوەند و هەڵبژاردنی ئەوان زۆر لە دیموکراتی وڵاتانی ئەورووپی و هەڵبژاردنی ئەوێندەر جیایە. جێگای داخە، گەل و حکومەتەکانی ناوەند، لەبەرنامە و پلانیشیان دانییە، نەوەیەک بۆ داهاتوو بۆ وڵاتێکی دیموکرات و ئازاد پەروەردە بکەن، بۆ ئەوەی لە وڵاتێکی ئارام و ئازاد و هێمن بژین. لە پلان و بەرنامەیان دانییە، ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن، ئازادی بۆ هەموو کەس بە ڕەوا ببینن.

چارەسەرنەکردنی پرسی کورد لە مێژوو، لەوانەیە هەندێک خەتای کورد خۆشی تێدابیت، کە لە کاتە ناسکەکان نەیتوانیوە هەموو کارتەکانی خۆی بەکاربێنی، لە هەموو دەرگاکان بدا، بسەلمێنێ، کورد دراوسێیەکی باشە. لەوانەیە کورد تا ئێستا نەیتوانیبێ لە ڕێگای فەرهەنگەوە بچێتە ناخی میللەتان، چونکە فەرهەنگ ڕەنگی نییە، سنووری نییە، نەتەوەی نییە، لەهەمان کات، مرۆڤەکان لەیەک نزیک دەکاتەوە، پشتیوانی دروست دەکا.

ئەوکاتە ڕەتبوو، کورد خۆشی نابی ڕازی بێت، کەس دڵی بەکورد بسووتێ. دڵسووتان، لەڕاستیدا چارەسەر نییە و هیوایەکی لاوازە، بۆیەش کەمتر لەمافی خۆی پێڕەوا دەبینن، بەڵام ئەگەر لە ڕێگای فەرهەنگەوە لەدەرگای وڵاتانی دەرەوە بدەین، لە دڵسووتان بۆ ماف دەگۆڕدرێ. دەبی ئێمە رای جیهان لە دڵسووتانەوە بۆ هەق بگۆڕین، بۆ ماف بگۆڕین، بۆ ئەرک بگۆڕین.

یەک هەقیقیەت هەیە باشە هەموو لایەک پێی بزانن، هەتا کێشەی کورد بە تەواوی چارەسەر نەکرێ، قەت ئارامی و هێمنی میوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابی، میوانی گەل و حکومەتەکانی ناوەند نابی. دەبی ئەوەش بزانن، ئەگەر تاکی کورد لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەش بکرێ، دیارە هاوڵاتی ئەوانیش ئاسوودە ناژین و دەبی بە جلی سەربازی بنوون، جگە لەوە، ئابوورییان وێران دەبێت و شەڕ و ناخۆشی میوانیان دەبی. بەمشێوەیە، هەبوونی ئازادی بۆ کورد، دەکاتە هەبوونی ژیانێکی ئارام بۆ ئەوان...

## دەربارەی: مامۆستا گیوی موکریانی و دواساتەکانی ژیانی

لە ٢٣ی تەموزی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

من تەمەنم شازدە ساڵە و تۆزێک کەمتر لە یەک ساڵە لە چاپخانەی کوردستان وەک کرێکار لای مامۆستا گیوی موکریانی کاردەکەم. ڕۆژی یەکشەم ٢٤ی تەموزی ١٩٧٧ هەردووک کوڕەکانی مامۆستا (کوردۆ و ئازاد) لەگەڵ د. فەرهاد دزەیی لە نەخۆشخانەی موسڵ پێکهاتبوون، مامۆستا گیوی باوکیان بۆ پشکنینی دڵ بۆلای ئەو ببەن. هەر ئەوانیش داوایان لێکردم لەگەڵیان بۆ شاری موسڵ بچم، ئەگەر پێویستیش بکا، من لە نەخۆشخانە لەگەڵی بمێنمەوە. من یەکسەر و بێ دوودڵی ڕازیبووم. بە ئۆتۆمبێلە تازەکەی مامۆستا کوردۆ (فیات) بۆ شاری موسڵ بەڕێکەوتین و نزیک نیوەڕۆ لەبەردەم نەخۆشخانە ڕامانگرت.

لەبەر دەرگای نەخۆشخانەی موسڵ ڕەسول گەردیمان بینی. مامۆستا گیو لەگەڵ ڕەسول بێزار گەردی کەمێک بەیەکەوە وەستان و بە پێوە قسەیان کرد. ڕەسول گەردی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە هەمان نەخۆشخانە بۆ چارەسەر مابۆوە و ئەوڕۆ تەندروستی باشتربوو و بۆ هەولێر دەگەڕایەوە و مامۆستا گیویش، بۆ پشکنین و چارەسەری نەخۆشی دڵ دەچووە لای د. فەرهاد دزەیی، کە پسپۆری وردی لە نەخۆشییەکانی دڵ هەبوو. وابزانم لەسەر داوای ئەویش ئێمە بۆ نەخۆشخانەی موسڵ بۆ لای ئەو چووین. لە نهۆمی یەک، د. فەرهاد هات و ئێمەی بۆ یەک لە نهۆمەکانی سەرەوە برد. د. فەرهاد لە زووترین کات، پشکنینی وردی بۆ مامۆستا گیو کرد و بڕیاری دا، دەبێ مامۆستا ماوەیەک لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.

دکتۆر و سستەرەکان ژووریان جێهێشت و (کوردۆ و ئازاد) بۆ هەولێر گەڕانەوە و من و مامۆستا گیو بەتەنها لە نەخۆشخانە ماینەوە. نیو کاتژمێر ڕەتی نەکرد، بینیم تەندروستی مامۆستا گیو بەرەوخراپی دەڕوا، لەبەرخۆی چەند قسەیەکی کرد، من هیچ تێینەگەیشتم و وابزانم بە کوردیش نەبوو، بەڕاکردن بۆلای سستەرێک، کە لە هەمان کۆریدۆر و نهۆم کاری دەکرد چووم، کەمتر لە دوو خولەکم پێچوو، سستەر هات و مامۆستا لەسەر قەلوێرەکەی وەک چۆن من جێمهێشتبوو ڕاکشابوو. لە چەند خولەکی

داهاتوو د. فەرهاد دزەیی گەیشت، ژوور قەرەباڵغی تێکەوت و مشەوەشی ڕوویدا و دەبینم، بە هەموو لایەک، هەوڵدەدەن گیان وەبەر مامۆستا گیو بهێننەوە. هەوڵەکان هیچ سوودی نەبوو. مامۆستا گیو موکریانی لەبەرچاوی من بۆ هەتا هەتایە چاوەکانی لێکنا و جێیهێشتین.

چل ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە ڕەتبووە، وادەزانم تازەیە. هەرچەندە چل ساڵ بۆ تەمەنی مرۆڤ گەلەک زۆرە، بەڵام بۆ ڕووداوی گەورە و کۆچی دوایی مامۆستایەکی مەزنی وەک گیوی موکریانی (فەرهەنگنووس، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، نووسەر، چاپچی، وێنەگر، مێژوونووس، لە هەمووشیان زیاتر کوردپەروەر و تێکۆشەر و خەمخۆری میللەت...هتد) هەسەتدەکم دوێنێیە. ئەوەی مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپخانە گچکە و کۆنەکەی کردی، لە ناوەڕاستی سەدەی شازە، شازادەکانی ئەوروپی دەیانکرد، هەرچەنیدە کەمێک جیاوازیش هەبوو، چونکە شازادەکان، پێیەوە دەستەڵاتیان بەهێزتر دەکرد و دەوڵەمەند دەبوون، کەچی بۆ گیو تەنیا ناخۆشی و گرتن و ژیانێکی کولەمەرگی بوو.

کارە باش و مەزنەکانی مامۆستا گیو و سەید حوسێن حوزنی برای بۆ کوردستان بە گشتی و بۆ شاری هەولێر بەتایبەتی، لە زۆری و پڕبایەخی و گرنگی، بە نووسینی گوتارێک یان کتێبێک تەواو نابن. بەیەکەوە یەکەم گۆڤاریان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بەناوی: (زاری کرمانجی ١٩٢٦ - ١٩٣٢، ٢٤ ژمارە) لە شاری ڕەواندز دەرکرد، یەکەم گۆڤاریان (روناکی ١٩٣٥، ١١ ژمارە) لە شارە دێرینەکەی کورد (هەولێر) دەرکرد. یەکەم گۆڤاری تەمەن درێژی (هەتاو ١٩٥٤ — ١٩٦٠، ١٧٩ ژمارە) لە هەولێر دەرکرد. هەردووک برا، زمانی ڕۆژنامەگەرییان پەرە پێدا و دەوڵەمەند کرد و چەسپاند. مامۆستا گیوی موکریانی کۆمەڵێک فەرهەنگی بەناوەکانی: (ڕابەر، کۆلکە زێڕینە، مەهاباد، نۆبەرە، کوردستان) نووسی. مامۆستا گیوی موکریانی و سەید حوسێن حوزنی مێژوویێکی یەکجار جوانی چاپخانە و وێنەگرتن و کتێب نووسین و ڕۆژنامەگەری کوردستان و هەولێریان تۆمارکرد.

لەوکاتەی دەگوترا زمانی کوردی لە چەند سەد وشەیەک ڕەت ناکا، مامۆستا گیو فەرهەنگی دەیان هەزار وشەی دەنووسی و لە چاپخانەکەی خۆی چاپی دەکرد. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بایەخ پێدەدا و کتێبی

کوردی دەفرۆشت. بەهیممەتی مامۆستا گیوی موکریانی، لە چاپخانەی کوردستان سەدان دیوانی شیعر چاپکران، ناو و بەرهەمی سەدان کەس زیندوکرایەوە و لە نەمان رزگارکران. خەڵک فێری خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار کرا، خوێندەواری بڵاودەکردەوە و ناوی کوردی لەمنداڵانی شار دەنا.

هەموو ئەوانەی سەرەوە دەکاتە پەروەردەکردنی نەوەیەک، چاوی بە بینینی گۆڤار و کتێب و خوێندنەوە ڕاهاتووە، جگە لەوە، چاپکردن و دەرکردنی گۆڤار، بووە یارمەتی تا نەوەیەک هەست بکات، ئەو کوردە و کوردیش لەو وڵاتە و لەو ژیانە لە هەموو مافێکی بێبەش کرایە، نەوەیەک هەست بکا، دەبی زیاتر بە ژیانی ژێردەستە رازی نەبی و ئامادەبی خەبات بۆ ئازادی بکا. دەرکردنی گۆڤار و چاپکردنی کتێب لە چاپخانەی کوردستان، زەمینەی بۆ گۆڕانکاری گەورە و خەبات و تێکۆشان سازکرد و گەنجی کوردی پەروەردەکرد و تێیگەیاند، نابی زیاتر ژیانی ژێردەستەیی قبوڵ بکات، دەبی خەبات بۆ ئازادی خۆی بکات.

## ڕێفیرێندۆم و تێگەیشتن لە ڕێفیرێندۆم

لە ٦ی ئابی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە ١٧ی مایسی ٢٠١٦ گوتارێکم لەسەر ریفێرێندۆم نووسی، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرەو ڕیفێرێندۆم دەچین، هەستدەکەم نووسینی یەک گوتار لەسەر پرسێکی ئەوەندە گرنگ و گەورە، بەش ناکات و دەبی زیاتر بنووسم، هەرنەبی لەبەر ئەوەی زۆر لەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، بەرچاوی من کەوتوون و ئەو نووسینانەی لە فەیسبووک بڵاودەکرێنەوە، کە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی کۆمەڵێکی زۆری دانیشتوانی هەرێم، دیارە، خەڵکێکی زۆر لە مانا و ناوەڕۆکی دیموکراتی نەگەیشتوون و بەزۆر دەیانەوێ لاکەی دیکە وەک ئەوان بیربکەنەوە، وەک ئەوان مامەڵەی لەگەڵ بکەن و وەک ئەوانیش لەم پرسە بگەن، لەجیاتی گفتوگۆیەکی شارستانی، ململانێیەکی توند و ناخۆش دەبینم و درۆ و بوختانیش دەبیستم.

لەڕاستیدا، باسکردنی ڕیفێراندۆم، دیاریکردنی ڕۆژی ڕیفێراندۆم و ئەنجامدانی ڕیفێراندۆم، خۆی لەخۆیدا، پرۆسەیەکی زۆر جوانی دیموکراتییە و جگە لەوەی ڕێزگرتنە لە ماف و ئەرکی هاوڵاتییانی هەرێم، خەباتێکی هەق و هێمنانە و شارستانیشە، کە هەموو لایەک وەڵامی یەک پرسیاری ئاسان وەردەگرن: کورد لە داهاتوو دەیەوێ چۆن بژیت؟

بە ڕەوابینینی ئەو هەقە شەرعییە، هەبوونی ئەو پەنجەرە دیموکراتییە، منی گەیاندبووە ئەو بڕوایەی، ئێمە بۆ ماوەی چەند مانگێک هێمن و ئارام دەژین و بە گیانێکی برایانە و یەکتر قبوڵکردن، کار بۆ یەکڕیزی وڵات و نیشتمانە بریندارەکەمان دەکەین. من لەوبڕوایەدابووم، لەبەر ئەوەی لەسەر کارتی دەنگدان هەردووک وشەی: (بەڵێ) و (نەخێر) هەیە، کارناگاتە ئەوەی کەس لەکەس توڕە بێ، بەڵکو هەردووکلا هێمنانە و بەرپرسانە بەرامبەر بەو پرسە نیشتمانییە، کار بۆ ڕازیکردن و بڕواپێکردنی یەکتر دەکەن، ئەرگومێنتی بەهێز دەهێننەوە و نووسینی تێر و قوڵ دەنووسن. من لەوبڕوایەدابووم، ئەو پرسە جوانە، هەموو لایەکمان وەک گەلێکی

غەدرلێکراو، ئاشقی ئازادی، خێر لەخۆنەدیو، لەیەکتر نزیک دەکاتەوە و تورەبوون و کێشە لاوەکییەکانی خۆمان وەلا دەنێین.

دەزانم، هەندێک تێڕوانین و پێشبینیەکانم هەڵە دەرچوون، بەڵام هیچ درەنگ نییە یەک پرسیار لەخۆمان بکەین:

ئایا ئێمە لە باشووری کوردستان دەمانەوێ گەشە بەو تۆزە ئازادی و دیموکراتییەی هەیە بدەین یان ئەوەی هەیە سڕ یان ڕەشی بکەینەوە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە بە (بەڵێ) بێت، کەواتە دەبی قبوڵمان بێت و بزانین، هەموو کەسێک وەک یەک بیرناکاتەوە، جگە لەوە پێویستە خەڵک تێبگەیێندرێ: بۆچی دەنگدان بە بەڵێ پێویستە و قازانجی کورد لەوە چییە؟ یان دەنگدان بە نەخێر بۆ کورد چی دەگەینی؟ دەبی وەڵامی دروست و تێر و بڕواپێکراو هەبن.

تا ئێستا، ژمارەیەک هاوڵاتی هەن، نازانن چۆن لە ٢٥ی ئەیلول دەنگ بدەن و ناشزانن: ئایا لە ٢٥ی ئەیلول لەماڵەوە دادەنیشن، یان بۆ سندوقی دەنگدان دەچن؟

نیوەی زیاتری ئەو هاوڵاتییانە، دژ بە پرۆسە یان پرەنسیپی ئەنجامدانی ڕیفێراندۆم نین، بەڵکو زیاتر کێشەیان لەگەڵ کات و شێوەی بەرزکردنەوەی ئەم پرسە هەیە، کێشەیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێم هەیە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە و ناشزانن، ئەم پرسە هیچ پەیوەندی بە کەس و سەرکردە و حزب نییە و پرسێکی نیشتمانییە، چونکە مرۆڤەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام کورد وەک نەتەوە، کوردستان وەک وڵات و خاک لە شوێنی خۆیان دەمینێن. پرسێکی خەون و خەیاڵ نییە و قوربانییێکی یەکجار زۆری بۆ درایە، خەباتێکی دووروودرێژی لەپێناو کرایە، ئەمڕۆنا بەیانی دەبی کورد ئازادبیت و بژی چۆن خۆی دەیەوێ، نەک چۆن خەڵک و ئەوان دەیانەوێ.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لەسەر ڕیفێراندۆم، لەم نووسینەم دەبی ئاماژەی پێبکەم، کە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دیکەی لێقەوما و کێشە زۆر، بەردەوام پشتیوانی زۆرمان لە دەرەوە هەبووە، زیاتر لە میدیاکانی جیهان باسکراوین، زیاتر پشتگیری لەم پرسەمان کرایە، بۆیە ئەگەر بە رەسمی حکومەتەکانیش لەبەر هەر هۆیەک پشتگیریمان نەکەن، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هاوڵاتییان پشتگیری لە پرسی کورد دەکەن و بە سەرنجەوە چاوەڕێی ٢٥ی ئەیلولن، لەگەڵ ئەوەش ئەوان کورد وەک میللەت سەیر

دەکەن و پرسی کورد وەک کەیسێکی هەق و ڕەوا دەبینن، نەک حزب و کەسەکان، بۆیەش دڵنیان لەوەی لەم دەنگدانە، زۆرینەی خەڵک بە بەڵێ دەنگ دەدا، چونکە بیریان تیژە و خەبات و تێکۆشانی ٥٠ ساڵەی رابردووی کوردیان لەبیر نەکردیە و وەک هەندێ کورد کورت بین و بیرکۆڵ نین.

## دەربارەی: فەرهەنگی ئۆتۆمبیل لێخوڕین

لە ١٣ی ئابی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

نێوان شاری ستۆکهۆڵم و شارۆچکەی بودن، کە دەکەوێتە باکوری سوید ٩٥٠ کیلۆمەترە. نالی ئۆتۆمبیلێکی کڕیوە و تا بودن دەبی لە ڕێگا و لە لێخوڕین یارمەتی بدەم. من پێشتر و لە ساڵی ١٩٨٦ یەکجار ئەم ناوچەیەم بینیوە، بەڵام هیچم نایەتەوە بیر. کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ستۆکهۆلم بەڕێکەوتین و ناشزانین کەی دەگەین، هەرچەندە GPS پێمان دەڵێ سەفەرەکەمان نزیکەی دە کاتژمێر دەخایەنی، بەڵام من باوەڕ بەو ئاپەی ناو مۆبایل ناکەم، چونکە خۆم باش دەناسم، ئەگەر لە هەولێر بۆ سولەیمانی من بە سێ کاتژمێر ببرم، چۆن ٩٥٠ کم بە دە کاتژمێر دەبرم؟

ئێمە دەڕۆین و ڕێگا دوو سایدە و ناوە ناوە تابلۆیەکیش چەقێندراوە و ژمارەیەکی لەسەر نووسرایە. دەزانم کەمن، ژمارەی ئەو کەسانەی ڕێک وەک ژمارەی سەر تابلۆ ئۆتۆمبیل لێبخوڕن، بەتایبەتیش چونکە، جادە چۆل و بەرین و ڕاست و بێ کۆسپ و خۆشە و هەردەڵێی شەقام نییە و مافورە یان گۆڕەپانی تۆپانێی منداڵانە. بەتەنیشت شارە گەورەکان ڕەت دەبین و لەناو شارۆچکەکانیش بێکێشە قورتار دەبین. دیمەنێکی یەکجار جوانە، سەیری لای ڕاست دەکەیت، یەکپارچە دارستانە، سەیری لای چەپت دەکەیت، یەکپارچە دارستانە، سەرەوەت ئاسمانێکی شینی هەوراوییە، پێشت دەبریت و پشتت جێدەهێڵیت و لەوکاتەی لە ئاوێنە سەیری دواوە دەکەیت، دارسنۆبەرە ساغ و بەژن باڵاکان، هێواش هێواش گچکە دەبنەوە و لەبەر چاوت ون دەبن. سەوزایی، دەیان پرد و رووبار و دەریاچەی گەورە و گچکە دەبینیت و دەبریت، بەدەست خۆت نییە، دەکەویتە دەریای خەیاڵ و پێتخۆشە ئەو جادە چۆل و سێبەر و ڕێکە، بێ کۆتایی بێ.

لێرە فەرهەنگی لێخوڕین زۆر بەرزە، هەر شوفێرێک ماف و ئەرکی خۆی دەزانیت و کەسیش کەس بریندار ناکا، بۆیە کەس جوێنیش نادا، هۆڕنیش نابیستی. نیوەی زیاتری ڕێگا دوو سایدە و لەو شوێنانەی یەک جادەیە، لەناوەڕاست تەلبەست کراوە، ئەگەر هەر ترۆمبێلێک بەخێراییێکی زۆریش لەو تەلەی ناوەڕاست بدا، ناتوانی بچێتە دیوەکەی دیکەی جادە و

ژیانی خەڵکی ئەودیو بخاتە مەترسی. وەک نووسیم، لەو شوێنانەی جادەکان دەبل ساید نین، هاتووچۆی سوید چارەسەرێکی زۆر جوانی دۆزیوەتەوە. ڕێگایان لەسێ ساید دروست کردووە، هەر چەند کیلۆمەترێک لایەک دەکەن بە دوو ساید و لای دیکە بەیەک ساید، ئەمجارە پێچەوانەی دەکەنەوە و دوو ساید و یەک سایدەکە دەگۆڕن و تەلبەندە بەهێزەکەش لەناوەڕاست هەیە. بەمشێوەیە سەدان کیلۆمەتر دەبڕیت، بێ ئەوەی مەترسیت لەسەربێت. هەبوونی ئەم سیستێمە ئارامییێک بە شوفێرەکان دەدات و دەزانن لە چەند سەد مەتری داهاتوو دەتوانن پێش لۆرییەکە بکەونەوە.

من و نالی ٩٥٠ کیلۆمەتر ئۆتۆمبیلمان بە ١١ کاتژمێر بڕی و نزیکەی یەک کاتژمێریش بۆ ماوەی چەند جارێک لە ڕێگا پشووماندا و بەنزینمان لە ئۆتۆمبیل کرد.

هاتن بۆ بودن بەکاتی هاوین قەت درەنگ نییە و بەردەوام ڕۆژ لەدەرەوەیە. لە ٢٨ی تەموز، ئەوڕۆژەی ئێمە گەیشتین، ڕۆژ لە کاتژمێر ١١ی شەو ئاوا بوو و لە کاتژمێر سێی بەیانیش هەڵهات. لە ١٦ی حوزەیران تا ٢٦ حوزەیران ڕۆژ بۆ یەک خولەکیش لەو باکورەی سوید ئاوا نابێت.

کەس پێت ناڵێ دەبی بەو خێراییە ئۆتۆمبیل لێبخوڕیت، ئەگەرنا سزات دەدەن یان مۆڵەتی لێخوڕینت لێدەسەننەوە. ناوە ناوە تابلۆیەک دێتە بەرچاو، وێنەی کامیرایەکی لەسەرە و لەسەر وێنەکەش ژمارەیەک هەیە، تۆ ئەم تابلۆیە دەبینیت و پاش نزیکەی ٥٠٠ مەتر کامیرایەکی هەقیقی دەبینی، ئەگەر یەک کیلۆمەتر خێراترت لێخوڕیبی، وێنەیەکت دەگیرێت و پاش چەند ڕۆژێک بە پۆستە نامەیەکت بۆ ماڵەوەت بۆ دێت و تێیدا نووسرایە دەبی چەند پارەی لێخوڕینە زیادەکە بدەیت. برادەران دەڵێن بۆ لێخوڕینی ٥ کم زیاتر لەوەی ڕیگای پێدراوە، کاکی شوفێر دەبی نزیکەی ٢٠٠ دۆلار بدا. بێگومان ئەم برە پارەیە زۆرە، بۆیە ئەوەی من بینیم، هەموویان کەمتر لەوەی ڕێگایان پێدراوە ئۆتۆمبیلیان لێدەخوڕی. زۆرترین خێراییش لە وڵاتی سوید لەیەک کاتژمێر ١٢٠ کیلۆمەترە.

لێرە مەبەست کۆکردنەوەی پارە نییە، لە دانانی ئەو هەموو کامیرایە، بەڵکو ڕێکخستنی سیستێمی ڕێگاو بان و سەلامەتی هاوڵاتییانە. ئەوان دەیانەوێ کەمترین کەس لە کارەساتی هاتووچوو زیانی بەربکەوێ، بۆیە لە

وڵاتێکی نزیک دوو هەزار کم درێژ و دە ملیۆن دانیشتوان، ساڵانە کەمتر لە ٢٨٠ کەس بە کارەستانی هاتوچۆ گیان لەدەست دەدەن.

بەخێرایی ڕێگاپێدراو، کامیراکان جێدەهێڵین و نازانم بۆ روسیام دێتەوەبیر... هاوینە و لە سەردانی ماڵە خەزورانم بۆ سوید دەگەڕێینەوە، لە شاری چێلیابینسک بە فڕۆکە بۆ مۆسکۆ دەچین و لە مۆسکۆش دەبی فڕۆکەخانە بگۆڕین. نێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و ناوخۆ دوورە و ئەگەر کاتت کەم هەبی ناچاریت تەکسی بگریت. ئێمە تەکسیمان گرت و تەکسیمان لە ڕێگا بەر کامیرای پۆلیس کەوت و لەخەت گیرا. شۆفێر و پۆلیس لەسەر بڕی پارەی سزا پێکنایەن و بەتوندی قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. زوو تێدەگەیت، پۆلیس بەرتیلی دەویَ. دەشزانی، ئەوان لێرە وەستاون، بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن، نەک چونکە لەوێندەر دەبی خێراییت کەم بکەیتەوە. بێگومان ئەو بڕە پارەیەی لە شۆفێران دەستیان دەکەویَ، لەگەڵ سەرووی خۆیان برایانە بەشی دەکەن. هێشتا گفتوگۆی پۆلیس و شۆفێرەکەمان تەواو نەبووە، لە پۆلیسی کامیرامان گوێم لە کۆمەڵێک جوێن دەبی:

- ئەو ناپیاوە چەند بەقانونی لێدەخوڕی؟ توتکە سەگی بەرەڵڵا، تف لە خۆت و سەیارەکەت... گوێم لەو جوێنانە دەبیت و تێگەیشتم پۆلیسەکان زۆر پێیان خۆشە، خەڵک خێراتر لێبخوڕی، بۆ ئەوەی خاوەی خۆیان وەربگرن، بۆیەش بەردەوام لەو شوێنانە کەمین دادەنێنەوە، کە شۆفێران دوور بەدووری نایان بینن.

دەبی بنووسم، شێوەی کەمین دانانەوەی پۆلیسی روس زۆر لە کەمین دانانەوەی پۆلیسی خۆمان دەکا، نەشمزانیوە، پۆلیسی هاتوچۆی خۆمان، بەرتیل وەربگرن و پارەی پیس بخەنە بەرکیان، بەڵام دەزانم برادەرێکم لە شارۆچکەیەکی دەرەوەی هەولێر دەژیت و هەموو رۆژ پۆلیسەکانی لای خانزاد وێنەی دەشبولی دەگرن. رۆژ هات و رۆیشت، کارێکی دەکەوێتە مرور و ئاگاداری دەکەنەوە، رەنجرۆڤەرەکەی بیست ملیۆن دینار قەرزارە. یەک تەلەفۆنی بۆ جەنابی وەزیر کرد، بەیەک کلیک هەموویان بۆ ڕەشکردەوە.

## دەربارەی: ژیان و ڕەوشی کوردستان دوای ٢٥ی ئەیلول

لە ٢٠ی ئابی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

سیناریۆیەکی خراپ و مەترسیدار نووسرایە و لەلایەن هەندێک کەس و گروپ، بە بەرنامە بۆ ترساندنی هاوڵاتییانی کوردستان، بۆ دواخستن یا ڕەتکردنەوەی ڕاپرسی لە (٢٥ی ئەیلول)، کاری پێدەکرێ و وەک ئەوەی، ٢٥ی ئەیلول بۆ کورد، دوا ڕۆژی ئازادی و خۆشی بێت و ئیتر کارەسات و شەڕە گەورەکانی هەرێم و ناوچە دەستپێدەکەن. لەم هەڵمەتە ناشیرنە: سنوورەکان دادەخرێن، خواردن و ئاو دەستناکەوی، قونسولخانەکان نامینێن، فڕۆکەی جەنگی وڵاتانی دراوسێ لە ئاسمانی کوردستان دەخولێنەوە و جەندرمە و پاسدار و حەشدی شەعبی، بە زرێپۆش و تازەترین چەک لە شەقامەکانی کوردستان دەسوڕێنەوە، بە ئارەزووی خۆیان خەڵک دەکوژن و دەگرن. جگە لەوانەی سەرەوە، گرانییەکی زۆر گەورە ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە، خواردن بە گوللە دەستناکەوێ...

ئەو کەس و گروپانە، ڕۆژی ڕاپرسی (٢٥ی ئەیلول) بە ئەنقەست یان بە بەرنامە، لەگەڵ شەڕی گەرم تێکەڵ دەکەن، هەر بۆیەش زۆر بەخراپی، باس لە دوارۆژی کوردستان و ئەنجامی ڕاپرسی دەکەن... بە بیستن و دیتن و خوێندنەوەی ئەم پروپاگەندە ڕەشە، هاوڵاتی ئاسایی بەدەست خۆی نییە، کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامی بۆ دروست دەبیت و تووشی دڵەڕاوکێ و ترسێکی نەرمی بێکۆتایی دەبی.

بەڵام ئەگەر ئێمە، بەشێوەیەکی مەنتقی و دروست بڕوانینە پرۆسەی ڕاپرسی تێدەگەین، دەنگدان لەڕاستیدا، پرۆسەیەکی زۆر هێمن و دیموکراتی و جوانی سەدەی بیست و یەکی جیهانە، لەجیاتی وەک سەدەکانی ناوەڕاست، گەل و حکومەتەکان هانا وەبەر توندوتیژی و چەک و شەڕ و ناخۆشی ببەن، ڕای هاوڵاتییانی خۆیان لەسەر پرسێکی گرنگ وەردەگرن، کە چۆن بە نەرمی و بێ شەڕ و جوانی دەستپێدەکا، بە هەمان شێوە ئەنجامی بە دانیشتن و گفتوگۆی سیاسیی لە نێوان لایەنەکان تەواو دەبیت.

لەوکاتەی مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەخوێنینەوە، تێدەگەین کورد، لە نێوان شەڕ و ئاشتی، بەردەوام ئاشتی هەڵبژاردووە و

خەباتی چەکداری وەک دوا چارەسەر بۆ بەرگریکردن لەخۆی بەکار هێناوە. لەڕاستیدا، هەڵبژاردنی خەباتی چەکداریش بە ڕەزامەندی کورد خۆی نەبووە، بەڵکو هەموو جارەکان لە هەموو شۆڕشەکان، کورد ناچارکراوە، ڕوو لەشاخەکان بکات، بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و نیشتمان و فەرهەنگی خۆی بکا. بۆ مێژوو دەبی باس لەوەش بکەین، کە خەباتی کورد بۆ ئازادی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلانی دیکە بۆ هەمان مەبەست، زۆر پاکتر و جوانتر بووە.

ئەوانەی سەرەوە هەموو پیشانی دەدەن، ڕاپرسی لەسەر یەک پرسیاری زۆر هەق و ڕەوای کورد، قەت شەڕ و ئاژاوە بەدوای خۆی ناهێنێ، بەڵکو لە جەوهەردا، بۆ گەیاندن و گواستنەوەی پرسی کوردە بۆ قۆناغێکی بەرزتر، کردنەوەی دەرگایەکی زۆر گەورە و جددییە، بۆ دانوساندن لەسەر ئاستی باڵا، گەیاندنی دەنگی کوردە بۆ بەغدا و داواکردنی هەقی کوردە، بۆ ژیانێکی ئارام بەو شێوەیەی چۆن کورد خۆی دەیەوێ، نەک ئەوان چی بەکورد ڕەوا دەبینن.

ئەزموونی گەلان سەلماندوویەتی، کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەورە و ئاڵۆز، پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوە، بە یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ یان یەک مانگ و دوو مانگ تەواو نابێت و بەدوور نازاندرێ چارەسەرکردنی ئەمجۆرە پرسە هەق و مەبدەئییانە کۆمەڵێک ساڵ بخایەنی، تا هەموو لایەک دەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە خۆیان پێی رازی دەبن. بۆیە لەوکاتەی ئێمە ئەو هەقیقەتانەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەزانین و تێدەگەین، ٢٦ی ئەیلول هیچ جیاوازی لەگەڵ ٢٤ی ئەیلول نییە، مانگی ئابیش هیچ جیاوازی لەگەڵ مانگی ئۆکتۆبەر نییە. لەڕاستیدا، کورد تاکە میللەتیش نییە، ئەو خەباتە جوان و نەرمەی هەڵبژاردبی، بینیمان لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییێت  لە زستانی ١٩٩١، کۆمەڵێک وڵات پێشتر بەڕێگای ئەو پرۆسەیە بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون.

پەیامی هەڵمەتی نەخێر بۆ ڕیفێرێندۆم، خەڵک بە ئاڕاستەیەکی هەڵە و خراپ دەبات و دەیانەوێ پێمان بڵێن: لە ٢٦ی ئەیلول، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تانک و تۆپ و چەکی گران لە چیای حەمرین دەوەستێت و هەڕەشە لە بەغدا دەکا... لەڕاستیدا، پێچەوانەی ئەمە تەواوە و بە بڕوای من، ژیانێکی ئارام، ئارامتر لەجاران دەستپێدەکا. وەک مانگەکانی پێشتر

ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاسایی لە کوردستان بەردەوام دەبێت و لەوانەیە زیاتریش شاندی بیانی بۆ کوردستان بێن، گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغدا گەرمتربێت...

باشە هەموو لایەک ئەو هەقیقەتە بزانن، ئەگەر کورد لە بنەڕەتدا، ئاماجی شەڕکردنی لەگەڵ بەغدا هەبوایە، هیچ پێویستی بە ڕاپرسی نەدەکرد، بەڵکو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەیانی شەڕیان دژ بە بەغدا دەخوێندەوە و پێش ئەوەش، یەکێتی و پارتی هێزەکانی خۆیان بۆ چیای حەمرین دەنارد، نەک وەک ئێستا ڕێگا بە ڕای جیاواز بدرێ، ئەوانیش تێڕوانینی خۆیان ئازادانە لەسەر ڕاپرسی دەرببڕن...

## دەربارەی: یەکەم ڕۆژی قوتابخانە

لە ٢٧ی ئابی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ڕۆژی چوارشەم لە کاتژمێر ٩ی بەیانی، لە ١٦ی ئابی ٢٠١٧ هەموو ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان تەمەنیان شەش ساڵە و لە قوتابخانەی مێتاپونتوم - Metapontum دەست بە خوێندن دەکەن، لەبەردەم قوتابخانە و پارکە هەرە جوانەکەی فروئێنگن - Fruängen لە شاری ستۆکهۆڵم بەیەکەوە وەستاوین. من پێشتر و بۆ منداڵەکانی دیکەم، بەشداریم لەو ئاهەنگانە کردبوو، بەڵام نازانم بۆ هەر هەموویم بیرچووبۆوە.

شیلانە لەپێش من وەستاوە و لە بەرامبەر ئێمەش، کە تۆزێک بەرزترە، نزیکەی ٦٠ مامۆستا و کارمەند لە تەنیشت یەکتر بەڕیز وەستاون. میکرۆفۆن داندرایە و مامۆستای مۆسیقا بەخێرهاتنی میوان و دایک و باوکی منداڵەکان دەکا. دوای ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانە گوتارێکی پێشکەش کرد و یەک بەیەک ناوی مامۆستاکانی لەبەر و بەڕیز بە ئامادەبووان ناساند. دوو کیژی گەنج گۆرانییێکیان بە گیتار گوت، چەند گۆرانییێکی دیکە گوتران و داوا لە دایک و باوکانیش کرا، بە کۆرس بەشداری لە دوا گۆرانی بکەن. ئاهەنگ بۆ ماوەی ٤٠ خولەک بەردەوام بوو و بە سروودی نیشتمانی سویدی ئاهەنگی یەکەم ڕۆژی خوێندنی ساڵ تەواو بوو.

شیلانەی کچم لەگەڵ ٢٢ منداڵ بۆ ژوورێک ڕاپانکرد و ئێمەی دایک و باوکانیش هێواش هێواش بەدوایانەوە بۆ هەمان ژوور چووین. لە ناوەڕاستی ژوور مافورێک ڕاخرایە و لەسەر ئەم مافورە نەخشەی جیهان هەیە. منداڵەکان داوایان لێکرا بەجۆرێک لە دەورەی ئەم مافورە دابنیشن، کە شوێنی هەموویان ببێتەوە. دایک و باوکانیش لەسەر کورسییە بچوکەکان دانیشتن و مامۆستا پێش هەموویان گوتی:

- سڵاو، من ناوم ئیڤۆنەیە (Yvonne)، دواتر بەنۆرە منداڵەکان بەهەمان شێوە سڵاویان دەکرد و ناوی خۆیان دەگوت. ئەو شێوە ناوگوتنە، لەڕاستیدا کلیلی کردنەوەی قسەیە و زیاتر بۆ شکاندنی شەرم بوو.

هەمووومان بێدەنگ دانیشتووین.

- دەبی بەناوی خۆم (Yvonne) بانگم بکەن نەک بە مامۆستا، چونکە هەموو کەسێک دەکرێ مامۆستابێ... بە نەرمی و رووێکی خۆش ئیڤۆنە بە منداڵەکانی گوت، کە خۆشی لە سوچێکی مافوورەکە دانیشتبوو.

ئێستا چیرۆکێکتان بۆ دەخوێنمەوە، لەسەر یەکەم ڕۆژی قوتابخانە. ئایا کەس هەبوو لەمرۆ بترسێ؟ ئیڤۆنە پرسی

- من کەمێک ترسام، بەڵام زۆر نا. منداڵێک گوتی

ئیڤۆنە کتێبێکی منداڵانی لە ڕەفکەی پشتی دەرهێنا و دەستی بە خوێندنەوەی کرد. من وامدەزانی تەنیا یەک چیرۆک دەخوێنێتەوە، بەڵام دەرچوو هەموو کتێبەکە لە یەک چیرۆکی درێژ پێکهاتبوو و چیرۆکەکەش بە تێکست و نەخش باسی لە ڕۆژی یەکەمی قوتابخانە دەکرد، کە چۆن منداڵان لەم ڕۆژەی قوتابخانە دەترسن. نووسرابوو، مامۆستا لە هەر هەموویان زیاتر ترسابوو. کۆتاییێکی خۆش و چیرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

شیلانە هیچ ترسی لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانە نەبوو، چونکە لە زووەوە جلی جوان و جانتا و قەڵەم و دەفتەری بۆ کڕابوو، بەڵام بەرگەی ئەو هەموو چاوەڕێکردنەی نەدەگرت، بۆیەش بە هاوکاری نازەی خوشکی تەقویمێکیان لە ٧٥ خانە دروست کرد و لەهەر خانەیەک ژمارەی ڕۆژێکیان دانا. هەموو بەیانییێک شیلانە بە دەستە ناسک و گچکەکەی، قەڵەمە سوورەکەی هەڵدەگرت و خەتێکی بەسەر ڕۆژەکە دادەهێنا و دەیژمارد چەند ڕۆژی دیکەی بۆ قوتابخانە ماوە... بە یارمەتی تەقویمەکە، کۆنترۆلی ڕۆژەکانی کردبوو و ترسی خۆشی کەمێک ڕەواندبۆوە.

ئەمرۆ یەکەم ڕۆژی خوێندنبوو، بەڵام بۆ یەکتر ناسین، هەموو ئەو منداڵانەی ئەوساڵ لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند لە کۆتایی مایس جارێکی دیکە لەگەڵ دایک و باوکیان بۆ یەکتر ناسین هاتبوون، بۆیە ژوور و مامۆستاکان نامۆ نەبوو.

لە قوتابخانەی مێتاپونتۆم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ بۆ پۆلی یەکەم ٤٤ قوتابی هەبوون و بەسەر دوو پۆل دابەشکرابوون. لەهەر ژوورە و شەش مێزی گەورەی تێدا و لە دەورەی مێزەکان قوتابییان دادەنیشتن،

لێرە و لە هەموو قوتابخانەکانی سوید، منداڵ تا تەمەنی ١١ - ١٢ ساڵ دەتوانی لە کاتژمێر ٦.٣٠ لە قوتابخانە بێت و تا کاتژمێر ١٧.٣٠ بمێنیتەوە. بەڵام وانەگوتنەوە و دەرگای پۆلەکان لەکاتژمێر ٨.٣٠ دەکرێنەوە.

پێش نیوەڕۆ نانی بەیانی دەخۆن، لەنێوان کاتژمێر ١١ - ١٢ بەگوێرەی پلانێک نانی نیوەڕۆ دەستپێدەکات و دوای نیوەڕۆش میوە و خواردنی سووک بەمندالآن دەدرێ. خوێندن بۆ مندالە گچکەکان لە نزیک کاتژمێر دوو تەواو دەبێت و دوای ئەوە مندالەکان لە هۆڵ یان ژووری گەورە و بە چاودێری مامۆستای تایبەت هەر لە قوتابخانە دەمیننەوە. دوای خوێندن زیاتر یاری و وێنەکێشان و شەترەنج و وەرزش دەکەن و کاتی خۆش بەسەر دەبەن. پەیوەندییەکی زۆر جوان لە نێوان مامۆستا و قوتابییان هەیە.

لە هەموو قوتابخانەکانی سوید یەک دەوام دەکرێت و لەهیچ قوتابخانەیەکیش حانوت بەمانای لایخۆمان نییە و مندالْ بەیانیان ڕۆژانەی پێنادرێ.

مندالآن لە سوید لە مالەوە و پێش خوێندن، فێری نووسین کراین و کەمێک دەخوێننەوە و ئەلفوبێکان دەزانن. لە قۆناغێ ناوەندی بە زمانی سویدی بێ هەلە دەنووسن و لە قۆناغی ئامادەیی، هەر هەموویان جگە لە سویدی، ئینگلیزیشیان فوولە.

لەهەموو ئەو کاتەی دەخوێنن، لە پایز یەک هەفتە پشوویان هەیە، لە جەژنەکانی کریسمس دوو هەفتە پشوویان هەیە، لە زستان و بەهاریش دوو هەفتە پشوویان هەیە و کاتەکانی دیکە زۆر بەجددی تا سەرەتای حوزەیران دەخوێنن. لە پۆلی ٨ - ٩ نمرە بۆ تاقیکردنەوەکانیان دادەندرێت و بەگوێرەی نمرە، لە ئامادەیی جیا جیا وەردەگیرێن. دەبی ئەوەش بنووسم، خوێندن لە قوتابخانە ئەهلی و حکومییەکان بە خۆراییە یان برە پارەیەکی رەمزی (چەند سەد دۆلارێک بۆ یەک سالْ) لە دایک و باوک وەردەگرن.

من ئەوەی سەرەوە دەنووسم، بیر لە پەروەردەی خۆمان و کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم دەکەمەوە، کە چۆن ئەوان لە پەروەردە دەستیان بە ڕیفۆرمێکی زۆر سەقەت کرد، بێئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکەن... جەنابی وەزیر و ڕاوێژکارەکان، بە سیستێمی سویدی سەرسام بوون و نەشیاندەزانی لە قوتابخانەکانی سوید یەک دەوام هەیە، نەک وەک لای خۆمان سێ، جگە لەوە لە زانکۆ وەردەگیرێن و زۆر زیاتر لەنیوە بەژیانیان یەک کتێبیان نەخوێندۆتەوە و زانکۆش تەواو دەکەن، دوو ڕستەیان بەزمانی کوردی بەرێکی بۆ نانووسرێ.

**دەربارەی: ئینتەرپۆل و سوودوەرگرتن لە ئینتەرپۆل بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزیسیۆن**

لە ٣ی ئەیلولی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

دەمێکە لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی بواری فەرهەنگ، گفتوگۆیەکی گەرم لە میدیاکانی سویدی هەیە بەوەی، کە هەندێک حکومەتی نادیموکرات و سەرۆکی دیکتاتۆر، سوود لە ڕێکخراوی ئینتەرپۆل وەردەگرن، بۆ ئەوەی کەسانی ئازادیخواز، چالاکوانی مەدەنی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، کە پێشتر لەترسی گرتن و مەرگ، وڵاتی خۆیان جێهێشتووە و لە دەرەوەی وڵات بە ئاوارەیی دەژین، لە ڕێگەی ئینتەرپۆلەوە دەیانەوێ، بیانگرن و ئەزیەتیان بدەن.

دروستکردنی لیستی ڕەش لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، ڕاونان و ئەزیەتدانیان هەتا لەدەرەوەی وڵاتیش، کۆمەڵێک حکومەت و ڕێکخراوی مەدەنی دژ بە ئینتەرپۆل هێناوەتە دەنگ و لە میدیاکان باسێکی گەرمە.

بە گرتنی دوو ڕۆژنامەنووسی تورک لە ئیسپانیا لە ئابی ئەمساڵ، گفتوگۆ گەرمتر بوو و داوا دەکەن، ئینتەرپۆل نەبێتە ئامرازێک بەدەست حکومەت و سەرۆکە دیکتاتۆرەکان. نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سویدی - تورکی Hamza Yalcin هەمزە یاڵچین لە ٣ی ئابی ٢٠١٧ لە بەرشلۆنە گیراوە و جگە لە ئیهانەکردنی سەرۆک ئەردۆگان بە تێرۆر پروپاگەندەش تۆمەتبار کراوە. ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی بەرەگەز تورکی - ئەلمانی Dogan Akhanli دیسان لە ئیسپانیا لە ١٩ی ئاب گیرا و بە هاتنەدەنگی Angela Merkel و وەزیری دەرەوە Sigmar Gabriel لەماوەی ٢٤ کاتژمێر ئازاد کرا.

بۆ ئازادکردنی Hamza Yalcin لە ئیسپانیا ڕێکخرای نێودەوڵەتی PEN هاتۆتە دەنگ و گرتنی ئەوی بەو شێوەی خوارەوە ئیدانەکرد:

(هەمزە لەبەر کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕەخنەکانی لە حکومەتی تورکیا دەگیرێ و ئەزیەت دەدرێ. ئێمە داوادەکەین هەمزە یەکسەر ئازاد بکرێ، چونکە تاکە تاوانی ئەو ئەوەیە، کە وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکات). هەمزە یاڵچین، لە فڕۆکەخانەی بەرشەلۆنە لەوکاتەی دەیویست بۆ لەندەن بچێ، لەسەر داوای تورکیا و بە ڕێگای ئینتەرپۆل دەگیرێ. هەمزە لە ساڵی ١٩٨٤

هوه لەسوید دەژیت و تەمەنی ٦٠ ساڵە. ئەو نەیدەزانی ناوی لە لیستی ئینتەرپۆل هەیە. هەمزە پێشتریش لەساڵی ١٩٧٩ لەتورکیا لەسەر بۆچوونی سیاسی گیرایە. ئەگەر هەمزە بۆ تورکیا ڕەوانە بکرێتەوە، ٢٢،٥ ساڵ و نیو زیندانیکردن چاوەڕێی دەکا.

Elisabeth Åsbrink بەڕێوەبەری PEN ی سویدی لە لێدوانێکی دەڵێ: (ئینتەرپۆل وەک ئامێرێکی سیاسی کاری پێدەکرێ و گەورەترین ڕێکخراوی پۆلیسی نێوەدەوڵەتی، خەریکە ببێتە ئامرازی دەستی حکومەتە دیکتاتۆرەکان بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایی و ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان. نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتی خۆیان هەڵاتوون، بۆ ئەوەی نەگیرێن و نەکوژرێن، ئێستا مەترسی ئەوەیان لەسەرە، لە کاتی پشوودان و لە وڵاتی سێیەم بگیرێن. لێرە ڕوونە، کە ئینتەرپۆل بۆتە ئامێرێک کەس و حکومەتە دیکتاتۆرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن).

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور لەو چەند ساڵەی دوایی تەنیا لە تورکیا نزیکەی ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس گیراون. سەدان دەزگای ڕاگەیاندنیش داخراون.

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسانی بەدواداچوون International Consortium for Investigative Journalsim، کە لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوکرایەوە و حکومەتەکانی چین، ئێران، پاکستان و ڤێنزوێلا سوودیان لە ئینتەرپۆل وەرگرتییە، بۆ ئەوەی چالاکوان و ئۆپۆزیسیۆنی خۆیانی پێبگرن.

شارەزایانی بواری تاوان - criminal ئاگادارن لەوەی، کۆمەڵێک حکومەتی ئەندام لە ڕێکخراوی ئینتەرپۆل، تا سەرئێسقان لەگەندەڵی و دزی تێوەگلاون، لەگەڵ ئەوەش ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هیچ میکانیزمێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە کوشندە و گەورەیە نییە.

ئینتەرپۆل – Interpol ( International Criminal Police Commission) لەدوای UN و FIFA بە سێیەم گەورەترین ڕێکخراوی نێوەدەوڵەتی هەژمار دەکرێ. یەکەم کۆنفرێنسی ئینتەرپۆل لە ساڵی ١٩١٤ لە مۆناکۆ بەڕێوەچوو و چواردە وڵات تێیدا بەشداربوون. لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر داخوازی بەڕێوەبەری پۆلیسی ڤیەننا Johannes Schober ڕێکخراوی International Criminal Police Commission (ICPC)

دامەزرا و نووسینگەی سەرەکی لە پایتەختی نەمسا کرایەوە. ئامانج لە هەبوونی ئەم ڕێکخراوە، کارئاسانییە بۆ پۆلیس، بۆ ئەوەی لەدەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆی بتوانێ هاوکاری بکرێت و کەسانی تاوانبار بۆ بەردەم دادگا ڕابکێشی. لە کاتی ئێستادا ١٩٠ وڵات لە ڕێکخراوی ئینتەرپۆل ئەندامن.

**دەبوایە وڵاتانی عەرەبی و دراوسێ، خۆیان پێشنیازی ڕاپرسییان بۆ کورد کردبا**

لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ڕۆژی ٢٥ی ئەیلول، ئێمە بۆ ڕیفێرێندۆم دەچین و ڕیفێرێندۆمیش لە دەستووری ئێراق ڕێگای پێدراوە، بۆیە دەنگدانی ئێمە نە دژ بەدەستووری ئێراقە، نە خێرە بەکورد، نەعەیبە و نەشەرمیشە، بەڵکو مافێکی هەق و ڕەوای گەلی کوردە، کە ڕابردوویەکی تاڵی لەگەڵ وڵات و حکومەتەکانی دراوسێ و ناوچە هەیە و دەیەوێ لە داهاتوو خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا، خۆی بژی چۆن خۆی دەیەوێ، نەک چۆن ئەوان دەیانەوێ یان بۆ کورد بەڕەوای دەبینن.

لەڕاستیدا، پێش ئاشکراکردنی ئەو ڕاپرسییە، حکومەتی ناوەندی خۆی دەبوایە ئەو پرسە گرنگەی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد باس کردبا و زوو ئەو ئازادییەی بەکورد دابا، ئەگەر کورد زیاتر نەیەوێ وەک دووبرا بەیەکەوە لەناو یەک وڵاتی پڕکێشە و نەخۆش و بریندار (ئێراق) بژی، دەتوانی وەک دووبرا لە دوو وڵاتی جیا و دراوسێ بژی...

دەبوایە حکومەتی ناوەندی زەمینەی بۆ ڕیفێراندۆمی کورد خۆشکردبا، بودجەی بۆ تەرخانکردبا، یارمەتی کوردی دابا، هەرنەبێ سوودیان لە جیابوونەوەی ئاسایی چیک و سلۆڤاکیا (١ی کانونی دووی ١٩٩٣) وەرگرتبا. لەڕاستیدا، دەبوایە وڵاتانی دیکەی عەرەبی گەورە و دەوڵەمەند (سعودیە و میسر و ئیمارات...هتد) لەدوای نەمانی سەدام خۆیان داوا لە حکومەتی ئێراق بکەن و فشاری بخەنەسەر، بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکات و قەرەبووی ئەو هەموو ساڵانەی کوشتن و ئەنفال و تەعریب و سووتاندنی کوردستانیش بکەنەوە، چونکە کورد لەلایەن حکومەتێکی عەرەبی ناسیونالیست تەعریبکرایە، ئەنفالکرایە، وڵاتەکەی سوتێندرایە و ئەوانیش سەیریان کردووە، بێدەنگ بوون و هەندێکجار لەو وێرانکردنە بەشداریش بوون.

دەبوایە حکومەتەکانی سعودییە و کوێت و ئێران، پاش نەمانی سەدام، زوو داوایان لە وڵاتانی زلهێز و ناوچە کردبا، کێشەی کورد بە ئاشتییانە چارەسەربکەن، بۆ ئەوەی خۆیان ئارام بژین و بودجە زەبەلاحەکەیان زیاتر بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و هێزی سەربازی بەکار نەهێنن، بەڵکو ئەو

پارە زۆرە، بۆ خۆشکردنی گوزەرانی هاوڵاتییانی خۆیان بەکار بێنن. دەبوایە وڵاتانی عەرەبی و ناوچە، خۆیان دەستپێشخەری بکەن و پارە و سەرمایەی زۆر لە کوردستان بخەنەگەڕ و هاوڵاتییانی خۆیان هانبدەن، گەشتی دەرەوەی وڵاتیان بۆ کوردستان بگۆڕن بەتایبەتیش، کە دەزانن نەبوونی کەشوهەوایەکی ئارام، هەبوونی ئاگرێکی گەرم و خۆش، زۆرجار پڕوشکی بەرخۆشیان دەکەوێ... دەبوایە تورکیا و ئێران و سوریا بەیەکەوە دانیشتبان و بیریان لە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کورد کردبا، بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی لە داهاتوو دەرگای بۆ هاوڵاتییانی ئەوان واڵابایە و بێ کێشە و ڤیزە لێی ژیابان و سەرمایەیان بەگەڕ خستبا...

دەبوایە، کۆمکاری عەرەبی و تەواوی مەلیک و سەرۆکانی ئەندام و ئەمیندارەکەیان، پەنێلێکی تایبەتیان بەکورد لە باڵەخانەی سەرەکی خۆیان لە قاهیرە، سازکردبا و سەرکردایەتی کوردیان داوەت کردبا و مزگێنی سەربەخۆیی و ئازادییان بە کورد دابا و هەرلەوێش داوای بووردنیان لە گەلی کورد کردبا، کە لە رۆژە رەشەکان بێدەنگبوون و جورئەتیان نەکرد، دژ بە سەدام و ئەسەد بۆ بەگریکردن لە کورد بووەستنەوە...

بەداخەوە، ئەوان هیچ لەوانەی سەرەوەیان نەکرد، بە ئەرکی سەرشان و درواسێیەتی خۆیان هەڵنەستان، مێژووی خۆیان پاک نەکردەوە، ترسنۆکانە ژیان و خۆیان لە بیری بۆگەن و نەخۆشی نەژاد پەرستی خاوێن نەکردەوە، ئەگەرچی لەوانەیە خۆشیان باش بزانن، کە ئێمەی کورد، ڕێگایەکی زۆر مۆدێرن و دیموکراتیمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان هەڵبژاردووە، کەچی دەیانەوێ ئەو دەنگدانەمان لێ شێلو بکەن، چونکە دەبینین، بە ئاشکرا لە میدیاکانی خۆیان ناشیرنی دەکەن و ئێمەی کورد وەک داگیرکەر و میوان لە وەتەنی عەرەبی سەیر دەکەن. ئەوان لەبیریان کردییە، لە سەرەتای هەزارەی سێیەم دەژین و خەڵک زیاتر بە ژیانی ژێردەستی و چەوسانەوە و غەدر رازی نابێت... باس لەوە هەرناکەم، خەڵک لە ئیسپانیا و بەریتانیا راپرسی ئەنجام دەدەن و دەیانەوێ لە حکومەتی ناوەندی خۆیان جیاببنەوە، کە هەموو مافێکی مرۆیی و سیاسی و ئابووریی و فەرهەنگیشیان هەیە...

## هەواڵەکانی بە زمانی کوردی دەنووسرێن، ڕووت و بێگیانن

لە ١٧ی ئەیلولی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

تەکنۆلۆژیای زانیاری خزمەتێکی زۆری بە جوانکردن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کردووە، کاری ڕۆژنامەنووسانی ئاسان کردووە، دەست کەوتن و گەیاندنی زانیاری خێراکردووە، ژمارەی خوێنەر و بینەر و بیسەری زیاد کردووە و هیچ سنووریێکیشی بۆ هەواڵ و زانیارییەکان نەهێشتۆتەوە و ئەودیتۆریا (ڕووبەر)ی زۆر فراوان کردووە.

هەواڵ و زانیارییەکان، بە ئاسانی و بە یەک کلیک بە هەموو جیهان بڵاودەبنەوە. لەڕاستیدا، کیشەی نەزانینی زمان یان تێنەگەیشتنیشی بە ڕێگای بەرنامەی جیای وەرگێڕان کەمکردۆتەوە. بۆ ئەوەی دەستت بەو هەموو تەکنۆلۆژیایە بگات، کەسی ڕۆژنامەنووس پێویستی بە یەک تەلەفۆنی سمارت یان لاپتۆپێک و هێڵی ئینتەرنێت هەیە.

ئەو تەکنۆلۆژیا تازەیە، ئەگەر کاری ڕۆژنامەنووسی ئاسان کردبێ، چۆنایەتی باشتر کردبی، لە هەمان کات، دەبی بنووسین، ڕۆژنامەنووسی توشی دڵەڕاوکێ کردووە، چونکە بەردەوام لە پێشبڕکێدایە، کە چۆن زۆرترین زانیاری بە کەمترین کات بە سەرووی خۆی و خوێنەر بگەیەنی، چۆن دەزگاکەی خۆی لە مردن رزگار بکات و بتوانی لە گەیاندنی زانیاری بەردەوام بێت.

ئەم تەکنۆلۆژیایە، بۆتە یارمەتی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە بە ژمارەیەکی کەم لە کادری ڕۆژنامەنووس، دەزگای گەورە بەڕێوە ببردرێ، کاری مەزن بکەن و سوود لە نووسین و بەرهەمی دەزگای دیکە یان ئاژانسەکانی دەنگوباس وەربگرن. ئەوە هەمووی نییە و ئێستا، ڕۆژنامەنووس دەتوانی لە وڵاتێک بژیت و نووسین یان بەرهەمی ڕۆژنامەنووسی لەسەر وڵاتێکی دیکە بێت... ئاسانتر دەستی بە زانیارییەکان دەگات و ئاسانتریش کۆنترۆلی زانیارییەکان لەڕاست و دروستی دەکرێ.

لەوانەیە هەموو ڕۆژنامەنووسێک یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن وەک یەک نەتوانن سوود لەم تەکنۆلۆژیایە وەربگرن، چونکە لەڕاستیدا پەیوەندی بە هەبوونی یاسا و سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات و پێشکەوتنی دیموکراسی و

یاسای پێویستیش هەیە. پەیوەندی بە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری و ئەزموونی پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووسانیشەوە هەیە، بۆیە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی دواکەوتوو، کەمتر توانیویانە سوود لە تەکنۆلۆژیای زانیاری وەربگرن، چونکە هەندێکجار یاسا کۆسپ دەخاتە سەر بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵ و زانیاریی، هەندێک جاریش، ڕەقابە یان فلتەری ڕۆژنامەنووس، کە خۆی لەسەر خۆی دانایە، دەبێتە ڕێگر، کە ڕۆژنامەنووس بایەخ بەو هەواڵ یان زانیاری نەدا، هەندێکجار، پەیوەندی بە لایەنی ئەخلاقییەوە هەیە، بەڵام: ئایا ڕۆژنامەنووس مافی شاردنەوەی هەواڵ و زانیاری گرنگی بۆ کۆمەڵ هەیە؟ بێگومان نەخێر، ئەگەر کاریگەری لەسەر ئەمنی قەومی نەبێت...

ئەمشێوە بیرکردنەوەیە، ڕۆژنامەنووس تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و ئەزیەتی دەدا، لەکاتێکدا، ئەگەر هەواڵەکە بشنووسێت، تا تەلەفۆنەکان دەکرێن، وەڵام و ڕەزامەندییەکان وەردەگیرێن، هەنووکەیی خۆی لەدەست دەدات و تاقەتی کەسی ڕۆژنامەنووس دەکوژی یان سڕی دەکا، کە جارێکی دیکە بەوشێوەیە هەوڵ بۆ وەگیرکەوتنی ئەمجۆرە زانیارییانە نەدا...

ئەو شێوە کارکردن و بیرکردنەوەیە لەوانەیە بووبێتە هۆ، کە ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بە زمانی کوردی دەنووسرێن، (مەبەست ڕاگەیاندنی باشووری کوردستانە) هیچ گیانیان تێدانییە و سووک و هەرزان دێنە بەرچاو، ئەوە لەکاتێکدا، ئەگەر وەڵامی هەر شەش پرسیاریش لە هەواڵەکەدا هەبێت...

ڕۆژنامەنووسانی کورد نەیانتوانییە، سوود لە ستایلەکانی ڕۆژنامەنووسی جیهانی وەک (ڕۆژنامەنووسی نوێ New Journalism) وەربگرن، کە نووسین پێی تامێکی تایبەت دەدات و خوێنەر لە خوێندنەوەی هیلاک نابێ. زۆربەی هەرە زۆری هەواڵەکان نەک هەر گیانیان تێدانییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک وشەی دووبارە پێکدێن و هیچ زانیارییەکی گرنگ بە خوێنەر نادەن... دەکرێ تاکی خوێنەر تەنیا سەردێر بخوێنێتەوە و هەموو زانیارییەکان وەربگرێت، چونکە لەڕاستیدا وەڵامی (بۆچی) بەجوانی ناداتەوە... ئەو وشانەی لەم وەڵامە دەنووسرێن، گشتین و تایبەت نین و بۆ هەموو دیدار و هەواڵەکان وەک یەک دەنووسرێن، بەتایبەتیش لە هەواڵە فەرمییەکان، کە باس لە دیدارەکان دەکات... خوێنەری کورد ٢٦ ساڵە ئەم

دەرمانە ئیستۆکەی دەدرێتێ، بۆیە هیچ لات سەیر نەبیت، کە یەک لەو هۆیانەبێت، زانیاری زۆر بەگرانی وەک خۆی بە کۆمەڵ دەگات...

لایەنێکی دیکەی زۆر لاوازی هەواڵنووسین، ئەوەیە، کە کەسی ڕۆژنامەنووس بەردەوام کەسێک دەدوێنێت و ناوی کەسەکە و پیشەکەش دەهێنێت. لەوانەیە هەندێکجار باشبێت، بەڵام ئەگەر ئەوشێوە هەواڵ وەرگرتنە بەردەوامبێت، دیارە قەیرانی متمانە دەهێنێتە گۆڕ و پیشانی دەدا، کە خوێنەر بڕوا بە هەواڵ و زانیارییەکانی ئەم دەزگایە ناکات... ڕاستە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەکرێ پەیوەندی بە کەسێکی نزیک لە ڕووداوەکە بکەیت، بەڵام هەمووجار هیچ پێویست ناکا، بنووسی: فڵانە کەس وتی، هەروەها جەختی کردەوە، دیسان سکرتێر گوتی...هتد.

زۆر لە هەواڵەکان، هەرچەندە کورتن، بەڵام ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و پسپۆری ڕۆژنامەنووس بە ئاسانی بەدیار دەخەن. هەندێکجار ئەوەش پیشان دەدەن، کە ڕۆژنامەنووس خۆی لەبیر دەکات، ئەوەی بەلای ئەو گرنگە، لەوبڕوایەدایە، بەلای خوێنەریش گرنگە، کەچی هەمان ڕووداو، هیچ مەرجی هەواڵی تێدا نییە...

لە هەواڵەکان، ناو بە هەڵە دەنووسرێن، شار و وڵات بە هەڵە دەنووسرێن، وشەو دەستەواژەی لاتینی بە هەڵە بەکار دێنن، لەکاتێکدا، کۆنترۆلکردنی بە ڕێگای تەکنۆلۆژیای زانیاری زۆر ئاسانە...

وێدەچێ، ڕۆژنامەنووسانی کورد لەوە بێخەبەربن، کە دەمێکە مەبەست لە نووسینی هەواڵ تەنیا گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو ئامانج زیاتر لەوەدایە، چۆن هەواڵ بنووسرێت و زۆرترین کات لە زەینی خوێنەر بمینێتەوە...

## پانۆرامای ڕاپرسی لە ٢٥ی ئەیلول لە شاری هەولێر

لە ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

من سەیری تەلەفزیۆن دەکەم و دەبینم: مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام دەنگی دا، د. نەجمەدین کەریم لە کەرکوک دەنگی دا، قوباد تاڵەبانی لە سولەیمانی دەنگی دا، مەسرور بارزانی لە پیرمام دەنگی دا، دەرباز کۆسرەت ڕەسول، سەلاحەدین بەهائەدین، عەلی باپیر دەنگیان دا، کۆسرەت ڕەسول، جێگری سەرۆکی هەرێم، لە کەرکوک دەنگی دا و نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ خانەوادەکەی لە هەولێر بەیەکەوە دەنگیان دا. دایە عائشە (دایکی شەهیدان) دایکی سێ شەهید لە سۆران، لە هەموو دەنگەکان زیاتر دڵخۆشی کردم و لە چاوی ئەو ئومێد بۆ داهاتوویێکی گەش و ڕووناک دەبیندرا.

هەموو لایەک دەزانێت، دەنگدانی ٢٥ی ئەیلول، دەنگدانێکی ئاسایی نەبوو و زیاتر لە جەژنی نیشتمانی گەورەی کوردی دەکرد، بۆیە خەڵکیش بە جلی ئاسایی بۆ ئەو دەنگدانە نەچوون. هاوڵاتییانی کوردستان، جلی جوانیان پۆشیبوو و من بینیم، لەپێش بنکەیەکی دەنگدان لە هەولێر، گەنجێکی هەولێری، مانگایەکی سەربڕی و بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردی کردییە قوربانی، لە خورماتو گەنجێکی دیکە نوقڵی بەسەر هاوڵاتییان دابەش دەکرد، لە کەلار گەنجێک لەم ڕۆژە ژنی گواستەوە و بەیەکەوە لەگەڵ بووک بۆ دەنگدان چوون، لە داقوق کورد و عەرەب بەیەکەوە شاییان دەکرد دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدرا...

کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، بەجوانی و بە ئاستێکی بەرز و پسپۆڕانە ڕووماڵی ئەم ڕووداوە خۆشەیان دەکرد، جگە لە شارە گەورەکانی کوردستان (هەولێر، کەرکوک، دهۆک، سولەیمانی، هەڵەبجە) لە زۆر شارۆچکەش (شەقڵاوە، سۆران، کەلار، چۆمان، ڕانیە، خانەقین، هەریر، ئاکرێ، شێخان، زاخۆ...هتد) بە شێوەیەکی زندی، پرۆسەی دەنگدان لە میدیاکان دەگواسترایەوە. هەستم دەکرد، ڕۆژنامەنووسان ئەمرۆ جوانتر قسەیان دەکرد، باشتر خەڵکیان دەدواند، پرسیاری بەجێیان دەکرد و وەڵامی دروستیان وەردەگرت. لەڕاستیدا، هەڵمەتی ڕاپرسیش بە بەراورد

لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو بۆ پەرلەمان، جوانتر و پاکتر بەڕێوەچوو. بریندارکردن نەدەبیندرا، هەڵگرتنی ئاڵای حزبی قەدەغە کرابوو.

ئەم هەڵبژاردنە نەرم بەڕێوە چوو، گەرموگوڕ بوو و تەواوی کوردی لەژێر یەک چەتر کۆکردەوە، پرسی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ قۆناغێکی باڵا برد و بۆجاری یەکەم تێگیەشتین، سەرکردەکانی جیهان بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددان، بەڵام کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسییان بە گونجاو نەدەزانی... دانپێدانان بە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی خەبەرێکی خۆشە و دەتواندرێ لە داهاتوو بۆ گفتوگۆ سوودی لێوەربگیرێ.

من هێشتا لەماڵەوەم و کاتژمێر نزیک دەی بەیانییە. ئەوەی لە شاشەکان دەبینم، دەبی بەچاوی خۆشم لەناو شار ببینم. من بۆ بنکەی تایبەت بە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران لە هەولێر دەچم و بێگومان لەوێندەر دەنگی خۆم بە (بەڵێ) دا و ناشمەوێ لەم ڕۆژە پیرۆزە، دوای دەنگدان زوو بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە... یەکجار بە دەوری شەقامی سەد مەتری بە ئۆتۆمبیلەکەم سوڕامەوە، یەکجار بە دەوری شەقامی شەست مەتری سوڕامەوە، پیاسەیەکم بە ناو شاری هەولێر کرد، خەڵک کەم لەدەرەوەن، بازاڕ چۆڵە و قەیسەریش داخراوە...

جۆشوخرۆشی خەڵکم بەچاوی خۆم بینی و تێگەیشتم، کوردستانییان بەشداری لەو ڕاپرسییە بۆ ئازادی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان دەیانەوێ، نەک لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی کورد یان کەسێکی خۆشەویستیان داوایان لێکردوون. ئەوان دەنگ دەدەن، چونکە خۆیان دەیانەوێ لە پرۆسەیەکی مەزنی مێژوویی بەشداربن و نایانەوێ شەرمەزاری مێژووی کورد و کوردستان بن. ڕاستە هەڵمەتی ڕاپرسی جوان و دروستبوو، بەڵام لەوبڕوایەدەام، ئەگەر هیچ هەڵمەتێکیش لەئارادا نەبووایە، دیسان خەڵک بە گەرموگوڕی بەشدارییان تێدا دەکرد، ئاخر گرانە تۆ کورد بیت، مێژوویێکی ڕەشت لەگەڵ وڵاتێکی فاشل و حکومەتێکی دیکتاتۆر هەبیت، گەلەکەت ئەنفال کرابیت، ٤٥٠٠ شار و شارۆچکە و لادێت وێران کرابیت، لە بچووکترین مافی خۆت بێبەشکرابیت و وەک میوان و دوژمن و هەڕەشە بۆسەر نەتەوەی عەرەب سەیر بکرێیت و

تۆش بە نەخێر وەڵامی پرسیاری: ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ بدەیتەوە.

ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە هێمنی تەواوبوو. گەلانی کوردستان بە ئەرکی نیشتمانی خۆیان هەڵسان و بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا. ئێستا کاری گران و خەباتێکی دووروودرێژ چاوەڕێی بەرپرسانی باڵای هەرێم دەکا، کە چۆن بتوانن لە بینین و گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ، زیرەکانە بەشداربن و ئەو ماف و هەقانە وەربگرنەوە، کە سەدان ساڵە لێیان داگیر کردووین.

## دەربارەی: واجبی ماڵەوە - Homework بۆ قوتابییان

له 2ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

گفتوگۆیەکی گەرم و بێکۆتایی لە وڵاتانی پێشکەتوو لەسەر خوێندن و ئەرکی ماڵەوە لە کەنالەکانی میدیا باسی لێوەدەکرێ. لەم گفتوگۆیانە خەڵکی جیا جیا بەشدارن، بەڵام زۆربەی کات جگە لە دایک و باوک، مامۆستا و کەسانی شارەزا قسە و بەدواداچوونی لەسەر دەکەن، توێژینەوەی نوێ ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی نەوەیەکی جوان پەروەردە بکەن، کە زانست و زانیاریی پێویست لە قوتابخانە وەربگرن.

ئەرکی ماڵەوە بۆ قوتابییان بە ئاسانی یان بەنەرمی ناڕوات و ئەنجام نادرێ لە هەمان کات، هۆیەکی ئاساییە، بۆ دروستکردنی کێشە و گرفت لە ناوخۆی خێزان لەسەر: کەی ئەرکی ماڵەوە ئەنجام دەدەن؟ چەند کات پێویستە یان چەند کات دەبی منداڵەکان لە ماڵەوە خەریکی خوێندن بن؟ لەگەڵ هەبوونی ئەو کێشانەی سەرەوە، مامۆستا زیاتر و زیاتر ئەرکی ماڵەوە بە قوتابییانیان دەدەن.

هەندێک لە مامۆستا و توێژەران لەوبڕوایەدان، ئەرکی ماڵەوە دەبی لە قوتابخانە و لە کاتی دەوام ئەنجام بدرێ، چونکە لەوبڕوایەدان، منداڵ لە قوتابخانە زۆر هیلاک دەبن و ئەو کاتەی هەیانە دەبی بۆ خۆیان و خێزان و کاتی خۆشی بەڕێی بکەن نەک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵەوە و تەواوکردنی وانەکانیان. زۆرجار قوتابییان لەناو خۆشیان ئێرەیی بەیەکتر دەبەن، بەوەی برادەرانیان لە کلاسی دراوسێ، ئەرکی ماڵەوەیان لەوان کەمتر پێدەدرێ، ئەگەرچی هەمان مامۆستاش وانەیان پێدەڵێتەوە.

هەندێک مامۆستا لەو بڕوایەدان، کە دایک و باوک خۆیان بە کاری ڕۆژانە زۆر هیلاک و سەرقاڵن، بۆیە پێویست ناکات ئەوان ڕۆڵی مامۆستایی لەماڵەوە ببینن، دەبی قوتابخانە پەروەردەی منداڵان بکات و ئەو ئەرکەی پێیان دەدرێ لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن، باشترە لە قوتابخانە و بەیارمەتی مامۆستا تەواوی بکەن و لێیەوە فێری ببن. قوتابییان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە، پێویستیان بە ژینگەیەکی ئارام و لەبار هەیە، ئەو ژینگەیە لە قوتابخانە دەست ناکەوێ، چونکە ژمارەی قوتابییان زۆرە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ٢٠١٣ سویدی، کە ٨٩ هەزار قوتابی تەمەن ١٠ - ١٢ ساڵ تێیدا بەشداربوون. لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە یان پێش تاقیکردنەوەکان، منداڵان، بەجۆرێک تووشی دڵەراوکێ بوون، کە لە ئەنجام دا، تووشی خەوزڕان، سەرئێشە یان زگچوون هاتوون. ئەو توێژینەوەیە پیشانی دەدا، کە منداڵ زیاتر لەبەر تاقیکردنەوە و ئەرکی ماڵەوە تووشی نائارامی و ژیانێکی ناخۆش دەبی تا لە مەرجی توندی دایک و باوک و مامۆستا لەسەریان. هەروەها توێژینەوە هەن، پیشانی دەدەن، زۆربەی کێشەی خێزان پەیوەندییان بە ئەرکی ماڵەوە و چۆنییێتی خوێندنی منداڵانیان هەیە.

دایکان و باوکانی ئەمڕۆ، کاتیان کەمتر بۆ منداڵانیان هەیە و کەمتر لە ئەرکی ماڵەوە یارمەتی منداڵانیان دەدەن، هەرچەندە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵەوە زۆر لە منداڵان، پێویستیان بە یارمەتی کەسێکی گەورەتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن تێیبگەن و بەجوانی ئەنجامی بدەن.

دوو تێڕوانینی جیا لەسەر ئەرکی ماڵەوە هەیە. لایەک لەو بڕوایەدان، لە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە، منداڵ زیاتر فێردەبن، لەوەی هیچ ئەرکێکیان پێنەدرێ. Peter Wall توێژەری پەروەردە لە زانکۆی کارلستاد، لەوبڕوایەدایە، ئەرکی ماڵەوە باشە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو ئەرکە بەشێوەیەکی جوان و دروست فۆرموله بکرێ، زانیاری لای قوتابییان زیاد دەکا. بەڵام ئەرگومێنتی زەقی بەرەی دژ بە دان یان هەبوونی ئەرکی ماڵەوە، دروستکردنی کەشوهەوای ناخۆش و گرژی نێوان ژن و مێرد و منداڵە، جگە لەوە، قوتابییان لەو بڕوایەدان، کە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە، کاتی زۆریان لێدەبا.

John Hatti پرۆفێسۆر لە زانکۆی Melbourne لە ئوستراليا، لە توێژینەوەیەکی بەناوی: (فێربوونی دیار) کە لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە تێیدا، باس لە چڕی پەروەردە و فێرکردن دەکا. ئەو لەسەر ئەرکی ماڵەوە دەڵێ: ئێفێکتی ئەرکی ماڵەوە بەشێوەیەکی گشتی پۆزەتیڤە، بەڵام نزمە. چەند منداڵ بچوکتربێ، ئەوەندە خاڵی پۆزەتیڤی کەمترە، جگە لەوە ئەو لەوبڕوایەدایە، کە ئەرکی ماڵەوە لەوانەیە ئێفێکتی نێگەتیڤیشی بۆ فێربوونی منداڵ هەبی، لە هەمان کات بۆ قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی سوودی هەیە. کەواتە، بەشێک پەیوەندی بە تەمەن هەیە و بەشەکەی دیکەش پەیوەندی بە

شێوەی وانەوتنەوە هەیە. لەم توێژینەوەی Hatti زیاد لە ١٠٠ هەزار قوتابی بەشداربوون.

بەڵام لە هەموو حالەتەکان، زانایان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی: ئەو ئەرکەی بە قوتابییان دەدرێ، دەبی قوتابی بتوانی ئەنجامی بدا، قوڵبوونەوەبێ لە گفتوگۆکانی ناو کلاس هەروەها دەبی ئاسانبێت و بتوانن لەماوەیەکی کەم ئەنجامی بدەن. جگە لەوە، دەبی ئەرکەکان، بە کەسانی ئاسایی ئەنجام بدرێن و پێویستییان بە یارمەتی کەسانی شارەزا و پسۆڕ نەبێت، دەبی پەیوەندی بە تەمەن و بەکاتی گونجاو بۆ قوتابی هەبیت و کاتی زۆری قوتابی نەبا و بێ یارمەتی دایک و باوک بتوانن ئەنجامی بدەن. جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵەوە بەشێوەیەکی دروست، ئێفێکتی باشی دەبێت و بە پێچەوانەش، خراپ بەکارهێنانی ئەنجامی خراپی دەبی.

لەوکاتەی باس لە ئەرکی ماڵەوە بۆ قوتابییان دەکەین، دەبی بیر لە ژینگەی قوتابییان بکرێتەوە، کە لە چ قوتابخانەیەک لە چ کۆمەڵگایەک، لە چ وڵاتێک دەژین، چونکە لەو قوتابخانانەی دوو یان زیاتر دەوام هەیە، قوتابی بێگومان ناتوانی چەندی بیەوێ لە قوتابخانە بمینێتەوە، مامۆستا ناتوانی وەک پێویست یارمەتی بدا و بەتەنها لەگەڵی دابنیشی، چونکە لەوکات ناچارن لە کاتی دیارکراو قوتابخانە چۆل بکەن. بۆ ئەمجۆرە قوتابییانە، قوتابخانە نابێتە ماڵ...

## دەربارەی: خۆکوشتن و پێشگرتن لە خۆکوشتن

لە ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەری (K24) بڵاوکرایەوە

لە ٤ی ئابی ٢٠١٧ گوتارێک لە سوید بڵاوکرایەوە و تێیدا، باس لەکەم تەرخانکردنی پارە، بۆ پێشگرتن لە خۆکوشتن دەکا. لەم گوتارە نووسرایە، لە ساڵی ڕابردوو ٢٦ کەس بە کارەساتی هاتووچۆ لە ستۆکهۆڵم مردوون و شارەوانی ستۆکهۆڵمیش بۆ یەک ساڵ ٦٧ ملیۆن کرۆنی بۆ کەمکردنەوەی مردن بە کارەساتی هاتووچۆ خەرجکردووە. ئەوەش دەکاتە ئەوەی بۆ ڕزگارکردنی هەر کەسێک ٢،٥ ملیۆن (٢٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی) تەرخانکراوە. پلانەکانی هاتووچۆ، لەڕاستیدا زۆر سەرکەوتووبوون، بەڵام ئەگەر لەگەڵ خۆکوشتن بەراوردی بکەین، جیاوازییەکی گەورە دەبیندرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی سوید بڕیاری دا، کار بۆ سفر خۆکوشتن بکەن، بەڵام ئەو بڕیارە نەیتوانی ڕێ لە خۆکوشتن بگرێ و ژمارەکە کەمبکاتەوە. بەڵام هەنگاوی مردن بە کارەساتی هاتووچۆ، کە پەرلەمانی سوید لە ساڵی ١٩٩٧ بڕیاری لەسەردا، بەوەی ژمارەی مردووان بۆ ڕێژەی نیوە کەمبکەنەوە، زۆر سەرکوتووبووە. مردن لە ڕێگای خۆکوشتن، بە بەراورد لەگەڵ مردن بە کارەساتی هاتووچۆ، شەش جار زیاترە. ساڵانە لە سوید نزیکەی ١٥٠٠ کەس خۆی دەکوژێت، بەڵام لە ڕێگای ئۆتۆمبیل بە هەمووی ٢٦٠ کەس دەمری. (دانیشتوانی سوید ١٠ ملیۆن کەسە)

ئەو ژمارەی سەرەوە، دەکاتە ئەوەی، ڕۆژانە ٤ کەس لە سوید خۆی دەکوژی. پۆلیس ناچارە لە دەرگای چوار خانەوادە بدات و ئاگاداریان بکاتەوە، بەوەی منداڵەکەیان یان برادەرەکەیان خۆی کوشتووە و جارێکی دیکە بۆ ماڵ یان لای ئەوان ناگەڕێتەوە.

بێگومان کاری زۆر بۆ پێشگرتن لە خۆکوشتن لە وڵاتانی پێشکەوتوو کرایە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بەسەر ئەم کێشە گەورەیەی مرۆڤ زاڵبن. بە هەبوونی پلانی توخمە و ئیمکانیاتی ماددی پێویست و یارمەتی حکومەت، بە بڕوای شارەزایان، ڕێژەی خۆکوشتن کەمدەکرێتەوە، چونکە بۆ ئەوەی ژیان ڕزگار بکرێ، دەبێ بودجەی باش و پارەی پێویست تەرخان بکرێ، دەبێ کاری زۆر لەسەر هۆکانی خۆکوشتن بکرێ، ژینگەی خۆش و لەبار بۆ

کەسانی نەخۆش فەراهەم بکرێ، تیمی جیا جیا دروست بکرێت و وەڵامی هەموو تەلەفۆنەکان بدرێنەوە، جگە لەوە لەکاتی پێویست، بە ماوەیەکی کەم بگەنە لای کەسی نەخۆش و یارمەتی بدەن. ئەو کەسانەی خۆدەکوژن یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی، کەسانی نەخۆشن، کێشەی دەروونییان هەیە و پێویستیان بە یارمەتی پزیشک و خەڵکی پسپۆر هەیە.

ساڵانە ١٠٠ - ١٥٠ ملیۆن کرۆن لە سوید بۆ کەمکردنەوەی کارەساتی هاتوچۆ خەرج دەکرێ، لەهەمان کات، تەنیا ٣ ملیۆن کرۆن بۆ توێژینەوە لەسەر دڵتەنگی خەرج دەکرێ. شەرم، هەستکردن بە قەرزاری، ترس...هتد، کاریگەرییان لەسەر خۆکوشتن هەیە. نە لە میدیای سویدی نە لە میدیای وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو، باس لە خۆکوشتن ناکرێ، بەڵام باسنەکردن هیچ ناکاتە ئەوەی کار بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی خۆکوشتن نەکرێ. زۆر کەس لەوبڕوایەدان، ئەگەر حکومەتی سویدی هەمان بودجەی هاتوچۆ بۆ پێشگرتن لە خۆکوشتن تەرخان بکا، ئەنجامی زۆر باشی دەبیت و ڕێژەکە بۆ نیوەی کەمدەکرێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژەی خۆکوشتن لەهەر وڵاتێک کەمبکرێتەوە، دەبی هەڵمەتێک لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ سیاسەتمەدار و هاوڵاتییان دەستپێبکات، کە هەموو کەسێک دەتوانی تێیدا بەشداربێت و کار بۆ کەمکردنەوەی خۆکوشتن  بکات و زانیاری باشی پێبدرێ.

ئاماری ڕێک و دروست لەسەر خۆکوشتن و مردن بە کارەساتی هاتووچۆ لە کوردستان نییە، لەوانەیە هەربیریش لە پێشگرتن لە خۆکوشتن نەکرابێتەوە و هیچ کاتێک لە پلانی حکومەت نەبووبێ. یەک لەو هۆیانەی نەبوونی ئەو ئامارە، پەیوەندی بە شێوە ژیانی ئیسلامی و کوردەوارییەوە هەیە، کە مردوو زوو دەبی بنێژرێ و بۆ پزیشکی دادوەری نابەن و خانەوادەی بە پێویستی نازانن. دەربارەی خۆکوشتنیش، لە کوردەواری جگە لەوەی کۆستێکی گەورەیە، خانەوادەی کەسی خۆکوژ بەداخەوە، هەست بە شەرمەزارییەکی گەورەش دەکەن، بەتایبەتیش ئەگەر کەسی مردوو کچ بێت. هەربۆیەش لەجیاتی ئەوەی ڕاستییەکەی بە خەڵک بڵێن، بیر لە دارشتنی چیرۆکێکی هەڵبەستراو دەکەنەوە، کە خۆشیان بڕوایان پێی نییە... نەبوونی توێژینەوە، نەبوونی ڕێکخراوی پێویستی مەدەنی، کارنەکردن لەسەر هۆکانی خۆکوشتن، ژمارەی خۆکوشتن لە کوردستان کەمناکاتەوە، بەڵکو لە باشترین حالەت، وەک ئەمرۆ دەیهێڵێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر بەرزە.

## دەربارەی: مەڕ یان کۆمەڵگای مێگەل

لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

زۆر نووسینم بەرچاو دەکەوی، گلەیی لە کورد دەکەن و لەگەڵ مەڕ یان مێگەل بەراوردی دەکەن. بەراوردکردن لەگەڵ مەڕ یان مێگەل، دەکاتە ئەوەی ئەوکەس یان ئەو گەل: بێهەڵوێستە، ڕای تایبەتی خۆی نییە، ترسنۆکە، گێلە، مێشکی سستە و باش کارناکا، جگە لەوانەی سەرەوە، مەڕ یان مێگەل، تەمبەڵە، پێویستی بە شوان هەیە و بە هەموو شتێک ڕازییە، نارەزایی یان دژایەتی پیشان نادا.

لەوکاتەی باس لە مەڕ یان مێگەل دەکرێ، دیارە مەبەست زیاتر لە کەسە حزبییەکانە، کە ناچارن فەرمانەکانی سەرەوەی خۆیان جێبەجێ بکەن. لە نووسینەکان پیشانی دەدەن، کە هەموو حزبێکی کوردی و بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، مەڕ و مێگەلی خۆیان هەیە.

هەندێک لە نووسەرانی کورد، تێڕوانینی مەڕانەیان لەسەر میللەتی خۆیان هەیە، بێئەوەی بزانن کە:

کۆمەڵگای چەوساوە و ژێردەست، کۆمەڵگایەکی تەندروست نییە و نەخۆشە. کۆمەڵگای نەخۆشیش بەرهەمی شەڕ و ناخۆشییە. کۆمەڵگای کوردەواری لە ماوەی سەدان ساڵ، لە خەباتدابووە بۆ مانەوە و لەناو نەچوون، نەک بۆ وەرگرتنی ئازادی جگە لەوە، شۆڕشە زۆر و بێکۆتاییەکان دەستیان پێکرد و شادەماری ژیانیان لێبڕی... میللەتی کورد دەمێکە سڕبووە و مووچەی پێنادرێ، شەڕی بینیوە و تاقەتی زیاتر بەرگریکردن لە مافەکانی خۆی نییە، بۆیە هەموو فەرمانەکانی سەرەوە بەنەرمی جێبەجێدەکات و تاقەتی موناقەشە و گفتوگۆی نییە، تاقەتی بەرگریکردن لەخۆی نییە و خۆیان تەسلیمی قەدەر و حزب و سەرکردەکان کردووە.

ئەو نووسەرانەی هەموو لایەک بەمێگەل بەراورد دەکەن، خۆشیان هیچ چارەسەرێکیان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ پێنییە، چونکە باش دەزانن، گۆڕانکاری بە تاک ناکرێ و بە حزبی گەورە دەکرێ، بە حکومەت و بە دەستەڵات دەکرێ... لەوانەیە کورد بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی وەک عەرەب و شیعەی دراوسێ جارێ هەرئامادەنەبیت... شیعە هەر هەموویان، گچکە و گەورە،

کیژ و کوڕ، خاوەن بڕوانامەی بەرز و نزم، سیاسەتمەدار و دەوڵەتدار...هتد، لە ڕۆژی عاشورا لە ١٠ی موحەڕەم لەبەر کارەساتێک، کە ١٣٣٧ ساڵ بەر لەئێتسا لە کەربەلا روویدایە، لەخۆیان دەدەن، ئایا ئەوانیش مێگەلن؟ تۆ دەتوانی لە میللەتت رازی نەبیت، بەڵام دروست نییە گاڵتە بە میللەتێک بکرێ، دەستەواژەی مەڕ و مێگەل، کە دەکاتە ئاژەڵ بدرێتە پاڵیان، وەک ئەوەی ئێمەی نووسەر بەشێک نەبین لە مێگەلایەتی یان لێیەوە دووربین... لەڕاستیدا، لە جیاتی تۆمەتبارکردن، باشترە بەدوای چارەسەر بگەڕێین، بەدوای دەرمانی ئەم دەردە گران و دێرینە بگەڕێین. کێدەڵێ، ئەڵمانییەکان لەسەردەمی هیتلەر، ئیتالییەکان لەسەردەمی مۆسۆلۆنی. ئیسپانییەکان لەسەردەمی فرانکۆ، ئەلبانییەکان لەسەردەمی ئەنوەر قۆجە و سۆڤییێتییەکانیش لەسەردەمی ستالین مێگەل نەبوون؟ هەموو ئەوان لەو قۆناغی ژیان مێگەل بوون چونکە، مێگەلبوون یان مێگەلنەبوون، پەیوەندی بە ژینگەی سیاسی وڵات هەیە، بە نائارامی و هەبوونی شەڕ و ناخۆشی هەیە، کە کورد پێشتر و تا ئێستاش تێیدا دەژی.

وەک لەسەرەوە نووسیم، ئەو ژینگەیەی مرۆڤ لێی دەژی، بڕیار لەسەر مرۆڤەکان دەدا، وەک مەڕ بژین یان جیاواز لە مەڕ و مێگەل بژین.

ناکرێ تۆ کوڕی میللەتێک بیت، سەدان ساڵ چەوسێندرابیتەوە، هەڕەشەی مەرگت لەسەربێت و لەماوەیەکی کورتی وەک بیست ساڵ لە مەڕەوە بۆ گورگ یان شێر بگۆڕدرێیت بەتایبەتیش، کە تۆ لە هەرێمێک دەژیت، ژیانی هەموو تاکێک دووبارە و ناخۆشە و لەمەڕ دەکا... ئەگەر کورد مەڕانە و مێگەل بژی، باوەڕناکرێ برا عەرەبە دراوسێکانمان کەڵەشیرانە بژین... بۆیە ئەگەر گلەییێک هەبی، دەبی گلەییەکە لە ژینگە بکرێ، نەک لە هاوڵاتی... نەک لە حزبەکان... هەموو میللەتێک بە قۆناغی ناخۆش و خراپی خۆیدا ڕەتبووە و هەموو کەسێک لە قۆناغی گۆڕین و پازدان، وەک مێگەل دەژین، چونکە بۆ ئەو تۆزە گۆڕانکارییە، ئەزیەت و قوربانی زۆریان بینیەوە و نایانەوێ لەدەستیان بچیت.

لەلایەکی دیکە، ئەگەر کەسێک بیەوێ وەک مەڕ یان مێگەل بژیت، با بژیت و هیچ پێویست ناکا ڕێگای لێبگیرێ... کازاخییەکان دەڵێن: ئەگەر مێگەل بەخێو نەکەیت، دەوڵەمەندی نابینیت، روس دەڵێن: بزن لەکوێبێت، مەڕیش لەوێندەرە. ئۆکراییني دەڵێن: ئەگەر مەڕ نەبیت، گورگیش ناتخوا، ئوزبێکیش دەڵێن: مەڕی چەور، تەمەنی کورتە.

## خەبات و تێکۆشان بەردەوامە

له ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ئێمه خەباتێکی هەق و جوان و ڕەوامان پەنجا و شەش ساڵ بەر له ئێستا له باشووری کوردستان دەستپێکرد، نەک لەبەر ئەوەی ئارەزوومان له خەباتێکی هەق و ڕەوا و جوان بوو، بەڵکو ناچارکراین، دەست بۆ خەباتێکی درێژخایەن ببەین، مل بدەینە بەر شۆڕشێکی هەق و شایستە، چونکه ڕێگایان پێنەدەداین جوان بژین. ئێمه دەستمان بەو خەباته کرد و داهاتووشمان نەدەبینی، بەڵام بڕوامان به سەرکەوتنێکی تەواو هەبوو، سەرکەوتنێک که شایستەی نەوەکانمان بێت و لەژێریەوە ئاسووده بژین و ژیانێکی بەختەوەر و هێمنمان هەبێ.

دەزاندرا، خەبات بێ قوربانیدان و بەرزی و نزمی نابێ، بێ برسیبوون و سەرما و گەرما نابێ، لەگەڵ ئەوەش لەسەری بەردەوامبووین و له تێکۆشان نەوەستاین و هیچ کاتێکیشمان بۆ ئەو خەباته درێژخایەنه دیاری نەکردبوو، تا دوا دڵۆپ، تا دوا هەناسە، تا سەرکەوتن، ئامادەبووین لەسەری بەردەوامبین.

خەباتی کورد بۆ چینێکی دیاری کۆمەڵ نەبوو، لەلایەن چینێکی دیاریش بەڕێوە نەدەچوو و لەسەر کەسیش ئەو خەباته تاپۆ نەکرابوو، بۆیه هەموو کوردێک ئەو خەباتەی به خەباتی خۆی لەقەڵەم دەدا، چەکی شەرەفی شۆڕشی دەخستە شان و لەلایەن جەماوەری تێکۆشەر وەک هەڵۆ سەیر دەکرا و پێشوازی لێدەکرا.

سی ساڵ دوای یەکەم بڵێسەی شۆڕش و یەکەم بڕیاری بەردەوامبوون له خەباتی درێژخایەن، یەکەم هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، یەکەم حکومەتی کوردی ڕاگەیێندرا، یەکەم هەنگاو بۆ سەربەخۆیی دەستی پێکرد و یەکەم جاریش بوو هاوڵاتییانی کوردستان هەناسەی ئازادییان هەڵمژی، هەناسەیەک لەگەڵ کات هەموو جومگەکانی ژیانی گرتەوە...

تا پێش ماوەیەک، لەو بڕوایه دابووین، ئەو خەباتەی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەمێکبوو دەستمان پێکردبوو، به ئامانج گەیشتین،

بەڵام مێژوو پیشانی دا، هێشتا بۆ سەرکەوتن ماوە و دەبی بەهەمان هەناسەی پێشتر لەسەری بەردەوام بین، دەبی جۆری خەبات بگۆڕین و لە پێش هەمووشیانەوە یەک دەست و یەک دڵ بین و تەبایی لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵ دروست بکەین و بپارێزین، چونکە هێز و سەرکەوتنی کورد لە یەک ڕیزی دایە.

پێش کۆتایی هێنان بەم گوتارەم، دەبی ئەوەش بنووسم، زۆر ئاسانە بۆ ئێمە، ڕەخنە لە هەڵوێست و کارەکانی دوێنێ و پێرێ و ساڵێک بەر لە ئێستای حزب و لایەنەکانی کوردی بگرین، لەڕاستیدا هیچ پێویستیش ناکا، لە سیاسەت شارەزا و پسپۆربین، بۆ ئەوەی تێبگەین، دەرەنجامی هەڵوێست و هەنگاوەکان ڕێک و دروست بوو یانیش کەموکورتییان هەبوو، بەڵام ئەوەی ئێمە نایزانین، ناکرێ بە چاوی ئەمڕۆ لە دوێنێ و پێرێ و ساڵێک بەر لەئێستا بڕوانین، بە هەمان شێوە، کە ناتوانین  بەیانی و دووبەیانی و ساڵی داهاتوو ببینین.

ئێمە ئەوەش باش نازانین، کە خەباتمان بۆ پرسێکی زۆر هەق و ڕەوا کرد و وامان دەزانی، پاپۆڕمان بۆ لەنگەر بردووە، نەمان زانی ئەو خەباتە تێکۆشانی زیاتری دەوێ، قوربانی زۆرتری دەوێ. قوربانی زۆرتر، تێکۆشانی زیاتر، قەت کوردی نەترساندووە و لە شۆڕش سڵی نەکردۆتەوە و ماندووی نەکردووە، کە هیچ پێویست بە سەلماندن ناکا، دۆست و دوژمن بینیویانە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بخشێنین، تێدەگەین، لەم شۆڕشە یەک لەدوای یەکانەی کوردستان وانەیەکی زۆر گرنگ فێربووین: ئارەزووی کورد بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، تا ئێستا، هیچ هێزێک نەبووە بتوانی پێشی بگری، بۆیە خەبات تا سەرکەوتن بەردەوامە، چونکە هەقە، لە هەقیش ڕووبار دەوەستێ و ئاسن دەتاوێتەوە...

## دەربارەی: شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا (١٩١٧)

لە ٥ی نۆڤێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

سەد ساڵی ڕێک بەر لە ئێستا لە ٢٤ – ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە تەقویمی روسیای کۆن و ٦ – ٩ی نۆڤێمبەر بە تەقویمی نوێ لە شاری پێتربوورگ شۆڕشێکی چەکداری و جەماوەری دژ بە سیستێمی حوکمڕانی و حکومەتی کاتی بورژوا لە روسیا سەری هەڵدا... ئەم شۆڕشە درێژەی شۆڕشی شوبات بوو، کە تێیدا حکومڕانی چەندین سەدەی ڕۆمانۆڤ بە گرتن و ڕەمکردنیان لە ١٧ی تەموزی ١٩١٨ کۆتایی هات.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ئەدەبیاتی روسی بە: (شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن) و لای هەندێکیش بە کودەتای ئۆکتۆبەر ناوبانگی دەرکردووە. ئەم شۆڕشە جەماوەرییە، سیستێمی سۆسیالیستی و دەسەڵاتی سۆڤێتی، کە دەکاتە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کرێکاران و جوتیارانی لە ناو خاکی یەکێتی سۆڤێت چەسپاند، بەو هیوایەی لە داهاتوو بە کۆمۆنیزم بگەن.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن، لەئەنجامی کۆنفلیکتەکانی ناوەوەی روسیا، کە نیو سەدە پێشتر لەسەریەک کەڵەکە بووبوون ڕووی دا.

لەکاتی گرتن و لادانی قەیسەر، لینین لە وڵاتی سویسرا دەژیا و لەوکات حکومەتی ئەڵمانیا هاوکاریکرد، کە بۆ روسیا بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کەشوهەوای سیاسی هێور بکاتەوە و روسیا بەرەو سەقامگیری ببا. لینین بە ڕێگای سوید و فینلاند لە ١٦ی نیسانی هەمان ساڵ گەیشتە شاری پێتربوورگ و هەزاران کەس لەپێشوازیدابوون. لینین لە خوتبەکانی بەڵێنیدا، بە بردنەوەی شۆڕش، لە جەنگی یەکەمی جیهانی دێنە دەر، کرێکاریش نابی لە هەشت کاتژمێر زیاتر کار بکا. بەو دروشمانە، لینین پشتیوانی زۆری بەدەست هێنا و بە بردنەوەی هەردووک بەڵێنی بەجێگەیاند. زیانەکانی لەشکری روسی لە بەرەکانی یەکەم جەنگی جیهانی، برسیبوون و سەرمای زۆر، ئەوەندی دیکە ورەی خەڵک و لەشکری دابەزاند و زیاتر لە بەلشەویکەکانی نزیک کردنەوە.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا دەستیپێکرد، ئەگەر لەلایەن حکومەتەکانی ئەوکاتی ئەوروپا پێشی نەگیرابا، بەدوور نازاندرا پڕوشکی بۆ زۆر وڵات

بچێت. هەر بۆ نموونە: لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەڵمانیا Rosa Luxemburg و لە هەنگاریا Bela Kun شۆڕشیان دژ بە حکومەتە بورژواکانی خۆیان هەڵگیرساند. هەردووکیان زوو کپکرانەوە.

بە سەرکەوتنی بەلشەویک وڵات بۆ دوو بەرە (سپی و سوور) دابەشکرا و شەڕێکی خوێناوی زۆر گەورە بەرۆکی روسیای گرت. ئەم شەڕە لە ئەدەبیاتی روسی بە: (شەڕی ناوخۆ) ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ١٩١٧ دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٢٢ کۆتایی پێهات. حزبی بەلشەویک - سوورەکان (پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییێت)، بەهیچ شێوەیەک دەستەڵایان لەگەڵ هیچ حزب و لایەنێک دابەش نەدەکرد و بە تاک حزبی دەیانویست، وڵات بەڕێوەببەن. لەشکری سپیش نوێنەرانی سۆسیالیست و مۆنارخ و کۆمارەکانی تێدابوو و هەموویان دژ بە کۆمۆنیستەکان یەکیان گرتبوو. وڵاتانی رۆژئاوا بە ئاشکرا پشتیوانی بەرەی سپییان دەکرد و یارمەتییان دەدان.

لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ، کە هەندێک سەرچاوە بەسەر شەش قۆناغ و هەندێک سەرچاوەی دیکە بەسەر چوار قۆناغ دابەشی دەکەن. هەر بۆ نموونە: قۆناغی یەکەم لە ١٩١٧- ١٩١٨ لە پێترۆگراد، مۆسکۆ، بایکاڵ لەگەڵ دانوی گرتەوە، لە ماوەی پێنج ساڵ، نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە برسان، لەبەر نەخۆشی یان بەهۆی شەڕی ناوخۆ کوژران و مردن.

سەرچاوەی دیکە هەن زیانەکانی شەڕی ناوخۆ بە ١٢ - ١٣ ملیۆن دەخەملێنن، بەڵام زۆربەیان بە نەخۆشی و لەبرسان مردوون و نزیکەی دوو ملیۆن روسیش ناچاکران وڵات جێبێڵن و روو لە هەندەران بکەن.

بە تەواوبوونی شەڕی ناوخۆ، لینین شێوەی دروستکردنی یەکێتی کۆمارەکانی سەربەخۆی دامەزراند و ئەو پێشنیاری دروستکردنی حکومەتێکی تازەی بەناوی: (یەکێتی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤییێتی) کرد، کە هەموو کۆمارەکان بەیەکسانی و وەک برا تێیدا بژین. لە دێسێمبەری ١٩٢٢ لە کۆنگرەکانی حزب لە شارەکانی مۆسکۆ، ئۆکراینا، روسیای سپی هەروەها کۆنگرەی ١٠ی پارتی کۆمۆنیستی روسیا، پێکهاتن لە سەر شێوەی تازە بۆ دروستکردنی یەکێتی سۆڤییێت. لە ٣٠ی دێسێمبەری ١٩٢٢ یەکەم کۆنگرەی سۆڤییێتییەکان لە مۆسکۆ بەسترا و بەیانی دروستکردنی یەکێتی سۆڤییێتییان بەجیهاندا بڵاوکردەوە.

له پایزی هه‌مان ساڵ، لێنین به سه‌ختی نه‌خۆش که‌وت. لێنین له یه‌کی کانونی دووی ١٩١٨ به سووکی بریندار کرا، هه‌ر له هه‌مان ساڵ و له ٣٠ی ئاب جارێکی دیکه بریندار کرایه‌وه و ئه‌مجاره‌یان برینه‌که‌ی گرانتر بوو، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش زوو چاکبۆوه. له دوو ساڵی داهاتوو، لێنین زۆر نه‌خۆش که‌وت و سێ جه‌ڵته‌ی سووک لێیدا و جه‌ڵته‌ی چواره‌م، له ٢١ی کانوونی دووی ١٩٢٤ کوشتی.

پاش مردنی لێنین، ستالین توند و به‌ربه‌ریانه وڵاتی به‌رێوه‌برد، له‌ماوه‌یه‌کی کورت هه‌موو نه‌یاره‌کانی خۆی گرت یان کوشت و ئه‌وانه‌ی دیکه‌ش وڵاتیان جێهێشت. گرتن و کوشتنی هاوڵاتییان سۆڤییێتی به ئاشکرا و نهێنی له ساڵه‌کانی ١٩٣٧ – ١٩٣٨ گه‌یشته لوتکه و ئه‌کادێمیای روسی له ئه‌ده‌بیاتی خۆی به تێرۆری گه‌وره (به‌لشۆی تێرۆر- Большой террор) ناوی ده‌بات. به گوێره‌ی به‌ڵگه‌کانی НКВД - NKVD (پۆلیسی نهێنی ناوه‌وه) ته‌نیا له‌م دوو ساڵه ١٥٧٥٢٥٩ که‌س گیران و له‌ناو ئه‌وانه‌ش ٦٨١٦٩٢ که‌س گولله باران کران. به‌مشێوه‌یه له ١٩٣٠ – ١٩٣٩ نزیکه‌ی دوو ملیۆن و ٨٠٠ هه‌زار که‌س گیران و کوژران. هه‌موو ئه‌وه‌ش به یارمه‌تی یاسایه‌ک، که له ساڵی ١٩٣٧ به‌ناوی: (خه‌بات دژ به دوژمنانی گه‌ل و جاسوسانی حکومه‌ته ئیمپریالیسته‌کان) گرتن و کوشتن و دوورخستنه‌وه‌کان ئه‌نجامدران.

له کۆتایی ١٩٣٩ ژماره‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی له ئۆردوگا زۆره‌ملێکان و به‌ندیخانه‌کان به‌هۆکاری سیاسی گه‌یشتبووه ٩ ملیۆن، که له ساڵی ١٩٢٨ ژماره‌یان ته‌نیا ٣٠ هه‌زار که‌س بوو. ته‌نیا له‌نێوان ١٩٣٧ – ١٩٣٨ له سۆڤییێت ٦١٪ ته‌واوی ئه‌فسه‌ره‌کانی له‌شکری سۆڤییێتی و پۆلیس شوێنبزر کران.

له شۆڕشی جه‌ماوه‌ری سۆسیالیستی، چاوه‌ڕێ ده‌کرا به‌رگری له ژیان و به‌رژه‌وه‌ندی جوتیار و کرێکار و چه‌وساوه‌کانی جیهان بکرێ، گه‌لانی ژێرده‌ست ڕزگار بکا، له‌ماوه‌یه‌کی که‌م ستالین و سه‌رکرده‌کانی دوای ئه‌و له پره‌نسیپه‌کانی مارکسی – لێنینی په‌شیمان بوونه‌وه و به‌دوای به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی خۆیان و سۆڤییێت ده‌گه‌ڕان، په‌یوه‌ندییان له‌گه‌ڵ حکومه‌ته‌کانی دیکتاتۆری جیهانی به‌هێزکرد و گه‌لانی ژێرده‌سته‌ی وه‌ک کوردیان کرده قوربانی، جگه له‌وه له‌دوای دووه‌مین جه‌نگی جیهانی، شه‌ڕی

سارد دەستی پێکرد و جیهان بەسەر دوو بەرە دابەشکرا، لایەک ئەمریکا لاکەی دیکەش یەکێتی سۆڤییێت سەرکردایەتی دەکرد، کە تائێستاش بەردەوامە و نەتواندرایە کۆتایی پێبهێنن.

تەمەنی یەکێتی سۆڤییێت نزیکەی ٧٠ساڵ بوو و پێش ڕووخانی لە ٢٦ی دێسێمبەری ١٩٩١ لە ١٥ کۆمار و ٢١ هەرێمی ئۆتۆنۆم پێکهاتبوو.

## دەربارەی: زستانی روسیا و ئاسۆیەکی گەش

له ١٢ی نۆڤێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

زستانەکانی روسیا یەکجار ساردبوون و هەموو شتێک لە دەرەوە دەیبەست. لەم نووسینە، مەبەستم زیاتر زستانی شارەکانی مۆسکۆ و پیتربوورگە نەک ئۆرال و سیبیریا، کە زۆرجار پلەی ساردی دەگاتە خوار پەنجا و هەندێک جار هێشتا نزمتریش دەبێتەوە. من پێش مۆسکۆ چەند زستانێکی سویدم بینیبوو، کە ئەوانیش زۆر ساربوون و تا نزیک ٣٠ ژێر سفر دەرۆیشتن. لەوکاتەی پلەی گەرما بۆ ژێر سفر دەڕوا دەبەستێ، چەند زیاتر ژێر سفر بێت، ئەوەندە ساردترە، چەند بەرەو باکوریش برۆین، دیارە بەفر زۆرترە و زستان سەختتر دەبی... برادەرێکم پانتۆڵێکی کابۆی خۆی لە مۆسکۆ شوشتبوو، بۆ وشکبوونەوەش لە بالکۆن لەسەر ڕستەیەک هەڵیواسیبوو، بەیانی هێنابوویەوە ژوور، ویستبووی قەدی راست بکاتەوە، پانتۆڵەکەی شکا، چونکە بەستبووی.

زستانی ١٩٨٧ی مۆسکۆم بە ئاسانی دێتەوە بیر. کچێکی زۆر جوان، لە نزیک پەیمانگای فێربوونی زمانی روسی، سندوقێکی گەورەی لەسەر شەقام دانابوو و دۆڵدرمەی دەفرۆشت. هەموو زستانەکە، خەڵکم دەبینی بۆ کڕینی دۆڵدرمە لە سرە دەوەستان. من لەوە تێنەدەگەیشتم، ئاخر بەو چلەی زستانە، کە پلەی ساردی نزیک ٢٥ی ژێر سفرە، چۆن ئەو دۆڵدرمەیان بۆ دەخورێ؟ بڕیارم دا تاقیبکەمەوە و وەک هەموو ئەوانەی دیکە جارێک لە سرە وەستام و دۆڵدرمەیەکم کرێ. من چاوەڕێی پارچە سەهۆلێکم لەناو دەمم دەکرد، کەچی هەستدەکەم، دۆڵدرمە نەرمە و ناودەمی گەرم کردمەوە... هەستێکی زۆر سەیربوو، تا تاقی نەکەیتەوە تێناگەیت.

لە پیتربوورگ هەر لەوکات، ساڵانە بەلای کەم پێنج مانگی زستان هەموو شتێک دەیبەستا، ئێستاش لەبیرناکەم، کە چۆن ئەوجار کۆتایی نیسانە و وەک سەدان کەسی دیکە بەسەر ڕوباری نێڤە (لە شوێنی پەڕینەوەمان بەرینی نزیکەی ٢٠٠ مەتر بوو) لە ناوەراستی سەنتەری پیتربوورگ لەگەڵ چەند برادەرێک بە پێ پەڕینەوە... ژێر پێمان، فڵتە فڵتی لێدەهات و شەختەی سەر ڕووبار خەریکبوو دەتوایەوە، شوێنی بوت و

پۆستاڵەکان ۲۰ سم قووڵبووبوو، دیسان خەڵک نەدەترسان و هەر دەپەڕینەوە... من لەو پەڕینەوەم تا سەرئێسقان پەشیمانم و هەرجارێک دێتەوە بیرم، زەندەقم دەچیت و لە هەمان کات و ترس دەژیمەوە، چونکە ئەگەر شەختەی سەر ڕووباری نێڤە لەژێر پێمان یان بەهۆی شەپۆلێکی چاوەڕێنەکرا و بشکابا، کارەسات ڕوویدەدا و هەرکەسێک بکەوتبا ناو ڕووبار ئەگەر نقومیش نەبووایە، لەماوەی چەند خولەکێک لە ساردییان دەمرد و دڵی دەوەستا. لە دەریاکەی نزیک بەشی ناوخۆمان (دەریای باڵتیک) شەختەکە ئەوەندە ئەستووربوو، دەیان ئۆتۆمبیلی گەورە و بچوکم دەبینی پێشبڕکێ و یارییان لەگەڵ یەکتر لەسەر ئەو شەختە ئەستوورە دەکرد و کاتی خۆشیان بەسەر دەبرد.

ئەگەرچی زستانەکان ئەوەندە ساردبوون، بەڵام خانوو و ژوورەکان بەهۆی سۆبا زەیتییەکان گەرمبوون و کەس لە ژوورەوە سەرمای نەدەبوو، هەروەها بۆ دەرەوەش خەڵک جلی زۆر گەرمی لەبەر دەکرد و هیچ کێشەیەک نەبوو. بەڵام جگە لە جلی گەرم و پاڵتۆیەکی ئەستوور، دەبوایە دەستەوانە و ملپێچ و کڵاویش لەسەر هەبێت.

زستانەکانی ئەوکات، نەک هەر دەرەوە بەڵکو ناو زۆربەی پاسەکانیش دەیبەستا. ئێمە جارێ زۆر شارەزا نەبووین و نەماندەزانی لەکوێندەرین یان چەندمان بۆ شوێنی مەبەست ماوە. بۆ ئەوەی بزانین لەکوێندەرین، پەنجەوانەمان لەدەست دەکردەوە، ناولەپمان لەسەر جامی پاس دادەنا، پاش نزیکەی ۱۵ – ۲۰ چرکە شوێنی ناولەپمان دەتوایە و دەرەوەمان بە لێڵی دەبینی و دەمانزانی لەکوێندەرین.

ئەوەی سەرەوە ژیانی ئێمە لە روسیا بوو، ئێستا بیر لە ژیانی بیست ساڵی ڕابردووی کوردستان دەکەمەوە، دێتە بیرم هەرجارەی شانسێک بۆ کورد هاتبێتە پێش دەرکەوت، وەک پێویست سوودی لێوەرنەدەگیرا و زۆربەمانی خەمبار دەکرد، بەڵام زۆری نەدەبرد، شانسێکی دیکەی لەوەی پێشتر گەورەتر و باشتر میوانمان دەبۆوە... بەمشێوەیە ڕاستە بەرزی و نزمی هەبوو، بەڵام شانسەکان بەردەوامبوون و کوردیان بەتەنها جێنەدەهێشت.

چەند ڕۆژێکە هەستدەکەم بۆ کورد کۆتایی ژیان و خەبات نییە و شانسی دیکە بەڕێوەن. ئەگەر بیر لە زستان و پاسەکانی پێتربوورگیش

بکەمەوە، بیر لە شێوەی بینینی دەرەوە و شوێن و پێگەمان لە هاوکێشە جیهانی و ناوچە بکەمەوە، نازانم بۆ یان چۆن، دیویێکی دیکەی کوردستان بە ڕوونی دەبینم، کە زۆر جوانە و خەڵک ئاسوودە دەژی. من ئەوەش دەبینم، هەر گۆڕانکارییێک لە ناوچەکە بکرێ، ئێمە بەشدارین و خەرمانی ٥٠ساڵی خەبات و تێکۆشانمان دەدوورینەوە، چونکە لەم کاتە ناسکە لێم ئاشکرایە، نە خودای گەورە و نە زلهێزەکانی جیهان، کورد بەتەنها جێناهێڵن.

## هەڵسەنگاندن بۆ فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی (ETYMOLOGY)

لە ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەری (K24) بڵاوکرایەوە

لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ یەکەم جار لە مێژووی زمان و ئەدەب و فەرهەنگنووسی کوردی، برای بەڕێزم عەلی نانەوازادە بەرگی یەکەمی (فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی) پیتەکانی (ئا - ب) بە ٦٩٢ لاپەرە بە قەبارەی X١٦ ٢٤ لە ستۆکهۆڵم چاپکرد. ئەم فەرهەنگە لە شەش بەرگ پێکدێت و هەر بەرگێک نزیکەی ٧٠٠ لاپەڕەیە و هەمووی بەیەکەوە نزیکەی چوار هەزار لاپەڕە دەکا.

فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی، یەکەم فەرهەنگی کوردییە، بایەخی بە ڕیشە و پێشینەی وشە و دەنگەکانی کوردیی دەدات و پێناسەیەکی تێر و تەسەلیش لە سەر مانای وشە بە خوێنەر دەدا، هەروەها وەڵامی: ئەو وشەیە لە کوێ ڕا هاتووە؟ خۆمانەیە یا بێگانە؟ ئەگەر بێگانەیە، ڕاستەوخۆ هاتووە یا ناڕاستەوخۆ؟ ئەگەر خۆمانەیە بنچ و بناوانی لە کوێوەیە؟ فەرهەنگ وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەداتەوە.

گرنگی ئەم کارە لەوەدایە، کە جاری یەکەمە و پێشتر کەس لەمجۆرە فەرهەنگەی چاپ نەکردووە. لەڕاستیدا لە مێژووی فەرهەنگنووسی جیهانیش ئەم زانستە کۆن نییە و بۆ نزیک ٢٠٠ ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە.

گرنگی نووسین و بەچاپگەیاندنی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی لەوەدایە، کە جگە لە کەسانی پسپۆر یان ئەوانەی کار لەسەر ڕیشەی زمان یان زمان بەشێوەیەکی گشتی دەکەن، جەماوەرێکی فراوانیش لە نووسەر و توێژەر و ڕۆژنامەنووسان هەروەها قوتابییانی کۆلێژ و بەشەکانی زمان و ڕاگەیاندنیش دەتوانن بۆ توێژینەوە و نووسین و تێرکردنی بەرهەمەکانیان سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتیش بۆ کاتێکی وەک ئێستا، کە هەندێک لە نووسەرانی کورد، دەیانەوێ ڕیشەی وشەی زمانی کوردیی بزانن و کەمتر و کەمتر وشەکانی عەرەبی، فارسی یان تورکی بەکاربێنن. ئەوان هەوڵدەدەن بەزمانێکی کوردی پەتی بەرهەمیان بدەنە دەست خوێنەرانیان.

فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی، بۆ کاتێکی وەک ئێستا زۆر پێویستە، تا زانکۆ و پەیمانگاکان بتوانن نەوەیەک پەروەردەبکەن، وشەی زۆری زمانی کوردی بزانێت و بە کوردییێکی ڕەوان بنووسێت، هەروەها ئەکادێمیای کوردی وەک بناغەیەک پشتی پێببەستێت و لە داهاتوو بتوانی کاری لەسەر بکات و فراوانتری بکا.

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێیکرد، ئەم کارەی عەلی نانەوازادە نوێیە و لە کوردی هاوتای نییە، بۆیە و ناتواندرێ و ناکرێ لەگەڵ هیچ فەرهەنگێکی کوردی پێشخۆی بەراورد بکرێ، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر لاپەڕەکانی هەڵبدەینەوە و لەگەڵ فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی سویدی یان ڕوسی بەراوردی بکەین، دەبینین ئەو فەرهەنگە کوردییە، لە ئاستێکی زانستی زۆر بەرزدایە و جێگای شانازییە، کە کورد لە کۆتاییدا بووە خاوەنی فەرهەنگی ڕیشەی خۆی، ئەگەرچی کاری یەک کەسیشە.

مێژووی نووسین یان کارکردن لەسەر ڕیشەی زمان لە جیهان لەڕاستیدا، بۆ سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، لەوکاتەی ئینگلیز هیندستانی داگیرکرد، کۆمەڵێک زمانزان و زانا و ڕووناکبیر، خەریکی فێربوونی زمانی سانسکریت و دەقەکانی دینیی بوون، هەندێک بەتایبەت ئەوانەی زمانی یۆنانی کۆن و لاتینییان دەزانی، بۆیان دەرکەوت، کە نزیکایەتییەک دەنێوان زمانی سانسکریت و زمانانی ئەوروپیدا هەیە. پاشان خەریکی ئەوێستاش بوون، بۆیان دەرکەوت کە خزمایەتییەکی زۆر نزیک دەنێوان زمانانی کۆنی هیندیی و ئێرانیی و ئەورووپایی دا هەیە.

William Jones دەنووسێ: زمانی سانسکریت، کە مێژوویەکی کۆنی نادیاری هەیە زۆر سەیر هەڵکەوتووە، لە یۆنانی کامیلتر و لە لاتینی پڕوشەتر و لە هەردووکیان پەتیترە. سەرەڕای ئەوانە وێکچوونی دەگەڵ ئەو دوو زمانە هەم لە بابەت و ڕیشەی وشەکانەوە و هەم لە بابەت و ڕێزمانەوە لەوە پترە کە بە هەڵکەوتی دابنێین. دەڕاستیدا، ئەو وێکچوونە ئەوەندە زۆرە کە هیچ زمانناسێک ناتوانێ هەرسێکیان هەڵبسەنگێنێ و بەو ئاکامە نەگا کە ئەم سێیانە لە سەرچاوەیەکی هاوبەشەوە هەڵقۆڵیون کە لەوانەیە ئیمڕۆکە نەمابێ.

(کتێبی: The Sanscrit Language)، James Parsons یەکەم زانابوو، مەسەلەی خزمایەتی زمانانی ئەوروپایی و ئاسیایی هێناگۆڕێ و لە ساڵی

١٧٦٧ له کتێبێک چاپیکرد، هەروەها وشەی هیند و ئەورووپایی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨١٣ لەلایەن Thomas Young داهێندرا.

نووسەر لە پێشەکی ئەم فەرهەنگەی دەنووسێ: دەو فەرهەنگە دا هەوڵم داوە بە کردنەوەی پەیوەندیەک بۆ هەر وشەیەکی سەرەکیی، بە پێی توانا و ئیمکان زانیاریی سەر بەم وشەیە کۆ بکەمەوە و بە ڕێکوپێک کردنی ڕەوتی مێژوویی وشەکە لە کۆنەوە بۆ سەردەمی نوێ و خۆ پاراستن لە کورتکراوە بۆ ناوی زمانەکان، لێکدانەوەکان ڕوونتر بکەمەوە وەها کە خوێنەریش بتوانی بەشداری بابەتەکە بێ.

عەلی نانەوازادە، پێش نووسین و بەچاپگەیاندنی فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی، فەرهەنگی هەرمانی بە دوو بەرگ لە ساڵی ٢٠٠٥ لە هەولێر چاپکرد، هەروەها کۆمەڵێک کتێبی بەناوەکانی: سەد غەزەلی مەولانا، توحفەی موزەفەرییە، تاجی سەری عارفان - شیبلی، سوڵتانی عارفان – بایەزیدی بەستامی، وەهای گوت زەردەشت، کتێبی چیرۆک و چەند دیوانێکی شیعریشی هەیە...

بۆ ئەوەی باشتر لە فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی (ETYMOLOGY) بگەین، لەخوارەوە وشەی (ئاوس) ل. ١٩٤ – ١٩٥ بۆ ئێوە وەک خۆی دەنووسمەوە.

**ڕیشەی وشەی ئاوس**

ئاوس دە ئێستای زمانی کوردیی دا وشەیەکی سادەیە کە بە بەش و پاری بچوکتر دابەش ناکرێ و پتر بە مانای حەیوانی گوانداری زگپڕ دێ. هەروەتر هاوتا و هاومانای ئەم وشەیە دە زازایی و هەورامیی دا بە شێوەی ئاور یا ئاورە دەردەکەوی.

چەند پرسیارێک سەر هەڵدەدەن وەک: ئاخۆ ئاوس وشەیەکی سەرەکییە و مانایەکی زاتیی هەیە یا ئەو مانایەی بۆ ساز کراوە؟ یان ئایا دوو وشەی ئاوس و ئاور یەک سەرچاوەیان هەیە؟ یان ئاخۆ دەنگی */س/* و */ر/* ئاڵوگۆڕیی و جێگۆڕکەیان دەگەڵ یەکتر هەیە؟

ڕیشەناسیی و فۆرمناسیی ئەو ئیمکانەمان پێ دەدا کە بە سانایی کۆدی ئەم قفڵە بشکێنین و وڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزینەوە و هاوکات کۆمەڵێک بابەتی نوێشمان دەست بکەوێ و کۆمەڵێک پرسیاری نوێش سەر هەڵبدەن.
ئەم وشەیە دە پێنج زاراوەی کوردیی دا بە سەر دوو فۆرم دا دابەش دەبێ.

زاراوەی باکووریی: ئاڤس āvıs
زاراوەی ناوەندیی: ئاوس āwıs
زاراوەی باشووریی: ئاوس āwıs
هەورامیی: ئاور āwır
زازایی: ئاور āwır

بە پێی سەرچاوەکانی ڕیشەناسیی، هەردووک فۆرمی ئاوس و ئاور درێژە پێدەری ڕیشەی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەری باپیرەی ئێمە یانی وشەی پرۆتۆئێرانیی ئاپوثرە āpuϑra یە کە دە ئەوێستایی و مادییش دا هەر بەم شێوەیە بووە.

زوو دەردەکەوێ کە:

ئاپوثرە ā-puϑra وشەیەکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە: پێشگری کارای ā کە دە کۆمەڵێک وشەی دیکەش دا دەبینرێ بەڵام دە ئێستای زمانی کوردیی دا ئەم پێشگرە برەوی نەماوە و ناکارایە + وشەی پوثرە puϑra بە مانای پس، کوڕ، منداڵ، پز، بێچوو؛ کە ئەم وشەیەش بە نۆرەی خۆی لە ڕەگی pū بە مانای گچکە، بچوک، کەم، کەوتووە. کە بە گشتیی ماناکەی یانی بێچوو یا منداڵی نێو پزدانی مێینە کە بۆ مرۆڤ و گیاندار بە کار هاتووە.
وشەی āpuϑra لە درێژەی سەفەری بۆ قۆناغی میانەی زمانی کوردیی بە دوو ئاراستە دا تێدەپەڕێ کە دوو فۆرمی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە:

١- دە کرمانجیی سەروو و خواروو دا:

پاری پرۆتۆئێرانیی /ϑr/بە/s/ گۆ دەکرێ و هاوکات دەنگی کۆتایی /a/ دەسوێ یا دەقرتێ و فۆرمی ئاپوس āpus جێگر دەبێ. یانی: āpuϑra → āpus

وشەی ئاپوس -یش لە درێژەی سەفەری بۆ قۆناغێ نوێ و ئەمڕۆیی دە سێ زاراوەی باکووریی و ناوەندیی و باشووریی کوردیی دا دەنگی /p/ دە زاراوەی باکووریی دا بە /v/ گۆ دەکرێ و دە زاراوەی ناوەندیی و باشووریی دا بە/w/ ، یانی: فۆرمی ئاووس āwus کە ئەم وشەیەش بە نۆرەی خۆی نزیک سەد ساڵێکە دەنگی /u/ بە بزرۆکە /ɪ/ دەنووسرێ و دەردەبڕدرێ، کە بە گشتیی یانی:

āpuϑra → āpus → āwus → āwɪs

ئاوس → ئاووس → ئاپوس → ئاپوثرە

٢- دە هەورامیی و زازایی سەردەمی میانە دا:

پاری پرۆتۆئێرانیی /ϑr/بە/r/ گۆ دەکرێ و هاوکات دەنگی/a/ ی کۆتاییش دەپارێزن یانی فۆرمی āpura کە ئەویش بە نۆرەی خۆی هەروەک کرمانجیی دەنگی /p/دەگۆڕن بە/w/ ، یانی:

āpuϑra → āpura → āwura → āwɪra → āwɪr

ئاور → ئاورە → ئاوورە → ئاپورە → ئاپوثرە

دەرکەوت: سەرچاوی هەردووک وشەی ئاوس و ئاور یەک بووە و پاشان لە سەردەمی میانە بە دوو ئاراستەی جیاواز دا ڕۆیشتوون و دوو دەنگی /س/ و /ر/ چ ئاڵوگۆڕیان دەگەڵ یەکتر نییە بەڵکە ئەو دوو دەنگە جیاوازە، پاشماوەی گۆڕانی پاری پرۆتۆمادیی یا پرۆتۆئێرانیی /ثر/ ن و هەندێک بابەتی دیکە کە دەکرێ بیری لێ بکەنەوە.

## دەربارەی: کۆنفرێنسی ژینگە لە بۆن (خەمی هەمووان)

**United Nations Climate Conference**

لە ٢٦ی نۆڤێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە ٦ ی نۆڤێمبەری ئەمساڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە بۆن، کۆنفرێنسێکی تایبەت بە ژینگەی سەرپەرشتیکرد، کە تا ١٧ مانگ بەردەوام بوو. ئەم کۆنفرێنسە یان کۆبوونەوە گرنگە تایبەت بە ژینگە ساز کرا، پاش ئەوەی داتای تازە لەلایەن زانایان لەسەر پیستربوونی ژینگە لەوەی چاوەڕێ دەکرا دەستکەوت بڕیاری بەستنی درا. هەر لەو کۆبوونەوەیە، سەرکردە و نوێنەرانی ٢٠٠ دەوڵەت و نەتەوە تێیدا بەشداربوون، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن، چۆن بتوانن ژینگە بە پاکی یان وەک ئەوەی ئێستا هەیە بپارێزن. داتاکان پیشانی دەدەن، کە چۆن هەوا لە ٢٠١٤وە بۆ ماوەی سێ ساڵ جێگیربووە و دواتر لەناکاو پیستر بووە.

لەم کۆنفرێنسە ڕاپۆرتێکی گرنگی ژینگەناسان بەناوی: (دە فاکتەی زانستی، مرۆڤ دەبی بیانزانی) باسی لێوەکراوە. ئەم کۆنفرێنسە لەڕاستیدا، درێژەپێدانی کۆنفرێنسی پاریسە، کە لە ساڵی ٢٠١٥ بەسترا و وڵاتانی بەشداربوو بەیەکەوە ئامانجێکیان بۆ خۆیان دیاریکرد، کە پلەی گەرمی لە جیهان تا کۆتایی ئەم سەدەیە نابی بە ڕێژەی ٢٪ زیاتر بەرزبێتەوە و کاریش بۆ ڕێژەی ١،٥٪ بکرێ. کورتەی چەند خاڵێکی (دە فاکتەی زانستی...) دەنووسین:

١- زانایانی جیۆلۆجی لەو بڕوایەدان، جیهان ئێستا لە قۆناغێکی تازەی جیۆلۆجی دایە و پلەی گەرما زیاتر بەرزدەبێتەوە و هۆی سەرەکیشی بۆ ئەو بەرزبوونەوەیە مرۆڤە.

٢- زەمین بە شێوەیەکی گشتی لە قەیرانێکی گەورەدایە و بەتایبەتیش بەستەڵەکی باکوور و دارستانەکانی ئەمەزۆن.

٣- گەردەلولەکانی ٢٠١٧ پیشانی دەدەن، لە داهاتوو لافاوی زیاتر هەڵبستن.

٤- ئاستی ئاوی دەریا بەرزدەبێتەوە.

٥- وڵاتانی هەژار دەبی پارەی زۆر بدەن، کە بارگرانییێکی گەورەیە بۆیان و ژینگەشیان کەم پیسکردووە.

٦- ژینگە پیسی کاریگەری زۆر خراپی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبیت و بەرهەمی خواردنیش کەم دەکاتەوە.
٧- لە ساڵی ٢٠١٥وە نزیکەی ١٩ ملیۆن کەس لەبەر کارەساتی سروشتی گەورە ناچاربوون کۆچ بکەن و بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە.

وڵاتی چین هۆی سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە و بە ڕێژەی ٣.٥٪ غازی پیس دەردەکا و بە ڕێژی ٣٠٪ غازی پیسی هەموو جیهان لە چین دەردەکرێ. جگە لە چین لە هیندستانیش دەرکردنی غازی پیس زیادی کردووە، لە هەمان کات لە ئەمریکا و ئەوروپا کەمتر بۆتەوە.

Carbon dioxide زۆر لەناو زەوی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر Carbon dioxide زیاتریش بەرەڵلا یان بەرهەم نەهێنین، کەشوهەوا دیسان یەکسەر فێنک - پاک نابێتەوە. چەند زیاتر کات بڕوا، ژینگە خراپتر دەبی و دەرەنجامەکەشی دەبی بۆ ماوەی سەدان ساڵ لەگەڵی بژین.

هەرچەندە سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترامپ بڕیاری دا لە پێکهاتنی پاریس بکشێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە، کۆمەڵێک ویلایەت و پارێزگا بڕیاریانداوە نەچنە دەرەوە و لەسەری بەردەوامبن.

ئەگەر بەشداربووانی کۆبوونەوە نەتوانن بڕیارەکانی کۆنفرێنسی پاریس جێبەجێبکەن و پلەی گەرما ڕابگرن، کۆمەڵێک کارەساتی گەورە لە جیهان ڕوودەدەن لەوانە: ژمارەی پەناهەندە زیاد دەبی، ئاو کەمدەبێتەوە، خواردن بەشناکا، نەخۆشی زۆر دەبی...

یەک لەو کارەساتانە، کە بە ڕوونی دیارە، تێکچوونی کەشوهەوای پایتەختی هیندستان New Delhiییە. هەوای نیو دەلهی بە ڕێژەیەک پیس بوو، لە ڕۆژی دووشەم ڕێکەوتی ١٣ی نۆڤێمبەری ئەمساڵ هەموو قوتابخانەکانی سەرەتایی لەبەر ژەهراویبوونی هەوا داخران. وەزیری پەروەردە Manish Sisodia لە تویتەر نووسی: لەبەر هەوای پیسی ناوشار، قوتابخانەکان تا کۆتایی هەفتە دادەخرێن. ئێمە ناتوانین سازش compromise لەسەر تەندروستی منداڵ بکەین. نزیکەی پێنج ملیۆن منداڵ لە ٦٠٠٠ قوتابخانە لە نیو دەلهی ناویان نووسرایە و دەخوێنن. ئەوەی هەیە، تەم نییە، بەڵکو دووکەڵێکی ژەهراوییە و هەوای شاری داپۆشییە. ڕێژی پارتیکلە خراپەکان ٣٠ جار لە ئاستی ئاسایی بەرزترە. لە نیو دەلهی

١٥ ملیۆن کەس دەژی. بەگوێرەی قسەی پزیشکان، هەوای دەلهی بەجۆرێک پیسە، وەک ئەوەی هەر کەسێک ڕۆژانە ٥٠ جگەرە بکێشی.

هۆی گەورەی ئەم ژینگە پیسبوونەی هیندستان، بەرزبوونەوی ئاستی ژیانە و خەڵکێکی زۆر ئیمکانیاتی کڕینی ئۆتۆمبیل یان ماتۆڕی هەیە و بۆ سەر ئیش بەکاری دێنی. بە جۆرێک، کە ڕۆژانە ١٤٠٠ ئۆتۆمبیل یان ماتۆڕی تازە لە پۆلیسی هاتوچۆی دەلهی تۆمار دەکرێن، کە ئێستا، ژمارەیان گەیشتۆتە هەشت ملیۆن و نیو. لەو نەخۆشیيانەی بەخێرا زیاد دەکەن، ئاستما و نەخۆشیەکانی دڵ لەناو گەنجان بۆتە ئاسایی. لە ساڵی ٢٠١٥ چوار لە دە منداڵی هیندی لە پایتەخت کێشەی سییەکانیان هەبوو. ساڵانە لەبەر هەوای پیس تەنیا لە هیندستان نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس دەمری.

## دەربارەی: ئەحمەد کایە و ڕەسیزمی هونەرمەندانی تورک

لە ٣ی دیسێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ئەحمەد کایە هاوڵاتییێکی ئاسایی لەدایکبووی شاری مەڵاتیای باکوری کوردستانە و بۆ باشترکردنی گوزەرانی ژیان، خانەوادەکەی بۆ ئیستانبۆل کۆچ دەکەن. ئەحمەد کایە دەنگ و بەهرەیەکی شاراوەی مەزنی هەبوو. ئەو شیعری دەنووسی، مۆسیقای دەژەنی، ئاوازی دادەنا و گۆرانی دەگوت.

لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم ئەلبومی گۆرانی بەناوی:Ağlama Bebeğim (مەگری بچکۆڵ) بڵاوکردەوە. لەبەر ئەوەی هەڵبەستی گۆرانییەکانی شۆڕشگێرانەبوون، دەزگا ئەمنییەکان زوو قەدەغەیان کرد، بەڵام لەناو جەماوەر پێشوازییێکی زۆر گەورەی لێدەکرێ، کاسێتەکەی دەستاودەستی کرد. لەگەڵ کات ناو و ناوبانگی زیاتر دەرکرد و لەسەرتاسەری وڵات ناسرا.

ئەحمەد کایە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ لە بەرنامەیەکی زندی موسیقی لە کەنالی Show TV خەڵاتی گۆرانیبێژی ساڵی پێدرا و هەر لەوێندەر ئاشکرای کرد، کە ئەو بەڕەگەز کوردە و لە ئەلبومی داهاتوو گۆرانییێک بە زمانی کوردی دەڵێت و هیوادارە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی بکەنەوە و خەڵکانێکی ئازاش هەبن، کلیپەکە پیشان بدەن. بەڵام ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو کلیپە کوردییەی ئەو بڵاونەکەنەوە، چ وەڵامێکیان بۆ گەلی کورد دەبێ؟

ئەگەر کەسێک سەیری ئەو بەرنامەیەی کەنالی (Show TV) بکا، بە بیستنی وشەی کورد و کوردبوونی ئەحمەد کایە، زوو دەبینی چۆن، دەمووچاوەکان دەگۆڕدرێن... هەموو هونەرمەندەکانی تورکی ناو ئەو ستۆدیۆیە لە حالەتی شۆکدان و زمانیان لاڵبووە، گوێیان کەڕبووە، چاویان زەقبووە. بۆ پینەکردنی ئەم کەشوهەوایە و ڕەواندنەوەی ترس لە شێوەی ڕۆبۆت Serdar Orta داوا لە ئامادەبووان دەکا بەیەک دەنگ و بە کۆرس گۆرانی: (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) بڵێن... هونەرمەندان پێڕاناگەن سەیری یەکتر بکەن، چاو زیاتر دەکەنەوە، هەڵدەستنە سەرپێ و هەندێکیان دەستیان لەسەر سینگ و ئەوانەی دیکەش وەک ئەفسەر لە حالەتی وریابووندان، پڕ بەدەمیان گۆرانی (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) دەڵێن... مۆسیقا ژەنەکان،

بێئەوەی هیچ پرۆڤەیان کردبی یان پێشتر خۆیان بۆ ئەم گۆرانییە ئامادەکردبێ، مۆسیقا دەژەنن و لە چەند چرکەیەک، تەواوی هونەرمەندانی ناو ئەم ستۆدیۆیە بە کۆرس و بە دەنگی زۆر بەرز گۆرانی (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) دەڵێن... ئەوان ئەم گۆرانییە دەڵێن، نەک لەبەر ئەوەی دەمێکە ئەو گۆرانییەیان نەگوتووە و گۆرانییەکەیان پێخۆشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەست دەکەن ئەمنی قەومی تورک کەوتە مەترسی و هەڕەشەی پارچەبوونی وڵات هەیە... بۆ ئەوەی لەم ساتانە وەکخۆی بگەیت، لە ناخی ڕەسیزمی تورک بگەیت، دەبی تەواوی بەرنامەکە لە ئینتەرنێت ببینیت...

ئەو هونەرمەندانەی بە جلە جوانەکانیان، تا پێش چەند خولەکێک پێکیان بۆ تەندروستی ئەحمەد کایە بەرزدەکردەوە، ئەویان وەک هونەرمەندی ساڵ دیاریکرد، برادەربوون و ڕۆژانە بەیەکەوە قسەیان دەکرد، لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بەیەکەوە پێدەکەنین، ئێستا بەپێوە وەستاون و دەستیان لەسەر سینگە و وەک دوژمنێکی هەرە گەورەی تورک، وەک خاک و وڵاتفرۆش، وەک تێرۆریست سەیری ئەو هونەرمەندە مەزنەی ساڵ دەکەن، کە کەمێک پێش ئێستا بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵات چەپڵەیان بۆلێدابوو.

لەم ستۆدیۆیە دەنگی ژنێک دەبیسترێ هاواردەکا: هیچ ڕۆژنامەنووس لێرە نین، وەڵامی ئەو قسە پووچانە بدەنەوە؟ چەند دەنگێکی دیکە هاواردەکەن: (هیچ شتێک بەناوی کورد نییە)...

من بینیم و هەستدەکەم، ڕەسیزم لەناخی ئەم هونەرمەندانەی تورک بەشێوەیەک چاندرایە، هیچ هێزێک نییە ڕەشیبکاتەوە یان دەریبهێنێ. ڕەسیزم لە مێشکی ئەو هونەرمەندانەی تورک بەداخەوە لەجن ناچی، بە ئایەتێک، بە مەلایەک بە دوو حەیزەران لە لەش دەربکرێ، قرێژ نییە دیار بێ، بە سابوونێکی ڕەقی مێشکیان، دڵیان، ڕوویان پاک بکرێتەوە...

تەنیا دوو وشە، دوو وشەی زۆر هەق و ئاسایی و ڕەوا (من کوردم) لەناو چینێکی دیار و ڕۆشنبیری تورک، لە سەرەتای دوا ساڵی سەدەی بیست، کە هەموو ژیانیان لەگەڵ هونەر و مۆسیقا و کتێبخوێندنەوە و شیعرنووسین و مۆسیقا ژەنین و ئاوازدانان بەڕێکردووە هەزم نەکرا...

ئاهەنگ تێکچوو، ئەحمەد کایە لە هۆڵ دەرکرا، هەزار جوێنی پێ درا، نهێنییێکی ئاشکرا کرد و مێژوویێکی پڕ لەشانازی بۆ خۆی تۆمارکرد، تا کورد مابێ شانازی پێوەبکا... لە ڕۆژی دوایی و هەفتەکانی داهاتوو، هەزار و

یەک درۆ و بوختان بۆ ئەحمەد کایە و خێزانەکەی لە تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵبەستران.

لە ٣٠ نیسان بە تۆمەتی خیانەت، دابەشکردنی تورکیا، یارمەتیدانی ئیرهاب، بۆ بەردەم دادگا ڕاکێشرا و لە یەکەم دادگایی، هەموو تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە. ژیانی کەوتە بەرمەترسی و ناچار ڕووی لە ئەوروپا کرد و پاریس، باوەشی بۆ کردەوە. بە ئاوارەبوونی پرۆسەی دادگاییکردن نەوەستا و لە غیابی ئەو دە ساڵ زیندانییان بۆ بڕیەوە.

بەر لە مردنی لە کۆنسێرتێک گوتی: (من لە ئەوروپا سەرمامە، نەک لەبەر ئەوەی شوێنم نییە، ماڵم ساردە، بەڵکو لە بێوڵاتی سەرمامە). مرۆڤی بێوڵات، هەتیوە، کەسی هەتیویش لە هیچ شوێنێک دڵی ئۆقرە ناگرێت و ئاوناخواتەوە، چونکە مرۆڤی بێوڵات، لە جیهانێکی هەژار و بندەست و جیهانی ستەمکاران دەژی. مرۆڤی ژێردەستە و بێوڵات، قەت بۆ خۆیان نەژیاین و ناژین.

ئەحمەد کایە لە ١٦ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٠ بە جەڵتەی دڵ لە پاریس مرد و لە گۆڕستانی: Père Lachaise Cemetery

نێژرا و لەدوای خۆی ١٧ ئەلبومی گۆرانی جێهێشت.

من جارێک، دوو، دە جار، لە ئینتەرنێت سەیری بەخشینی خەڵاتی کایە دەکەم، کاردانەوەی (Reaction) هونەرمەندانی تورک بە بیستنی (من کوردم) دەبینم، تێدەگەم نەک تەنیا دەبی شێوەی خەباتمان بگۆڕین، بەڵکو دەبی لەمەودوا، خوتبەکانمان زیاتر بۆ میللەتانی: تورک، عەرەب و فارس ئاڕاستەبکەین، نەک بۆ حکومەتەکان، دەبی ئێمە کاربکەین، ڕەسیزم لەناو ئەوان کەم بکەینەوە و پشتیوانی ئەوان بۆخۆمان زیاد بکەین، چونکە حکومەتەکان دێن و دەڕۆن، گەل لە شوێنی خۆی وەستاوە و دەمینێ.

## دەربارەی: ئەلفرێد نۆبل و خەڵاتی نۆبل

لە ١١ی دێسێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ئەلفرێد نۆبل Alfred Nobel (٢١ی ئۆکتۆبەری ١٨٣٣ – ١٠ی دێسێمبەری ١٨٩٦) لە شاری ستۆکهۆلم لەدایکبووە و لە هەموو جیهان وەک زانایەکی بەناوبانگ و داهێنەری دینامیت ناوبانگی دەرکردووە. باوکی ئەلفرێد ئەندازیار و زانایەکی گەورەی سوید بوو. لەوکاتەی ئەلفرێد تەمەنی تەنیا نۆ ساڵان بوو (١٨٤٢) باوکی نەخۆشکەوت و کۆمپانیاکەی ئیفلاسیکرد، باری ئابووریيان زۆر خراپ بوو و دایکی ناچار لە دوکانێکی خواردن فرۆشتن کاری کرد و ئەلفرێدیش لەپێش هەمان دوکان شقارتەی دەفرۆشت. هەر لەوکات، بۆلای هەندێک لە خزمانی دایکی بۆ سانکت – پیتربورگ گواستیانەوە و باوکی ئەلفرێد لەوێندەر مینی ژێر ئاوی بۆ وەزارەتی بەرگری روسیا دروست دەکرد. لە ساڵی ١٨٦٣ جارێکی دیکە بۆ سوید گەڕانەوە.

ئەلفرێد لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا خوێندنی تەواو کردووە، ئاشقی کیمیا و تەکنۆلۆجیا و داهێنان بووە. تاقیکردنەوە و قووڵبوونەوەی زۆری لەسەر ماددەکانی کیمیا و تەکنیک و داهێنانی تازە کرد، سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا و بازرگانێکی زۆر گەورە و سەرکەوتووش بوو. ئەلفرێد پێش مردنی ٩٣ کارگە و کۆمپانیای لە ٢٠ وڵات هەبوو. بە پێنج زمان زۆرباش قسەی دەکرد، شیعری بە سویدی و ئینگلیزی دەنووسی و بەرهەمی ئەدەبی و شانۆشی هەبوو.

ئەلفرێد نۆبل لە ساڵی ١٨٦٦ دینامیتی دۆزییەوە و لە ساڵی ١٨٦٧ پاتێنتی بۆ دۆزینەوەی دینامیت وەرگرت، کە هەموو جیهانی گۆڕی. جگە لە دۆزینەوەی دینامیت، پاتێنتی بۆ ٣٣٤ داهێنانی دیکەش وەرگرتبوو.

ئەلفرێد نۆبل لە ساڵی ١٨٧٦ و لەوکاتەی لە فەرەنسا دەژیا، لە ڕۆژنامەی Wientidning ئاگادارییێکی بەوجۆرەی خوارەوەی بڵاوکردەوە: (پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند، خاوەن بروانامەی بەرز و بەتەمەن لە پاریس دەژی، بەدوای ژنێکی نەجیبزادە و زمانزان لە هەمان تەمەن دەگەڕێ، کاری سکرتێری و ماڵەوەی بۆبکا). ژنێکی گەنج بەناویBertha Kinsky وەڵامی

ئاگادارییەکەی ئەلفریدی دایەوە و لەگەڵ کات پەیوەندییێکی زۆر قووڵ و برادەرانەیان لەنێوان دروست بوو. پرسی هێمنی و ئاشتی لە جیهان بەلای Bertha Kinsky زۆر گرنگ بوو و کاریگەری زۆریشی لەسەر ئەلفێرد هەبوو. بە هیممەتی ئەو ژنە نەجیبزادە خەڵاتی ئاشتی خرایە ناو لیستی خەڵاتەکانی نۆبل و لە ساڵی ١٩٠٥ یەکەم نۆبلی ئاشتی لە ئۆسلۆ دابەشکرا، کە لەوکات نەرویج بەشێک لە وڵاتی سوید بوو.

وەک لەسەرەوە باسکرا، لە ڕێگای دۆزینەوە و کۆمپانیاکانی ئەلفرێد نۆبل سەرمایەیەکی یەکجار زۆری پێکەوەنا و ژن و منداڵیشی نەبوو بۆیان جێبێڵی. ئەلفرێد باشترین بیرۆکەی بۆدێت، کە چۆن سەرمایەکەی دوای مردنی بەکار بهێندرێ. ئەو بیری لە خەڵاتێک بەناوی نۆبل کردەوە، ساڵانە بەو کەسانە بدرێ، کە داهێنانێکیان هەبێت و ئەو داهێنانەش خزمەتی زۆری مرۆڤایەتی بکا. لەسەر هەمان بنەما ئەلفرێد وەسیەتنامە بەناوبانگەکەی لە ٢٧ی نۆڤێمبەری١٨٩٥ نووسی.

ئەلفرێد نۆبل لە ١٠ی دێسێمبەری ١٨٩٦ لە ئیتالیا لە شاری San Remo مرد. لە دوای مردنی ئەلفرێد و لەوکاتەی دەیانویست وەسیەتنامەکەی بەیاسا بچەسپێنن، کێشەیەک لە نێوان سوید و حکومەتی فەڕەنسا ڕووی دا. لێرە حکومەتی فەرەنسی لەوبڕوایەدابوو، ئەلفرێد هاوڵاتییێکی فەرەنسییە و فەڕەنسا وڵاتی ئەوە، بەڵام لە دادگا سوید وەک وڵاتی ئەلفرێد نیشانکرا، لەڕاستیدا ئەلفرێد خۆشی شوێنی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبل، ستۆکهۆڵم و ئۆسلۆی دانابوو. وەسیەتنامەی ئەلفرێد لە شاری کارلسکوگە لە سوید بەیاسا چەسپێندرا و بەمجۆرە خەڵاتی نۆبل کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامە، هەندێک لە خزمانی ئەلفرێد دژبوون، هەندێک لە ڕۆژنامەکانی سویدیش دژی بەخشینی خەڵاتی نۆبل وەستان و لەڕاستیدا، پاشای سوید ئۆسکاری دوو، ڕەخنەی توندی لە ئەلفرێد گرت، کەبۆچی خەڵاتەکان تەنیا بۆ سویدییەکان نەبن. وەسیەتنامەی ئەلفرێد وڵاتی سوێدی لە جیهان بەناوبانگ کرد.

بەگوێرەی وەسیەتنامەی ئەلفرێد خەڵاتی نۆبل لە بوارەکانی: فیزیا، کیمیا، مێدیسین، ئەدەب و ئاشتی بوو. لە ساڵی ١٩٦٨ بانقی ناوەندی سویدی یادی ٣٠٠ ساڵەی خۆی کردەوە و لەوێندەر بڕیاردرا ساڵانە خەڵاتێکی تازە بەناوی نۆبل لە ئابووری زیادبکرێت و هەبێ. لەسەر داوای

بانقی ناوەندی سویدی لە ساڵی ١٩٦٩ بەدواوە خەڵاتی ئابووری بۆ نۆبل زیاد کرا و ساڵانە بەکەسێک دەبەخشرێ، کە بەرهەمی خزمەت بە مرۆڤایەتی بکا.

هەموو وەرگرانی خەڵاتی نۆبل جگە لە دیبلۆمێک، مەدالیایەک وەردەگرن، قورسایی نزیکەی٢٤٠ گرام زێڕە لەگەڵ یەک ملیۆن دۆلار. لە ڕووێکی مەدالیاکە وێنەی ئەلفرێد نۆبل هەیە و لە ڕووی دووەمی ناوی وەرگر نووسرایە. خەڵاتی یەکەم لە ساڵی ١٩٠١ بەخشرا و ١٥٠٧٨٢ کرۆن بە وەرگران درا (ئەم بڕە پارەیە یەک ملیۆن دۆلاری ئێستای دەکرد). لەگەڵ کات پارە زیاد کرا و لە ساڵی ٢٠١٥ وەرگران ١٠ ملیۆن کرۆنیان پێدەدرا. ئەو بڕە پارەیەی بە وەرگرانی خەڵاتی نۆبل دەدرێ، دەبی بکاتە مووچەی ٢٢ ساڵی پرۆفیسۆرێک. بڕی پارەی وەرگرانی یەکەم خەڵاتی نۆبل بەرامبەر مووچەی سەد ساڵی کرێکارێکی ئاسایی بوو. ئێستا، لیژنەی سەرپەرشتیاری خەڵاتی نۆبل نزیکەی ٣.٥ ملیار کرۆن (٤٥٠) ملیۆن دۆلاری هەیە.

دابەشکردنی خەڵاتی نۆبل لە stadshus لە ستۆکهۆڵم بە ئامادەبوونی ئەندامانی خێزانی مەلیک، تەواوی ئەندامانی خانەوادەی وەرگرانی خەڵات هەروەها میوانانی دیکە بەیەکەوە ژمارەیان دەگاتە ١٣٠٠ کەس لەگەڵ ٢٠٠ قوتابی ئامادەیی. لەم ئێوارەخوان و ئاهەنگە، جلی تایبەت (سمۆکینگ) و جلی میللی سویدی لەبەر دەکرێ. نۆبلی ئاشتی لە ئۆسلۆ ئێوارەخوانێکیان لەگەڵ ٢٥٠ میوان لە هوتێلی گراند بۆ ئامادە دەکرێ. مەدالییەکان تا ساڵی ١٩٨٠ لە زێڕی ٢٣ کارات دروست دەکران و دواتر بۆ ١٨ کارات گۆڕدرا.

لە ساڵی ١٩٠١ وە تا ئێستا ٧٣ وڵات ئەم خەڵاتەیان پێدرایە و لە ناو هەمووشیان نزیکەی نیوەی خەڵاتەکان بۆ ئەمریکا چووە. ئیسرائیل ١٢، ئیتالیا ٢٠، نەمسا ٢١، هۆڵەندا ٢١، کەنەدا ٢٥، ڕوسیا ٢٦، یابان ٢٦، سویسرا ٢٦، سوید ٣١، فەڕەنسا ٦٨، ئەڵمانیا ١٠٧، بەریتانیا ١٢٨ و ئەمریکا ٣٧١ خەڵاتیان وەرگرتییە. بەگوێرەی ئەو ژمارانەی سەرەوە دیارە وڵاتانی پیشەسازی زۆرینەی خەڵاتەکانیان بردووە و ئەم ڕێژە زۆرەش بەرێکەوت نییە، بەڵکو ژینگەی تەندروست و پێویست بۆ زانایان دابین کراوە، کە بتوانن کات و بودجەی پێوست بۆ توێژینەوەکانیان تەرخان بکەن.

له هەموو وڵاتانی ئیسلامی ٧ کەس خەڵاتی ئاشتییان وەرگرتووە، نەجیب مەحفوز لەساڵی ١٩٨٨ لە میسر، ئورهان پاموک ٢٠٠٦ لە تورکیا خەڵاتی نۆبلیان لە ئەدەب وەرگرت. هەروەها محەمەد عەبدولسەلام (پاکستان) ١٩٧٩ لە فیزیا، ئەحمەد زویک (میسر) ١٩٩٩ لە کیمیا، عەزیز سەنسار (تورکیا – نیوە عەرەب نیوە تورک) ٢٠١٥ لە کیمیا خەڵاتی نۆبلیان وەرگرت.

بێگومان خەڵات زۆرن و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش خەڵاتی تایبەتی خۆیان لە بواری جیا جیا بۆ نووسەر و زانا و قارەمانانی خۆیان هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ خەڵاتێک رکابەری خەڵاتی نۆبلی پێ نەکرایە. ئەم خەڵاتە بەو کەسانە دەدرێ، کە داهێنایان لە بواری جیا جیا کردووە و داهێنانەکەشیان خزمەتی مرۆڤایەتی دەکا. ڕاستە لەگەڵ دانی دیبلۆم، ئەو بڕەپارەیە (یەک ملیۆن دۆلار) زۆر باشە، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی خەڵاتی نۆبل وەردەگرن، پێویستیان بەو بڕە پارەیە نییە، لەلایەک تەمەنیان زۆرە لەلایەکی دیکەش کار و نووسین و توێژینەوە زانستییەکانی ئەوان، بەرز هەڵدەسەنگێندرێ و مووچەی باش وەردەگرن.

خەڵاتی نۆبل ساڵانە لە ١٠ی دێسێمبەر، کە دەکاتە ڕۆژی مردنی ئەلفرێد نۆبل دەبەخشرێ. ئەمڕۆژە لەسوید بە ڕۆژی نۆبلیش بەناوبانگە.

(خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠١٨ درایە نادیە موراد و دێنیس ماکوێگا).

## دەبی شێوەی خەباتمان بگۆڕین

لە ١٧ی دیسێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

خەباتی کوردان لەدوا سەد ساڵی ڕابردوو بە نەرمی و بە جوانی بەردەوامبوو. بەرزی و نزمی زۆری بینی، سەرکەوتن و داستانی گەورەی تۆمارکرد، کە هەندێکیان لە جیهان باسبکرێن، لە زانکۆکان بخوێندرێن و کورد بتوانی شانازی بەخەبات و تێکۆشانی خۆی بکا. لە هەموو ئەو نووسینانە و بە هەموو زمانەکان، یەک ڕستە، یەک وشە نابیندرێ، تێیدا کورد وەک گەلێکی ترسنۆک باسبکرێ، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کورد گەلێکی ئازا و چاونەترسە.

ئەگەر ئاوڕێکی خێراش بە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بدەینەوە، هەڵوەستە لەسەر شۆڕش و خەباتە چەکدارییەکان بکەین، بە ئاسانی تێدەگەین، کە کورد توانیویەتی و بەردەوامیش دەتوانی بەرگری لەخۆی بکا، لە خاکی بکا و لە فەرهەنگی بکا. لەوانەیە هەر ئەو شێوە خەبات و ناڕازیبوونەش بە چەوسانەوە و ژێردەستی، کوردی لە تاوانەوە و لەناوچوون پاراستبی.

بۆ ئەوەی لە خەبات دانەبڕێین و بەردەوامبین لەسەری، دەبی لکێکی تازەی بۆ زیاد بکەین، کە لەگەڵ هەڵومەرجی ئێستا بگونجێ و تەواوکەری لکەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشانی کلاسیکی کوردن بێت. دەبی لە دەرگای تازە (ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ) بچینە ژوور، دەبی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ بۆ وەدەستهێنانی ئازادی کوردستان بەکاربێنین و لە ڕێگایەوە دۆست و برادەر و پشتگیری بۆ شۆڕشە کۆن و هەق و شارستانییەکەمان زیاد بکەین.

هەتا زووە، کتێبە باشەکانی نووسەرانی کورد (ڕۆمان، شیعر، مێژوو، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، فۆلکلۆر، زمان...هتد) بۆ زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی وەربگێڕین و بەتیراژی زۆر و نرخی کەم لە وڵاتەکانی دراوسێ بڵاویان بکەینەوە. دەبی تیپی شانۆی کوردی لە سەر شانۆ گەورەکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و ئێران نمایش بکرێت و شارە و شار بکا، کتێبەکانیش دەستاودەست بکەن. دەبی کارێک بکەین و پیشانی بدەین،

کورد زمانێکی زیندوی هەیە، نووسەر و توێژەری باشی هەیە، مامۆستا و دکتۆری چاکی هەیە. دەبی پیشانبدەین، ئێمە نەتەوەیەکین وەک ئەوان، بۆیە دەبی وەک ئەوانیش بژین، کە دەکاتە هەبوونی هەمان ماف و ئازادی و ئاڵا و دەوڵەتی سەربەخۆ.

دیموکراتییەت لە تەواوی جیهان لەم سی ساڵەی ڕابردوو هەنگاوی باشی ناوە، زۆر وڵات لە چەوسانەوە و ژێردەستی ڕزگاریان بووە، ژمارەی دیکتاتۆرەکان کەمیان کردووە، کە هەموویان لەبەرژەوەندی کورددان و یارمەتی باشن، کورد رۆژێک زووتر بە ئاواتی بگا. دەبی سوود لەو دیموکراتییەی ئەوان وەربگرین، سوود لە پێشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری وەربگرین و زووتر بگەینە ناو گەلانی خاوەن بەشێک لە خاک و وڵاتی کوردستان و ڕازییان بکەین، کە ئێمەش دەمانەوێ و مافی خۆمانە وەک ئەوان ئازاد بژین.

چەند دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەب و ئێران و تورکیا زیاتر گەشەبکا، هەنگاوێک لە سەربەخۆیی نزیکتر دەبینەوە، چونکە حکومەتەکان لە جەماوەر نزیکتر دەبنەوە و داوای پشتگیری لە هاوڵاتیانیان بۆ هەڵبژاردنەوەیان دەکەن، بۆیە ئەگەر ئێمە لەماوەی داهاتوو لە ڕێگای ئەدەب و فەرهەنگ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بتوانین پشتگیری جەماوەری ئەوان بۆ خۆمان بەدەست بهێنین، لەوانەیە لەگەڵ کات، پرسی ئازادی و ئازادی رادەربڕینی کورد بخرێتە بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەوان، دەنگێک هەبێت داوای عەدالەت و ئازادی ڕادەربڕین و کۆمەڵگای یەکسان بکا.

ئەم هەنگاوەی سەرەوە بێگومان پێویستی بە بەرنامە و پلانی درێژ و پوخت هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ کورد دەبی، ئەگەر حکومەت و سەرکردایەتی کورد لە داهاتوویێکی نزیک زیاتر بایەخ بەلایەنی فەرهەنگی بدا، پشتیوانی نووسەر و کەسانی بواری فەرهەنگ بکا، کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەربکا، بێشک ئەنجامی باشی دەبی، چونکە دەزانین، ئەدەب و هونەر دەگاتە هەموو ماڵێک، باس لەوە هەرناکەم، بەدەگمەن ناوی سیاسەتمەدارێک دەچێتە مێژووی جوان و گەشی گەلان، بەڵام ژمارەی نووسەر و شاعیر و کارمەندانی بواری فەرهەنگ و شانۆ، لە دەرگای هەموو ماڵێک دەدەن و بەردەوامیش بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێ.

بۆیە ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەر، وەک سەرکرایەتی و حکومەت، وەک داڕێژەری ستراتیژی حزبەکان، هەتا زووە دەبی شێوەی خەبات و تێکۆشانمان بگۆڕین، بەتایبەتیش لەوکاتەی ئەو فاکتە دەزانین و دەمێکە دەڵێین: کێشەمان لەگەڵ گەلانی تورک و عەرەب و فارس نییە، بەڵکو لەگەڵ حکومەتەکان هەیە، کە بەشێک لە کوردستانیان داگیرکردیە و ئازادی بە کورد لەسەر خاکی خۆی بەڕەوا نابینن.

زۆر بەداخەوە، حکومەتەکانی ناوەند، لەسەرەتای هەزارەی سێیەم، جارێ وەک حکومەتەکانی سەدەی ناوەڕاست حکومەت و دەوڵەت بەڕێوە دەبەن و هیچ لەگەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراتییەتی سەردەم ناگونجێن. هەمووشمان کۆکین لەسەر ئەوەی، کە کێشەی کورد زیاتر لەگەڵ حکومەتە نەک لەگەڵ هاوڵاتییانی ئێراق، ئێران، سوریا یان تورکیا...

باسکردن لە ڕێگای خۆمان زۆر جیایە لە باسکردن لە ڕێگای ئەوان، هەروەها گەیاندنی پەیامی خۆمان لە ڕێگای قەڵەم و فەرهەنگی کوردی، دیسان زۆر جیایە لە باسکردن لە ڕێگای فەرهەنگ و قەڵەمی ئەوان، بۆیە ئەم دەرفەتە زێڕینە، ئەم لکە گرنگەی ژیان دەبی گەشەی پێبدەین و نابی لەدەست خۆمان بدەین.

دەبی کتێبە زانستییەکانی دکتۆر و توێژەرانی کورد بەسەر زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمی و فەرهەنگیەکانی ئەوان دابەشبکەین، بۆ ئەوەی ئەوان سەیری کورد لە چاوی کوردەوە بکەن، نەک چۆن نووسەرێکی ناسیونالسیتی تورک، عەرەب یان فارس دەمانبینی و مێژوومان دەشێوێنی...

دەبی گۆرانیبێژەکانمان لە سەر شانۆکانی ئەوان ناوە ناوە گۆرانی بە زمانی ئەوان بڵێن، دەبی هەندێک لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی، ئاراستەی جەماوەری ئەوان بکرێن، دەبی ڕۆژنامەی کوردی بە زمانی ئەوان دەربکەین و هەوڵبدەین، هێواش هێواش کار لەسەر جەماوەری ئەوان بکەین، لەخۆمانیان نزیک بکەینەوە، دۆست لەناو ئەوان دروست بکەین، پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ناوەندە فەرهەنگییەکانی ئەوان دروست بکەین و لە کوردستان ساڵانە دەیان فێستیڤاڵ و چالاکی فەرهەنگی بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەسانی ئەوان ئەنجام بدەین، کە لەگەڵ کات بتوانن

پشتگیری لە خەباتە ڕەواکەمان بکەن، یارمەتیمان بدەن، ڕۆلی خێریان هەبیت و لەشەڕ و ناخۆشی دوورمان بکەنەوە.

جگە لەوانەی سەرەوە، دەبی سەرکردایەتی کوردیش شیوەی خەباتی خۆی بگۆڕێ، خوتبەکانیان هەر ئاڕاستەی سیاسییەکان و حکومەتەکان نەکەن و بەشێکی زۆر بۆ جەماوەری ئەوان تەرخان بکەن، ڕوو لە جەماوەری ئەوان بکەن.

## دەربارەی: بورما و قەیرانەکانی ئەو دواییەی هەرێمی ڕاخینێ

لە ٢٤ی دیسێمبەری ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

هەرێمی راخینێ Rakhine State، دەکەوێتە رۆژئاوای بورمە و سنووری لەگەڵ باکوری رۆژئاوای بەنگلادیش هەیە. کۆماری یەکێتی بورما، کە بە میانمارس(Myanmar's) یش بەناوبانگە دانیشتوانی نزیکەی ٥٥ ملیۆن کەسە و لەوانە ٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس ڕۆهینگین. گەلی ڕۆهینگیا Rohingya هیند و ئارین و نیوەیان لە بورما لە هەرێمی ڕاخینێ دەژین. ٦٠٠ هەزار بەنگلادیشی و ٣٥٠ هەزار پاکستانی و ٤٠٠ هەزار عەرەبی سعودی لەناویاندا هەن، کە زۆربەیان ئیسلامی سونی و کەمتریشیان هیندۆسن. ئەوان بە زمانی روواینگە ruáingga قسە دەکەن، کە سەر بە هیند و ئارییە.

روهینگییەکان خۆیان بە دانیشتوانی رەسەنی هەرێمی ڕاخینێ دادەنێن.

هەندێک مێژوونووسی بورمی، هاتنی ئەوان بۆ سەرەتای داگیرکردنی بورما لە ئەنجامی کۆمەڵێک شەڕ، کە لە نێوان لەشکری بەریتانی و بورمی لە نێوان ساڵەکانی ١٨٢٤ – ١٨٨٦ ڕونویان دا دەگێڕنەوە. بورما لەسەردەمی کۆلۆنیالی بەریتانی تا ساڵی ١٩٤٨ هەرێمێکی سەر بە وڵاتی هیندستان بوو. هەندێک سەرچاوەی دیکەی عەرەبی هاتنی ئەو کەمە نەتەوانە بۆ ٨٠٠ ساڵ بەر لەئێستا دەگێڕنەوە. هەلومەرج بۆ نەتەوە کەمەکانی ڕوهینگیان (Myanmar's Rohingya minority) لە ئابی ئەمساڵەوە بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر بووە، بەتایبەتیش لەوکاتەی هێزی سەربازی حکومەتی بورما، هەڵمەتێکی وەحشیانە و توندوتیژی دژ بە دانیشتوانی باکور (Rakhine State) دەستپێکرد. ئەم قەیرانەی بورما لە ساڵی ٢٠١٢ تەقیەوە، ٢٠٠ کەس کوژران و ١٤٠ هەزار کەسیش دەربەدەربوون، کە زۆربەیان روهینگی بوون. حکومەتی بورما وەک پەناهەندەی نایاسایی بەنگلادیشی مامەڵە لەگەڵ روهینگییەکان دەکا.

پاش سەربەخۆبوونی بورما و شەڕی سەربەخۆیی بەنگلادیش لە ساڵی ١٩٧١، حکومەتی بورما ڕەگەزنامەی لە ڕوهینگییەکان سەندەوە. لەم ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ (ئەمنستی)، کە لە ٢١ی نۆڤێمبەر

بڵاوکرایەوە، نووسرایە چۆن نەتەوە کەمەکان، بە شێوەیەکی سیستێماتیکی ماف و ئازادییان سنووردار دەکرێ و لەم ساڵانەی دواییش چەوسانەوەیان چڕتربووە.

Anna Neistat نووسەری دوا ڕاپۆرتی ئەمنستی لە لێدوانێکی بۆ کەنالی تەلەفزیۆنی سویدی گوتی، کە ئەمنستی بۆ ماوەی دوو ساڵ کاری لەسەر نووسینی راپۆرتی ناوبراو کردووە و بە بەڵگە سەلماندوویەتی، چۆن ئۆرگانەکانی ئەمنی بورما، ژن و منداڵی گەلی ڕوهینگێی لە پیاوەکان جیاکردۆتەوە و هەر یەکە و لە شوێنی جیا دایناون. حکومەتی بورمی، بەو شێوە ڕۆژانە دەیانچەوسێنێتەوە، کە ئەمەش دەکاتە پەیڕەوکردنی سیستێمی ئەپارتاید دژ بە دانیشتوانی ڕوهینگێ... ئەوان لە ئۆردوگایەک، کە زیاتر لە بەندیخانە دەکا دەژین. بۆ ئەوەی بجوڵێن و لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بچن، دەبی پسولە و ڕەزامەندی تایبەتی پۆلیسیان هەبی. ئەوانەی فەرمان و ڕێنماییەکانیش پەیڕەو نەکەن، بە توندترین شێوە سزادەدرێن و هەندێکجار گوللەباران کراون. بۆ ئەوەی سەردانی دکتۆر یان نەخۆشخانە بکەن، دەبی لەلایەن پۆلیسەوە نامەی تایبەت وەربگرن، یانیش سەردانی بەنگلادیش بکەن. زۆربەی پەناهەندەکان نامەکانیان پێنادرێ و ئیمکانیاتیشیان نییە سەردانی بەنگلادیش بکەن، بۆیە بەهێواشی و لەسەرجێ، چاوەڕیی مردن دەکەن و ناتوانن خۆیان چارەسەر بکەن. جۆرێکی دیکەی چەوسانەوە ئەوەیە، کە ڕەگەزنامەی بورمەیان پێنادەن. لەم ساڵانەی دواییەوە، منداڵی تازەلەدایکبوو، ناوی نانووسرێ، بەمجۆرە لەهەموو مافێکی ئاسایی مرۆڤی بێبەش دەکرێن.

ئەمنستی ئینتەرناشیونال، جار دوای جار لە راپۆرتەکانی خۆی، ڕەخنەی زۆر توندی لە حکومەتی بورما گرتووە و لە دوا ڕاپۆرتیشی، کە لە ٢١ ی ئەم مانگە بڵاوی کردەوە، رژێمی بورمەی بە ئەپارتاید ناوبرد. Apartheid وشەیەکی ئینگلیزی تێکەڵاوە و دەکاتە جیاکردنەوە - بەجیاژیان، سیستێمێکی حوکمڕانی ڕەگەزپەرستییە و لە باشووری ئەفریقا لەنێوان ١٩٤٨ - ١٩٩٤ پەیڕەودەکرا.

قەیرانی بورما لە ٢٥ی ئابی ئەمساڵ توندتر بوو، لەوکاتەی گرووپی پارتیزانی: (لەشکری ڕزگاری ئەرکان ڕۆهینگیاس)

The Arakan Rohingya Salvation Army و به هێزێکی سەد کەسی هێرشیان بۆ سەر ٢٥ بنکەی سەربازی بورمی و پۆلیسی سنوور کرد. بەگوێرەی راپۆرتەکان دەیان کەسیان لە هێزە ئەمنییەکانی بورما کوشت. ئەم گروپە لەلایەن (عطالله أبو عمار جنوني) سەرپەرشتی دەکرێ. عطالله لە پاکستان لەدایکبووە و لە وڵاتی عەرەبی سعودی گەورەبووە. ئەو لەم خەباتەی دەیەوێ، حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ ئیسلامە سونییەکان لە رۆهینگیا دروست بکا. هەرزوو هێزە ئەمنی و حکومەتی بورما، ئەم رێکخراوەیان خستە لیستی ئیرهاب و دواتر هێرشیان کردە سەر هەر هەموو روهینگیاکان. بەگوێرەی بەرنامەی دەنگوباسی کەناڵی SVT سویدی لە ١٧ی ئۆکتۆبەر ژمارەی ئاوارەکانی بورما گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن کەس، کە لە ئۆردوگای Cox´s Bazar لە بەنگلادیش دەژین. بەگوێرەی راپۆرتی UN لەو ماوەیە هەزار کەسیان کوشتوو و سەدان هەزاریش دەربەدەر کراینە.

ئەونگ سان سوو کیی Aung San Suu Kyi، لە ٦ی نیسانی ٢٠١٦ پۆستی(State Counsellor - موستەشاری حکومەت)، کە شێوەی سەرۆک وەزیرانە، وەرگرتووە. سیاسەتمەدارێکی گەورەی بورمایە و لە ٢٠ی تەموزی ١٩٨٩ تا ١٣ی نۆڤێمبەری ٢٠١٠، بەیەکەوە ١٥ ساڵ لەماڵی خۆی دەستبەسەربووە. ئەو ژنە وەک بە بەناوبانگترین دەستبەسەری سیاسی لەجیهان ناوی دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی نۆبلی (ئاشتی) و هەروەها کۆمەڵێک خەڵاتی دیکەی زۆر گەورەی جیهانی وەرگرتووە. ئەو سەرۆکی: (پارتی دیموکراتی نیشتمانی) بورمایە. ماوەیەک پلەی وەزیر و دواتریش وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەستەڵاتێکی گەورەی لە شێوەی سەرۆک حکومەت پێدراوە. ئەونگ سان، لەهەموو کاتەکان بێدەنگی هەڵبژاردووە. هەندێک لەوبڕوایەدان، هیچ لەدەست ئەو نییە و جەنەڕاڵەکان وڵات بەڕێوە دەبەن.

رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور لە ساڵی ٢٠٠٤وە لە بورما هەیە. لەو ٢٢ ساڵە تەنیا لە هەرێمی ڕاخینێ یارمەتی یەک ملیۆن و ٢٤٠ هەزار نەخۆشی داوە. هەر لەو هەرێمە، ئێستا زیاد لە ٣٠ هەزار هەڵگری hiv-aids هەیە و ٣ هەزار کەسیش نەخۆشی سیلیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش، بە فەرمانێکی حکومی، پزیشکانی بێسنوور داوایان لێکرایە کارەکانیان ڕابگرن و لەوڵات بچنەدەر.

له کۆماری یەکێتی بورما ئایینەکانی: هیندۆس، کریستیان، ئیسلام، ئەنیمیست و بودیست دەژین، هەروەها ١٣٥ گرووپی ئێتنی جیا هەن و بەیەکەوە دەژین. کۆنفلیکتی نێوان ئیسلام و بودیستەکان لە بورما دەمێکە هەیە. هێزەکانی ئەمنی و ناوخۆ، لە هەموو شەڕەکانی نێوان ئیسلام و بودیستەکان، بە ئاشکرا پشتگیری بودیستەکانیان کردووە.

٪٢٥ هەموو ئۆپیۆمی جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ لە بورما بەرهەم هێندراوە، کە دەکاتە دووەم وڵات لە لەدوای ئەفغانستان.

## دەربارەی: چەک و بازاڕی چەک لە جیهان

لە ٧ی جەنیوەری ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

هەبوونی قەیران و ناسەقامگیری لە جیهان بەگشتی و لەم چەند ساڵەی دوایی بەتایبەتی لە: ئاسیای دوور، لاتین ئەمریکا، ئەفریقا و بەتایبەتیش خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی گروپی توندڕە و ئیرهابی لە هەندێک لەو وڵاتانە، بازاڕی چەکفرۆشتنیان بەجۆرێک گەرم کردووە، لە پێشبینی و بۆچوونی پسپۆران ڕەتیدایە. ئاشکرایە، ئامانج لە ساغکردنەوە و هەبوونی بازاڕی چەک، بەدەستهێنانی سەرمایەیەکی زۆرە، بەڵام دیوەکەی دیکەی کاولکردن دەبیندرێ.

ئەمریکا، بەریتانیا، روسیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، یابان، کۆریای باشور، ئیسرائیل، ئەڵمانیا، هیند و سوید، وڵاتە گەورەکانی جیهانن لە بەرهەم هێنان و دروستکردنی چەک و ساغکردنەوەی لە بازاڕەکانی جیهان. هەر بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٦ تەنیا وڵاتی سوید بە بەهای ١١ ملیار کرۆن کەلوپەلی شەڕ فرۆشترایە. لە ساڵی ١٩٩٠ سوید کەلوپەلی شەڕی بە ٣٣ وڵات دەفرۆشت، لە ساڵی ٢٠١٦ ژمارەیان بۆ ٥٦ وڵات زیادی کرد. بەرازیل، نەرویج، ئەمریکا، ئەڵمانیا و تایلاند، باشووری ئەفریقا، کۆریای باشور، ئیماراتی عەرەبی، پاکستان و فەڕەنسا چەکیان لە سوید کرییە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (Freedom House)، لە ساڵی ٢٠١٦ بەڕێژەی ١٠٪ چەکی سویدی لەلایەن وڵاتانی نادیموکراتی وەک: تایلاند، ئیماراتی عەرەبی، قەتەر، عەرەبی سعودی و جەزائیر کڕاون.

ئەگەرچی هێڵی سوور بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی جەنگ بۆ وڵاتانی بەشداربوو لە شەڕ هەیە، لەگەڵ ئەوەش ئەو ڕێنماییانە زۆرجار پەیڕەو ناکرێن. هەر بۆ نموونە: چەک بە ئەمریکا و هیند فرۆشترایە، کە هەردووکیان لەشەڕدان. ئەو یاسا تازەیەی سوید، کە لە ساڵی ٢٠١١ گفتوگۆی لەپەرلەمان لەسەرکرا، لە ١٥ی نیسان ٢٠١٨ ەوە کاری پێدەکرێ و بەمجۆرە نابێ چەکی سویدی بە وڵاتانی دیکتاتۆر و داخراو و خەفەکردنی مافی مرۆڤ بفرۆشترێ.

له سوید ۱٥۰ کۆمپانیا هەن، کە کەلوپەلی شەڕ دروست دەکەن. دەستەڵاتی چەکفرۆشتن، پێشتر لەدەست وەزیری بەرگری بوو، دواتر بۆ وەزارەتی داد و پەناهەندە گواسترایەوە.

له ساڵی ۲۰۱٦ سەرکردە و سەرۆکانی جیهان له نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە و بەشدارییان له پرۆژەیەک بەناوی (Agenda 2030) کرد و بۆ بەئاوات گەیشتن، ۱۷ ئامانجیان بۆ خۆیان دیاریکرد. سوید یەک لەو وڵاتانەیە، زۆر بەجددی کار لەسەر ئەو ئەگێندایە دەکا و بەڵێنی داوە، یەک له وڵاته هەرە چالاکەکان بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. مەبەست له ئەگێندای ۲۰۳۰ ئەوەیە، کە هەژاری و برسیبوون له جیهان نەهێڵێ، مافی مرۆڤ له هەموو وڵاتێک بپارێزرێ، یەکسانی هەبێت و کچ و ژن دەستەڵاتی خۆیان هەبێت و بەیاسا یارمەتییان بدرێ، هەروەها بەهەدەرنەدانی سامانه سروشتییەکان و پاراستنی گۆی زەوی.

نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزای بەندەکانی ATT - Arms Trade Treaty کردووە، کە باس له بازرگانی چەک له جیهان دەکات و له ۲۸ بەند پێکدێت، حکومەتەکان دەبی پابەند بن پێوەی و ئیلتیزامی پێوە بکەن. بەگوێرەی ئەو بەندانە، نابی چەک بەو وڵاتانه بفرۆشرێ، کە مافی مرۆڤی تێدانییە، هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتییانی مەدەنی خۆی یانیش بەکۆمەڵ لەناویان دەبا.

به گوێرەی ڕێکخراوی

(Stockholm International Peace Research Institute*) Sipri*

جاری یەکەمە، لەدوای ساڵی ۲۰۱۰ فرۆشتنی چەک لەجیهان زیاد دەکا. وڵاتانی چەکفرۆش له ساڵی ۲۰۱٦ بە بەهای۳۷٥ ملیار دۆلار چەکیان فرۆشتووە. ئەم چەکفرۆشتنە پەیوەندی بە کۆمەڵێک چالاکیی لەشکری و شەڕ و گرژی له هەندێک وڵات هەیە، کە داواکاری لەسەر کڕینی چەک زیاد کردووە.

له دە کۆمپانیای زەبەلاحی چەکفرۆشتنی جیهانی، حەوتیان ئەمریکین. لەو سەد وڵاتەی چەک دەفرۆشن، ئەمریکا له ڕیزی پێش پێشەوەدایە. کۆمپانیا روسەکانیش بەرهەمیان زیادی کردییە و لەسەر ئاستی جیهانی، روسیا بەڕێژەی 7.1% چەک دەفرۆشێ. لەناو هەمان لیست ناوی ۱۱ کۆمپانیای چەکفرۆشتنی روسی هەیە. کۆمپانیای (ساب)ی سویدی لەنێوان ساڵەکانی ۲۰۱٥ – ۲۰۱٦ له ڕیزبەندی ۳۳ بۆ ۳۰ لەناو ۱۰۰ کۆمپانیای

جیهانی چەک فرۆشتن بە گوێرەی ڕێکخراوی (Sipri) ناوی هاتووە. کۆمپانیا ئەمریکییەکان بە ڕێژەی ٥٤٪ی چەکی دونیا، ئەوان دەیفرۆشن. ئاستی چەکفرۆشتنی روسیا لەهەمان ئاستی چەکفرۆشتنی بەریتانیا دایە.

چەکفرۆشتن لەڕاستیدا داینەمۆی شەڕ و گرژییە سەربازییەکانە، کە تێیدا بەردەوام مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، خەڵکی بێتاوان دەکوژرێ، ژمارەی ئاوارە و پەناهەندە زیاد دەبی...هتد.

چەکی ناوکی لەناو لیستی چەک فرۆشتن دانییە، بەڵکو چەکی نەوەوەی لەناو وڵاتەکان خۆیان دروست دەکرێن بازرگانی پێوەناکرێ. چەکی نەوەوەی لە مێژووی خۆیدا تەنیا دوو جار ئەمریکا لە ٦ و ٩ی ئاب لە ساڵی ١٩٤٥ لە هێرۆشیما و ناگاساکی لە یابان بەکاری هێنا. بەبینینی ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم چەکە کوشندەیە، جیهان نەفرەتی لەو چەکە کرد و جارێکی دیکە بەکار نەهاتەوە، لەگەڵ ئەوەش نۆ دەوڵەت خاوەنی چەکی نەوەوین و بە هەموویان ١٥٣٠٠ مووشەکی ئەتۆمییان هەیە، کە بەشی وێرانکردنی گۆی زەوی و کۆمەڵێک ئەستێرەی دیکە دەکا. تەنیا بە ١٥ خولەک بە چەکی ئەتۆمی جیهان وێران دەکرێ. بە بەکارهێنانی، ڕووناکییەکی بەهێز دەبیندرێ و لە دوورەوە چاو کوێر دەکا، هەنگاوی دووەم، شەپۆلێکی پاڵەپەستۆ، ئەوەی لەبەر ڕێگای بێت دەیکوژێ، بۆرییەکانی هەموو زیندەوەرێک لەناوەوە دەتەقێنێتەوە، باڵەخانەکان دەرووخێنێ و گەرماییێکی زۆر دێت و ئەوەی ڕاستەوخۆش نەمرێ، لەشی دەسووتێت و لەماوەیەکی کورت بە شێرپەنجە دەیکوژێ. زەوی وەک هێلکەیەک بە چەکی ئەتۆمی دەتەقیتەوە.

لە ٧ی تەموزی (٢٠١٧)، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەندەمین جار دەنگی لەسەر قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی لەجیهان دا و ١٢٢ دەوڵەت بە بەڵێ دەستیان بۆی بەرزکردەوە. خەڵاتی نۆبلی ئاشتی ٢٠١٧ بە ڕێکخراوی ICAN - International Campaign to Abolish Nuclear Weapons درا، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و دژ بە هەبوونی چەکی نەوەوییە. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە Melbourne لە ئوسترالیا دروست کرا و نووسینگەی سەرەکی لە Genève لە سویسرایە.

لە دوای سەردانی ترامپ بۆ عەرەبی سعودی لە ٢٠ی مایسی ٢٠١٧ گرێبەستێکی چەکفرۆشتن لەگەڵ سەلمان بن عەبدولعەزیز بە نزیکەی ٣٧٥ ملیار دۆلار ئیمزا کرا. ئەمریکا لەماوەی ١٠ ساڵ دەبی ئەو چەکانە ڕادەستی شانشینی عەرەبی سعودی بکا.

یەک لەوهۆیانەی سەدان ملیۆن کەسی بە برسێتی هێشتۆتەوە، کڕینی چەکە و لەوەش خراپتر زۆربەی جار ئەم چەکانە لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دژ بە هاوڵاتییانی ناوخۆ بەکار دەهێندرێن. ئەگەر حکومەتەکان لە جیاتی کڕینی چەک، بایەخیان بە سێکتەرەکانی دیکەی وەک: کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردە...هتد دابا، ئاستی ژیان بەرزتر دەبوو، خەڵک تێر و جوانتر و زۆرتر دەژیان.

## ڕاگەیاندی کوردی — ڕاگەیاندنی حزبی

له ١٤ی جەنیوەری ٢٠١٨ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ڕاگەیاندنی کوردی، ڕاگەیاندنێکی حزبییە، بۆیە لەجیاتی بە ئەرکی سەرشانی ڕاگەیاندنی خۆی هەڵبستێت و کاری ڕاگەیاندن بۆ گشت بکا، کار بۆ گەیاندنی ڕا و پەیامی حزب دەکا. ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە لەهەر شوێن و وڵاتێک بێت، بێکاریگەر و سڕ و سارد و نەخۆشە، هیچ هەنگاوێک بۆ چاککردن سەرناگرێ و سەرکەوتو نابێ، ئەگەر حزب نەیەوێ، یارمەتی نەدا یان لە پشتییەوە نەبێ.

لە ٢٠ ساڵی ڕابردوو زۆر ڕێگای باش و تازە لە کوردستان تاقیکرانەوە، خولی زۆر و بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم کرانەوە، دەیان توێژینەوە نووسران، دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرا گفتوگۆیان لەسەر کرا، دەیان کتێب لەسەر ڕاگەیاندن نووسران و هێشتا زیاتریش لە زمانە زیندووەکانی جیهان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدران، هەزاران کادری ئەکادیمی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن پێگەیەندران، دیسان ڕاگەیاندن ئەو کاریگەرییەی نەبوو و نییە، کە هەموو خەڵک چاوەڕێیەتی، ئەو ئەنجامەی نەبوو و نییە، کە ئێمە یان جەماوەری کورد ڕازی و تێربکا.

یەک لە کەموکورتی یان برینی قووڵ، کە ئێمە تا ئێستا وەک پێویست هەستمان پێی نەکردووە و لەکاتی خۆی تێی نەگەیشتین، حزبیبوونی تۆخی ڕاگەیاندنی کوردی بوو. حزبیبوونی ڕاگەیاندنی کوردی بە ئاسایی وەردەگیرا و وەک زەرورەتێکی مێژوویی لەکاتی خۆی لەدایک بوو، چونکە کورد خۆی و بزوتنەوەی کوردایەتی و نیشتمانی، لە ناوەوە و لە دەرەوە ئەو پشتیوانییەی لێنەکرا، کە چاوەڕێ دەکرا، بە قۆناغێکی هەستیار و ناسک دەڕۆیی و بەردەوام هەڕەشەی لەناوچوون نەک تەنیا لەسەر شۆڕش و پێشمەرگە، بەڵکو لەسەر نەتەوەی کورد پێشبینی دەکرا، بۆیە هەزمکردنی ڕاگەیاندنی حزبی یان پشتگیریکردنی حزب بۆ بوونی ڕاگەیاندنی خۆ، زۆر بە ئاسایی وەرگیرا و لەناو جەماوەر بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا، بەتایبەتیش پاش ئەوەی هەموو لایەک ئەو فاکتەیان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری بینیبوو، کە کورد تاکە میللەت نییە لە جیهان، ڕاگەیاندنی

حزبی خۆی هەبی، هەرچەندە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، حزب هێواش هێواش ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بەرەو جەماوەریبوون دەبرد و جلی حزبییان لەبەر دادەکەند، کەچی لای ئێمە تا پەنجاکان ڕاگەیاندنی کوردی بە ئەهلی بەناوبانگە و لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی نهێنی و شۆڕشی چەکداری، ئاراستەی گۆڕدرا و ڕاگەیاندنی ئازاد و بێلایەن یان ناحزبی نەما. نەمانی ڕاگەیاندنی ئازاد و بێلایەن، لەڕاستیدا پەیوەندی بە ژێردەستی کوردەوە هەبوو، بە داگیرکردنی کوردستانەوە هەبوو و کورد خۆی بەرنامەی دانەڕشت و بڕیاری لەسەر گۆڕینی ڕاگەیاندن بۆ بەحزبیبوونی خۆی نەدا، بەڵکو حکومەتی ناوەندی یان حکومەتەکانی ناوەندی زیاتر ڕێگایان بە کورد نەدا خاوەن دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەتی خۆی بێت، ئێزگەی ڕادیۆی سەربەخۆی هەبێت.

ئێمە باشتر لەو تێڕوانینەی سەرەوە دەگەین، ئەگەر چاوێک بە مێژووی حکومەتەکانی شەست ساڵی ڕابردووی ئێراق بخشێنین، تێدەگەین هیچ لەوان ئەو ئازادییەیان بە گەلانی ئێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی نەدا، ڕاگەیاندنی ئازادی خۆیان هەبێت، چونکە ئەوان لە ڕێگای هەڵبژاردن و پرۆسەیەکی عادیلانە دەستەڵات و حکومەتیان وەرنەگرت، لە وشەی هەق دەترسان و ڕای جیایان بۆ قبوڵ نەدەکرا. بینیمان لە ئەنجام دا، تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەهلی یان ناحزبی داخران و ئاراستەی ڕاگەیاندن بۆ حزبیبوون گۆڕدرا.

زەمینەیەکی ناسک و مشەوەش لەدوای ڕاپەڕین بۆ ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستان هاتە پێش، لە بێ بەرنامەیی، قەت نەتواندرا ئەو سوودەی لێوەربگیرێ، کە کورد چاوەڕێی دەکرد. حزبیبوونی ڕاگەیاندن لەجیاتی ئاراستەی دیکە وەربگرێت و زیاتر بەرەو نیشتمانیبوون بچێ، زیاتر بۆلای حزب شکایەوە، چاودێری تایبەت و خودی لەسەر ڕۆژنامەنووس زیادی کرد، کە ناڕاستەوخۆ ڕاگەیاندنی کوردی خەفە کرد، لە پێشکەوتن سستی کرد و دووری کردەوە. لەلایەکی دیکە زۆربەی ئەو کادرانەی خەریکی نووسین بوون بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە بنەڕەتدا نووسەر و شاعیربوون و لە ڕاگەیاندن دووربوون، کە ناڕاستەوخۆ دەکاتە دروستکردنی مەدرەسەیەکی خراپی ڕاگەیاندن، ٢٧ ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێ و نەیتوانیوە خۆی ڕاست بکاتەوە.

ئەم هۆیانەی سەرەوە بوونە هۆی ئەوەی، کورد نەتوانێ ڕیفۆرم لە ڕاگەیاندن بکا، هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبن، چونکە ڕیفۆرم و گۆڕانکاری و بەجەماوەریبوونی ڕاگەیاندن لە دەستەڵاتی ڕۆژنامەنووس دانییە و حزب بڕیاردەدا، چ لە ڕۆژنامەکان چاپبکرێ، چ لە شاشەکان پیشانبدرێ، چ لە رادیۆکان ببیسترێ و لە ماڵپەڕە ئێلیکترۆنییەکان بڵاوبکرێتەوە. دەستەڵاتی ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر یان بەڕێوەبەر سنووردارە. ڕاستە، ڕۆژنامەنووس دەتوانی هەواڵ بەجوانی بنووسی، گۆشە و گوتاری باش بنووسی و سەردێری جوانی بۆ دابنێ، بەڵام ئەوانەی سەرەوە بێگومان بەشناکەن و پەیوەندییان بە ئازادی و لایەنی ئێتیکی ڕاگەیاندن نییە، باس لەوە هەرناکرێ، کە ڕۆژنامەنووسی حزبی، کادرێکی حزبە و حزبییانە بیردەکاتەوە و لە ڕوانگەی حزبەوە بیرۆکە دادەڕێژی، کە هەموویان بەیەکەوە خزمەت بە ئایدیا و پرەنسیپەکانی حزب دەکەن.

هەوڵێک لەئارادایە و دەیەوێ ڕاگەیاندنی کوردی چاکتر بکا، بە جەماوەری بکا، خوێنەر زیاد بکا، بەڵام ئەزموون پیشانی دەدا، بەردەوام لە دەرگای هەڵە چووینە ژوور، ڕێگای ناتەواومان بۆ چاککردنی گرتۆتەبەر.

لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی چاکبکرێ، دەبی بزانین، لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەت هیچ ناکرێ، بەڵکو دەبی لە ڕێگای مەڵبەند و لقەوە هەوڵی چاکردنی ڕاگەیاندنی کوردی بدرێ. لە دوای لق و مەڵبەند، دەبی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ڕازیبکرێ، ڕەزامەندی لە سەرۆک یان سکرتێر بۆ چاکردنی ڕاگەیاندن و ڕیفۆرم لە ڕاگەیاندنی کوردی وەربگیرێ، چونکە ئەوانن خاوەنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەوانن سەرنووسەر و بەڕێوەبەر بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دادەنێن، هەر ئەوانیش بودجە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیاری دەکەن، بۆیە ئەگەر ڕەزامەندی ئەوان وەربگیرێ، هاتنەخوار بۆ چاکردنی کارێکی زۆر ئاسانتر دەبی. دەبی ئەوەش بنووسرێ لە کۆمەڵگای کوردەواری کێشە و گرفت تەنیا لە ڕاگەیاندن نییە و هەموو جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە...

## دەربارەی: قۆناغی گواستنەوە و دروستکردنی حکومەتی کاتی

لە ٢١ی جەنیوەری ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

قۆناغی گواستنەوە یان حکومەتی کاتی، لەدوای تەواوبوونی شەڕ بۆ ماوەیەکی کورت یان دیارکراو پێکدەهێندرێ، بۆ ئەوەی کاروباری وڵات بەڕێوە ببا، سەرپەرشتی هەڵبژارادن بکات و دوای هەڵبژاردنیش، حکومەتی تازە دروست دەکرێت و شوێنی حکومەتی کاتی دەگرێتەوە. حکومەتی کاتی هەمان ماف و ئەرکی حکومەتی ئاسایی هەیە.

بە نەمان و لەناوبردن یان زۆر لاوازبوونی داعش، لە زۆر بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەوروپی باس لە داهاتووی سوریا دەکرێ، کە چۆن دەبی ئەو وڵاتە پڕ لە کێشەیە لە داهاتوو بەڕێوە ببردرێ. پاش خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی ئێران، دیارە باس لە داهاتووی ئێران و شێوەی حوکمڕانی ئەوێندەریش دەکرێ. بابەتێکی گرنگە و بۆ سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوەستەکردن لەسەری پێویستە.

لە زۆربەی گفتوگۆکانی رادیۆ و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن باس لە دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ دەکرێ. دیارە لە پەنجا ساڵی ڕابردوو ئەزموونی زۆر کۆکراوەتەوە، کە چۆن یان چ سیستێمێک بۆ ئەو وڵاتانەی لە شەڕی ناوخۆ و دیکتاتۆرییەت ڕزگاریان دەبی، باشە سوودی لێوەربگیرێ.

کۆماری ئێراق یەک لەو وڵاتانەیە، بەم ئەزموونە ناخۆشە ڕەتبووە. لە دوای ڕوخاندی ڕژێمی بەعس، لە ١٢ی تەموزی ٢٠٠٣ ئەنجومەنی حوکم لە ٢٥ ئەندام، کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی ئێراقیان دەکرد پێکهات و پۆل بریمەر وەک حاکمی مەدەنی داندرا. بەگوێرەی ئەلفوبێی ئەبجەدی هەر ئەندامێک بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمی دەکرد. چوار کورد (جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، دارا نورەدین و سەلاحەدین محەمەد بەهادین) لەم ئەنجومەنە ئەندامبوون. ئەنجومەن تا ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بەردەوام بوو و حکومەتی کاتی ئێراق دواتر شوێنی گرتەوە.

بەگوێرەی زۆرینەی نامە و بەڵگە و نووسینەکانی کوردی، قۆناغی گواستنەوە لە ئێراق، قۆناغێکی سەرکەوتوو نەبووە. لەجیاتی چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکان، کۆمەڵێک کێشەی تازەی لەگەڵ خۆی

هێنا و وڵاتی بەرەو هەڵدێر برد. کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بەژمارە کەم لە ئێراق چارەسەر نەکرد، دیموکراتییەت بناغەی بۆ دانەندرا و لەگەڵ کات، نەک یاسا، بەڵکو دەستوور پێشێل کرا. ئەم شەڕ و کێشانەی ئەمڕۆ لە ئێراق هەن، بەرهەمی ئەوکاتن، لەگەڵ ئەوەش دەبی بنووسرێ، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئێراق هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژی، بەڵام بە کشانەوەی لەشکری ئەمریکی جارێکی دیکە بۆ خاڵی سفر و بۆ دواوە گەڕایەوە و دەمێکە، ئێراق بەرەنگاری تێرۆری بەردەوام و تەقینەوە و دواتریش شەڕی داعش بۆتەوە، کە تا ئێستاش بە تەواوی بەرۆکی بەرنەدایە.

بەهاری عەرەبی، کەشوهەوای دروستبوونی حکومەتی کاتی لە جیهانی عەرەبی هێناپێشەوە، کە لە تونس بە خۆسووتاندنی دەرچووی زانکۆ و بێکار، محەمەد ئەلبوعەزیزی لە ١٧ی دێسێمبەری ٢٠١٠ لە شاری سیدی بوزید، دەستی پێ کرد و لەماوەیەکی کورت سەرۆک زەین عابدین، بۆ سعودیە دەرپەڕی، دواتر زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە. لە ٢٥ی کانوونی دووی ٢٠١١ پڕوشکی گەیشتە میسر، لە ١٧ی شوبات لە لیبیا خۆپیشاندان دەستپێکرد، دواتر یەمەنی گرتەوە و لە ١٨ی ئازار شەپۆلی نارەزایی گەیشتە سوریا و لێرە دایکوتا. دواتر بەحرێن و جەزائیر ئوردن و مەغریب و هەندێک وڵاتی دیکە و بە نەرمیش سعودیای گرتەوە و ئەم بەهارە عەرەبییە، ئێستا لە کۆتایی نزیکە. ئەم زنجیرە خۆپیشاندانە، کۆمەڵێک ڕژێمی لە تونس، میسر، لیبیا، یەمەن گۆڕی و ڕیفۆرم لە بوارەکانی: کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری...هتد، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی عەرەبی دەستپێکرا. لێرە گرنگە ئاماژە بەو فاکتە بکرێ، ئەگەر پشتیوانی تەواوی روسیا لە ڕژێمی ئەسەد بەو شێوەیەی ئێستا نەکرابا، سوریا زیاد لە پێنج ملیۆن ئاوارە و دەربەدەری نەدەبوو، وەک ئێستا وێران نەدەبوو و چارەنووسی ئەسەدیش لە قەزافی و حوسنی موبارەک باشتر نەدەبوو، لەوانەیە داعشیش پەیدا نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەش زۆر بە جددی بیر لە داهاتووی سوریا دەکرێتەوە، کە چ ڕژێمێک شوێنی ئەسەد بگرێتەوە.

جۆن کێری لە کۆنفرانسی مۆنتێرا ٢ لە سویسرا، کە لە ٢٢ی کانونی دووی ٢٠١٤ بەسترا گوتی: بەشار ئەسەد ناتوانێ ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی

قۆناغی گواستنەوە لە سوریا. ناکرێ بیر لەوەش بکرێتەوە، کەسێک وڵاتی خۆی وێران بکا و بیریش لە ئەندامبوونی ئەنجومەن بکاتەوە.

لە دوای ١١ی ئەیلول دیارە لە ئەفغانستانیش Afghan Interim Authority حکومەتی کاتی یان دەوڵەتی کاتی ئەفغانی دامەزرا. بەڵام لێرەش ئەو ئاشتییە نەهاتە کایەوە، کە هەموو لایەک چاوەڕێی بوون.

لە هیچ ئەو وڵاتانەی سەرەوە، بە هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەتی نوێ، ئەو ئاشتییە بەرهەم نەهات، کە خەڵک چاوەڕێی دەکرد. لەوانەیە باشتر دەبوو، ئەگەر حکومەتێکی کەمێک توند، سەرکردەیەکی وڵاتپارێز و دەستێکی پۆڵایین وڵاتی بەڕێوە ببردبا، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدرێ، دیموکراتییەت و بەرەڵڵایی تێکەڵ بەیەکتر بکرێن، خەڵکێکی زۆر مافیان بوخرێ، دزی و گەندەڵی میوانی هەموو ماڵێک بێت و بەرۆکی هەموو کەسێک بگرێ.

دیارە قۆناغێ گواستنەوە لە روسیا لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییێت لە ٢٦ی دێسێمبەری ١٩٩١، پڕە لە بەرزی و نزمی و حکومەتی یەلسن نەیدەتوانی بەسەر کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوە زاڵبیت، هاوڵاتی دەکوژرا، غەدری لێدەکرا، پارە ڕۆژانە نرخی دادەبەزی و گۆرەپان بۆ مافیا و ڕێگر و هەڵپەرستان واڵابوو و بە ئارەزووی خۆیان تێیبەربووبوون. پوتین بە دەستە پۆڵایینەکەی، لەماوەیەکی کورت، هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و جڵەوێ وڵاتی گرتە دەست و لەم ١٨ ساڵەی ڕابردوو، جارێکی دیکە روسیا لەسەر سککەی خۆی داندرایەوە. ڕاستە ئازادی کەمترە، بەڵام ئاسایش و سەقامگیری هەیە.

## دەربارەی بەرنامەی: جوتیارێکی دەرەجە یەک باش

له ٢٨ی جەنیوەری ٢٠١٨ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دانمارکی بەناوی: (Hundra procent bonde - سەد لە سەد جوتیار) لە کەناڵی دووی سویدی هەفتەی جارێک پیشان دەدرێ. درێژی ئەم بەرنامە ڕیپۆرتاژییە ٢٧ - ٢٨ خولەکە و لەلایەن Frank Erichsen و Theresa ی خێزانی و هەردووک منداڵیان ئامادە دەکرێ. ئەم بەرنامەیە لە Grenå ٦٠ کم نزیک شاری Århus لە دانمارک لە گوندێکی گچکەی کەمێک شاخاوی تۆمار دەکرێ، کە ئەم خێزانە جوتیارەی لێ دەژی. هەمان بەرنامە لە وڵاتەکانی نەرویج و فینلاندیش پیشان دەدرێ، یەکەم زنجیرەی لە ساڵی ٢٠٠٨ تۆمار کرا. لەکاتی ئێستا ١٨ خول (سیزۆن) تۆمار کرایە و هەر سیزۆنێک ١٠ ئەڵقەیە. لە ئەڵقەی سێی ٢٠١٨ فرانک سەردانی گوندێکی شاخاوی نیپالی کرد، کە بزانێت و فێربێت چۆن ئەوان ژیان بەسەر دەبەن و چۆن دەژین و چۆنیش نان پەیدا دەکەن؟ لەم گوندە بەشداری لە کۆمەڵێک کار کرد لەوانە: چۆن گوندنشین و جوتیارەکانی ئەم هەرێمە شاخاوییەی نیپال داس دروست دەکەن، چۆن ئەوان زەمبیل و تریان و قەتارە بە شورکە دار دروست دەکەن، چۆن تەون دەکەن و مافوور دەچنن...

فرانک پێشتر هەموو ئەو کارانەی لە ماڵی خۆی کردبوو، بەڵام دیارە لە نیپال تەکنیکی جیایان بەکار دێنا. فرانک بەخۆی هەزار پیشەی هەیە: خانوو دروستکردن، بۆڕی ڕاکێشان، کارەباچییێتی، کاشیلێدان و سپیکردن، دارچاندن و بڕین و موتربەکردن، بۆیاغ و زەوی کێڵان، ئاسنگەری، دارتاشی، چاندن و دوورینەوە، بەخێوکردنی پەلەوەر و مەڕومالات، هەڵگرتنی خواردن بۆ زستان هەروەها چێشت لێنان، ماست، لۆر، پەنیر، مورەبا و تورشی و کەمپوت و هەموو ئەو خواردن و خواردنەوانەی بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویستن، بۆ ئەو زستانە ساردەی دانمارک پێویستن، فرانک بەدەستی خۆی دروستیان دەکات، ئینجا لەو گوندەی نیپاڵ دەیگوت: لێرە دەبی هەزار پیشەت هەبی، بۆ ئەوەی بتوانی بژی.

ئەم بەرنامەیە بینەری یەکجار زۆری هەیە، بێگومان بۆ ئەوە کۆمەڵێک هۆ هەن، بەڵام زیاتر لەبەر ئەوەی خەبات و ماندوبوونی مرۆڤ بۆ ژیان پیشان دەدا، باوک و باپیرانمان دێنێتەوەبیر و ژیانێکی لەبیکراو وەبیر بینەران دەهێنێتەوە.

فرانک هیچ کاتی بۆ دانیشتن نییە و لەگەڵ بانگدانی کەڵەشێری بەیانیان بەئاگادێت و تا درەنگی شەو بە خۆی و منداڵەکانی خەریکی کارکردنن. ئەو دەیەوێ ژیانێکی ئاسان بژیت و خۆی، خۆی لەم ژینگە سەختە بژیێنی و پێویستییەکانی ڕۆژانەی دابین بکا. سەرکەوتنی ئەم پرۆگرامە لەوەدایە، کە چۆن فرانک چارەسەری ئاسان و عەمەلی بۆ کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانەی خۆی دەدۆزێتەوە.

بیرۆکەی ئەم بەرنامەیە لەوانەیە لە رۆمانی Robinson Crusoe وەرگیرابێ، کە لەلایەن Daniel Defoe لە ساڵی ١٧١٩ نووسرایە. لەم رۆمانە پاڵەوانی رۆبینسۆن نقومدەبێت، تەنیا خۆی دەمینێت و بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ لە دوورگەیەک بەتەنیا دەژی، بۆ مانەوەشی ناچارە بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان بۆ خواردن و نان پەیداکردن دابێت.

لە بەرنامەیەکی پایزی ڕابردوو، فرانک بیری لە وەگیرکەوتنی کارەبا کردەوە. خانووی فرانک لەسەر چیا یان گردێک هەڵکەوتووە و بە تەنیشت ماڵەکەی جۆگەیەکی باریکی ئاو هەبوو، فرانک بیری کردەوە، کە چۆن سوود لەم جۆگە ئاوە وەربگرێت و کارەبای لێ دروست بکا. لەسەرەتا گۆمێکی برەک گەورەی لەسەر جۆگە ئاوەکە دروستکرد، کە ئاوەکەی تێیدا کۆدەبۆوە، ئەمجارە لولە بۆرییێکی تێخست، ئاو بەتەوژمێکی زۆر لەو لولە بۆرییە دەهاتەدەر و لە پەروانەیەکی دەدا و پەروانەش بە دینەمۆیەک بەسترابۆوە و بەخێرایی دەیسوڕاند. لەم پرۆسەیە کۆمەڵێک گڵۆپ داگیرسان و کارەبای بەلاش و خۆماڵی، ماڵی فرانکی ڕووناک کردەوە.

بەرهەمهێنانی کارەبا، بەو ئیمکانیاتە کەمە، بۆ من داهێنانێکی سەرنجڕاکێش و تازەبوو، بەتایبەتیش کە من بینیومە، لەم جۆگە و چیایانەمان بە هەزار لە کوردستان هەن، کەس نەیتوانیوە وەک فرانک سوودیان لێوەربگری.

من ناڵێم، ئێمەی کورد میللەتێکی تەمبەڵین، چونکە پێش نزیکەی ٣٥ ساڵ لە سوید، ژنێکی نەرویجی بە من و برادەرێکی گوت: کورد گەلێکی تەمبەڵن.

هەردووکمان زۆر برینداربووین و تێنەگەیشتین، بۆچی ئەو قسەیەی بە ئێمە گوت، لە کاتێکدا هەردووکمان کارمان دەکرد و خۆمان خۆمان دەژیاند، بەڵام ئێستا بیر لەو جوتیارەی دانمارک دەکەمەوە و تێدەگەم، ئێمە لە بێچوە چۆلەکە دەکەین، دەمانەوێ کەسێک بمانژیێنێت و خواردن لەدەممان بکا. مێشکی خۆمان بەکار ناهێنین و چاوەڕێین کەسێک بێت لە کێشەکان یارمەتیمان بدا. پشت بەخۆمان نابەستین و بە ئاسانی خەتاکان لەسەرخۆمان لادەبەین، لە هەمووش گرنگتر، هیچ سوودمان لەو ژینگە جوان و دەوڵەمەندەی کوردستان وەرنەگرتووە، کە ژیانی خۆشتر و تێرتر و ئاسانتر دەکردین.

## دەربارەی: یەشار کەمال و ڕۆمانی حەمەدۆک (ئینجە مەمەد)

لە ٥ی شوباتی ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

یەشار کەمال (کەمال سەدیق گۆیکچەلی – Kemal Sadık Gökçeli)، لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ لە خێزانێکی کورد لە نزیک دەریاچەی وان لەدایک بووە و لە ئەناتۆلی و دەوروبەری ئەدەنە گەورە بووە. یەکەم رۆمانی بەناوی:

(Sarı Sıcak - گەرمایەکی زەرد) لە ساڵی ١٩٥٢ چاپکرا و سێ ساڵ دواتر بەرگی یەکەمی ڕۆمانی: (حەمەدۆک) چاپ و بڵاوکرایەوە. رۆمانی (حەمەدۆک) بە زاراوەی کرمانجی (مەمێ زراڤ)ی بۆداندرایە.

ڕۆمانی حەمەدۆک لە چوار بەرگ پێکدێ. بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٥٥ چاپکرا، بەرگی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٩ چاپکرا، بەرگی سێیەمی لە ساڵی ١٩٨٤ و سێ ساڵ دواتر بەرگی چوارەمیشی چاپکرا. بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدایە و بەرگی چوارەمیش لەلایەن عوسمان ئیسماعیلی لە زمانی سویدییەوە بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕدرایە.

بەرگی یەکەم ٥٤٤ لاپەڕەیە و بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٦ لەسەر ئەرکی: (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) چاپکرا و دوو ساڵ دواتر ١٩٨٨ بەرگی دووەم (٥٤٣ لاپەڕە) وەرگێڕدرا. لە پایزی ١٩٩٠ بەرگی سێیەم (٧٠٤ لاپەڕە) و بەرگی چوارەم (٧١٩ لاپەڕە) لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدران.

یەشار کەمال، جگە لەوەی کۆمەڵێک ڕۆمان و داستانی نووسیوە لە ڕۆژنامەی جمهورییەتیش لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو وەک ڕۆژنامەنووس کاری کردووە و ڕیپۆرتاژەکانی تا ئێستاش لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و قوتابییانی بەشەکانی ڕاگەیاندن دەخوێندرێن و لێیەوە فێری هونەری نووسینی ڕیپۆرتاژ دەبن، هەروەها کتێبی بۆ منداڵ نووسیوە، چیرۆک و داستان و دیوانی شیعری چاپکراویشی هەیە.

دەزگای چاپ و پەخشی موکریان لە ساڵی ٢٠١٢ هەر چوار بەرگی رۆمانی (حەمەدۆک)ی بەیەکەوە چاپکرد و بە بازاڕەکانی کوردستان بڵاوی

کردنەوە، بەمجۆرە خوێنەری کورد بە بەرهەمێکی گەورەی جیهانی ئاشنا دەکات، کە نووسەرەکەی کوردێکی ڕەسەنە.

ڕۆمانی (حەمەدۆک) بۆ نزیکەی ٤٠ زمانی دونیا وەرگێڕدرایە و بۆ خەڵاتی نۆبلیش پاڵێورا و بەداخەوە پێی نەبەخشرا. گرنگی ئەم رۆمانە بۆ خوێنەری کورد تەنیا ئەوەنییە، کە شاکارێکی ئەدەبی گەورەی جیهانی لە ریزی نووسەرانی وەک: لیڤ تۆڵستۆی، جاک لۆندۆن، ئەوگوست سترینگبێری، جۆن رید، مەکسیم گۆرکی، ئێرنست هێمێنگوای، گابریل گارسیا مارکیز، نەجیب مەحفوز، ئورهان پاموک،...هتد دەخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو هەست دەکا، رووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بۆ ئەو نامۆ نییە و ئاشنایە. ناوەڕۆک و بەسەرهات و گۆڕەپانی ڕووداوەکان لە کورد و ژیانی کوردەواری نزیکن.

یەشار کەمال لە ماوەی ٣٢ ساڵ رۆمانی حەمەدۆکی نووسی، بەڵام خوێنەر هەست بە هیچ بۆشاییێک یان لەنگییێک ناکات و ڕووداوەکان بە نەرمی لەدوای یەکتر دەڕۆن و هیچ پسان و وەستانێکی تێدا نییە. یەشار کەمال، بە جۆرێک وەسفی ژیان و دەشت و شاخ، ئەسپ و گوڵ و گوڵزار، بۆنوبەرام و ڕووبار و جۆگە و بەفر و ڕێژنەکانی باران دەکا، بێ ویستی خۆت، دەچیتە ناو ڕووداوەکان و لەناویان دەتاوێیتەوە، میوانی حەمەدۆک دەبیت و لەگەڵ برادەر و دۆست و دوژمنانی دەژیت، دەبیت بە پەپولە و هەست بە لەرزینی جوتێک باڵی ناسک و مژینی شیلەی گوڵ دەکەیت، دەبیت بە بەشێک لە ژینگە و وەک جوتیارەکان برسی دەبی، تێنوو دەبی و هەست بە سەرما و گەرما و خۆشەویستی دەکەیت، تووڕەدەبیت و پێدەکەنیت، وەک دەروێشێک لەو ژینگەیە دەتاوێیتەوە، دەبییە سۆفی و قەت و قەت ناتەوێ، وشە و ڕستە و لاپەڕەکان کۆتاییان پێبێت. ئەو بیرتیژییە، ئەمشێوە داڕشتن و نووسینە، باسکردنی شیوەژیانی زیندەوەر و ئاژەڵ و مرۆڤ بەو شێوە ڕاست و دروستە، لە جیهان دەگمەنە و هەربۆیەش لە ساڵی ٢٠١١ لە نیۆیۆرک رۆمانی حەمەدۆک خرایە ناو لیستی رۆمانی هەزار ساڵە.

یەشار کەمال، نووسەرێکی کوردە و بە زمانی تورکی دەینووسی، بەڵام قەت کوردبوونی خۆی نەشاردۆتەوە و شانازیشی پێوە کردووە. دیارە ئەو زمانە کوردییەی ئەو دەیزانی، بەشی نووسینی رۆمان و شاکاری ئەدەبی

نەدەکرد. لێرە دەبی، لە کەشوهەوای ژیان و گوزەرانی کورد لە تورکیا لە سەد ساڵی ڕابردوو بگەین، بۆ ئەوەی لە یەشار کەمال تێبگەین و ئەو لایەنە وەک خاڵی لاواز وەرنەگرین، باس لەوە هەرناکەین، نووسین و کتێب چاپکردن بە زمانی کوردی لە تورکیا لەو سەردەم قەدەغەبوو.

ڕۆمانی حەمەدۆک، باس لە کۆمەڵگایەکی فیێۆداڵی (دەرەبەگ) بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردووی گوندەکانی دەوروبەری چیاکانی تۆڕۆس، لێوارەکانی دەریای سپی، چووکووراوایە، ئاناوارزا و ئەدەنە و عوسمانیە دەکا. باس لە خەباتی بێکۆتایی جوتیاران بۆ نان پەیداکردن و ژیانێکی کولەمەرگی دەکا، باس لە تێکۆشانی گوندنشیەکان دژ بە ستەم و ئاغا و بەگەکان دەکات، کە هەموو مافێکیان بەسەر جوتیاران هەیە و خوێنیان وەک زوحاک دەمژن. بە ئاشکرا، بوختان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستن، دەیانگرن، دارکارییان دەکەن، بەجۆرێک هەندێک لەژێر ئەو ئەشکەنجەیە گیان لەدەست دەدەن.

باس لە خەباتی گوندنشیان بۆ ژیانێکی مەمرە و مەژی دەکا. لێرە گوندنشین خراپتر لە ئاژەڵ دەژین، دەکرێن بەجاش، بە خزمەتکار، دەستەی چەتەیان لێدروست دەکەن و لەسەر موڵک وماڵیان نە جارێک نە دوو نە سێ دەریان دەکەن. غەدرێکی گەورە لە گوندنشینەکان دەکرێت و هیچ کەس و شوێنێکیش نییە، هانای وەبەر بەرن، نارەزایی و گلەیی خۆیان بگەینن. ئەو ژیانە سەختە، هەندێک کەس و یەک لەوان حەمەدۆک ناچاردەکا، ئەشقیا بێت و دەست بە چەتەیی بکا، هەندێک لە بەگ و ئاغاکان بکوژێت، بەهانای گوندنشینەکانەوە بچێت و بەرگرییان لێبکا.

لەم کۆمەڵگایە، کەسانی قارەمان و تێکۆشەرانی بەشداربووی هەردووک شەڕی سەربەخۆیی دژ بە یۆنان و فەرەنسا، پشتگوێخراون، لە گوندەکان دەژین و ڕووت و برسین، لەکاتێدا، ئاغا و جاش و خۆفرۆشەکانی بەرەی دوژمنی سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی، حوکمی ئەو ناوە دەکەن و لافی وڵاتپارێزی لێدەدەن و دەستەڵاتی موتڵەقیان بەسەر هەرێم و گوندنشینییەکان هەیە.

لەم ڕۆمانە، حەمەدۆک نەیدەویست ببێتە چەتە، بەڵام ئاشقی خەجیج دەبێت و عەبدیخان بەزۆر دەیەوێ، خەجیج لە خوارزا کەچەڵەکەی مارە بکا، کەسیش ناتوانێ قسەی ئاغای گوند پووچ بکاتەوە بۆیە حەمەدۆک ناچار

خەجیج هەڵدەگرێت، عەبدیخان دەیاندۆزێتەوە، حەمەدۆک بۆ بەرگریکرن لەخۆی، بە دەمانچەکەی عەبدیخان دەکوژێت، دەبێتە چەتە و ناتوانێ زیاتر لە گوند بمینێتەوە و لەماوەیەکی کورت، ناو و ناوبانگی حەمەدۆک و کوشتنی عەبدیخان بەم ناوە بڵاودەکرێتەوە و جوتیارەکان هەست دەکەن، پشتوپەنایان بۆ پەیدابوو. حەمەدۆک بەردەوام بەرگری لە هەژاران دەکات و زۆرداران دەکوژێت و قەیسەری، لە ئاغا و دەرەبەگ دەکا بە کونە مشک، پارەیان لێدەستێنێت و بەسەر هەژاران دابەشی دەکا... بەمجۆرە، حەمەدۆک دەبێتە قەڵایەکی بەهێزی هەژاران و تەواوی گوندنشینەکانی لەپشتیەوەن و بە دڵ و بە گیان بەرگری لێدەکەن، خزمەتی دەکەن و لە جەندرمە و جاشان دەیپارێزن و دەیشارنەوە. ئەو گوندنشینانەی حەمەدۆک بە خزموکەسی خۆیان دادەنێن، خەڵکی سادە و ئیشکەرن، میواندۆست و خوداناسن، دڵپاک و بێگەردن.

هەردووک وەرگێڕی کوردی، وشە و دەستەواژەی جوان و تەڕیان لە کاتی وەرگێڕان بەکار هێنایە، لەم کارەیان سەرکەوتوبوون، بەڵام دەبی وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی هەق بە نووسەر و بەرهەم بدرێ.

لە خوێندنەوەی هەرچوار بەرگ، هەست بە پەلەکردنێک دەکرێ، هەست بە بۆشاییێک دەکرێ و زۆر ڕستە و داڕشتنی نامۆ بەرچاوی خوێنەری کورد دەکەون، لەخوارە چەند نموونەیەکی کەمی بەرگی سێ و چوار وەک خۆی دەنووسمەوە.

(بەرگی سێ):

- چەند ڕۆژان مل بە ملەم لەگەڵ خۆم کردوەو پاشان شەیتانم بە نەحلەت کردوەو لەجێی خۆم دانیشتووم. ئێستا ئیدی ئاسوودەم. ل. ٣٦٥

- چاکەتی سورمەیی و پانتۆڵی گالیفەیان لەبەردا بوون چەکمەی بریقەداریان لە پێ دا بوون. ل. ٤٧٦

- یەکێکیان لەوانی دیکە کەڵەگەت تر بوو. "وان یکاد" یەکی چووکەڵەی ێی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ کچکۆڵەکەی راداشت و گوتی: (ها ئەمە دیاریی تۆیە). ل. ٤٧٧

- ئەتۆ بۆ وات لێ هاتوە کورم؟ یەک تەختە بوویە قوڕ. ئەم باڵندەیە وەمن دە بچۆ حەزەخانە خۆت خاوێن بکەوە. ل. ٤٨٥.

- به دیتنی کانییەکە تینووی بوو. وەبیری هاتەوە کە برسیەتی. دمی بە کانی یەکەوە نا لەو ئاوە فێنکە خواردیەوە. ل. ٥١٢.
- دادگایەکی دادپەروەر دەبوو زۆر لەمەوبەر بە بێ گوناهیان بناسێ، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نەبوو. ل. ٥٦٦
(بەرگی چوار):
- سەیرە وەکیل باشی! ئەمن پێموابوو حەمەدی ناخۆش دەوێ. ل. ٥٤١
- تاوێکی باش هەر وا هات و چوو و پاشان چوو لە سەر مۆبلە تاکە تایبەتی یەکەی خۆی دانیشت و گوتی: ل. ٥٤٥
- هێندەی پێ ناچێ ئەو جووتێرانە لەو حەسارەی ڕیز دەبن و یەکە یەکە دێن بەری پێم ماچ دەکەن... ل. ٥٥٤
- بە سەر هەموو ئاناتۆلیم داداوە و هەموو دەشت و شاخی ئەو هەرێمەم وە لەرزین خستوە. ل. ٥٩١

بێگومان، ئەو تێبینییانەی سەرەوە و زۆری دیکەش، لە ماندووبوونی هەردووک وەرگێڕی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حسەن زادە و عوسمان ئیسماعیلی کەمناکەنەوە، با هەر ناوی ناوچە و شارەکان لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە: قوونیا (کۆنیا)، لە عورفایە (ئورفا)، ئەلیپۆ (حەلەب)، ئانتیپێ (عەنتاب)، ئاناتۆل (ئەناتۆل)...هتد بەهەڵە وەرگێڕدرابن.

یەشار کەمال ناسراوە بەوەی، نووسەرێکی چەپ و چالاکوانێکی مەدەنی کاریگەربووە و لەسەر تێڕوانین و بۆچوون و لێدوان و نووسینەکانی دوو جار حوکمی زیندانی بۆبڕاوەتەوە، دیارە زیندان نەیڕوخاندووە و لە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی ساردی نەکردۆتەوە.

## فەرهەنگی گەلان: ڕزگارکردنی ژیانی منداڵانی مینگی

له ١١ی شوباتی ٢٠١٨ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

کارۆ و هەمەر (Karo & Hamar) لەگەڵ شەش خێڵی دیکەی زۆر دوور له شارستانییەتی سەردەم، له خوارووی دۆڵی ئۆمۆ، له باشووری ڕۆژئاوای ئەسیوپیا Ethiopia دەژین. بەهەموویان ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسە. بە گوێرەی کاغەزە فەرمییەکان لە ئەسیوپیا ١٠٣ ملیۆن کەس دەژین، ٦٤ نەتەوە و گروپی ئێتنی هەن و بە ٩٠ زمان قسە دەکەن. هەندێک لەو زمانانە، لەلایەن گروپی بچوک بچوک قسەیان پێدەکرێ. ئەمهاری، زمانی فەرمی ئەسیوپیایە و نوێنەرایەتی 26.9٪ی دانیشتوان دەکا، جگە لەوە زمانەکانی: ئۆرۆمۆ ٣٤،٥٪، سۆمالی ٦،٢٪ تیگرینی ٦،١٪ سیدام ٤،١٪ گوراگی ٢،٥٪...هتد، قسەی پێدەکەن. زمانی دووەمیش لە ئەسیوپیا ئینگلیزییە.

خێڵی کارۆ و هەمەر، بە شوانداری و کشتوکاڵ دەژین. لێرە نەک تەنیا پارە و کارەبا، بەڵکو جلوبەرگ و پێڵاویش نییە. ژنەکان بە تیلمە پەڕۆک یان بەرامپیلێک کەمێک خۆیان دادەپۆشن، پیاوانیش بەهەمان شێوە. خێڵی کارۆ لە جۆرە کەپرێک دەژین، بە دار و قامیش دروستکرایە، سەری بە پووش داپۆشترایە و لە گومبەت دەکا. ئەوان لە هەموو جیهان دابڕاون و وادەزانن، جیهان پێکهاتییە لە خۆیان و دانیشتوانی دۆڵی ئۆمۆ یان هەرێمەکە. ئێستاش وەک سەدەکانی ناوەڕاست دەژین، قوتابخانە نییە و لە هەبوونی هیچ ئایینێکی ئاسمانی ئاگادارنین، بەڵام بڕوایان بەوە هەیە، کە یەک خودای گەورە هەیە، ئەوانی لە سروشت دروستکردییە. ئاری لالێ، کە پاسەوانی دەرگایە لە گوندی دووس دەڵێ: خێڵی کارا بڕوای بە سێ شت: بە باران، دانەوێڵە لەگەڵ ئاژەڵداری هەیە. باران لای ئەوان پیرۆزە و لەوکاتەی باران دەباری لەوبڕوایەدان، خودا ئاوڕێکی لێداونەتەوە و خێر و بەرەکەتی بۆ ناردوون.

لەناو ئەم خێڵە پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزە و خێزان بۆ ئەو خێڵە لە هەموو شتێک گرنگترە، ئەگەر ماڵێک خواردنی نەبێ، ئاساییە بۆ ماڵی دراوسێ بچێ، ئەگەر منداڵێک دایک و باوکی نەمینێ، خێزانێک

هەڵیدەگرێتەوە و پەروەردەی دەکا. لەم کۆمەڵگا سەرەتاییە، ژن زۆر هیلاک و ماندوون. ئەوان خواردن دروست دەکەن، ئاو دەهێنن و کاروباری ماڵەوە رادەپەڕێنن، هەندێکجار بۆ هێنانی ئاو دەبی چەندین کیلۆمەتر برۆن. Dore Akir پاشای گوندی بوس (Bus)ە، هەروەها لێرە ئەنجومەنی پیران هەیە، پاسەوانی دەرگای گوند هەیە و هەر هەمووشیان پیاون. ئاری لالێ، یەک لە گەورەپیاوانی گوندە دەڵێ: بەگوێرەی قسەی پیرەپیاوانی ئەم خێڵە، پێشتر باو و باپیران لە چیاکان ژیاون و رۆژێک گایەک لە گاران دادەبڕێت و بزر دەبی، پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە دەبینن، نیوەی لەشی لەقوڕ سواقدرایە. خەڵکی گوند دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بزانن ئەم گایە لەکوێ بەقوڕ بووە. پاش گەڕانی زۆر، ڕووباری ئۆمۆ دەدۆزنەوە و لەوکاتەوە، بڕیاردەدەن لەچیاکان بێنەخوار و لەو دەشتە و لەسەر ڕووباری ئۆمۆ بژین.

فیلم و کتێب و نووسین و توێژینەوە زۆر لەسەر ژیان و دابونەریتی ئەم خێڵانەی دۆڵی ئۆمۆ نووسرایە و تۆمار کرایە، بەڵام لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر فیلمی دەکومێنتی:

Omo Child: The River and the Bush، لە ساڵی ٢٠١٥ بەرهەم هێندرایە و کۆمەڵێک خەڵات و یەک لەوان خەڵاتی باشترین فێستیڤالی:
(Oceanside International Film Festival) وەرگرتییە.

لەم فیلمە باس لە منداڵانی مینگی - Mingi دەکا. مینگی بە زمانی کوردی دەکاتە منداڵی (بیژی - زۆڵ)، کە لە فەرهەنگی کارا و هەمەر، دەبی ئەو منداڵانە بکوژرێن. Dore Akir پاشای خێڵی کارایە و دەڵێ: مینگی زۆر دەمێکە هەیە و دابونەریتێکی کۆنی ئێمەیە. سێ جۆر مینگی هەیە: کچی مینگی، ئەو کچانەن پێش شوکردن منداڵیان دەبی، ژنی مینگی، ئەو ژنانەن منداڵەکانیان لەلایەن گەورەپیاوانی گوند قبوڵناکرێ، ددان مینگی، ئەو منداڵانەن ددانی یەکەمیان لە پدوی سەرەوە دێ. لە هەرسێک حاڵەت دەبی منداڵەکان بکوژرێن، بۆ ئەوەی نەعلەت، شەڕ و ناخۆشی بەسەر خێڵی کارا نەباری، بۆ ئەوەی وشکە ساڵی و گرانی و نەهامەتی ڕوو لە گوند نەکا. کوشتنی منداڵی مینگی لە ئەفسانەیەکی کۆن سەری هەڵداوە. دەگێڕنەوە منداڵێکی مینگی دەمری، دەینێژن و دەبینن پاش ماوەیەک زەوییەکە ژەهراوی بووە و تەواوی ئەندامانی خێزانەکە دەمرن. لەوکاتەوە

بڕیاردەدەن، هەموو منداڵێکی مینگی بکوژن، بۆ ئەوەی هیچ بەدبەختییەک ڕوو لەوان نەکا.

لەم کۆمەڵگایە پیاو دەتوانی کۆمەڵێک ژن لەگەڵ کۆمەڵێک کچی برادەری هەبێت و لەگەڵ هەر هەمووشیان بخەوی. سێکس لەگەڵ کچی بێمێرد ئازادە و هیچ لێپێچینەوەیەکی لەسەر نییە. کوڕ و کچ بە ئارەزووی خۆیان ڕادەبوێرن و هەر هەمووشیان دەزانن، منداڵەکان دەبی بکوژرێن، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئەمجۆرە ژیان و ڕابواردنە بەردەوامن.

بە بردنی منداڵ لە کۆشی دایک، چیرۆک تەواو نابێت و ئێش و ئازارەکان بەردەوامن، بەڵام دیسان بەدوای هیچ چارەسەرێک ناگەڕێن و لەسەر هەمان ژیان بەردەوامن. لەڕاستیدا ناشوێرن دەستکاری دابونەریتی هەزار ساڵە بکەن.

Labuko Zino Guna کوڕی گەورەی بەناوی: Lale Labuko بۆ خوێندن بۆ گوندێکی دوور دەنێرێ، هەموو گەورەپیاوان دژی دەوەستن، بەڵام بەقسەی کەس ناکا. لالێ لابوکۆ خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستا، ئێستا دەیەوێ کوشتنی منداڵی مینگی ڕابگرێ. ئەو دەست بە خەباتێک دەکا، بەدووری نازانێ ژیانی خۆی لەسەر دابنێ، چونکە زۆر گرانە بڕوایان پێبکا، کە ئەو منداڵانەش وەک هەموو منداڵەکانی دیکەن و هیچ جیاوازییان نییە. لالۆ لابوکۆ خۆی لە تەمەنی ١٥ ساڵی زانیویەتی منداڵی مینگی لە گوندەکەیان هەیە و دوو خوشکی ئەویش پێشتر مینگی بوون و کوژران. ئەم چیرۆکە شێتی دەکات و دەیەوێ ئەم دابونەریتە کۆنە ڕابگرێ. هەوڵدەدا، پشتیوانی لەناو گەنج و پیرەپیاوان دروست بکا، باوکی خۆی ڕازیبکا، لەم خەبات و هەڵمەتەی یارمەتی بدا. لەپێشدا قسە لەگەڵ برادەرێکی خۆی بەناوی Lale Biwa دەکا و باوەڕی پێ دەهێنێ، کە کوشتنی منداڵی مینگی لەزیان زیاتر هیچ قازانجی نییە. خێزانی Lale Biwa لەگەڵ خێزانی براکەی لەهەمان کات زگیان پڕبووە، کوڕی ئەو ددان مینگی دەرچوو، کوشتیان و کوڕی براکەشی ئێستا گەورەبووە و جحێڵە... Lale Biwa داخ لە کوشتنی کوڕی خۆی دەخوا و لەکاتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە غەمبارە، فرمێسک لەچاوەکانی دێنە خوار و بەڵێن دەدا، بە هەموو شێوەیەک لەم خەبات و ڕیفۆرمە یارمەتی مامۆستا Lale Labuko ی برادەری بدا.

Lale Labuko له شەوێکی ساڵی ٢٠٠٧ گوێی له گریان دەبی، بەیانییەکەی له دایکی دەپرسێ: دوێنێ شەو چ ڕوویدا؟ دایکی بۆی ڕووندەکاتەوە، که منداڵی ئامۆزاکەی مینگی بووه و کوشتوویانه، هەر لەو بەیانی به خۆی و خێزانی بڕیاردەدەن، له داهاتوو منداڵانی مینگی وەربگرن و پەروەردەیان بکەن. دوای ماوەیەکی کورت، مامۆستا لالێ ئاگادار دەکرێتەوە، کچێکی مینگیان له دارستان فڕە دایه. پاش چەند کاتژمێرێک دەگاته دارستان و کچەکه هێشتا لەژیاندایه، هەڵی دەگرێتەوه و لەگەڵ خێزانەکەی پەروەردەی دەکەن. دایکی منداڵەکه زۆی پێخۆشه کچەکەی زیندووه، بەڵام نایەوێ پەروەردەی بکا، چونکه دابونەریت ڕێگای پێنادا. ئێستا هەموو گوند چاوەڕێن، چ کارەساتێک تووشی مامۆستا ببێت، بەڵام هیچ ڕوونادا. لەماوەیەکی کورت، چوار منداڵ هەڵدەگرنەوە، ناچارن خانوێک بۆ ژیانی خۆیان پەیدا بکەن. ئێستا لالێ شەش منداڵی ڕزگار کردییه، منداڵی خۆشی هەیه و لەگەڵ ئەوەش هێشتا منداڵی مینگی وەردەگری.

ئێستا منداڵەکان کەمێک گەورەبوون و به ئۆتۆمبیلەکەی دەچێتەوە گوندی (دوس) تا پیشانیان بدا، که ئەو منداڵانه هیچ جیاوازییان لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی ئەوان نییه. خەڵک سەریان سوڕ دەمینێ و تێناگەن، که چۆن ئەو منداڵانه بەڵایان بەسەر نەهێناون و له منداڵی ئاسایی دەکەن. پیرەپیاوان هەڕەشەی لێدەکەن، ئەگەر جارێکی دیکه لێره Lale Labuko ببیننەوە دەیکوژن. لالێ دەترسێت و بۆ ماوەی دوو مانگ ناچێتەوە لایان، لەم دوو مانگه ١١ منداڵی مینگی دەکوژن.

جارێکی دیکه مامۆستا Lale Labuko له ١٤ی دیسێمبەری ٢٠١١ تەواوی کوڕ و پیاوەکانی گوندی بوس کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن، زیاتر منداڵی مینگی نەکوژن. ئەمجاره نوێنەری حکومەت و ڕێکخراوی منداڵپارێزانیش (Omo Child)یش ئامادەبوون. پیرەپیاوان دەترسان غەزەب بۆ گوند بگەڕێتەوە و بەڵای گەورەیان بەسەربێت. لەم کۆبوونەوەیه، بڕیارێکی زۆر گرنگ درا، که زیاتر منداڵی مینگی نەکوژن. ئەمه بۆ مامۆستا لالێ، زۆر گرنگ بوو و سەرکەوتنێکی مەزن بوو. لەو ڕۆژەوە منداڵی مینگی نەدەکوژران، بەڵام دەبردرانه دارستان و لەوێندەر جێدەهێڵدران و دەمردن و تەیروتوار منداڵه فڕێدراوەکانی دەخوارد.

کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ گەورە پیاوانی گوند دەکەن و لەم کۆبوونەوەیەی، Lale Labuko ڕووی لە گەنجان دەکات و دەڵێ: من زیاتر پارەم نییە، تاقەتم نەما، منداڵەکانی ئێوە گەورە و پەروەردە بکەم، دەبی خۆتان خەمی خۆتان بخۆن، چونکە ئێوەن ژنەکان ئاوس دەکەن. هەر لەم کۆبوونەوەیە، پیرەپیاوێک، دارێکی درێژی لەدەستە، لەپێش پیاوەکانی دانیشتوو، کە لە پەرلەمانی سەردەم دەکا، دێت و دەچێت و زۆر بە تورەیی و جددی قسان دەکا: ئێوە لەوبڕوایەدان، ئەو نەوەیەی ئێستا باشە؟ پێشتر دەمانتوانی نهێنییەکانمان بپارێزین، ئێستا ئەوە نەمایە. ئێستا قسە لەسەر هەموو شتێ دەکرێ. من هیچ بڕوام بەو جیلەی ئێستا نەمایە. پێشتر کۆبوونەوەکانمان لەسەر کشتوکاڵ و مەڕداریبوو، ئێستا بۆتە جنس... فەرهەنگی من ڕێگام پێدەدا ئەمجۆرە منداڵانە بکوژرم... ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت: خێڵەکانی دیکە بە ڕێگای خۆیان مینگییان ڕاگرت، دەبی ئێمەش ڕێگایەکی خۆمان بۆ ڕاگرتن بدۆزینەوە...

هەموو پیاوەکان، بە پێوە لەبەردەم دانیشتووان دێن و دەچن، دارێکیان لەدەستە و قسەدەکەن. ئەوەی دەیانەوێ بە ئازادی دەیڵێن، کەس لە گوتنی ڕای خۆی ناترسێ، ماستاو بۆ یەکتر ساردناکەنەوە و خەڵک گوێ لەقسەکانیان دەگری تا ئەو کاتەی هیچی بۆ گوتن نامینێ، کەسێکی دیکە دەستپێدەکاتەوە. من سەیری ئەم گفتوگۆ گەرم و چارەنووسسازە دەکەم و بیر دەکەمەوە، کە ئەوان هیچ لە فەرهەنگی یۆنان و ڕۆم شارەزانین، ئاگایان لە دیموکراتییەت نییە، لەگەڵ ئەوەش بە جوانترین شێوە پەیڕەوی ئازادی ڕادەربڕین و بنەماکانی دیموکراتییەت دەکەن. من بەو دانیشتن و ڕاستگۆییەی ئەوان سەرسامم، بەو شێوە قسەکردنە جوانانەیان سەرسامم، بەتایبەتیش لەوکاتەی پیرەپیاوێک دەڵێ: ئێوەی پیرەکان دژی ئەم ڕیفۆرمەن و دەتانەوێ لە کوشتن بەردەوامبن... دەبی بیربکەنەوە، ئایا مینگی کۆمەڵگا بریندار دەکا یان یارمەتی دەدا؟ من چەندی بلێی لە ئێوە تورەم. مینگی هەموو ژیانی منی داگیرکردییە. خەڵکی ئێمە خواردنی بەش ناکات و وەک پیرەپیاو، واجبی منە چارەیەک بۆ ئەمە بدۆزمەوە. ئێمەی پیرەپیاوان دەبی بڕیارێک بۆ داهاتووی خێڵی خۆمان بدەین، دەبی بۆ ژن و منداڵەکانمان باسبکەین، لەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ باس لە چ کرا، چ بڕیارێک درا. هەر لەم کۆبوونەوەیە بڕیار درا، دەرگای پێش گوند لاببەن، چونکە لەوکاتەی

منداڵی مینگییان دەکوشت، دەبوایە دایکی منداڵ بهێنن و لەبەردەم ئەم دەرگایە لە گوناح پاکی بکەنەوە.

ئێستا، هەموو دانیشتوانی گوندی دوس لە نزیک دەرگای گوند کۆبوونەوە، مەڕێکیان هێنا و کردیانە قوربانی. Dore Akir مەلیکی گوند گوتی: بڕیارمان دا، مینگی نەهێڵین، بەڵام بۆ ئەوەی بڕیارەکەمان قبوڵبکرێ و تێبگەین، کە بەڕاستی بڕیارێکی دروستمان دایە، داوا لەخودا دەکەین، خێر و بەرەکەتی خۆیمان بە باران بۆ بنێری... پێنج خولەک ڕەتی نەکرد، بارانێک باری، هیچ پیرەپیاوێک لەژیانی ئەو بارانەی نەبینیبوو... ئەوە بەڕاستی موعجیزە - miracle بوو.

بەمشێوەیە کوشتنی منداڵی مینگی لە دۆڵی ئۆمۆ قەدەغەکرا، بەڵام هێشتا هەمان دابونەریت لەلایەن ٥٠ هەزار کەس لەناو شەش خێڵی ناوچەکە بەردەوامە.

## دەربارەی: بەرهەمهێنانی فیلم و وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار

له ١٨ی شوباتی ٢٠١٨ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ئۆسکار یان Academy Award خەڵاتێکی سینەمایی ئەمریکییە و لە ١٦ی مایسی ١٩٢٩ وە، ساڵانە لەلایەن ئەکادیمیای فیلمی ئەمریکی و ABC بە باشترین: فیلم، سیناریۆ، ئەکتەر...هتد دەبەخشرێ. خەڵاتی ئۆسکار Oscar بەناوبانگترین خەڵاتی سینەمایی جیهانە و لەگەڵ ئەوەش، ئەو فیلمانەی خەڵاتی ئۆسکاریان پێدەبەخشرێ مەرج نییە، لە ئەمریکا بەرهەم هێندرابن، بەڵام دەبی بە زمانی ئینگلیزی بن، لەهەمان کات لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە ساڵانە یەک خەڵاتی ئۆسکار بە یەک فیلمی بیانی دەدرێ. لە یادی ٨٠ ساڵەی ڕێکخستنی خەڵاتی ئۆسکار ٢٦٩٦ پەیکەری ئۆسکار بەخشرابوو، ٢٩٣ هونەرمەند خەڵاتی ئۆسکاریان وەرگرتبوو. ئاهەنگی پێدانی خەڵاتی ئۆسکار، ساڵانە لە کۆتایی شوبات پێشکەش دەکرێت و لە ڕێگای شاشەی ABC Television Network بۆ بینەران دەگوازرێتەوە.

خەڵات بەو فیلمانە دەدرێ، کە ساڵێک پێشتر لە سینەماکان پیشاندراون و بۆ ئەوەی فیلمەکان بۆ خەڵاتی ئۆسکار بەرزبکرێنەوە، دەبی لە سینەماکانی Los Angeles پیشاندرابن. فیلمەکانی بەشداربوو لە پێشبڕکێ بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، دەبی لە مانگەکانی نۆڤێمبەر و دیسێمبەر بۆ ئەکادیمیا بەرزکرابنەوە. دەنگدان بە هەڵبژاردنی فیلم، بە شێوەی نهێنییە و لەلایەن ئەندامانی ئەکادیمیا بەڕێوە دەچێ. هەر ئەندامێک بەگوێرەی پیشەی خۆی دەنگ دەدا. هەر بۆ نموونە: سیناریست، باشترین سیناریۆ هەڵدەبژێرێ، ئەکتەری ژن، باشترین ئەکتەری ژن هەڵدەبژێرێ، کامیرامان، باشترین فیلم گرتن هەڵدەبژێری...هتد.

خەڵاتی ئۆسکار ٣٤ سم بەرزە و ٣٨٥٠ گرامە و دروستکردنی بەهەمووی تەنیا ٥٠٠ دۆلاری تێدەچێت. لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە، بڕیارێک هەیە، کڕین و فرۆشتنی بە خەڵاتی ئۆسکاری قەدەغە کردووە. کەسی فرۆشیار لەسەرەتا دەبی ئاگاداری ئەکادیمیا بکاتەوە و ئەگەر ئەکادیمیا بیەوێ خەڵاتەکە بۆ خۆی بەنرخی تەنیا (دە دۆلار) هەڵبگریتەوە، دەبێ بەوان بفرۆشرێ. ئەگەر ئەکادیمیا ئامادەنەبێ بەو بڕە پارەیە خەڵاتەکە

بکڕێ، خاوەنی دەتوانێ لەبازاڕ بیفرۆشێ. لە ساڵی (١٩٥٥)ەوە، هەموو پەیکەرەکان ژمارەی زنجیرەییان لەسەر نووسرایە، بۆ ئەوەی کۆپی نەکرێنەوە. لەهەمان کات، فرۆشتنی خەڵاتەکانی پێش ١٩٥٠ ڕێگاپێدرابوو. لە ساڵی ١٩٩٩ Michael Jackson خەڵاتی فیلمی (ئەولاتری با)ی بە نرخی یەک ملیۆن و ٥٤٠ هەزار دۆلار کڕی. لە ساڵی ١٩٩٦ Steven Spielberg پەیکەری فیلمی (لەیەک شەو ئەوە ووی دا) بە نرخی ٥٧٨ هەزار دۆلار هەروەها خەڵاتی فیلمی (Jezebel)ی ساڵی ١٩٣٨ بە ٦٠٧ هەزار دۆلار لە مەزادخانە کڕی و هەردووک پەیکەری پێشکەش بە مۆزەخانەی ئەکادێمیا کرد.

وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار زۆر گرانە و پێشبڕکێیەکی یەکجار توندی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەش هەندێک فیلم نەک یەک، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵاتی ئۆسکار وەردەگرن. فیلمەکانی Ben-Hur (١٩٥٩)، Titanic (١٩٩٧) لەگەڵ داستانی The Lord of the Rings: The Return of the King (٢٠٠٣) هەر یەک لەو فیلمانەی سەرەوە ١١ خەڵاتی ئۆسکاریان وەرگرتووە. فیلمی West Side Story (١٩٦١) دە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتییە و دواتر سێ فیلم ٩ خەڵاتیان وەرگرتییە، هەشت فیلم هەشت خەڵاتیان وەرگرتییە...هتد.

Katharine Hepburn چوار خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتییە
Jack Nicholson, Ingrid Bergman, Daniel Day-Lewis
Meryl Streep لەگەڵ Walter Brennan هەر یەک لەو ئەکتەرانەی سەرەوە سێ خەڵاتی ئۆسکاریان وەرگرتییە، هەروەها John Ford ی ڕێژیسۆر چوار خەڵاتی پێدرایە.

هەر کەسێک ببێتە خاوەن خەڵاتی ئۆسکار، هەزار و یەک دەرگای بۆ دەکرێتەوە و هەموو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم پەیوەندی پێوە دەکەن و دەیانەوێ بەشداری لە بەرهەمهێنانی فیلمەکانی ئەوان بکەن، چونکە بەشداربوونی: سیناریست، ڕێژیسۆر یان ئەکتەری بەناوبانگ، هیوای سەرکەوتنی زۆر بە فیلم دەبەخشێت و لەهەمان کاتیش بازاڕ بۆ فیلم دەڕەخسێنێت و قازانجی زۆر دەکەن.

بەرهەمهێنانی فیلم، جگە لەوەی پیشاندانی کۆمەڵێک هونەری جوان و بەنرخە وەک: نواندن، گرتن، مۆسیقادانان، هەڵبژاردن یان بەرزکردنەوەی بابەت...هتد، بازرگانییکی زۆر گەورەشە. کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی

فیلم لە جیهان، لەبەرهەمهێنانی فیلم، بیر لە خزمەتکردن بە وڵات و کۆمەڵگای خۆیان ناکەنەوە، بەڵکو جگە لە پیشاندانی هونەرێکی مەزنی سەرسوڕهێنەر، ئامانجیان دەستکەوتی ماددییە. هەر بۆ نموونە: فیلمی Ben-Hur باس لە ژیانی عیسا پێغەمبەر دەکات، کە چۆن ژیا و پەیامی چۆن بڵاوکردەوە. یەک لەو فیلمانەیە، لەکاتی خۆی (١٩٥٩) گەورەترین بودجە (١٥ ملیۆن و ١٧٥ هەزار دۆلار)ی بۆ تەرخانکرا. لەم فیلمە زیاد لە ١٠٠ هەزار دەستەجل دوورا و ٨٠٠٠ کەسی شارەزا لە بواری جیا جیا کاریان لە بەرهەمهێنانی کرد و لە ئەنجام دا ١٤٦ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلاری دەستکەوت. ئەم فیلمە لە رۆمانی:

Ben-Hur: A Tale of the Christ وەرگیرایە، کە لەلایەن

Lewis Wallace لە ساڵی ١٨٨٠ چاپی یەکەمی کرا.

فیلمی تایتانیک بودجەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بوو، ٢ ملیار و ١٨٧ ملیۆن دۆلار بودجەی بوو. بە گرانترین فیلمی ئەوکات (١٩٩٧) باسی دەکرێ، دواتر فیلمی دیکە وەک: John Carter (٢٠١٢) ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری تێچوو، کە بینەر هەست دەکا بەڕاستی خۆی لەسەر ئەستێرەی مارسە. هەروەها فیلمی Pirates of the Caribbean (٢٠٠٧) دیسان ٣٠٠ ملیۆن دۆلار خەرجی تێچوو. زنجیرە فیلمەکانی Hobbit وهەریەکە و ٢٧٠ ملیۆن دۆلاریان تێچووە.

یەک لەو ئەکتەرانەی زۆرترین پارەی لەڕێگەی نواندنەکانی بەدەست هێناوە Harrison Ford، کە نزیکەی ٥ ملیار دۆلاری لە ڕێگای نواندن دەستکەتووە. Stellan Skarsgård نزیکەی ٣ ملیار دۆلاری دەستکەوتووە و Bruce Willis سێیەم زۆرترین پارەی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دەستکەوتییە.

Matt Damon بۆ هەر فیلمێک ٢٠ ملیۆن دۆلار وەردەگرێ

Sandra Bullock بۆ بەشداریکردن لە فیلمی Gravity ٢٠ ملیۆن دۆلاری وەرگرت. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، Leonardo DiCaprio ٢٥ ملیۆن دۆلاری بۆ فیلمی Wolf of Wall Street وەرگرتییە.

بەرهەمهێنانی فیلمی ئاست بەرز یان وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار، بۆ هیچ گەل و وڵاتێک، بە ڕێکەوت و لەناکاو نەبووە و نییە، بەڵکو بە پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژ گرێدرایە و لەهەمان کات، شیعر و چیرۆک و

ڕۆمان، شانۆ و سینەما، نەخش و نیگار و کێشانی تابلۆ لەو وڵاتانە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و وەردەگیرێ، فەرهەنگ بایەخی زۆری پێدەدرێت، حکومەت بودجەی زۆر و زەبەلاحی بۆ تەرخان دەکا، یارمەتی کارمەندانی ئەم بوارە دەدات و زەمینە بۆ پێشخستنی دەڕەخسێنێ. نووسەر، نیگارکێش، هونەرمەند یان هەموو کارمەندانی ئەم بوارە، لەم وڵاتە پێشکەوتووانە بە یاسا مافیان پارێزراوە. ئەوان نەک تەنیا کێشەی ئابوورییان نییە و خۆش دەژین، بەڵکو بە بەرهەمەکانیانەوە زۆریش دەوڵەمەند دەبن، چونکە بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی هەیە و لکێکی گرنگی پیشەسازییە.

## دەربارەی: نووسین بۆ ڕۆژنامە و نووسین بۆ فەیسبووک

له ٢٥ی شوباتی ٢٠١٨ له ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پەنجەرەیەکی گەورەی بۆ سەدان ملیۆن کەس کردەوە، بە تایبەتیش بۆ ئەو خەڵک و کۆمەڵگایانەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لە وڵاتەکانیان سنووردار و نائازادە، زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند تا بتوانن تێیدا بە ئاسانی بیروڕایان بنووسن و بڵاوی بکەنەوە. لە هەمان کات، گرنگە ئاماژە بەو فاکتە بکەین، کە نووسین و بڵاوکردنەوەی ناوە ناوە کۆپلەیەک، بۆ هاوڵاتی ئەو وڵاتانەی کێشەی ڕێنووس و خاڵبەندییان نییە، هەستی خۆبەزلزانینیان وەک کورد پێنابەخشی و خۆیان لێنابێ بە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورە. دیارە ئەوان بەشێوەیەکی جوانتر و نەرمتر فەیسبووک بەکاردێنن و وەک بەشێکی زۆر لە تاکی کورد، بۆ هەڕەشە و هێرش و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان بەکاری ناهێنن و نایکەن بە مەیدانی ململانێی سیاسی یان بڵندگۆی حزب، ئەگەر باس لە یاسای تایبەتیش بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لای ئەوان نەکەین.

لە دایکبوون و گەورەبوون لەناو کۆمەڵگایەکی ئاشتیخواز و یەکسان و دیموکرات، یارمەتی هاوڵاتیی ڕۆژئاوایی داوە، ئاسانتر رای بەرامبەر قبووڵ بکا، ڕەخنە هەزم بکا و نەرمتریش بنووسێ. لەگەڵ ئەوەش هەموو لایەک دەبێ بزانن، داڕشتن و نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار تەواو لە داڕشتن و نووسین بۆ ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی جیایە. هەر بۆ نموونە: پێش بڵاوکردنەوەی نووسین یان گوتار بۆ ڕۆژنامە، بە چەند فلتەرێکی یاسایی، ئەخلاقی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی ڕەت دەبێ، جگە لەوە، ڕۆژنامە مۆڵەتی دەرکردن هەروەها سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی هەیە، کە بەرپرسن لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەیان و نایانەوێ ڕۆژنامەکەیان هەرزان و سووکبێت یان ژمارەی خوێنەری کەمبێتەوە یان بەردەووام لە ڕێگای دادگادابن.

لە لایەکی دیکە، ڕۆژنامە بە کاغەزی دەمینێتەوە، هەڵدەگیرێت و دەرکردنی خەرجی زۆری تێدەچێ، چونکە بە یەک کەس بەڕێوەناچێ و دەرناکرێ، بەڵکو کاری تیمە. گوتار و نووسین لە ڕۆژنامە دیزاین دەکرێ،

بۆ چاپخانە ڕەوان دەکرێ و چاپدەکرێ، دواتر بەسەر کۆشک و شوێنی فرۆشتنی ڕۆژنامە بڵاودەکرێتەوە، بەسەر ماڵ و ئابۆنەداران دابەش دەکرێ. لە هەندێک ڕۆژنامە هەزار کەس، لەوانەی دیکە کەمتر یان زیاتر کاردەکەن.

لە ڕۆژنامە خەڵکی پسپۆر کاردەکەن و تێیدا دەنووسن، جگە لەوە، ئەو بابەتانە هەڵدەبژێردرێن و بەرزدەکرێنەوە، کە بۆ کۆمەڵ پێویستن، بۆ وشیارکردنەوە و پەروەردە و گەیاندنی زانیاری پێویستن. کارمەندانی ڕۆژنامە لە بەرامبەر کارەکانیان مووچە یان پاداشت وەردەگرن و زۆربەی کات یان خاوەن ئەزموونێکی زۆرن یانیش لە زانکۆ یان پەیمانگا خوێندوویانە و فێری کارکردن لە ڕۆژنامە یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن بوون.

لە ڕۆژنامە بابەتی جیاجیا وەک: سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەرزش، ئابووری، فەرهەنگ... هتد، هەروەها ژانرەکانی: هەواڵ، گوتار، ڕیپۆرتاژ، گۆشە، ئینتەرڤیو...هتد هەیە.

دەرکردنی ڕۆژنامە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا یان زۆر پێشکەوتوو، بازرگانییە و ساڵانە قازانجی زۆر دەکەن. ڕۆژنامە سەرەتا و کۆتایی هەیە، ژمارەی لاپەڕ و نووسینەکان دیارن، قەبارەی تێکست و وێنە سنووریان بۆداندراوە. ڕۆژنامە نابی خوێندنەوەی چاو هیلاک بکا و بێزارکەر بێت بۆیەش، ئەو نووسینانەی لەسەر کاغەز دەخوێندرێنەوە، زۆر جیان لەو نووسینانەی لەسەر وێب و لاپەڕەکانی ئێلیکترۆنی دەبیندرێن. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، لە وێب لەماوەی ٣ – ٤ چرکە نووسەر دەبێ توانیبێتی، سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، ئەگەر بەو ئەرکەی هەڵنەستابی، بە ئاسانی ئەو میوانی لەدەست دەچێ، باس لەوە هەرناکەین، لە ماڵپەری کۆمەڵایەتی و ئێلیکترۆنییەکان، زۆربەی جار هەموو تێکستەکان ناخوێندرێنەوە و خوێنەر یان میوان بەسەریدا پاز دەدا، بۆیەش کەسانی پسپۆر داوای نووسینی کورت دەکەن، بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی ناسراونین، چونکە میوان نازانێ ئەو نووسین گرنگە و دەبێ هەمووی بخوێندرێتەوە. دیارە، هەموو نووسینەکان بە قووڵی ناخوێننەوە. بەگوێرەی کتێبی: (نووسین بۆ وێب) لە نووسینی (Erik Geijer خوێنەر تەنیا یەک لەسەر پێنجی تێکستی ماڵپەڕی ئاسایی ئێلیکترۆنی دەخوێنێتەوە. چەند تێکست درێژتربێ، ئەوەندە کەمتر دەخوێندرێتەوە. Jakob Nielsens دەنووسێ: خوێنەر ٢٥ چرکە بە ماڵپەڕ

دەدات و چوار چرکەش بە نووسین. ئەوان چوار چرکە بۆ سەد وشە هەڵدەبژێرن.

زۆر گرنگە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ: لەوکاتەی مرۆڤ ماڵپەڕ دەخوێنێتەوە، بەدوای زانیاری دەگەڕێ، بەڵام لەوکاتەی ڕۆژنامە یان کتێب دەخوێنێتەوە، دەیەوێ پشوو بدا. ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بێ سەروبنە و پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ خوێنەر هەیە، هیچ فلتەرێک بۆ نووسین نییە، هیچ سنوورێک بۆ دەربڕین نییە، جگە لەوە زۆر لەو کەسانەی تێیدا دەنووسن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس نین و ئەزموونی نووسینیان نییە، بێئاگان لە لایەنی ئەخلاقی و ئاستی وشیارییان نزم و لاوازە. ئەمجۆرە کەسانە سوود لەم تەکنۆلۆجیا سەردەمە، بۆ بریندارکردنی برادەرانی ئێلیکترۆنیی خۆیان وەردەگرن. هەر ئەو کەسانە، نازانن چ بۆ بڵاوکردنەوە گونجاوە یان گونجاو نییە، بۆیە بە دانانی وێنە یان کورتە نووسین، جگە لە کەسی بەرامبەر، هەندێکجار، کێشەی زۆر بۆ خۆشیان دروست دەکەن، باس لەوە هەرناکەین، زۆربەی نووسینە توندەکان لەکاتی تورەبوون نووسراون و لە واڵەکان داندراون. بێگومان، کاری حکومەتە، یاسایەکی تایبەت دەربکات و سنوور و چوارچێوە بۆ ماڵپەڕانی کۆمەڵایەتی دابنێ، کە لە خزمەت دانیشتوانی هەرێم بێ. هەروەها باشە، هەندێک ڕێنمایی بنووسرێن، بەکارهێنەران فێربکرێن، چۆن بە باشترین شێوە سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن، چۆن خۆیان لە هەڵمەتەکان بپارێزن، لە داهاتوویەکی نزیکیش باشە وانەیەک لە ئامادەیی یان زانکۆکان بخوێندرێ.

Robin Dunbar پرۆفێسۆر لە دەروونناسی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەنووسێ: مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ چوار کەس ببێتە برادەری گیانی بەگیانی و لەگەڵ ١٤ کەسیش ببێتە برادەری نزیک، کە بتوانی لە سەرما و گەرما بەهانایانەوە بچێ. هەبوونی پێنج هەزار برادەر لە فەیسبووک، کەمتر کات بۆ برادەرە نزیکەکان دەهێڵێتەوە.

## دەربارەی: ماف و خەباتی ژنی کورد

لە ٨ی ئازاری ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

لە مانگی ئازار کۆمەڵێک جەژن و یادی مەزن هەن، بە گەرمی پێشوازییان لێدەکرێت و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخی زۆریان پیدەدرێت. ٨ی ئازار یەک لەو ڕۆژە مەزنانەی ساڵە، زیاد لە کات و ڕۆژانی دیکە، ڕێگا بە ئافرەتی کورد دەدرێ، بە ئاشکرا ئەم یادە بکاتەوە و باس لە ئازادی و ماف و خەباتی خۆی بکا.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین، لە هەندێک کتێب و سەرچاوە، ئافرەتی کورد، بە ئازادتر لە ئافرەتی وڵاتانی دراوسێ باسی لێوەدەکرێ، بەڵام ئەو تێڕوانینە ئەگەر بەچاوی ئێستا سەیری بکەین، لەوانەیە باوەڕی پێنەکرێت، چونکە نەبووە، ئافرەتی وڵاتی داگیرکراو، مافخوارو، چەوساوە لە ئافرەتی وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆ ئازادتربێت، بەتایبەتیش ئەگەر لە وڵاتێک بژین، پیاو ئازاد نەبێ، چونکە کوردە، وڵاتەکەی وێرانبکرێ و بسووتێندرێ، چونکە کوردی لێدەژیت، خوێنی منداڵ و گەنجانی حەڵاڵ بکرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتانەی سەرەوە، بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسان زۆر گرانە باس لە ماف و خەباتی ئافرەت بکەن، کە تا ئێستا ژنانی وڵاتە هەرە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی جیهان وەک: ئەمریکا و سوید و یابان و فەڕەنسا...هتد، لە خەبات بۆ یەکسانی و گەیشتن بە دوا وێستگەی ئازادی و بەختەوەری نەوەستاون و بەردەوامن.

لەوکاتەی ئێمە بەو مێژووە و هەقیقەتانەی سەرەوە ئاشنا دەبین، تێدەگەین، بەکارهێنانی وشەی چەوساوە بۆ ژنی کورد لاوازە و بەهێز نییە، چونکە ئەو لە وڵاتێک لە دایکبووە و دەژی، نەک تەنیا مافی دایکی، کچی، خوشکی...هتد دەخورێ، بەڵکو مافی باوک و کوڕ و براشی دەخورێ، زیاد لە هەزار ساڵە دەچەوسێنەوە و وەک هاوڵاتی پلە دوو یان هێشتا کەمتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و بە چاوی دوژمن سەیریان دەکرێ. ژنی کورد لە وڵاتێک دەژی، چیاکانی دەسووتێنن، گوندەکانی دەڕوخێنن، ماڵ و مەدرەسە و مزگەوتەکانی لەبەر چاوی خۆی وێران دەکەن، ئینجا مافی پرۆتێستۆیەکی

نەرمی نییە، زۆرجار، مافی گریان و لاواندنەوەشی پێنادرێ. ژنی کورد، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە، وەک کۆیلە و کالا لە سوقەکانی عەرەبی بە ئاشکرا و لەبەردەم چاوی کامێراکان تا دوێنێ کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرا.

نەک ژنی کورد، هەر ژنێک لەو ژینگە نەخۆش و ئالۆزە لەدایکبێت و گەورەبێ، لەلایەن کەسانێک، کە خۆیان وەک هاولاتی پلە دوو سەیربکرێن، زۆر گرانە باس لە ئازادی بکرێ، باس لە خەبات بۆ یەکسانی بکرێ، بۆیە ئەو خەونەی ئەوان باسی دەکەن، جارێ نەبیندرایە، ئەو خەباتەی ئەوان باسی دەکەن، جارێ دەستی پێنەکرایە، ئەو ئامانجەی ئەوان بۆی تێدەکۆشن، جارێ بەرنامەی بۆدانەندرایە، با هەر ژنانی کورد لە کوردستان خاوەنی سەدان ڕێکخراوی گەورەی ژنانەبن، چونکە لەوێندەریش تەنیا ئەو ژنانە سەرپەرشتی ئەم بزوتنەوە هەقە دەکەن، کە تەواو حزبین و بەرژەوەندی حزبیان لە خەباتی ژنان لا گرنگترە، جگە لەوە، خۆیان لەماڵی خۆیان خاوەنی ئەو مافەنین، کە شایستەن، خاوەنی ئەو بڕیار و ڕایانەنین، کە خەونی پێوەدەبینن.

قسەی گەورە لەسەر مافی ئافرەتی کورد زۆر دەکرێ، بەلام ئەو قسانەش ڕستەی بریقەدار و ناوەڕۆک پەنچەرن، بۆیە هیچ پێشکەوتنێک لەم خەباتە بەدی ناکرێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو کیسەلانەش بۆ پێشەوە ناڕوا. ژنی کورد لە کۆمەڵگایەک دەژی، هەزار و یەک دەرگای لێداخرایە، قسە و نووسینەکانی بە هەند وەرناگیرێ، دەستەلات یارمەتییان نادات و نایانهێنێتە پێشەوە و یاسای پێویستییان بۆ نانووسرێ و لە هەمووشی گرنگتر، دیارە پیاوی کورد جارێ ئامادە نییە، پشتیوانی تەواو لە مافی ئافرەت بکات و لە ئازادی ژن دەترسێ، وەک ئەوەی ژن ئەگەر ئازادبوو، ئەو خۆی وەک پیاو سووک دەبێ. لەم خەباتە، نەک هەر پیاو ئامادە نییە بێتە سەرخەت و یارمەتی ژنی کورد بدا، بەڵکو ژنی کورد خۆشی جارێ بۆ ئەو خەباتە بێکۆتاییە نەگەییە و ئامادە نییە، خۆی لەژێردەستی ڕزگار بکا، نەک لەبەر ئەوەی خۆیان نایانەوێ یان بە ڕەوای نازانن یان تەمبەڵ و تەوەزەلن و تاقەتی خەباتییان نییە و هیچ لە خەبات تێناگەن، بەڵکو لە ژینگە و ناوچەیەک لەدایکبوون، زیاد لە هەزار ساڵە ژن بەناوی دین و دابونەریت دەچەوسێتەوە.

## دەربارەی: مێژووی دۆزینەوەی چا و چاخواردنەوە

لە ٣ی تەموزی ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی (K24) بڵاوکرایەوە

چا یەک لە کۆنترین خواردنەوەکانی جیهانە و مێژووەکەی بۆ نزیکەی پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی ئوستورەی کۆن (ئەفسانە - Legend) بەوشێوەی خوارەوە باس لە دۆزینەوەی چا کرایە: ئیمپڕاتۆری چین Shen Nong (٢٨٥٢ - ٢٧٣٧ پێش زاین)، زانایەکی گەورە و بە باوکی مێدیسنی چینی بەناوبانگە. ئەو شارەزایی زۆری لەسەر گژوگیا هەبووە، گژوگیا و دانەوێڵە بەسوودەکانی دەناسی و بۆ دروستکردنی دەرمان سوودی لێوەردەگرتن و هەر ئەویش دەستی بە نووسینی یەکەم ئینسکلۆپێدیای پزیشکی بەناوی: (Shen Nun Ben Cao) کرد، کە تێیدا باس لە کاریگەری گژوگیا لەسەر ئۆرگانەکانی مرۆڤ دەکا. ئەم ئینسکلۆپێدیایەی Shen Nong دواتر بەردەوام لەلایەن زانایانی دیکە لە سەدەکانی داهاتوو بە نووسینی تازە دەوڵەمەند دەکرا. هەرلەم ئینسکلۆپێدیایە، فەرمانێکی ئیمپڕاتۆری تێدا: (هەموو ئاوی خواردنەوەی کۆشک، بۆ پاککردنەوە لە پیسی، لەپێشدا دەبی بکوڵێندرێ). ئیمپراتۆر شەیدای پاکوخاوێنی بووە و جارێکیان لە گەشتێکی زانستی لەگەڵ هاوڕێکانی، پاش رۆیشتنی زۆر بارگە دادەنێن و پشوودەدەن، خزمەتکارەکانی ئاگر هەڵدەکەن و ئاو بۆ دەستشوشتنی ئیمپڕاتۆر گەرم دەکەن، لەوکات بایەکی بەهێز دێت و هەندێک پەلکە دار دەکەونە ناو ئاوەکە و قەیسەر دەبینی ئاوی ناو کتلییەکە Kettle - (کتری) ڕەنگی بۆ قاوەیی دەگۆردرێ و بڕیاری دا تاقیبکاتەوە. ئەفسانەی دووەم لەدوای چیرۆکی ئیمپڕاتۆری چین Shen Nong هاتووە:

قەشەیەکی بودیست بەناوی Shaolin Bodhidharma گەشتی خۆی لە هیند بۆ چین بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی بودیستی دەستپێکرد، Shaolin Bodhidharma شاگردەکانی خۆی فێری هونەری meditation دەکرد و دەیویست پیشانیان بدات، چۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانێ بەرامبەر دیوار دابنیشی، بێئەوەی خەوی لێبکەوێ، بەڵام خەو بەسەریدا زاڵبوو و نەیتوانی بەرگەی بگرێ، مەناخ بە ئاگا هات و زۆر توڕەبوو، لە توڕەییان برژانگی خۆی لێکردەوە، هەتا هێزی هەبوو فڕەیدا و پاش ماوەیەک برکە چا

لەوشوێنی شین بوون. هەرچەندە گرانە بڕوا بە ئەفسانەی دووەم بکرێ، لەگەڵ ئەوەش، زانایان لەوبڕوایەدان، لە هەردووک وڵات، چین و هیند، چاندنی چا پەرەی پێدراوە و لەگەڵ هەر نەوەیەک، شێوەی لێنان و چاندنی کەمێک گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە.

لەسەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی تانگ (٦١٨ - ٦٨٤ Tang dynasty چا، وەک خواردنەوەیەکی نیشتمانی چین سەیر دەکرا و هاوڵاتی ئاساییش چای دەخواردەوە، پێش ئەو داتایە، چا تەنیا بۆ ئەندامانی خانەوادەی ئیمپڕاتۆر بوو.

چاندنی دار یان بڕکە چا، بە فەرمانی ئیمپڕاتۆری چین زۆر بە نهێنی مایەوە و ئاشکراکردنی حوکمی کوشتنی لەسەربوو، کەسیش ڕێگای بینینی شێوەی هەڵگرتنی پێنەدەدرا. قەیسەرەکان نەیاندەویست چا لەگەڵ خەڵکی دیکە بەش بکەن، لەگەڵ ئەوەش مەنارخەکانی بودی توانییان نهێنیی چاندن و هەڵگرتنی چایان دەست بکەوێت و هەر ئەوانیش دواتر بۆ یابان و کۆریایان برد.

چا (茶): وشەیەکی چینییە، هەروەها وشەی Tee ئەڵمانی و Tea ئینگلیزیش لەڕاستیدا لە وشەی Te چینی وەرگیراوە، کە لە باشووری چین بە بڕکە چا دەڵێن Te، کەواتە هەردووک وشە: (چا و تێ) چینین. وشەی چا، بۆ یەکەم جار لە مێژوو سێ سەدە پێش زاین لە فەرهەنگی چینی بەناوی: (پێن چاو چزین) نووسراوە. لەم فەرهەنگە، باس لە بەکارهێنانی جۆرە پەلکێک لە کۆشک لەناو بنەماڵەی ژۆو Zhou dynasty (١٠٤٦ - ٢٥٦ پێش زاین) دەکا.

چا لەسەرەتا وەک دەرمان و بۆ نەخۆشی بەکار دەهات، بەتایبەتیش چای سەوز، کە ٧٢ جۆرە ژەهری لەناو دەبرد، بۆیە تەنیا نەخۆشەکان ئەمجۆرە چایەیان دەخواردەوە. دواتر چا لەگەڵ شلەی دیکە تێکەڵ دەکرا و پەلکە چاش، وەک بەهارات بەکار دەهات. قەشەکان لە بۆنەکانی ئایینی چایان دەخواردەوە. شەڕ لەگەڵ تەتەر و مەنگۆل، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی چا لە ئاسیای نزیک.

تا سەدەی پێنج چا تەنیا لە چین دەخورایەوە، بەڵام بێگومان بازرگان و گەشتیارەکانیش، چایان لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتەکانیان دەبرد. چا بۆ ئیمپڕاتۆری ڕۆم لەلایەن بازرگانەکانەوە بە ڕێگای وشکایی بەناو ئاسیای

ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا، ئەفغانستان و ئێران بردرا. لە ساڵی ٧٢٩وە چا لەیابانیش بەرهەم هێندرا و وەک خواردنەوەیەکی ئەفسوناوی سەیریان دەکرد، بۆیە نرخی بۆ ئاسمان بەرزبۆوە. دوای یابان، بە نزیکەی سەد ساڵ، چا گەیێندرایە کۆریا، ئیندۆنێسیا، سریلانکا و هیند. هیندییەکان ئەوەندە بە خواردنەوەی چا سەرسامبوون و دەیانزانی کاریگەری زۆری لەسەر ئۆرگانەکانی ناوەوەی مرۆڤ هەیە، بۆیە وەک نارکۆتیک – موخەدەرات - هۆشبەر سەیریان دەکرد. چا لە سەدەی شەش گەیشتە ئەورووپا و لەسەرەتا پورتوگالەکان تامیان کرد، دواتر هۆڵەندییەکان و ئینجا دوای ئەوان فەرەنسییەکان بەکاریان هێنا.

لە ساڵی ١٦٥٧ Thomas Garraway چای بۆ بەریتانیا برد. ئەوان لەسەرەتا دوای نانخواردن دەیانخواردەوە، دواتر لە خواردن جیاکرایەوە و لە سەرەتای سەدەی بیست، وەک خورادنەوەیەکی سەربەخۆ سەیریان کرد و بۆ چاخواردنەوەش ڕێنماییان دانا و تاقمی تایبەتی چاخواردنەوەیان دروست کرد. دواتر چا بوو بە بەشێک لە کولتوری ئینگلیزی و لە هەموو دانیشتنە فەرمی و ئاساییەکان دەخورایەوە. ئینگلیزەکان لە سەدەی ١٨ چایان بۆ ئەمریکا برد، کە لەو سەردەم ئەمریکا سەر بە بەریتانیا بوو.

لە ساڵی ١٦٣٨ زەعیمی مەنگۆلیا هەندێک چای پێشکەشی قەیسەری روس میخایل فیۆدرۆڤیچ کرد، بەڵام خانەوادەی قەیسەر بە تامی ئەو خواردنەوە تازەیە سەرسام نەبوون، لەگەڵ ئەوەش یەکەم وەجبەی هێنانی چا بۆ روسیا بۆ ساڵی ١٧٦٩ دەگەڕێتەوە، لەو ساڵ روسیا یەکەم گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ چین ئیمزاکرد. لە ساڵی ١٨١٧ چا لە روسیا لە دوورگەی کریم چاندرا و دواتر لە جۆرجیا و سۆچیش چاندرا.

سەماوەر داهێنانێکی کۆنە و سەرچاوەکەی بۆ چین دەگەڕێتەوە. ئەوان سەماوەریان بۆ گەرمکردنی ئاو بەکار دەهێنا، بە هەمان شێوە لە یابانیش سەماوەر بەکار دەهات. هەروەها دەمێکە سەماوەر لە ئێران هەیە و شوێنەوارناسان، لە ئازربایجان لە گوندی داشوست سەربە ناحیەی شاکی، سەماوەری لە قوڕ دروستکراویان دۆزیوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ ٣٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لە ڕۆمای کۆنیش سەماوەر بەکار هاتووە، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، گوایە قەیسەر پێتری گەورەی روس سەماوەری لە هۆڵەندا بۆ روسیا هێنایە، بەڵام لەڕاستیدا، سەماوەر نیو

سەدە دوای مردنی پێتری یەکەم لە روسیا پەیدابوو. لە وڵاتی روسیا، سەرەتا لە هەرێمی ئۆرال سەماوەریان دروست دەکرد، بەڵام شاری تولا ١٩٣ کم لە باشووری مۆسکۆیە، لە هەندێک بەڵگە ناوی هاتییە، کە لە ساڵی ١٧٤٦ سەماوەری لێدروستکرایە. وشەی سەماوەر - سەماڤەر (самовар) وشەیەکی لێکدراوی روسییە: сам بەخۆی ڤاریت - варить کوڵان دێت، بە کوردی دەکاتە: بەخۆی دەکوڵێنی، کە لە وشەی لاتینی authepsa – ئامێر بۆ کوڵان وەرگیرایە.

دەکرێ بگوترێ، لەسەدەی بیست لە سەرتاسەری جیهان، خواردنەوەی چا هەبوو، نرخی بەجۆرێک دابەزیبوو، خەڵکی هەژاریش توانای کڕین و لێنانی چایان هەبوو. چا لەهەر شوێنە و بە شێوەی جیا دەخورێتەوە، بەڵام لە هەموو شوێنەکان وەک خواردنەوەیەکی تەندروست و خۆش سەیری دەکەن. پەندێکی روسی هەیە دەڵێ: (ئەگەر چا نەخۆیتەوە، وزە لەکوێ دێنی). لە کوردەواری ئەگەر کەسێک سەری بێشی، یەکسەر پێیدەڵێن چا بخۆەوە، یان ئەگەر کەسێک بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یان یەک رۆژ چا نەخواتەوە، تووشی سەرئێشە دەبی. چا خواردنەوەیەکە، مرۆڤ پێی ئاڵودە دەبی و لەگەڵ ئەوەش هەر خواردنەوەیەکی خۆش نییە، بەڵکو بۆ جەستەی مرۆڤ دەرمانێکی زۆر بەسوودە. وزە بەلەش دەدا، یارمەتی هەزمکردنی خواردن دەدا، بەکتریای خراپ دەکوژێ، بۆ زگ ئێشان باشە، کاریگەری باشی لەسەر گورچیلە و بۆڕییەکانی میزکردن هەیە، یارمەتی بۆڕییەکانی هەناسەدان دەدا...هتد.

دیار نییە کەی شەکر لەگەڵ خواردنەوەی چا بەکار هاتووە، بەڵام ئاشکرایە، بۆ یەکەمجار لە مێژوو، شەکر لە وڵاتی هیند دۆزراوەتەوە و بە زمانی هیندی کۆن بە شەکر دەڵێن: śarkaraḥ. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆری رۆم، شەکر لە هیند بۆ ئەوروپا چووە.